# لەیلێ و مەجنوون

باغیان سالی (١٣٥٩)ی کۆچی
لە نووسینەوەی بووەتەوە

کاردۆخی خستوویەتیە
سەر ڕێنووسی نوێی کوردیی

لێکۆڵینەوەو پشکنینی
محەمەدئەمین هەورامانی

## بەشی یەکەم

## وشەیەکی پێویست

دێتەوە یادم، ئەم (لەیلێ و مەجنوونە) - بەوشێوەیەی کە مامۆستا کاردۆخی خۆی لەسەری نووسیبوو ، بەلاشمەوە وایە کە نوسخەی دووەمی لەماڵەوە هەرمابێ و نەفەوتابێ - لەلایەن کۆڕی زانیاریی کوردەوە نێردرایە لام بۆ ئەوەی بیروڕای خۆم دەربارەیەوە دەربڕم .

پاش ئەوەی دەسخەتەکەم خوێندەوە بیروڕای خۆم بە باشیو لایەنگری چاپکردنی بەرهەمەکە بۆ کۆڕ نووسییەوە .

ئەوەی پاشان من لێی تێ گەیشتم ئەوە بوو کە کوڕ تەنها بڕیاری یارمەتی دانی چاپی داوە . بێگومان ئەو وەختە ، وەك دێتەوە یادم ، مامۆستا کاردۆخی وای دایە قەڵەم کە ناتوانێ ناتەواوی پارەی لەچاپدانەکە تەواو بکا .

لام وایە ، جارێکی دیکەش ، ناردبوویە لای لایەکی تر هەر بۆ هەمان مەبەست ، مەبەسیش لەچاپدانی ، بەڵام ئەوانیش هەر یارمەتیدانیان لەدەست هاتبوو !

ڕۆژی (٢٥ - ١ - ١٩٨١) مامۆستا کاردۆخی هات بۆ ماڵی خۆمانو کتێبەکەی لە بن دەستیدا بوو پاش حەسانەوەو گێڕانەوەی نەختێ لەسەرگوزەشتەی خۆیو وێ ، کە کتێبی (لەیلێ و مەجنوونی) هێناوە ، بۆ ئەوەی من بەپێی بیروڕای خۆم ڕێرەوی نووسینی خۆم لەسەری بنووسمەوەو ئەوجا بە ناو هەردووکمانەوە لەچاپ بدرێ و لەکۆتایی دەستنووسەکەشەوە ، ئەمەی کە وێ ، پیشانی دام کە بەدەسخەتی خۆی و ئیمزای خۆی نووسیویەتی .

بە ڕاستی من ئەمەی مامۆستام بەدڵ نەبوو چونکە حەزم لەگەڵ ئەم جۆرە کارانەدا یەك ناگرێ ، بەڵام هەر لەبەر ئەوەی کە مامۆستام بووە ، خواستی دڵی خۆم بۆی دەرنەخست ، نەوەکو دڵی بشکێ .

ئەگەرچی وەڵامی ئەوەم نەدابەوە کە کارەکە دەکەم ، بەڵام پاش چەند مانگیٚو لەسەر تەلەفۆنی خۆی داوای ئەوەم لیٚ کرد کە چی سەرچاوەی لەو رووەوە لایە بۆم بنێریٚو ئەگەر دەستیشی بکەویٚ ئەوەی (گەنجەویش) .

وا دیاربوو مامۆستا نەیدەتوانی ناوی ئەوکەسەم بداتیٚ کە دەستنووسەکەی لێوە وەرگرتووەو دەستنوسە بنەرەتیەکەشی بۆ نەناردم . ئەوەی لەم بابەتەوە بۆی ناردبووم ، تەنها نامەیەکی خۆیو نەختیٚ لەوێنەی سەروبنی دەستنووسە بنەرەتیەکە بوو.

تا ماوەیێ بەم دەستنووسەوەو بەم نامەیەوە خەریك بوومو بیری دڵی خۆم دەربارەیەوە دەکردەوە ، پاشان وێردی دڵی خۆم وای تیٚ گەیاندم کە کاری وەها پێویستی بە پشکنینی زۆر هەیەو منیش بەش بەحاڵم بۆ کاری وەها ماوەم دەستگیر نابیٚ !

کە مامۆستا هاتەوە بەغدا ، تیم گەیاند کە کارەکە ، وا دیارە ، بە من جیٚبەجیٚ ناکریٚو بۆیە داوام لیٚکرد کە دەستنووسەکەی بە ریتەوە .

دیارە ، مامۆستا زۆر حەزی لەوە بوو کە من خەریکی ئەم ئەمە لەلایەکەوەو لە لایەکی دیکەشەوە لەوانەیە نوسخەیێری لەماڵەوە هەبوویێ ، بۆیە زۆر کەمتەرخەمی دەبارەیەوەو دەربارەی داخوازیەکەی منیشەوە نواند .

پاش کۆچکرونی مامۆستا بە چەند مانگیٚ ، ئیمەش بە رێککەوت دەمانگوێزایەوە خانوویەکی دیکە ، لەکاتی کۆ کردنەوەی کتێبدا ، دەستنووسەکەی مامۆستا کەوتەوە بەرچاوم . منیش ، سەرینیٚو بیٚ بیرکردنەوە ، هەستی دەروونمو سۆزی بیرەوەریی ئەو بزوانمیانو بریارم دا هەوڵوتەقالایەکی لەگەڵ بدەم بەڵکم بتوانم خوایشتەکەی مامۆستا بهێنمە دیٚ ، بۆیە دەستبەجیٚ لەجێگایەکی تایبەتی نە شارراوەدا پێچامەوە .

پاش جێگیربوونمان ، هەوڵو تەقالایەکی زۆرم داو پەنام بە زۆر لا بردو بەپیٚ توانا گەڕام بە دوای سەرچاوەداو تا توانیم ئەم بەرهەمە کاڵوکورچە بخەمە بەردەم خوێندەوارانو بە تەمای خوێندنەوەیو رانماییانم ئەگەر بەتەنگ ئەوەوە هاتن کە بەرهەمی ئەدەبی دەبیٚ لەهەموو روویەکەوە گەشە بسێنیٚ !

پێش کۆتایی هێنان بەم وشەیە دەبیٚ ئەوە بڵێین کە ئەم بەرهەممان کردووە بەسیٚ بەشی سەرەکییەوە : —

**یەکەم** : بەشی سەرەتایی ، کە پێك هاتووە ، لە وشەیەکی پێویستو بەکێکی سەرەتاو ، نووسەری دەستنووسی لەیلیٚو مەجنوونو ، بنەرەتی چیرۆکی لەیلیٚو مەجنوونو ، چیرۆکی لەیلیٚو مەجنوون لەفۆلکلۆری کوردیداو ، دەستنووس لەیلیٚو مەجنوون لە ئەدەبی کوردیداو ، سەرگوزەشتەی لەیلیٚو مەجنوون لە ناو بەرهەمی شاعیرانی کورددداو ، رواڵەتی ئەم چیرۆکی

لەیلیٚو مەجنوون – ەو روالّەتی ئەدەبی ئەم چیرۆکە شیعریەی ئێرەو ، لایەنی بەبرەوو بیٚ برەوی ئەم چیرۆکە هۆنراوەیی‌یەو خەستەی رازەکەیو چەند وەرگرتەییٚ لە نوسخەکانی تر بۆ مەبەستی بەراوورد .

**دووەم** ، بەشی دووەم ، کە بریتی‌یە لە چیرۆکە هۆنراوەیی‌یەکەو لێکدانەوەی وشە بە وشەو دێڕ بە دێڕی هەر دێڕە شیعریٚ لەو شیعرانە لە داوێنیان‌دا ، کە ئەمەش جۆرە نەرمو نیانی‌یەکی تێدا بەدی دەکریٚ ، ئەویش ئەوەیە ، نەگەڕاوین – (ئالێرەدا) بۆ وشەی پەتی بۆ لێکدانەوەیان بەڵکو وشەی هەمەجۆری زوربەی زارە کوردیەکانم بەکار هێناوە ، تەنها مەبەستمان ئاسان‌کردنی ئەو لێکدانەوە بووە لە لایەکەوەو لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی خوێنەر زوو فێری ئەو شێوە زارە بیٚ .

**سێیەم** : بەشی سێیەم ، کە بریتی‌یە لە ڕەازی نێو چیرۆکەکەو فەرهەنگی هەندیٚ وشەی پێویستو هەندیٚ وردە بابەتی دیکە ، سوپاس .

محەمەد ئەمین هەورامانی
١٩٨٤/٢/٢٥

## سەرەتا (١)

کاتێك کە ئەم دەستنووسی چیرۆکی (لەیلیۆ مەجنوون)ەم دەست کەوت ، بۆم دەرکەوت کە هێشتا بە شێوەی (هەورامی) کتێبی (لەیلیۆ مەجنوون) بە هۆنراوە چاپو بڵاو نەکراوەتەوە . بڕیارمدا کە جارێکی‌تر بینووسمەوەو مانای وشەکانی بەشێوەی (سۆرانی) لێك بدەمەوە ، هۆنراوەکان بە وردی شی کەمەوە ، تا خوێنەوارانی بەرێزو خۆشەویست زیاتر سوودو کەڵکی لیٚ وەرگرن ، بە تایبەتیٚ ئەوانەی کە ئەیان ئەوێت لە شێوەی زمانی کوردیی هەورامانی زیاتر تیٚ بگەنو پتر شارەزایی پەیدا بکەن . چونکە جگە لەوە کە مانای هۆنراوەکانم لێك داوەتەوە مانای وشەکانیشم بە جیا جیا خستوەتە سەر شێوەی سۆرانی تا زیاتر سوودبەخش بێت .

مەبەستم لێردا خزمەت کردنێکی بچووکە بەگەلو نیشتمانەکەم ، و هەوڵ دائەم بۆ لەناو نەچوونو نەفەوتانی شوێنەواری شاعیرو نووسەرانی گەلی کوردی خۆشەویست ، ئەگینا من لەم تەمەنی (٦٣) ساڵی‌یەدا ، لەم پیری‌یەدا ، گەلی کورد لەم‌کاتو رۆژەدا کەی پێویستیان بە چیرۆکی دڵداریو حیکایەتی عەشقبازی (لەیلیۆ مەجنوون) هەیە . بە تایبەت ئەم چیرۆکە کە شوێنو رووداوەکەی لە وڵاتی ئێمەدا نەبووە .

لەکاتی نووسینەوەی ئەم دەستنووسەدابیرم لەمانە ئەکردەوە ، ئەهات بە خیاڵما هەرچیم نووسیوە بی‌دڕێنمو بی سووتێنم ، بەڵام پاش لێکدانەوە هەمیسان پەشیمان ئەبوومەوەو ئەموت . نابیٚ شوێنەواری نووسەرو شاعیرانمان بسووتیٚو لەناو بچیٚ جا پەشیمان ئەبوومەوەو دەستم ئەکردەوە بە نووسینی‌ی تا ، بەو جۆرەی کە لە پێشەوە باسم کرد . توانیم ئەم بەرهەمە پێشکەش بە خوێندەوارانی بەرێزو خۆشەویست بکەم .

کاردۆخی

---

تیٚبینی :

ئەمە ئەو وشەیە کە مامۆستا کاردۆخی لە سەرەتای دەستنووسەکەی خۆی‌دا نووسیویە !

(هەورامانی) .

## نووسەری دەستنووسی لەیلێ‌و مەجنوون

لەم دەستنووسەداو لەنامەیەکی تایبەتی‌دا کە مامۆستا کاردۆخی بۆ منی ناردووە ، وا دەری خستووە کە ئەم (لەیلێ‌و مەجنوون) ە دەسخەتە کە دەستی مامۆستا کاردۆخی کەوتووە ، لە لایەن یەکێ لەخزمە دوور ولاتیەکانیەوە بۆی هاتووەو هەروەکو دەستنووسەکە خۆیشی لە کۆتایی‌دا تیایەتی بە دەسخەتی (عبد القادر کوڕی مطلب کوری حاجی معروف) ی دەباغییان سالی (١٣٥٩) ی کۆچی نووسراوەتەوە .

لە دەستنووسی (خاوەرزەمین) دا ، کە هەمان نووسەر نووسیویەتی‌و هەمان خزمی دوور وەلاتی مامۆستا کاردوخی بۆی ناردووە وای دەرخستووە کە لەزمانی تورکییەوە وەری گێراوە ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخا کە (عبد القادری دەباغییان) دەستێکی بالای لە تورکی زانین‌دا[٢] هەبی‌و لەوانەشە ئەمەی (لەیلێ‌و مەجنوون) ی هەر لە تورکییەوە وەرگێرابێ ئەگەر زانیان جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان ئەوەی گەنجەوی‌و ئەوەی ئێرەدا،ئەو جیاوازیەش ، وەك بوونی هەندێ بەش لەوەی گەنجەوی‌دا ئەوانیش :- :

١ – صفت احوال مجنون‌و رسیدن نوفل باو
٢ – رفتن نوفل بالشکر رزمجوی بخواستگاری لیلی بجهت مجنون رزم‌کردن با قبیله لیلی
٣ – صلح کردن نوفل باقبیله لیلی‌و عتاب کردن مجنون بانوفل‌و بازگشتن درمصاف
٤ – بر گشتن مجنون از قبیله لیلی‌و نا امید شدن مجنون .
٥ – حکایت زاهد قانع و امدن مجنون مادر نزد پسرو پنداو.

ئەوە لە لایەکەوە ، لە لایەکی دیکەشەوە ، لە هەندێ بەش‌دا هەردوو لایان یەك دەگرنەوە ، واتە ئەوەی ئێرەو ئەوەی گەنجەوی ، ئەوانەش وەك .

١ – رۆیشتنی پیری پیرۆز بۆ داوا کردنی لەیلێ
٢ – هەوالی شێت بوونی مەجنوون بە پیری پیرۆز دەگا
٣ – هاتنی ئیبن سەلام بۆ داوا کردنی لەیلێ
٤ – مەجنوون ئاسك لەراوچی دەسێنێ
٥ – لەیلێ‌و مەجنوون لە نەجددا یەکتر دەبینن

لە گۆشەیەکی دیکەشەوە بۆمان هەیە بلێین ، ئەگەر وەرگێرانی لە تورکییەوە نەبوو ، لەوانەیە بە تێکەلکردنی بیری فۆلکلۆری‌و ئەدەبی دەماودەم ئەوەی گەنجەوی‌و ئەوەی تورکی ، شتێکی

نوێی دارشتبێ ، بە تایبەی ئەگەر زانیمان سەیدای هەورامی بۆ وێنە رازێکی (لەیلێ‌ومەجنوونی) لە قەسیدەیەکدا هۆنیوەتەوە هەروەها (پیرەمێرد) یش‌و لەوانەیە بە دەیان شاعیری دیکەش .

کەوابوو ئێمە دڵنیا نین لەوەی کە ئەم (لەیلێ‌و مەجنوون) ە لەوەی تورکییەوە وەرنەگیراوە تاوەکو بەراوورد نەکرێ . بەڵام هەرچی چۆنێ بێ ئەوەندەی کەرەسەی کوردەواری تێدا بەدیی دەکرێ ،دەیەکی ئەوە ، نەکەرەسەی عارەبی‌و نە هی فارسی‌و نەهی تورکی تێدایە !

ئەوەی دەربارەی ئەم نووسەرەوە بزانرێ جگە لەوەی کە خاوەنی ئەو دوو دەستنووسەیە ، خەڵکی (سەقزە) چی دی‌تری لێ نازانرێ ، ئەمەیش کەڵێ دەزانرێ بە هۆی ئەم شیعرەی خۆیەوەیە .[٣]

بە گوفتەی بەندەی عەقڵ‌و فام ساوا
جە واتەی قەدیم سەقزی ماوا

## بنەرەتی چیرۆکی لەیلێ‌و مەجنوون[٣]

هەوێنی هەواڵ‌و سەرگوزەشتەو بەسەرهاتی رووداوی رازەکە عارەبی‌یە : —

(قەیس ، کوری مەلووح —کوری موزاحیمی عامری) کە پێیان دەوت (مەجنوونی لەیلێ ، واتە : شێتی لەیلێ) ، ئەوەیە کەعارەبەو خەڵکی (نە جدە)ەو شاعیر بووەو حەزی لە (لەیلێ) کچی سەعد — ئامۆزای خۆی کردوە هەروەها ئەویش ئەمی خۆش ویستووە ، بەڵام باوکی لەیلێ رازی نەبوو بەوەی کە (لەیلێ) بدا بە(قەیس) و بیانووی پێ گرت‌و دای بە یەکێکی‌تر .

قەیس سەری خۆی هەڵگرت‌و دەشت‌و بیابانی شام‌و نەجدو حیجازی گرتە بەرو کردی بە ماوای خۆی‌و مەیدانی وتن‌و لاواندنەوەو رازاندنەوەی سۆزی ئاوازێی بە دەوری باڵای لەیلێ‌دا . رۆژێ لە رۆژان خەڵك بە مردوویی (قەیس) یان دۆزی‌یەوە بردیانەوە بۆ ماڵی کەس‌و کاری .[٤]

سەرچاوەی کلاسیکی ئەدەب‌و مێژووی عارەبی دەستیان بۆ لایەنی ژیان‌و ئەدەبی راکێشاوەو بەڵام بەجۆراو جۆرو زوربەشیان لە (ناو) ی خۆیی‌و هی (باوکی) دا یەك نەکەوتوون . بۆ وێنە (الاصمعی) بە تێژی بووفی (لەیلێ‌و مەجنوونی) بردووەتەوە دواوەو وای لەقەلەم داوە کە لە دنیادا دووکەسی وەهاو بەو ناوانەوە هەرگیز نەبوون . (جاحظ) یش وتوویەتی خەڵك هەر شیعرێکی بدیایەو ناوی (لەیلێ)ی تێدا بوویایە دەیانبردەوە سەر (مەجنوون) . (ابن الکلبی) دەڵێ رازی سەرگوزەشتەی (لەیلێ‌و مەجنوونی) دانراوە .



هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی کە دەربارەیانەوە نووسراوەو دەست دەکەوێ ، بە تایبەتی لە (الاغاني) دا جۆرێکی دژواری دەربارەی بنەچەیەوەو شاعیرەتییەوەو خۆشەویستی یەوە بۆ لەیلێ پیشان دەدا تا وای لێ هاتووە شێوەی داستانێکی (اسطورة)ی وەرگرتووە .

ئەدەبی عارەبی نووسراو سوودی بە رازی (مەجنوون‌و لەیلێ) ی گەلی وەرنەگرت تاوەکو سەردەمی (احمد شوقي) کە وەك شانۆنامە هۆنراوەی (مەجنوون لەیلێ) ی لەنیوەی یەکەمی چەرخی بیستەمدا هۆنیەوە .

هۆی سوود وەرنەگرتن لە رازی لەیلێ‌و مەجنوون‌و رازی دیکەی دەماودەمی عارەبی‌و دانەرشتنەوە لە بۆتەی شیعری کلاسیکی گەورەدا دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی چیرۆکی درێژی عارەبی .

## لەیلێ‌و مەجنوون لە فۆلکلۆری کوردیی دا .

ئافرەتی کورد ، بە تایبەتی دنیا دیدەکانیان لە کاتی هاوینان‌دا ، منالّەکانیان بە رازی (لەیلێ‌و مەجنوون) و چەندان رازانی دیکەی فۆلکلۆری دەنوێنن دایك‌و منالّ لە سەر جێگا پالّ دەکەون‌و روو دەکەنە ئاسمان‌و تەماشای ئەستێرانی دەکەن . دایك بە پەنجە ئاماژە (اشارە) ی دوو ئەستێرە دەکا ، کە یەکێکیان زۆر (رۆشن) ە و ئەویش گوایا (لەیلێ)یە و ئەوی دیکەیان کزە گوایا ئەویش (قەیس) ە .

ئەوجا دایك بە یۆرەیەکی زولاڵ‌و ئاوازەوە بۆیان دەکرووزێنەوەو دەڵێ : لەیلێ‌و مەجنوون دوو شەیدای یەکترن‌و خوا وای کردووە کە هەر بۆ یەکتر حەلاڵ بن‌و لە دنیاش‌دا زوڵمیان لێ‌کراو بۆ یەکتر رێك نەکەوتن‌و ئەوانیش پەیمانی هەتا هەتاییان بە یەکتر داو تا بەو داخانەوە سەریان نایەوە .

ئەوا خوای گەورەش ئەوانی بەو دوو ئەستێرەیە کردووەو هەتا دنیایە هەر لەئاسمانا (رۆحیان ، ئەو ئەستێرانەن) دەسوڕێنەوەو بە یەکیش هەرگیز ناگەن مەگەر لەو دنیایە بە یەکتر شاد بینەوە .

ئەم دێرە شیعرەی پیرەمێرد لەو فۆلکلۆرەوە وەگیراوە(٥)

حەوتەوانە لێك بیرێن تارومار
لەیلا بە ئاهی مەجنوونی هەژار
لە ئاسمان‌دا بۆی نەبێ قەرار (دیوانی پیرەمێرد ، ل – ٣٠٤)

شایەنی باسە ، سەیدای هەورامی دووەم ، ئەم رازە فۆلکلۆریەی بە تەواوی‌و بە پامانو زامانی بە شێوەی هۆنراوە دارشتوەتەوە کەلە قەوارەی فۆلکلۆریەکە دەرنە چووەتە دەرەوە ئەمەش ئەو قەسیدەیە : (٦)

دڵەی شەیدای مەست ، دڵەی شەیدای مەست
ئەر تۆ عاشقەنی ، شێتی شەیدای مەست
شەرتی بەقاو بەین (قەیس) ی (لەیل) پەرست
هەرتا زیندەنی تۆ مازەش جە دەست
ئەرتۆ گەرەکتەن یار دیدەن کەری
هۆرگێرە شێوەی (قەیس – ی – عامری)
شێوەت ئیحسان بۆ چەنی رەقیبت
تا دیدەن دڵدار بۆ وە نەسیبت
مەجنوون چەندێ بێ پەی لەیلێ وێڵ بێ
دێوانەو سەرسام بیابان گێڵ بێ
مەگرەواو سەیلاو نە دیدەش مەوەشت
رویێو پەی تەقدیر کەردش عەزمی گەشت
خاتر پڕ جە داخ دەروون جە خەم مەیل
هۆردارا بێ شەرم فەریاد پەرێ (لەیل)
لەیلش بە ئاواز بەو تەور مەلاونا
سەدای زارێی ئەو سەنگ مەتاونا
بەو دەشت‌و دەردا سێر گێلا خەیلێ
ئاخر شی وە لای هەوارگەی (لەیلێ)
دیش خێڵی (لەیلێ) نوجا هۆرکەندەن
مەنزڵ وێرانەن کەس تێش نەمەندەن
مەجنوون خۆ وێڵ بێ بەتەر بێ هەردە
هەرداش بە سەردا چون ئازیر مەردە
دیواریێو دەس‌چن (لەیلێ) نازداری
سایەش شیفای دەرد (قەیس) بیارێ
شی نە پای دیوار مەجنوون – ی دڵڕیش
تاسای ئەو کەرۆ زامانش سارێش
دیش سەگێ زەعیف رێشی کۆهەن‌سالێ

هانەپای دیوار کەفتەن وە بێ حاڵ
سەرتاپای تەنش چەنی زامان ڕێش
زوان کەردەن تیغ پەی زامانی وێش
مەماڵۆ نەزام زوان چون نەشتەر
وە رووی زامی سەخت مەشانۆ وەشتەر
ئینده مەش‌و مۆر ، هانە رووی زامش
بییەن چون دەوار ، سیا ئەندامش
چەن وەختەن کەسێ نانێ نەدان پێش
سازان چەنی زۆخ ئیستیخوانی وێش
غەیر جە قورسی بەدر مانگی دوو هەفتە
هەرگیز چەم بە شکڵ نانێ ئەکەفتە
شێی بە نزیکش قەیس-ی سارآگەرد
کێشا پەی حاڵش ، ئاخی سیاسەرد
وات : ئەی پاسەبان سیای خەیمەی یار
ئێشکچی شەوگار نە دەوری دیوار
چەرخەچی شەوان ڕۆ نە دەرو دەشت
بەبری شێرشکار ، پەری ئاهوو چەشت
پڵنگان ئەوسا فیکری تۆشان کەرد
حەساری کۆشان پەری وێشان کەرد
نەعرەتەی دەنگت هەرکۆ مەباوا
مەنزڵان چۆڵ مەکەردش ئاوا
ئینە چە حاڵەن ، تۆ پەنەت یاوان
چیهان ئەندامت بە تێغ شکاوان
جە کۆچی (لەیلێ) شای بەینەت‌داران
تۆنی جێ مەندەی کۆنە هەواران
خەیلێ پێ دەستوور پەشێوی پەرێش
ئەحواڵی (لەیلێ) خەبەر پەرسا لێش
ئاگا تەماشای دەشت‌و سارا کەرد
دیش کە سەیادێ پەیدا بی جە هەرد
یەك ئاهووش کوشتەن وستەن نەشان‌دا
مەویەرۆ بە جەخت نەو بیابان‌دا

شی وەلای سەیاد قەیس-ی جەفاکێش
تاچوو سائلان گۆشت بوازۆ لێش
واتش : ئەی سەیاد تۆ عەشق پەرێتە
بیەخشە پێمان ئاڕۆ نەچیرت
سەیاد چون مەردان مەردانەگی کەرد
لاشەی نەچیرش بە مەجنوون سپەرد
مەجنوون هۆرگێراو ئاما بەشیتاب
گنا نە خەیاڵ کارسازی کەباب
ئاهووی سەیادش قیمە کەرد بە تیغ
لاشەو جەرگ‌و دڵ پێکا وە رووی سیخ
بە دڵەی پرسۆز هیجرا وەردەوە
بە ئاهی دەروون ئاهیر کەردەوە
کەبابێ کەردش بە سەر سۆزو خەم
نەکاوش کەرد بە ئەسرینی چەم
ئاورد وە لای سەگ بە تەعجیلو دەو
واتش : ئەی زەعیف بێ خۆراکو خەو
بە تەعمەی کەباب قەیسی چۆڵ گەردەن
تۆ زامدارەنی پەی تۆم ئاوەردەن
دەسا مەیل کەرە ، شیفای جەستەت بۆ
مەرهەم پەی زامان ، جەستەی خەستەت بۆ
چەندێ پێ دەستوور کەباب کەرد پەرێش
تاکە زامانش یەك یەك بی سارێش
قووەتش جە قەوەت کەباب بی تازە
تەی بی نەسارا کەردش جانبازە
دیسان جە نۆوە شی وەلای لەیلێ
ویش وست نەدامان خاکپای لەیلێ
شەو پاسەبانی یانەی لەیل مەکەرد
ڕۆ چەنی شوان مەگێلا نە هەرد
چەو دما هەروەخت قەیس پێش ئارەزوو
تا دیدەن کەرۆ لەیلی عەنبەر بۆ
سەگ پێش مەزانا چون ساحیب فامان

مەشی وە پێشواز مەگرتش دامان
بەو تەور کە ئەغیار پەنەش نەزانا
مەجنوون–ش وەلای لەیل مەرەسانا
مەجنوون بە دیدار لەیلێ مەبی شاد
کۆگای خەرمانان خەم مەداش وە باد
ئەر پێش مەزانا رەقیبی را چەفت
ئاخر وە لای لەیل کەی راگەش مەکەفت
سەیدی داد جە دەس بەد خوێی رەقیب
ئمازۆ دیدار یارش بۆ نەسیب
ئەر سەد ساڵ چەنیش بکەری خاسی
خاسیش هیچ نیەن غەیر جە ناڕاسی
سەگ پێشەش مەدەی وەفاش پی تەورەن
رەقیب گەبخش دەی پیشەش هەر جەورەن
(دیوانی سه یدی هەورامی ، ل ٨٧ – ٩٦)

واتا کەی :

تێ بینی ، هەر لەبەر ئەوە کە خوێنەواری زاری ئەدەبی ئێستا باشتر لێی تێ بگا وام بە باش زانی، بە دێر واتای شیعرەکان بە شێوەیەی ساکارانە (واتە ، بە زاری گفت و گۆ) –لێك بدە مەوە .

سەیدی هەورامی حەزی لە کچێ کردووەو وا دیارە پاش ئەوەی کەدەربارەی رازی (لەیلێو مەجنوون) – وە سا بە هەر جۆرێ بووە فێری بووە ، شتێکی زانیوە جۆری وەفاداری (لەیلێو مەجنوون) ی لەگەڵ ئەوەی خۆیاندا بەرادورد کردووە لەو رێرەوەی نارازی بووە ، بۆیە لۆمەی خۆی دەکاو روو دەکاتە دڵیو دەڵێ :

تۆ ئەگەر راست دەکەیتو مەستی دڵداریت
دەبێ ئەو پەیمانەی کە مەجنوون ، بەستوویەتی

تۆش لەگەڵ خۆشە ویستەکەتدا بیبەستیو بەم جۆرە شێوەی قەیس وەربگری : –

لەگەڵ رەقیبدا ، چاکی بکە ، بۆ ئەوەی بتوانی دیدەنی دڵدارەکەت بکەیت، مەجنوون بۆ لەیلی وێڵ بوو، بوو بە دێوانەی سەرسامی بیابان فرمێسکی وەشترەنگی ـهەڵدەرشت، رۆژێك خەیاڵی گەشتی کەوتە سەر، بە دەروونێکی پڕ لە داخو دووەوە ، زایەڵەی بۆ لەیلێ بەرز

بوویەوە لەیلی ی بەو جۆرە لاواندەوە ، سۆزی ئەو زاریەی بەردی دەتواندەوە بەو دەشت و دەرەدا تێر گەڕا ، ئەوجا ری ی کەوتە هەوارگەی لەیلیٰ دیی کە خێڵی لەیلیٰ لەوێ نەماون ، هەوارگە کاولەو کەسی تێدا نییە مەجنوون وێڵ ترو شێت تر بوو ، قوڕی پێوا وەك کەس مردوو ، دیواریٰ بە دەستی لەیلی ی نازداربوو ، سێبەری ئەو دیوارە چاکۆکەری قەیسی بێچارە بوو ، مەجنوون دڵ زامدار چووە سای ئەو دیوارە ، تا زامەکانی ساڕێش بینەوە سەگێکی لاوازی پیری دی ، کە لە پاڵ دیوارەکەدا پاڵ کەوتووەو بیٰ ئاگایە سەرتاپای لەشی زامدارە ، زمانی کردووە بە تیغ بۆ زامەکانی خۆی زمانی وەکو نەشتەر بە زامەکانیدا دێنیٰ ، زوو زوو دەیهێنێتەوە پیابانا ئەوەندە مێش ومەگەز لە زامەکانی کۆ بووەتەوە لەشی وەکو دەواری رەشی لیٰ هاتووە چەند وەختێکە کەسیٰ نانیکی نەداوەتیٰ ، بە کێمو زۆخی ئێسقانی خۆی ژیاوە جگە لە خڕی مانگی چواردە ، هەرگیز چاوی بە نانیٰ نەکەوتووەچووە لایەوە ، مەجنوونی چۆڵگەڕ ئاخی رەشی بۆ حاڵی کێشا .

وتی : ئەی پاسەوانی دەواری لەیلیٰ ، ئەی ئێشکچی رەشماڵی لەیلیٰ بەشەوداو بە دەوری ئەم دیوارەدا .

ئەی بە شەودا چەرخەچی و بە رۆژدا لە دەر و دەشت ، ئەی پڵنگی شێر شکێن و ئەی خۆرا کخۆری گۆشتی ئاهوو .

پڵنگەکان ئەوسا کە بیریان لە تۆ دەکردەوە ، دیوار(حەسار)ی کۆ(بەرد)یان بۆ خۆیانیان دەکرد .

نەعرەتەی دەنگت کە دەگەیشتە هەر لاییٰ ، ماڵ و مەنزڵی چۆڵی ئاوەدان دەکردەوە ئەمە چە حاڵێکە کە تووشی بووی ، ئەڵێی لەشت بە تیغ جەنراوە لە کۆچی لەیلی ی وەفادار ، تۆی بەجیٰ ماوی لەم کۆنە هەوارەدا ماوەیەك بەم جۆرە ، بۆی پەشێو بوو ، هەواڵی لەیلی ی لیٰ پرسی کت و پڕ تەماشای دەشت و دەری کرد ؟ دی کە راوچییٰ لە دوورەوە هات ئاسکێکی کوشتووەو خستویەتیە سەرشانی ، بە خێرایی بەو دەشت ودەرەدا تیٰ دەپەڕیٰ

مەجنوونی جەفاکێش چووە لای راوچییەکە ، ئاوەك سواڵکەر گۆشتی لیٰ داوابکا وتی : ئەی راوچی تۆ عەشق پیرت ، ئەمڕۆ ئەو نەچیرەمان پیٰ ببەخشە راوچی ، وەك مەرد مەردانەی کرد ، لاشەی نەچیرەکەی دا بە مەجنوون نەچیرەکەی هەڵگرت بە خێرایی هاتەوە ، کەوتە بیری سازکردنی کەبابەوە ئاسکی راوچی ی بە تیغ ورد کردو کردی بە قیمە ، لاشەو جەرگ ودڵی کرد بە سیخدا بە دڵێکی پڕسۆزی ئاگرینی دووری یارەوە ، بە ئاهی دەروونی ئاگری کردەوە کەبابی بە سەد سۆزو خەمەوە کرد ، بە فرمێسکی چاوی خۆی ئاوی کەبابەکەی کرد .

بە پەلە کەبابی هێنا بۆ سەگە ، وتی:هاتەی لەری لاوازی بێ خەوو خۆراك ئەمە کەبابی مەجنوونی چۆڵگەرە ، تۆ زامداریت‌و بۆ تۆم هێناوە دەسا بیخۆ شیفای گیانت بێ ، مەڵهەمی زامانی لەشی نەخۆشت بێ .

ماوەیەك بەم جۆرە کەبابی بۆ کرد ، تا هەموو زامەکانی سارێش بوونەوە هێزی بەخواردنی کەباب نوێ بوویەوە ، بە جانباز لەو ساراو دەشتەدا ون بوو دووبارە سەگە چووەوە بۆ لای لەیلێ‌و خۆی خستەوە دامان‌و خاك‌و پای لەیلێ بە شەوان پاسەوانی ماڵی لەیل بوو ، بە رۆژیشا لەگەڵ شواندا بە هەردانا دەگەڕا لە پاشا هەر وەخت مەجنوون بیویستایە ، دیەنی لەیلێ‌ی بۆنخۆش بکا سەگەکە پێی دەزانی ، وەك یەکێکی تێ‌گەیشتوو هۆشدار ئەچووە پێشوازیی‌یەوەو پێشی دەکەوت .

بە جۆرێ کە بێگانە پێی نەزانێ ، مەجنوونی بۆ لای لەیلێ دەبرد .

مەجنوون بە دیداری لەیلێ شاد دەبوویەوە ، خەرمانانی خەمی دەکرد بە باداو خەمی نەدەما .

ئەگەر رەقیبی رێ‌خوار پێی بزانییایە ، کەی مەجنوون دەیتوانی رێگای بکەوێتە لای لەیلێ !

تێ‌بینی لێرەدا چیرۆك تەواو بووە.

سەیدی داد لەدەستی بەدخوویی رەقیب، نابەڵی چاوی بە یاری بکەوێ ئەگەر سەدساڵ لەگەڵ رەقیب‌دا خاسی‌بکەی، خاسی‌ئەو بۆ تۆ جگە لە خراپی هیچی دیکە نییە .

سەگ ئیسقانی دەدەیتێ وەفای بەو جۆرەیە، رەقیب گەنجی بدەیتێ پیشەی هەر جەورو ئازاردانە.

## دەستنووسی لەیلێ‌و مەجنوون لەئەدەبی کوردیی‌دا

رازی لەیلێ‌و مەجنوون ، وەك رازێکی فۆلکلۆری سازاو لەگەڵ هەموو گەل‌و نەتەوەو ئایین‌و زمان‌و جۆراو جۆری باری کۆمەلأیەتی و ئابووری کۆمەڵگاکاندا ، وەك رازێکی دەماودەمی فۆلکلوری زیندوو پاش بلأو بوونەوەی دینی‌ئیسلامی لە کوردستان‌دا برەوی بلأو بوونەوەی بێ‌پایانی سەند ، بەجۆرێ کە هەموو جۆرە زارێك بە هەمە جۆر رواڵەتێ کۆمەلایەتی‌و دیمی سروشتی یەوە گرتەوە بێگومان ئەم جۆرە رواڵەتانە ئەگەرچی لە جەوهەردا هەر رازە کۆنە عارەبیەکەیە ، بەلأم لە کەرەسەداو لە پێکهێنان‌و حستنە ناوەوەی هەندێ رواڵەتی نوێ‌وە ، لە یەکەوە جیاوازن ، بۆ وێنە ئەوەتا ئەوەی سەیدی هەورامی کە کردوویەتیە شیعر جیاروازە لەگەڵ ئەوەی شارەزووردا ، کەلە وێنەی فولکلوری دەماودەمی دا بلأو بووەتەوە . یاخود ئەوەی



هەواڵنامەی کتێب

کەئێستا دەمی باسمان لەسەریەتی جیایە لەگەڵ ئەوانەی کە لە کەرکووك لەسەر ئەرکی کتێبخانەی عەصری سەردەمێ بە سۆرانی بڵاو دەکرانەوەو بەو جۆرە .

تا ئێستە نەزانراوە ، کەی دەست بە نووسینەوەی ئەدەبمان کراوە ، ئەوەی کە لەم رووەوە دەستمان بکەوێ لە کتێبخانەی بێگانەکاندایەو ئەوانیش تەواو نینو هەموویشیان نین ، بێگومان ، هەیە دۆزراوەتەوەو هەیە پواوەو هەشە لە بەندیخانەی نەخوێندەوار دایە .

بە هەر حاڵ زاری کوردی هەورامانی (گۆران) کۆنترین زاری کوردی‌یە کە شیعرو پەخشانو ریرەوی دینی پێ رازێنراوەتەوە . ئەم شێوە زارە لە کۆنەوە روالەتی ، یاخود ئەرکێکی دینی کەوتە سەر، دەوروبەری (٨٠٠)ی کۆچی کاتی ئاشکرا بوونی دینی کاکەیی (ئەهلی هەق) ، سروودەکانو رێرەو پەخشان نەرێتی دینی‌یەکانیان بە (گۆران) وترانو لەبەر کران فەرمانیان پێ کرا .

ئاشکراشە، کە سەرانسەری فەرمانڕەوایی بابائەردەڵانی شان بەشانی زمانی دینی (ئەهلی هەق) هەر زمانی رەسمی بووە.

شایەنی باسە (ئەگەرچی هێشتا بە تەواوی دڵنیانیم لەوەی کە دەیڵێم بەلام وەك هەواڵێك) ، لێکۆڵینەوەی نێوان زمانی ئاوێستای گاتەکانو نێوان هەورامانی کۆنی نێو (سەرئەنجام)و بەرەو دێرین‌تر بەرەو قەباڵەکانی هەورامان کە زوربەیان (کاوڵی) لێکی داونەتەوە ، ئەوە دەدا بە دەستەوە کە وەچەی یەکتری بن .

کەوابوو بەردەوام بوونی کوردیی‌ی هەورامانی وەك زمانێکی دینیو ئەوجا دینی ورەسمی و ئەوجا سوفیگەریەتی بووە بە هۆی ئەوەی کە ئەدەبی کوردیی زووترو زۆرتر پی‌ی بنووسرێ لەهەر زارێکی دیکەی کوردیی .

دینی (ئەهلی هەق)کە بەزاری گۆرانە لەسەردەمی سوڵتان سەهاكدا لەسەر مەجمەعەیێ نووسراوەتە (سروودە دینیەکانی) وەو تائێستەش هەرماوە زوربەی سروودو رێرەوی دینی ئەو دینە لە کتێبی سەرئەنجامدا دەست دەکەونو یارسان – یش بەشێکە لەو کتێبە رۆزە[٧]

سروودو رێرەوی دینی ئەگەر نەنووسرێنەوە ، لەبەر نەبوونی جۆری خەت بۆ وێنە دەبێ لەبەر بکرێن، بەلام دینی (ئەهلی‌هەق) لەکاتێكدا دەرکەوتووە هەموو کەلوپەلێکی نووسین فراوان بوو، کەوابێ ئەوەی کە هەیە دەبێ بێ زیادوکەم بێ چونکە پەتاییەتی لەقاڵبی سروودی دینی‌دا و لە شێوەی هۆنراوەدا کە لەبەر کردنیان زۆر ئاسانەو لەبیر چوونەوەیان بۆ نییە، کتێبی پیرۆزی یارسان ئەوەمان بەدەستەوە دەدا کە چیرۆكو هۆنراوەو سروود بە زاری‌گۆران لەگەڵ پەیدابوونی دینی(ئەهلی‌هەق)دا نووسراوەتەوە بۆیە لێرەدا بە هەڵی دەزانین نەختێ لەم‌سروودا نە بە وێنە بێنیەوە یاد .

1-Haft dunan bayan

2-Bovacem petan

3-Nahagigat bezanen maalum bu letan

4-Ta ka nacinan va ragay saytan

gh5-Aowsa na laowbi na araya bi

6-Na arsbina fars jehan daryabi

. ترانسیلترەیشنی ئەم سرووده (سرووديیەکەم) بەم جۆرەیە

١ – هەفت دوونەن بەیان

٢ – بوواچەم پێتان

٣ – نە حەقیقەت بزانەن مەعلووم بۆ لێتان

٤ – تاکە نەچینان ڤەراگەی شەیتان

٥ – ئەوسا نەلەووێی‌نە ئەریا بی

٦ – نەعەرش بی نە ڤورش جیهان دەریا بی

(کتێبی : یارسان ، ل – ٧٣)

جگە لەوەی ئێرە لە کتێبی پیرۆزی سەرئەنجامدا بەمشێوەزارە بە دەیان چیرۆك‌و هۆنراوەی پێ نووسراوەتەوە ، هەروەها چەندان چیرۆك‌و شیعری تری ئەدەبیشی پێ نووسراوەتەوە، بۆ وینە وەك (لەیلی‌و مەجنوون)و (کەنیزەك‌و بازەرەزم)، (شانامەی فیردەوسی) و (یوسو‌و زلیخا) و (بارام‌و گوڵەندام) و چەندان چیرۆکی شیعری دیکە.

کوردەکان، هەروەك زۆر ئاشکرایە لە رازاندنەوەی جۆراو جۆری کەرەسەی نێو (لەیلی‌و مەجنوون) جگە لە فۆلکلۆری دەماودەمی پرژوبڵاو پەناشیان بۆ ئەوەی (گەنجەوی)و بۆ ئەوەی (فضولی) بردووە ئاوازەی کۆتایی سەرپاکێشیان بەکاپلێت تەواو بووە. بە هەر حاڵ ئێمە کە خۆمان خاوەن شتێن زۆرلاتین لەو دەستنووسانەدا، ئەوەی کە خۆی خستبێتە دەرەوە گەرۆکە ئەوروپاییەکان قۆزاویانەتەوە

## دەستنووسی لەیلی‌و مجنوون لە ئەڵمانیا

لە (مار بورگ–بەرلین) دا، بە زاری (گۆران)[٨] ئەم دەستنووسانە هەن:

١ – دەستنووسی (لەیلیو مجنوون)، کە مەلامحەمەدقلی کەندوڵەیی دایناوە وساڵی ١١٤٥ك‌و ١٧٣٢ ز لە نووسینەوەی بووەتەوە.

ئەمە دیسانەوە لە ساڵی ١٨٧٠ز نووسراوەتەوە. ئۆسکارمان لە شاری کرمانشان دەستی

کەوتووە. بە دەسخەتی (مەلا صادق) بۆ هەمان نوسخە لە مەهاباد نوسخەیەکی دەستی ئۆسکارمان کەوتووە.

٢ - دەستنووسی (لەیلیٰ و مەجنوون)، لەلایەن (مەلاوڵەدخان) ەوە دانراوە کەلەساڵانی ١٨٨٥ز ژیاوە، بەدەسخەتی (رزا) ساڵی ١٨٨٠ لەکەندوڵە دەست ئۆسکارمان کەوتووە.

٣ - دەستنووسی (لەیلیٰ و مجنوون) کە لەلایەن میرزا شەفیعی جامەریزی کولیایی یەوە(١٧٨٥ - ١٨٣٤ز) بە دەسخەتی مەلا رەزای کەندوڵە (١١)ی رەمەزانی ساڵی ١٨٩٤ز نووسراوەتەوە نوسخەیەکی دیکەش بە دەسخەتی میرزا قوڵی هەرسین لە(٢٣)ی مانگی(جمادی یەکەم) (١٣٢٠)ی کۆچی و (٢٨)ی ئابی (١٩٠٢)ی زاینی نووسراوەتەوە.

## لای مینۆرسکی

لە وتاری (گۆران)دا کە مینورسکی لە بلاوکراویەکی رۆژهەلاتناسی‌دا بە زمانی ئینگیزی بلاوی کردۆتەوە باسی دەسخەتی (لەیلیو مەجنوون) دەکا ، کە خاوەنەکەی وەك ئەو دەڵی (مەلا ولو) بەو خەڵکی گەهوارەیە لە ساڵانی ١٨٧٥ - ١٨٨٥ دا ژیاوەو هەر خۆیشی دانەری ئەو نوسخەیە بووە لەدانشگەدەی رۆژهەلاتناسی لە لینینگرادا، ، لە ئەرشیفی مینۆرسکی‌دا دەستنووسی لەیلیٰ‌ومەجنوون بە ناوی (رۆیشتنی لەیلیٰ بۆ کۆی نەجد)ەوە هەیە کە ئەمیش بەشێکە لە چیرۆکی (لەیلیٰ ومەجنوون) . لە کۆتایی ئەم نوسخەدا نووسراوە بە (بەدەستی محمد شریف مانگی شەووال سالی ١٣١٠ ی کۆچی نووسراوەتەوە).

ئەو دەستنووسەش کە مامۆستا کاردۆخی ئەمەی لەبەریەوە نووسیوەتەوە ، خاوەنەکەی[٩] خەڵکی سەقزەو دەسی گەروکی ئەورووپایی نەکەوتووە ، تا ئێستەش کەس ئەم ناوەی وەك ناوێکی ئەدەبدۆس نەبیستووەو بێ گومان دەیان نوسخەی دیکەی وەهاش هێشتا هەر چاویان بە رۆشنایی نەکەوتووە .

## دەستنووسی لەیلیٰ‌ومەجنوون بەزاری کرمانجی ژووروو

لەیەکیەتی سوفیەت دوودەستنووسی چیرۆکی شیعری لەیلیو مەجنوون هەن !

١ - دەستنووسی (لەیلیٰ و مەجنوون)ی حارسی بەتلیسی‌کەلە (١٧٥٨ز) لەدانانی بووەتەوە ئەم چیرۆکە (٧٤٠) دێرە شیعرەو چوار بەشە . ئەمە بەدەستخەتی (فەیرۆزئەفەندی) لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمدا نووسراوەتەوە .

خاتو رۆدینکۆ[١٠] سەرپاکی دەستنووسەکەی بڵاو کردۆتەوەو وەری‌گێڕاوە سەر زمانی رووسی پێشەکیشی بۆ نووسیوە.
٢ - دەستنووسی (لەیلێ‌و مەجنوونی)ی مەلا مەحموودی بایەزیدی کە لە ناوەراستی چەرخی نۆزدەهەم ساڵی (١٨٥٨)دا ئەم چیرۆکەی داناوە خاوەن دەستنووسەکەش دەڵێ کە وەرگێڕانێکی پەخشانی لەیلێ‌و مەجنوونی تورکییە کە لەلایەن فضولی (١٤٩٨ - ١٥٥٦) ەوە دانراوە (ژاپا)ش وا دەچێ بەبیریەوە کە لەوەی گەنجەوی‌یەوە وەرگێڕابێ.

## دەستنووسی لەیلێ‌و مەجنوون بە زاری‌کرمانجی خواروو

مەلافەرەجی صالح شەکیب ساڵی ١٩٤٢ی زاینی (لەیلێو مەجنوون)ی گەنجەوی کردووە بە کرمانجی خواروو، ئەم دەستنووسە، بڵاو نەبوەتەوە لەوەختی خۆی‌دا، بەڵام ساڵی ١٩٦٩ چاپی دووەمیشی بڵاو بوویەوە. شاعیر، کەمال عەلی باپیر کە ساڵی (١٩٧٤) کۆچی دوایی‌کرد، لەیلێ‌ومەجنوونی وەرگێڕاوەو لەچاپخانەی مەعاریف ساڵی (١٩٥٠) بڵاو کراوەتەوە (تەماشای، کاروان، ژمارە - ٦، ل - ٦١ - بکە).

شاعیر عبد الجبار ئاغا کانی، کە ساڵی (١٩٥٧) کۆچی دوایی کردووە، چەند بەشێکی لەیلێ‌ومەجنوون لە نوسخەی تورکییەوە کردووە بە کوردی لە چاچانەی کوردستان لە هەولێردا سێ‌جار لەچاپ دراوەتەوە، ئەوەی سێیەمیان ساڵی ١٩٦٩ لە چاپ دراوەتەوە.

گومانی تێدا نییە کە لە هەر زارێ چەندان دەستنووسی دیکە بووەو هەشە، سا ئێتر کەی بەردەکەوێ یا چی بەسەر هاتووە نازانرێ، تەنها ئەوە هەیە بوترێ‌و پێویستیشە دانی پیادا بنرێ کە رازێکی فۆلکلۆری بنەرەت عارەبی لەناو ئەدەبی دەماودەمی عارەبی‌دا پەیدا بووەو بەو ئەدەبەش لەبەر زیندوویی جۆری، گەوهەری ناوەرۆکی چیرۆکەکە کە بۆ هەموو گەلێ دەگونجێ پەرەی سەندووەو میللەتانی ناعەرەبی دراوسێی عارەب وەریان گرتووەو هەر یەکە بە پێی سروشتی کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و سیاسی‌و هەڵس‌و کەوتی ژیانی‌و باوبرەوی دیکەی ناوکۆمەڵ تەنانەت رواڵەتی جوگرافیایی ئەو ناوچەیە کە تیایا دەژی بە وێنەیەکی گونجاوی راستەقینە دای رێشتووەتەوە کە لە ناوەرۆک‌و کەرەسەو دیمەن‌و گفت‌وگۆو هەڵس‌وکەوتی ئەو خاوەن رازە لەهەموو روویەکەوە جیاوازە، جگە لەوەی کە لەتەنیا یەك شت‌دا یەکدەگرنەوە، ئەویش هەوێنەکەیە (چیرۆکی لەیلێ‌و مەجنوون)ی کوردیش‌بە رووالەتی کوردەواری زۆر کەفەسەر بووە، ئەمەش بە رۆشنی لە جێگایەکی دیکەوە باس دەکەین.

## سەر گوزەشتەی لەیلیٚ و مەجنوون لە ناو بەرهەمی شاعیرانی کورددا

رازی لەیلیٚ و مەجنوون ، وەك رازێکی سادەی زیندووی پڕ لە ژیان – گوایا کوڕێك و کیژێك حەزیان لەیەکەو لەیەك پلەدان و باوکی کچە بیانوو دەگرێو کیژە نادا بە کوڕە – لە هەموو دەم و وەرز و کۆمەڵگایەکدا رووی داوەو روویش دەدا ، تەنانەت لەوانەشە کە ناوبەناو لەناو کۆمەڵگای داگیرکەرانی ئەستێرەکانیش‌دا روو بدا .

دیارە ، لەگەڵ بڵاو بوونەوەی و نەشەنە سەندنی فۆلکلۆری وەهای دەماودەم ، دەبیٚ کار بکاتە سەر ئەدەب بەو پێیەی کە ئەدەب بە هەموو جۆرەکانیەوە ئاوێنەی راستەقینەی ئەو گەلەیەو هەرگەلێکەو توانای وێنە گرتنی پاکی بیٚگەردی هەن و نییەی هەیەو هەتا هەتایە هەر پارێزگاری دەکا .

ئەدەبی هۆنراوەی کوردیی وەچەیەکی زۆر بزیۆی بە توانای سۆزاوی‌یە کە توانیویەتی رازی دەماودەمی وەها بقۆزێتەوەو بیکا بە کەرەسەیەکی بە سۆزی نێوی .

لە هۆنراوەی کلاسیکی‌دا ، مەگەر بە دەگمەن غەزەل و شیعری دڵداری‌وعەشقبازی وترابیٚ و ناوی لەیلیٚ و مەجنوونی تیا نەبوویٚ.

شایەنی باسە، شاعیرە کلاسیکی‌یەکانمان بە شێوەیەکی بلیمەتانە ناوی لەیلیٚ و مەجنوونیان هێناوەو بە رادەیەك توانیوایانە بە وشەیێ یا بەچەند وشەیێ یاخود بە دێڕی یاچەند دێڕی رازی لەیلیٚ و مجنوون لەو بەرهەمەی‌دا دیاری بکاو بەرسەر هاتەکە وەك باش ئۆستا چۆن خشت لەجێگای خۆی‌دا دادەنیٚ ئەوەها جێگای بکاتەوە.

بەم بۆنەیەوە وا چەند وێنەیێ دەهێنینەوە.

## بێسارانی .

بێسارانی کەم شیعری دڵداری هەیە ناوی لەیلیٚ‌و مجنوونی تێدا نەبیٚ، بەڵام لەم شیعرەی‌دا باسی دوو دڵداریە کە لە زۆر رووەوە لە یەکتری دەکەن، ئەوانیش (لەیلیٚ‌و مەجنوون) و (شیرین‌و فەرهاد)ن.

بێسارانی لە (٦) دێڕ شیعری کاپلێی‌دا رازی (لەیلیٚ‌و مەجنوون)و (شیرین‌و فەرهاد) مان دەدا بە دەستەوەو جۆرە سەر زەنیشتنێکیشیان دەکات، گوایا وەك ئەم هەرگیز ناتوانن قوربانی لە پێناوی دڵداردا بدەن، ئەمەش پارچەکەیە:

چە کۆشان بیٚ دەرد،.... (١١)
فەرهادو مەجنوون چە کۆشان بیٚ دەرد
فەرهاد نەتاواش بیستوون سا کەرد
مەجنوون چە ئاهش سەنگ نەبی وە گەرد
فەرهاد هەر سەنگش تاشا بە تێشە
مەجنوون کۆ-گەریش مەکەرد بە پیشە
مەگەر دەردەدار چون ئەوان مەبۆ
دایم رەنگ زەبوون نا تەوان مەبۆ
دەردەدار کەسێن دەردش بۆنە سەر
دووش کۆی بێستوون بگێرۆنە وەر
من زەریٚ دەردم هانە دەروون دا
وەختەن نەجد بدەون وە بیستوون‌دا

(دیوانی بێسارانی، ب-٦٣)

واتە:

لە کویٚ‌یان بوو دەرد،..
فەرهادو مەجنوون، لە کویٚ‌یان بوو دەرد
فەرهاد نەیتوانی بیستوون لە بن هەڵکەنیٚ‌و سای پیٚ بکاتەوە
مەجنوون، ئاهی نەیتوانی بەرد بکا وە تۆر
فەرهاد هەر بەردی بە تێشە (قوڵنگە) تاشی
مەجنوون بە کەژدا گەرانی کرد بە پیشە
هەڵبەت دەردەدار وەك ئەوان دەبیٚ

هەمیشە ڕەنگ زەبوون و بێ توانا دەبێ
دەردەدار کە سێکە دەردی لە سەردا بێ
دووکەڵی دەروونی شاخی بیستوون دابپۆشێ
من زەربێ دەردم وا لە دەروون‌دا
خەریکە نەجد بدەم بە بێستوون‌دا

**مەولەوی.(١٢)**

ئەوسا گەرمیان‌و کویستان کردن لە لایەن جافەکانەوە باو بووە، لەکاتی کۆچکردنی خێڵە جافەکان بەرەو کوێستانان دەنگی کەژاوەی کچە جاف‌و گفت‌و گۆی کیژی نازداری بان کەژاوەو دەنگی هاوارو رۆرۆی ئەوانەی کە یاریان کۆچی کردوەوناڵەی سەختی ئەوانەی کە گرفتاری یاخود دووچاری زامی سەخت بوون مەولەوی وێنەی گرتووەو وشەی (مەجنوون) و (فەرهاد)یش دەخاتە بو هۆنراوەکەیەوەو بە رازی (لەیلی‌و مجنون)و (شیرین‌و فەرهاد) دەبڕازێنێتەوە، مەولەوی دەڵێ:

نەوای کەژاوەی لەیلێ نازانەن
سەرەتا تەڵمێت شیرین رازانەن
وەی رویْ دمای کۆچ مەجنوون بەختانەن
ناڵەی فەرهادێ زامەت سەختانەن

(دیوانی مەولەوی، ل – ٤١٦)

واتە:

دەنگی ئەو گەژاوانەیە کە لەیلی نازیان پێوە دەکەن سەرەتای رازکردنی سەربارگەی پشت وڵاخە.

وەی رۆی ئەو دڵدارانەیە کە وەك مەجنوون بە دوای کۆچی یاردا دەبکەن وەك ناڵەی فەرهاد دەناڵێنن‌و گرفتاری زامی سەخت بوون.

**خانای قوبادی.**

وەختێ کە فەرهاد، دڵی دەچێ لە شیرین، ئارامی لێ دەبڕێ‌و بە ئاوازێکی رازاوەی بە سۆز ئەو دیمەنە وێنە دەگرێ‌و ئەو وێنە بە وشەی (مەجنوون) بۆیە دەکاو رازی وێڵی مەجنوون بە دوای لەیلیْ‌دا بۆ روون دەکاتەوە.



هەولنامەی کتێب

خانا دەڵێ:

وەختێ چون صەرعی ئەجا مەخێزا
بە هەر طەرەفدا چون باد مەگوریزا
وێڵتەر جە مەجنوون ئەراگێڵ وێڵ بی
جە سوب تا بە شام ئەگەشت و گێڵ بی

(خەسرەو و شیرین، ل - ٣٥٣)

واتە:
وەختێ وەك فێ لیێ دەهات
بە هەموو لایەکدا وەك با ئارامی نەبو
وێڵتر بوو لە مەجنوونی پر مەینەت
لە بەیانییەوە تا ئێوارە گەڕان پیشەی بوو.

## سەیدای هەورامی یەکەم

سەیدی لۆمەی یارەکەی دەکاو دەیەوێ بڵێ: وەك مەجنون دەدەمە کەژوکێو، چونکە تۆ بێوەفایت و بە تەمام دەکەی کە بێی بۆلام، بەڵام ناشێیت. سەیدی سەرناوی قەسیدەکەی بە ناوی (مەجووڵە) واتە: (مەجنوون)ەوە ناو ناوە:-

سەیدی هەورامی دەڵێ:

«پێسەو (مەجوڵە)ی ملوونە کۆ - وە،
دە (لەیلێ لەیلێ)، وەسی بێ وەفایی
تۆ هەر چەنی من وادێ مەدەینە
گێرۆنە دەورم خەرقەی گەدایی
سابدیە دیدەم، چی بێ تەما بوو
ئاشك چکۆ بۆ پەی بێ تەمایی»

(دیوانی سەیدی هەورامی، ل - ٤٧)

واتە :
وەك ، مەجنوون دەدەمە كێوان
دەڵێم : لەیلێ هۆ لەیلێ با بەس بێ وەفایی
تۆ هەر لەگەڵ من بەڵێن دەدەی‌و نایهێنیتە دی
منیش لەداخی نەهاتنت خەرقەی هەزاری دەدەم بە سەرماو
سا بروانە چاوەكەم بۆ تەما ببڕم
ئاشك (عاشق) چۆن عاشقە ئەگەر تەمای نەبێ !

**ئەحمەد پریسی**

لەیلێ‌ی خوشكی ئەحمەد پریسی كچێكی زۆر جوان بووە ، مەولەوی حەزی لێ كردووە ، ویستوویەتی داوای بكا پیا نەگەیشتووە داویانە بە شوو . ئەمجا مەولەوی دەیەوێ داوای بەییجێ‌ی ئامۆزای بكا ، لەم رووەوە بۆ ئەحمەد پریسی دەنووسی‌و دەڵێ :

قسەیێ ئەكەم وە ری‌ۆ جێ وێ
كە لەیلێ نەوو با بەییجێ وێ
ئەحمەد پریسی‌ش بەم جۆرە ، وەڵامی دەداتەوە .
قسەیێ ئەكەی بێ رێو جێ وێ
تۆ كە مەجنوونی ، چۆن بەییجێ وێ !

(یادی مەردان – ٢ ، ل – ٤٨٨)

**نالی دەڵێ :**

لە بازاڕی مەحەببەت‌دا هەدی‌یەو توحفەیێ میران
لە بۆ خورشیدی تابانم پیاڵەی شۆخی میناییە
بە كێوی نەجدە ئێستاكە وەكیلی قەیسی ماڵ وێران
منم مەجنوون‌و زنجیرم گری‌ی گێسووێ لەیلاییە

(دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی ، ل – ١١٠)

## ئەحمەد موختار جاف دەڵێ :

بەرق ئاهو چاوی من لە دووری دوڵبەرم
هەر ئەڵێی هەوری بەهارە ناڵەو تۆفان ئەکا
مەحمەلی لەیلا دەخیلم تۆ توندی وا مەڕۆ
عاشق مەجنوون سیفەت لەم دەشتە وا گریان دەکا

(دیوانی ئەحمەد موختار جاف ل - ١٧)

## وەفایی دەڵێ :

بە شینی عاشقان رەسمی قەدیمە شایی مەعشووقان
بە لەیلێ نەغمەیی عوششاقە گەر مەجنوون بناڵێنێ

(دیوانی وەفایی ، ل - ٢٠٤)

## پیرەمێرد دەڵێ :

خەرقەی شەوگەڕیم کێشا بە سەردا
چاکی داوێنم کرد بە کەمەردا
ڕۆیم تاگەیمە بەر دەرگاکەی لەیل
لەوێ بوو بوومە قەیسەکەی دوجەیل

(دیوانی پیرەمێرد ، ل - ١٦٨)

## قانع دەڵێ :

ئەگەر قانع لە لافی عیشقدا کەللەی بە جۆش بێ
هەزار مەجنوونو سنعانیش بە زەوقی شیعر شەیدا کا

(نامەی قانع ، ل - ٢٥٨)

### ئەحمەد بەگی کۆماسی دەڵێ :

هەر رۆ چوون مەجنوون خاتر جە غەم کەیل
هەر لەیل لەیلمەن جە هەردەی دوجەیل

### میرزاشەفیع دەڵێ :

مەبە وە هامراز فرە کاملێ
باوەر نە خەیاڵ مەجنوون‌و لەیلێ
عەهدو وەفاشان تا رۆی مەردەن بێ
زیکرو هۆششان زارێ کەردەن بێ

(کەشکۆڵی کەلەپوور ، ل – ١٢٨)

### ئەخۆل دەڵێ :

شەرتە وەك مەجنوونی بێ‌کەس دەشت‌و کێو بێ مەسکەنم
تا بە داخی لەیلەوە دەمنێنە قەبری تەنگ‌وتار

### ئەمین نەقشبەندی (بێوەی) ئەڵێ :

لەیلێ تۆمەردی مەجنوون مەندەوە
فەلەك هەقو کێش جەتۆ سەندەوە
بێوەفا مەجنوون چیمەلی وەکۆش
وێت حەوجار گێڵێ نەدەوری گڵکۆش

«یان ئەڵێ»:

ئازیز شیرین‌بێ منیش فەرهادم
لەیل‌بێ مەجنوونی سەدڕەنج وەبادم

## ڕووالەتی ئەم چیرۆکی لەیلێ ومەجنوون – ٥

بەرهەمەکە ، وەك ڕووداوێك یاخود ڕازێکی فۆلکلۆری هەر دەم لە نێو هەر کۆمەڵگایەك‌دا ڕوودەدا بەلام ئەوە هەیە ئەم ڕازە لە ناو ئەدەبی دەماودەمی عارەبی‌دا بە ناوی (قەیس و لیلی) زۆر بلاو بووەتەوەو تا بووە بە سەر زاری هەر کوڕو کچێك بە وێنەی دلداریی خواکردی پاك لە نێو کۆڕی جۆراو جۆردا ناویان هاتووە .

ڕازەکە شێوەیەکی سادەو ساکاری وەر گرتووە گوایا ، کوڕو کیژێ حەز لە یەکتری دەکەن‌و باوکی کچە بیانوو دەگرێ‌و دوەیدا بە یەکێکی دیکە پەیمانی نێوان کوڕەو کچە ئەوەندە بە هێز دەبێ هیچ جۆرە هێزێکی دیکە ناتوانێ بیپسێنێ .

بێ گومان لەناو گەلانی دیکەی ناعارەب‌دا ڕووداوی وەها بە دەیان ڕووی داوە ڕووش دەدا ، تەنیا ئەوەندە هەیە کە ئەم ڕووداوی عارەبیە بە هۆی ڕووالەتی کۆمەلایەتی‌و دینی‌یەوە بەهێزەوە ئەو قالبە بەناوبانگییەی زۆر سەر لەبەرتر کردوە ، بە تایبەتی ئەگەر زانیمان پەیدابوونی ڕووداوەکە لە سەر دەمی پەرەسەندنی ئیسلامەتی‌دا بووەو میللەتانی تری ناعارەبیش دەیانەوێ شتی ئیسلامی‌و عارەبی فێر بن .

ئەم ڕازەی ئێرەش ئەگەر لە هینەکەی (گەنجەوی) یەوە وەرگیرابێ یاخود لە هینەکەی (فضولی) ، یا لە هەردووکیانەوە یاخود بابلێین زادەی هەردوو دارشتنەو لەگەلێ ئەوەی فۆلکلۆری ئەو ڕووالەتە فۆلکلۆریە جۆراو جۆرانەی ناو کوردەواریی بەرەنگارمان نابێ یاخود ناتوانێ ڕێگامان پێ بگرێ بۆ ئەوەی نەتوانین بلێین کە ئەم ڕازە زۆر جۆر ڕووالەتی تێدایە کە ئەوانیش :

### ١ – ڕووالەتی عارەبی :

ناودارانی نێو ڕازەکە ناوی عارەبین ، بۆ وێنە دەلێ :

ئەر مەبۆت ڕەوشەن بە خەلوەت دەروون
بوانە تۆمار (لەیلێ‌و مەجنوون) .

(ل – ٣ – ی دەستنووس)

لە لایەکی دیکەوە دەڵێ :
ئەصڵو نەجابەت ساحیب دەزگایێ
جە شاهانی پێش بوڵند مەئوایێ
سەرخێڵ و سالأر موڵکی عەرەب بێ
خادمی ئیخلاس کەعبەی شەریف بێ

(ل – ٥ – ی دەستنووس)

لە لایەکی دیکەوە دەڵێ :
سێ جار فاڵشان وست ئەنە رووی کیتاب
هەر سێ جار هەر (قەیس) ئامانە کیتاب
واتشا فورزەندت عاشق بۆ بە (لەیل)
بە هیجرانی لەیل دەروونش بۆ کەیل .

(ل – ١٨ – ی دەستنووس)

لە لایەکی ترەوە دەڵێ :
سێ ساڵەگی بێ (لەیلی عامری)
بە جەماڵ وێنەی شەمسی خاوەری

(ل – ٢٢ – ی دەستنووس)

لە جێگایەکی ترەوە هەیەو دەڵێ :
هەزار جە (حوشتر) تازەی دوو ساڵە
کێشیا پەی مەززەی شەرابی لاڵە

ل – ٣١ – ی دەستنووس)

لە لایەکی دیکەوە دەڵێ :
ماوام کۆی (نەجد)ە یەقین بزانە
مەڵهەم پەی دەوای دەردم بکیانە

(ل – ٥٩ – ی دەستنووس)

لە لایەکی ترەوە دەڵێ :
سەلامی عەرەب بزورگ زادە بێ
جە نەسلی شاهان پاك ئوفتادە بێ

(ل – ٨٢ – ی دەستنووس)

## ٢ - ڕوواڵەتی ناعارەبی

- ڕوواڵەتی کوردەواریی: ئێمە کە دەڵێین ڕوواڵەتی کوردەواریی مەبەستمان تەنها ئەو ڕوواڵەتە نییە لە سەرانسەری کوردستانی عیراقدا باون ، بەڵکو مەبەستمان لە ڕوواڵەتی کوردەواریی سەرپاکی کوردستانە .

بەڵێ باوکی (قەیس) عارەبە ، بەڵام لە ڕاستیدا وەختێ کە نامە بۆ خزم و دۆسانو ناسیاوانی بە بۆنەی ناو لێ نانی (قەیس)ەوە دەنووسێ بۆ ئەوەی بەشداری ئاهەنگیان بن ، هەست بەوە ناکەی کە ئاهەنگەکە لە دووری عارەبدا دەگێڕێ ، بەڵکو هەست بەوە دەکەی کە لە ناوچەیەکی کوردستانانێ بۆ وێنە :

بابۆ کیاستش قەومو قەبیلە
تا سەر حەدی شام پەی نی وە سیلە
تەمام عارەبان سەر خێڵی خوتەن
تا حەدی بولغار عیراقو ئەرمەن
نامە کیانا بە شای بوخارا
وەتاوو تەعجیل نەبۆش مودارا
نامەی جگەرسۆز پەرێ شای خاوەر
نامەش هەم کیاست بە شاهی قەیسەر
وەشای مەدینە لە بە شای میسروشام
نامە مەحەبیەت گردین کەرد تەمام

(ل - ١٢ - ی دەستنووس)

- ئەگەر ورد بینەوە لەو بانگنامانە کە بۆ گەورە پیاوانو شایانی شامو عیراقو ئەرمەنو بولغارو بوخاراو خاوەر زەمینو بۆ قەیسەری ڕۆمو شای مەدینەو شای‌میسرو شای خوتەن زەمین - ی دەنێرێ هەرگیز ناگونجێتە سەرەك خێڵێکی عارەب ، بەڵکو ئەمە کردەوەیەکی شاهانەیە

- هەروەها بەرگو پۆشاکو خواردنو خواردنەوەو شاباشی شایی و مەی خواردنەوەو گۆرانی وتنو هەڵپەرکێ ، تا ئەمانە سەرپاکیان لە کوردستاندا وەك نەریت باووبرەوی کوردەوارییێن ، بۆ وێنە کە منداڵەکەیان دەبێ بە ئاوریشمەوە دەیپێچن

دایە پێچناش بە حەریرەوە
بە بەرگی زەرباڤت بۆ عەبیرەوە

(ل - ١١ - ی دەستنووس)

هەواڵنامەی کتێب

«هێنانی گۆرانی بێژ:

کیانا ئامان موتریبان هەزار

تەمام خۆش ئاواز ولاّنی بولغار»

دانس و هەڵپەرکێی کۆمەڵ:

سەد هەزار رەققاس مەهرووی مەهجەماڵ

بە ئاهەنگ و ساز مەنیشتن وە هاڵ

مەی خواردنەوە:

ئەوەڵ مەنۆشان شەرابی ئەڵوان

پیاڵە نە چەم خەڵقان دا جەولان

ناڵەی مەی خۆران جە سندانە مشت

ساقی پڕ مەکەرد پەیاپەی پەیوەست

(ل – ۱۳ – ۱٤ – ی دەستنووس)

بەرگی پێش خزمەتان (خزمەتکاران):

ئافتابەو لەگەن جە قەڵای بێ غەش

پڕ ئاوی زەڵاڵ چون شیری بۆ نخۆش

پێش خزمەت هەزار سادەی ئەتڵەس

چون شەماڵەی نوور ئاما نەخرۆش

(ل – ۱٤ – ی دەستنووس)

جۆری باڵندە، کە وەك (کەو) بۆ وێنە:

هەزار مورغی سێخ (کەبکی) خەرامان

هەفت سەد هەزار سەر بەرەی یەك دندان

جۆری خواردەمەنی دیکە کە لە کوردستاندا دەستکەوتنی ئاسانە، بۆ وێنە:

یەك سەد هەزار مەن (ئەنار) ی ئابدار

سێ سەد هەزار مەن جە (سێب)ی خونسار

کێشانەو پێوانە:

لەپێوانەدا (خەروار = خەربار)و (مەن) بەکار هاتووە، کە

لە دوورگەی عەربستاندا ناوی نەزانراوە بۆ وێنە:

بشین باوەرین لەیلی سایەدار

بدەیم جەواهیر (خەروار) بە (خەروار)

تا بەسەد هەزار (خەروار) مەبەریم

کلاو مورەسسەع کەمەر زەڕ بەریم (ل – ۸۳ – ی دەستنووس)

لە کێشانەدا (مەن) بەکار هاتووە بۆ وێنە:

کیانا ئاورد هەزار (مەن) جە قەند
یەك سەد هەزار (مەن) نەباتی پەسەند

پارە ، لیرەو تمەن بەکار هێزاوە ، بۆ وێنە:-

سەد هەزار (لیرێ) زەربافشان کریا
سەد هەزار مەتا بە مسکین دریا

(ل - ٤٠ی دەستنووس)

کەلو پەلی ناو ماڵ :

قاڵی ، بۆ وێنە :

خجستە فەرشش بەرد پەرێ سارا
سازنا تەمام مەخمەڵی خارا
دارای کەنخواهی زەربافتی شاهی
قوتنی موتەببەق قالیٚ دیبایی

لەلایەکی دیکەوە:

نیشتن وە باڵای (فەرشی مەخمەڵی)
(قاڵی) کاری هیند دەستکاریی پەری

(ل - ٨٨ی دەستنووس)

سینی نان خواردن :

کەباب‌و چلاو تەعام رەنگاو رِنگ
سەد هەزار سینی هەر سینی سەدرِەنگ

(ل - ٣٣ی دەستنووس)

کورسی ناو ماڵ :

تەك دان وە پاڵ‌پشت تاقی سەنجاب
راحەت نە ئازار شەو نەخەفت‌و خواب

## ٣ - پارانەوە لە (خوا) لەکاتی تەنگانەدا

لە کاتی تەنگانەدا پەنا بردنە بەر قاپی خودا پێشە ، یاخود رەویەی هەموو خواناسێکە . کوردەکانیش لە پێش زەرەدەشتیەت ، ئەوانەیان کە یەزدان پەرست بوون‌و دەمی زەردەشتییەت‌و دەمی ئیسلامەتیش دینیان زۆر بە توندیی گرتووەو زیادە رەوی‌یەکی فرە بێ پایان لە بردنە رێوەی‌دا دەکەن ئەم وتەیەش بە ئاشکرایی‌و بە روونی لە رازو سەرگوزەشتەو چیرۆکەکانی کوردەواریی‌دا بە تەواوەتی رەنگی داوەتەوە .

- (خورشید) لە چیرۆکی خورشیدو خاوەردا ، کاتێك کە دەچێتە ئەشکەوتەکەوەو دەیەوێ (قەمەرناز) لە دەستی دێو رزگار بکا ، لە وکاتەدا دێوە دێتەوە ، ئەمیش بە بێ شڵەژاوی (قەمەرناز) پەنا دەداو دەست دەداتە شمشێر (شیر)ەکەی سروودی خۆپارانەوە دەخوێنێو روو دەکاتە دێوەو سەردەکەوێ بە سەریدا، تەماشایبکە :

خورشیدی خاوەر بەر ئاوەرد کەمان
پەنا بەرد بە زات عەظیمی سوبحان
تیری نیقابڕەنگ جە شەست کەرد ڕەها
دانە هەردوو چەم عیفریتی بەد خوا

(خورشیدو خاوەر ل – ١٦)

- کەنیزێ ، لە کەنیزەكو یانزەرەزمدا ، لە بەرهەمەکانی میرزا یاخود خان ئەڵماسخان لە ترسی دوژمن و ئافرەت رفاندن خۆی لە جێگایەك هەشار دەدا ، لەو هەشارگەیەدا دەپارێتەوە لە خواو خواش دۆعای قبوولێ دەکاو فریادڕەسی بۆ دەنێرێو لەو تەنگەو چەڵەمەیە رزگاری دەکا بۆ وێنە :-

وە جستوجۆ بین ناگا جەهانگیر
دیش نیشتەن ئەوجا کەنیزێ زوبر
زار زار مەگرەوا عاجزو بێ کەس
مەوات : یا دانای فەردی فەریادڕەس
عامی عیصیانم عاجزم وە نام
شای عادلێ بەختم نەکەری وەخام

(دەستنووس کەنیزەكو یانزەرەزم)

- رۆستەمی زاڵ ، هەروەك هەندێ سەرچاوەی مێژوویی باسی دەکا ، پاڵەوانێ لە پاڵەوانەکانی ناوچەی کوردستانی ئێرانی پێشدادیە[١٣] واتە ، پێش بلاّو بوونەوەی زەردەشتی ، ئەو بووە ئەو یەکێك بووە لەوانەی کە (یەزدی) یاخود (یەزدان پەرست) بووە . ئەمە ئاوەکۆ زۆری ئاواندارێی ناهەمواریی بۆ نەهاتبێ خۆی روو بەرووی شەڕ نەکردووە بەڵام کە بەلاّ بەرەو رووی هاتبێ نەیتوانیوە خۆی لێ لابدا .

- لەزوربەی رازەکانی رۆستەمی زاڵ – دا ، رۆستەم پێش روو بەروو بوونی جەنگ یاخود شەڕوبەلاّ ئێرتیێز لەخوا پاراوەتەوەو ئەوجا بەرەو رووی ئەو تەنگەو چەڵەمەیە بووەتەوەو بەسەریشیدا سەرکەوتووە .

- لە کەنیزەكو یانزەرەزمدا ، وەختێ کە رۆستەم زۆری بۆ دێ روو دەکاتە خواو لیێ دەپارێتەوە کە سەری بخاو دۆعاکەشی گیرا دەبێ بۆ وێنە :

رۆسەم وات : یەزدان ، تاکو تەوانا
فەردی فەریادرەس وە تۆمەن هانا
سپەردم وەتۆ فرزەندانی زالْ
نیگەهشان داری دانای لایەزالْ

(دەستنووس کەنیزەکو یانزەرەزم ل - ١٢٩)

- لە رازی شێخی سەنعان‌دا ، وەختێ کە خەلیفەکەی دەیەوێ یاخود بەتەنگەوەهاتنی گەرانەوەی شێخی سەنعان-ەوە دێ روو دەکاتە خواو لێ دەپارێتەوە بۆ ئەوەی رەحمی پێ بکاو بیهێنیتەوە سەر رێرەوی دینی خۆیو خوا دۆعاکەی لێ قبوولْ دەکا ، بۆ وێنە:

خەلیفە واتش : ئینە چە فیکرەن
هوزێزە بە پا یە وادەی زیکرەن
وضوە تازە کەن بە ئاوو زولاڵ
بکەرمێ نمای حەیی زولجەلال
بەلْکم بە ئەلْطاف جیهان ئافەزین
سەنعان باوەرمێ هەم بە راگەی دین

(بەیان ژمارە - ٦٨)

- لەم رازەی (لەیلێو مەجنوون)ەیش‌دا هەر هەمان دەستوور پارانەوەی تێدایە، پارانەوە لەخودا ، کەچی سەیر ئەوەیە لە (لەیلێو مەجنوون)دا بۆ یەککەوتنی خۆیان لە خوا ناپارێنەوە ، بە هەرحالْ ، باوکی قەیس کە پیرێکی بەتەمەن دەبێو تائێستە منالێ نەبووە بەیانییەکیان زوو لەخەو هەلْدەستێو روو دەکاتە قاپی خواو بە زولاڵی بۆ داوای کورێ لێ دەپارێتەوەو خواش دۆعاکەی بەجێ دەهێنێ.
بۆ وێنە لەم وەرگرتەیە ورد بەرەوە :

روێ سەحەر زوو خجستەی خەمگین
واتش : یاکەریم رەببەلعالەمین
هەر وەقت مەیلتەن کوللی گەدایێ
مەکەریێ گەدا وە پادشایێ
پایەش مەبەریێ وە چەرخی هەفتەم
مەبۆ وە سەردار خەلْقانی عالەم
زاتی قودرەتت بێ حەدوو شومار
جە شومار فیشتەر بێ سەدو هەزا
ئاگا جە دوورەن گشت دەردە داران

مراد دەهندەی گشت وایە داران
جە کەرەمی تۆ ساچێش مەبۆ کەم
بدەری پێان تۆ بینایی چەم
پیری گوزەشتەی وبەردە سالم
ئینتیزار بە لوتف ساحیب جەلالم
طیفلێ جە دەرگات ئارەزووم کەردەن
بە یەقینی ساف پەنام ئاوەردەن
کەرەم دارەنی یا ساحیب کەرەم
بدەری پێان یاخودای عالەم

(ل – ١٠ دەستنووس)

## دەوری پیرەژن

لە ناو کوردەواری‌دا ، دەوری خۆ فرۆشی‌و خۆ پەرستی‌و ماڵی خەڵك وێران کردن‌و خۆ قوربانی‌دلن لە پێناوی پارەو پوول‌دا سەپێزاوە بە سەر پیرەژن‌دا بە شێوەیەکی رۆشنتر پیرەژن بە عونصری شەڕ لەقەڵەم دراوە .

لەناو زوربەی رازی دەماودەمی ناو کوردەواری‌دا ، پیرەژنی تێدایەو هەر خۆی بۆ سەنگی‌خۆی (بۆ کێشانەی خۆی) بە نانە رەقە فرۆشتووە دەیان رازی دەماودەمی وەك (کورە کەچەڵە) و (مەڵەك ئەحمەد) و زەڕین مەلیك‌و هتد پیرەژن دەوری پاڵەوانی شەڕراوی دەبینێ .

لەناو رازی (شیرین‌و فەرهادی) دەماودمی کوردەواری‌دا پیرەژنێ هەواڵی مردنی شیرین بۆ فەرهاد دەبا .

لە لایەکی تریشەوە لە زوربەی رازە دەماودەمیەکان‌دا (دایە)واتە ئەو دایکەی کە کچە شازادێکی بە شیری خۆی پەروەردە کردووە گەورەی کردووە بە عونصری خەیر ناوی هێزاوە

لە رازی (خورشیدك خاوەر ، دا دایەی (خەرامان) هەمیشە بۆ (خەرامان)و بۆ (خورشید) خەیر خوازە .

لەم رازەدا (هەمان رێرەو (پیرەژن) دەوری دڵرەقی‌و ماڵ وێرانکردنی کەسانی دیکەی دراوەتێ بۆیە هەمیشە پیرەژن بە دیمەنێکی ناشیرینەوەو کردەوەی نابەجی‌وە وێنە دەگیرێ) پیرەژنێکی ئەستیرە شووم . سەرتاپا رەشی رەنگ رەش‌و سوختی بەد چارە کە لە جینسی مرۆ زیاتر لە هەمووشتێ دەچێ دەروا بۆ لای مەجنون‌و هەواڵی شووکردنی درۆی (لەیلێ)ی دەداتێ، بۆ وێنە تەماشای ئەم وەرگرتەیە :

عەجووزەی دەوران شوومی ستارە
بەرگ قەترانی رەنگ سیای بەدچارە
نە جینسی بەنی ئادەمەو دوور بێ
قاوتش جە دێوی مەلعوون بەتەر بێ
روو کەرد بە کۆی نەجد ماوای مەجنوون‌دا
سینە سەد پارەی ستارە شووم‌دا
مەشی بە راوە چون تیری پڕتاو
یاوا بە مەجنوون شەریدەی بێ‌جاو

.................

مەجنوون پەرسا لێش پیرەی کۆنەسالْ
بواچە جە (لەیلێ) چێش مزانی حالْ

.................

پیرەژن واتش : لەیلێ نەمەردەن
جە مەردەن بەدتەر بێ شەرتی کەردەن
تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێ:
ئیبن سەلام ئاما چەنی قەومو خوێش
عەقدی لەیلێ کەرد بەردش چەنی وێش
لەیلێ چون پرشنگ تاوی جۆششەن
چەنی بێ شەرتان عەیش‌و نۆششەن

## نەریتێ دیکەی کوردەواری

میرو سەردارانی ناوچەکانی کوردستانی ئەوسا زیاتر لە ژنێکیان هێناوەو زوربەی وەختیش ئەگەر سەفەرێکی دووریان کردبێ‌و زۆر لەولاتیکی دیکەدا مابنەوە بۆیان لوابێ ژنیان هێناوە.

لە رازی فۆلکۆری دەماو دەمی ناو کوردەواری‌دا ئەو جۆرە ژن هێنانە زۆر بووە. بۆ مەسرەفی ئەو منالە کە لەپاشەڕۆژدا دەبێ‌و باوکی لەوێ نابێ باوکەکە دیاریی پاشێکی گرانبەهای بۆ ژنەکەی داناوە کە بشێ چەبۆ کورەکەی‌و چە بۆ کچەکەی :

میرو سەردارو سەرۆك خێل‌و شازادە (بازی بەندی)[١٤] زێریان داناوە گوایا ئەگەر بەرەکە (کوڕ) بوو ئەوە دەکرێتەبالی‌و ئەگەر (کچ) یش بوو ئەوا بۆی دەکرێ بە مەسرەف.

له رازی (لەیلیٚو مەجنوون)دا ، دەبینین کە (قەیس) خاوەنی دوو (بازیبەندە) بەلاّم نازانین کەی کراوەتە دەستیو بەچ بۆنەیەکەوە بە هەرحالْ بوونی بازیبەند لە قۆلّی (قەیس) دا دانی یەکێکیان بە باخەوانەکە بۆ ئەوەی سەروەکە نەبڕیٚو دانی ئەوی دیکەشیان بە خاوەن (تووتی) ، یا خود ئەو راوچییەی کە (تووتی) یەکەی راو کردوە دیسانەوە نەرێتێکە عارەب بە کاری نەهێناوە ، تەماشای ئەم وەرگرتانە :

هەرچی بەهاش هەن بسانە چەنەم .
(سەروو)ی سایەدار بیەخشە پەنەم
باخەوان سەرو بەر ئاما وەبەر

واتش : ئەی فەقیر دەروون پڕ خەتەر
مەبەخشوو پەنەت زەروور کارتەن
چونکە بە وێنەی بالاّی یارتەن
لالّی هەشتهەزار تمەنی قیمەت
دانەی جەواهێر ئاراستەی قودرەت
بەر ئاوەرد جە بالْ باهو بەندی وێش

وات : ئەی باخەوان مسکین دەروێش
بدیەو نێ دانە چەنەم بستانە
قەدری قیمەتی لالّم بزانە
ئەمەش وێنەکەی دیکەیە :

واتش : ئەی صەیاد پەی رەزای خوا
خەلاس کەر جە بەند تووتی خالْ سیا
خالّش بە خالّی لەیلیْ مێمانۆ
دینو دنیامەن خوا مەزانۆ

صەیاد وات : مەجنوون چێشتەن پەی قیمەت
تابدەو پەنەت تووتی قەتران خەت ؟

واتش (لالّیْ) هەن باهو بەندی بالْ
قیمەتش کریان هەزار تمەن مالْ
قاعیدەی قیمەت لالّم بزانە
تەمام قیمەتش چەنەم بسانە

(ل – ١١٥ی دەستنووس)

## هەندێ
## ڕواڵەتی وەرزی جوگرافیایی
## ناوچەی کوردستان

شایەنی باسە ، پیشاندانی جۆراو جۆری وەرزو ناسینی هەر وەرزێ بە جۆرە ئاوو هەواو گژو گیایێ بێ گومان دوورە لە دوورگەی عەرەبیەوە .

وەرزی زمستان ، باو بارانو سەهۆڵبەندانو وەرزی بەهاران دارو درەختو سەوزایی و فەرشی سەوزی دەشتو دەرو تافە تاف کانیاو بوونی (نێرگس) و (بەرەزا) ئا ئەمانە دڵنیامان لەوە دەکا کە سروشتی جوگرافیایی ناوچەکە (ئەو ناوچەیە کە نووسەو لەبەر چاویەتیو وەك کەرەسە بۆ ڕازاندنەوەی چیرۆکەکەی بەکاری هێناوە) لە هی کوردستان بەدەر نەبێ ، هەمینکە ئێمە باسی (لەیلێو مەجنوون) دەکەین !

بۆ وێنە لێرەدا دەوترێ :

دیدەش وە ئەسرین سورمە پەردەوە
خاڵی (وەنەوشە) ش پەشێو کەردەوە
ئاوەردەن پەرێش جام چەنی شانە
مەعلوم پێش گرتەن وە سەد بەهانە
(نەرگس) جەمینان سورمە ئاوەردەن
بە مەلوولەوە مەعلوومش کەردەن

(ل – ٩٣ – ی دەستنووس)

لە لایەکی دیکەوە دەبێژرێ .

تۆ نەیجا خەریك نە وەر مەغاران
پەشێو چوون (نەرگس) ساڵی کەم واران

ئەم وەرگرتەیەش دیمەنی وەرزی زمستان پیشان دەدا کەدەڵێ :

فەسڵی زمستان یەخ بەندانی سەرد
هەوای خەزان زەرد روو جە تۆفان کەرد

گەڵای چناران ڕێزا سەرتاپا
جە سایە دەرەخت مورغان ستێزا
داران سیا پۆش چون سفتە دڵان
بولبول نموانۆ شانامەی گوڵان
نیشتەبین زوێر سەرسەوزان جە خەوف
جە تەختەی یەخ‌بەند هەوای سەردو تۆف
**نووری نساران مەیلی سەوادرەنگ**
**جە دوور مەدرەوشان چون دانەی فەرەنگ**
**سەحراو سەرزەمین تەمام یەخ بەند پۆش**
**بەرزە کڵاوان تەم گرتەن نە دۆش**
**بورچینان ماتەم نە ڕووی تەختە ئاو**
**ئاوێزان جە سەنگ مەیلی سۆهان ساو**
**هەوای شەتاوان مەلوول‌و ماتەم**
**مەجنوون مەگێلا دەروون پڕ جەخەم**
**سەردی زەمهەریر ڕەستاخێز خێزا**
**سیامان سەبران ڕووی سەحرا بێزا**

(ل - ١٢٦ی دەستنووس)

وێنە بۆ گوڵانی کویستانان:

(گوڵاڵەی سوور) مات بین جە سارا
ئەسرین نە دیدەی ئەوان مەوارا
(بەرەزا) جە داخ وێش‌دا بە تاش‌دا
تاشی سەر بڵند مەغار نەقاش‌دا
جەداخی جەمین ساحیب خاڵ‌و خەت
(سنۆبەر) جە باخ زەرد بی جە حەسرەت
(ڕێحانە) و (شەوبۆ) جە داخی لەیلێ
سیاوبەرگ بین خەمگین بین خەبلێ
(لالە)جە حەسرەت هووناو مەنۆشا
(وەنەوشە) جامەی ماتەمی پۆشا
(شەقایق) خەڵتان ئالوودەی هوونەن
وێنەی شەهیدان جە غەرقی خوونەن

(ل - ١٨٣ی دەستنووس)

## هەندێ رووالەتی دیکەی کشتی

سەرپاکی میللەتان، ئەوانەی بڕوایان بە بوونی خوا هەیە لەو بڕوایەدا بوون کە خوا خاوەنی هەموو شتێکەو توانای بەسەر هەموو هێزێکدا هەیەو هەمووشتێ بە دەس خۆیەتی .

لە سەر زەویش ، لە هەر ناوچەیەکدا ، شاه وەک خاوەن فەرمان جێگەداری خودایە .

دایکیش ، کە دەبێ بە هۆی پێکهێنانی خێزانەوە بەری پیرۆزی خواکردی سەر زەوی‌یە بیری وەهاو سەدان بیری دیکە لە ناو کۆمەلانی جۆراو جۆری هەرلاو کۆن‌و قوڕبینێکی جیهان‌دا بە پێی پێویستی نەریت‌وبیروبڕواو باری کۆمەلایەتی‌و جۆری ژیان‌و ڕێرەوی بلاوبوونەتەوە ، یەکێ لەو میللەتانەش هی کوردە .

بەرپا بوونی دینی ئیسلام‌و بلاو بوونەوەی‌و قۆزینەوەی لە لایەن کوردەوە کردارێکی بەتینی هەبو سەر ڕێرەوی ژیانی لە هەموو روویەکەوە ، بە تایبەتی بڕواو بیری جۆراو جۆرو سەیرو تێکەلاو بە یەکتری بوون بە جۆرێ کە کەفەسەرە بە رووالەتی ئیسلامەتی لە لایەکەوە ، و بیروباوەری دێرینی بەجێ‌ماو لە لایەکی ترەوە .

بۆ وێنە ، بڕوا بەخوا هەیە ، ئەگەر بیەوێ هەرشتێ بیکا دەیکا ! کەچی بڕواش بۆ ئەوە دەروا کە خوا — بۆ وێنە — بۆ ئەوەی دوعاکەی باوکی (قەیس) قبوولْ بکا ، زەرەبێ نووری خۆی دەنێرێ بۆ دایکی (قەیس) تا وەکو (قەیس)ی لێ بێ !

بڕوا بە چوونە لای شێخی بەدین‌و مەلاو پیر هەیەو بڕوا بە درێنەوەی دەمی کتێب هەیەو دوعاکردن‌و بڕوا بە فالْچی‌و ئەستێرەناسی‌و دەروون خوێندنەوە هەبووەو هێشتاهەر هەشە .

ئا ئەمانەو دەیان کردەوەی دیکە نەک لەناو کوردەواری‌دا بەلْکو لە ناو سەرپاکی میللەتانی تری سەر زەوی‌دا بەرپان‌و هەن‌و پەیرەویان دەکەن بۆ وێنە لەهیندستاندا لەو بوزی‌یانە هەن کە (تالعە) و (دەروون) دەخوێننەوە ئیسلامەکانی ئەوێ زیاتر بڕوایان پێیانە تا بوزی‌یەکان .

بۆ وێنەیەکی دیکە لە ئینگلتەرە [١٥] دا هێشتا هەر بڕوا بەوە هەیە کە (کینگ ئارثەر) ناوبەناو زیندوو دەبێتەوە دژی زولْم‌و زۆر هەلْدەستێ !

تانێستەش لەدینی ئیسلامەتی‌دا دەمەتەقێ لەسەر ئەوە هەیە ، کە (مرۆ) باشی‌و خراپی‌و چارەنووسی بەدەس خۆیەتی ، یاخود چۆن لە (لەوحەی مەحفووظ) دا بۆی نووسرا ، ئەوەیە !

ئەم چیرۆکی‌لەیلێ‌و مەجنوونە ، سەرپاکی ئەم‌بیرانەی سەرەوەو بە زیدەش تیایەتی ، وا بە وێنە ، هەندێ وەرگرنە دەهێنینەوە :—

١ — وێنە ، بۆ بڕوایەکی قایم بە بوونی خوا .

بەنامی خوای هەزارویەک نام

یەک نامی هەقش بە هەزار تەمام

واحیدو ئەحەد بێ خواب‌و خوردەن
یەکتای بێ هەمتا نەزاو نە مەردەن

(ل – ۱ی دەستنووس)

لە لایەکی دیکەوە دەڵێ :

کەرەم دارەنی یا ساحیب کەرەم
بدەری پنهان یا خودای عالەم
جە کانی زەحمەت قەترە رەحمانی
وزی نە دەروون پیری نەفسانی
تا کە شوکرانەت زیاد بکەروون
بە یەقینی ساف نامت بەروون

(ل – ۱۰ی دەستنووس)

وێنەیەکی دیکە :
زیکرش هەر ئێد بێ (یادانای داوەر)
لەیلی خاڵ قەتران وەلامان باوەر

(ل – ٦۲ی دەستنووس)

وێنەیەکی دیکە :
پادشای بێباک کە بێ ئەندێشەن
مزانۆ گونای هەرکەس کە چێشەن
ظاهرو باطن وەنەش عەیانەن
نێك‌و بەد جە لای گشت نمایانەن

(ل – ۱۰۹ی دەستنووس)

وێنەیەکی تر :
تووتی وات : یاهەق صانیعی بێچوون
یاهەق شادکەری (لەیلیٰ) بە(مەجنوون) .

(ل – ۱۲٤ی دەستنووس)

۲ – بڕوا بە فاڵچی‌و دەمی کتێب‌و ئەستێرەناسی .
– دەڕوانە رووی کتێب بۆ زانین نەخۆشی (مەجنوون) :

دادی حاڵی قەیس مەواچی پێشان
ئەوان بە کیتاب تالیع مەدیشان

کیتاب مەنمانا عیلاج نەبۆ
زیاتر مەبۆ دەردش رۆبەرۆ
تالیعش پێسە مرمانێ رۆرۆ
عەشقش زیاد بۆ نامش کەم مەبۆ

(ل – ١٩ی دەستنووس)

– بردنی مەجنوون بۆ لای شێخ (ب) بۆ چاککردنەوە .
بابۆ بە تەعجیل مەجنوون بەرد وەلاش
وات : ئەی شێخ ئامان بکەرە دەواش

ئەوجا دەڵێ :
شێخ زانا حاڵش چە تەور پێش ئامان
هەم جە داخی کێ نێ تەور پێش ئامان
وات : ئەی خەجستە پیری مەینەتبار
فورزەندت جە عەشق بییەن گرەفتار

(ل – ٧٠ی دەستنووس)

## – ئەستێرە ناسان

ئەستێرەناس تالیعە خوێنەران بانگ کران بۆ ئەوەی تەماشای ئەستێرەی (قەیس)بکەن و بزانن دوا رۆژ توانای جێگە گرتنەوەی باوکی هەیە یان نا ! تەماشای ئەم وێنەیە بکە :–

ئاما کاهینان ، ئەختەر شوناسان
گرد ئامان جەم بێن تالیع شوناسان
ئەختەر شونا سان دیان بە ئەختەر
تەمام بە یەکجار سەر ئاورد وە بەر
واتشان : ئەی پیری خجستە مەقدەم
صەریح نێ طیفلە عەقڵش مەبۆ تەم
سزا مەکێشۆ جەناو دەردیسەر
ئەوسا شێت مەبۆ جە عەشق دوڵبەر

(ل – ١٧ی دەستنووس)

## ڕواڵەتی ئەدەبی ی ئەم چیرۆکە :

**چیروك** :چیرۆکێکی هونراوەیی درێژەو بە کارێکی ئەدەبی مەزن لە قەڵەم دەدرێ. چیرۆکەکە زیندووە ، واتە : هەموو دەمێك لەناو هەموو نەتەوەیەكدا **چیروکی** وەها ڕووی داوەو ڕووش دەدا بە کارێکی سروشتی ژیان دێتە بەرچاوو سەرەتای بەخۆشی دەست پێ دەکاو بە ناخۆشی کۆتایی دێ..

نووسەر دیمەنەکانی جوان وێنەگرتووە بە جۆرێ کە وێنەکان بە ڕوواڵەت دەردەکەونو بە دەنگیش دێنەوە دەنگ.

خوێنەری لەگەڵ دیمەنە، ئێشو ئازار دارەکاندا ، خەفەت دە خواو ئێشو ئازاری زۆر نەبێ کەم کاری تێ دەکا ئەگەرچی مرۆ هەمیشە حەزی لە خۆشیو شاییو ئاهەنگو ڕابواردنە ، بەلام لە گەڵ دیمەنە خۆشەکانی ئەم ڕازەدا بەقەدەر ئەوانەی ناخۆشییەکانی سۆزگیر نابێ!! یاخود باش لە هەستو سۆزیاندا ناتوێتەوە.

دیمەنەکانی پڕن لە جەنجاڵی ژیان ؛ بۆ وێنە وەك دژاوەری هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ئەو خەڵکانە ، ئەو پاڵەوانانە جیاوازی هەر یەکەیان لەوی دیکەوە ، یا وێکچوونی دوانیان ، دوو ڕوویی ، باوو برەو نەرێتی دینیو چینایەتیو لایەنی ڕۆژانەی دژواری دیکە.

شایەنی باسە ، پاڵەوانەکان لاوازن ، قەیس ناتوانێ بەربەرەکانی باوکی لەیلێ بکا ، ناتوانێ هیچ نەبێ بە وتەیێ شتێ بڵێ کە نارەزایی خۆی بەرامبەر ئەو کارە دەربڕێ.

لەیلێ هەروەك هەموو کیژێکی کورد ، ناتوانێ لە ڕووی باوکیا هیچ شتێ بڵێ بەلام هەر وەك باوەو وا ڕۆیشتووە بەلای دایکیەوە وتوویەتی کە حەزی لە (قەیس)ە.

ئازایی لەیلێ وەختێ دەر دەکەوێ کە دەیدەن بە شوو بە (ئیبن سەلام) شەوی پەردە هەرەشەی لێ دەکاو خۆی نادا بە دەستیەوەو ئەویش لەو دیمەنە نارەحەتەدا دەمرێ.

باوکی (لەیلێ) فێلاویەو بە هۆی پیلانێکی خۆیەوە دەتوانێ ڕزگاری بێ لە(قەیس)و (لەیلێ)ی نەداتێ!

دایکی (لەیلێ) دایکێکی دنیا دیدە نەبوو بۆیە نەیتوانی لایەنگیری کچەکەی بێ تا بەو جۆرەی لێ نەبێ.

باوکی (قەیس) یش هەر کەمدەسەلاتو لاوازبوو نەیتوانێ فرمانێ بەرپا بکا بۆ بەرژەوەندی لەیلێو مەجنوون.

مردنی (قەیس) و (لەیلێ) و (ئیبن سەلام) بە هۆی هۆی لاوازەوە بوو کە هەرگیز هۆی وەها مرۆ نامرێنن.

خوایگەورە دەستی بردوەتە چیرۆکەکەو هێزی بۆ هیچ لایێ نەهێشتووە ، هەر لەسەرەتاوە ئەستێرەناسەکان مێژوو دوارۆژی ژیانی (قەیس) یان بە دە ستەوە دا.

کەفەسەرە بە رووالەتی هیچ‌پووچی دینیەوە بۆ وێنە وەك روانینە رووی کتێب بۆ زانینی جۆری نەخۆشی (قەیس) و دەرمان کردنی .

کەرەسەیەکی – ئەگەر بگونجی – جیهانیەتی تێدایە ، رووالەتی کوردەواریی زاڵە بە سەر کەرەسە کەدا .

لێهاتنی قوربانی‌دانی بێ پایانی تێدایەو ئاماژەیەکو نیشانەیەکی بێ هاوتایە بۆ پەیمانی راستەقینەو وەفاداری ، کە لە هەڵس‌و کەوتی (لەیلێ)دا . لە کاتی چوونە ناوپەردەوە بۆ (ئیبن سەلام) ، شۆڵەیەکی تەواو دەداتەوە .

## کەرەستە :

کەرەستەکەی زمانی کوردەواری‌یەو لە قاڵبێکی خۆش ئاوازو لاواندنەوەی بە سۆزی گۆرانیانەیە .

هۆنینەوەکەی بە هۆنراوەی کلاسیکی لە رووی پێوانەو کێشانەی ئاوازیەوە ، واتە : دەبڕگەیین و (کاپلێت مثنوی) ن .

زمانێکی پاراوو رەوانی هەیەو جۆرە هاووشەی بێگانەی بەرگی کوردەواریی پیاکراوی تێدایەو ، مەگەر بە دەگمەن وشەیێ دووبارە کرابێتەوە سەرەرای ئەوەی کە شیعرەکان (کاپلێت)ین ، بەلاَم زۆر بە زەحمەت یەکێ دەتوانێ جووتە دێری لابەرێ و کەلەبەرێ نەکاتە دیمەکەوە !

## وێنەی ئەدەبی :

بەکار هێنانی شیعر بۆ دارشتنی چیرۆکو تایبەتی چیرۆکی درێژ ، حەزی زوربەی خەڵکی خوێندەوارو نەخوێندەواریشە ، ئەمە لە لایەکەوە ، لەلایەکی ترەوە خۆی لە خۆیدا شاکارێکەو کردەوەیەکی زۆر مەزنە کە ئەدەبی کوردیی پێ رازاندووەتەوە .

جگە لەو رووالەتە بەنرخانەی ناوی‌ی ، کە باسمان کردن جۆرە خشڵێکی ئەدەبی زۆر رازاوە کراوە بە چیرۆکەدا کە داهێنانێکی ئەدەبی زۆر بە نرخ‌و بەهادارە .

**١– رازاوەتەوە بە کورد واتەنی :** کە بێگومان جوانی خشڵەکە زۆرتر دەکاو واتای بە بەهادار – تر دەکا ، بۆ وێنە دایکی لەیلی سەرزەنشتی لەیلێ دەکا بۆ ئەوەی کە حەز لەچارەی (ئیبن سەلام) ناکاو بە مێردی خۆی نایزانی‌و بەم بۆنەوە (لەیلێ) پێی دەڵێ ، (من تەنیا هی

(مەجنوون)م ، دووپیێ چۆن دەکرێنە یەك کەوشەوەو ژنێك بۆ دووپیاو جۆن مارە دەبڕرێت) ! ئەمەش وەرگرتەکەیە :

**دوو پا نە پێلاو چە تەور جا مەبۆ**
**ژەنێ بە دوو شوو کەی رەوا مەبۆ**

**(ل – ٩٦ی دەستنووس)**

**٢– حەدیسی پێغەمەر (د)** .

وەختێ کە هەواڵی شێت بوونی (قەیس) دەچێ بۆ باوکی ئەویش بە دەمی پارانەوەوە لەخوا ، دەچێ بۆ لای (قەیس)و پێی دەڵێ: ئەی کوڕیخۆم بۆ وات لە خۆت کردووە ، فرزەند ئەگەر باوکی لیێ رازی نەبێ لەو دنیادا جێگەی دۆزەخ دەبێ، تەماشای بکە :

**من بابۆی تۆنان پیرى دەردەدار**
**فەردای قیامەت مەبى گرفتار**
**فرزەندێ بابۆ لێش رازی نەبۆ**
**ئەو جە قیامەت جاش دۆزەخ مەبۆ**

(ل – ٦٣ی دەستنووس)

**٣– جۆری چواندن**

وەختێ کە لەیلێ دەمرێ زۆر لە خزمو دۆسو ئاسیاوان کۆ دەبنەوەو شینو گریانێکی بێ هاوتا بەرپا دەکەن بەجۆری شاعیر دەیچوێنێتە رۆژی موحەررەم لە کەربەلادا ، کە دەڵێ :

**زاریو رەستاخێز تەمامی تەمام**
**بەر ئاما پەی لەیل جە گرد خاصو عام**
**چون رۆژی کەربەلا تەن بە خوێنەوە**
**دیدە بە ئەسرین زاریو شینەوە**

(ل – ١٨٣ی دەستنووس)

**٤– وێنەی دیکەی ئەدەبی**

– شاعیر لە داخی مردنی (لەیلێ)دا (بەرەزا) وا لیێ دەکا کە لە داخ دا خۆی بدا بە تاشەبەردددا ، بۆیە دەڵێ :–

بەرەزا جە داخ وێش دا بە تاش دا
تاشی سەر بڵند مەغار نەقاش دا

– له داخی مردنی لەیلیٚ‌دا (سنەوبەر) ڕەنگ زەردو وشك دەبیٚ بەم بۆنەیەوە دەڵیٚ :

**جە داخی جەمین ساحیب خاڵ‌و خەت**
**(سنەوبەر) جە باخ زەرد بی جە حەسرەت**

– **یاخود شاعیر(وا دەکا لە لاله) خوێناو بخواو (وەنەوشە)ش کراسی ماتەمی بپۆشیٚ و بەم بۆنەیەوە دەڵیٚ :**

**(لاله)جە حەسرەت هووناو مەنۆشا**
**(وەنەوشە) جامەی ماتەمی پۆشا**

– یاخود شاعیر(وا لە شەقایق) دەکا کە وەك شەهید خەڵتانی خوین بیٚ‌و بەم بۆنەیەوە دەڵیٚ :

**(شەقایق) خەڵتان ئالوودەی هوونەن**
**وێنەی شەهیدان جە غەرق خوونەن**

– یاخو شاعیر،(فرمێسکی لەیلیٚ کە دیٚ بەدەم چاویدا ئەوەندە جوانی دەکا کە (خاڵی) وەك وەنەوشە وایەو یارەنگی بەنەوشەیی هەیە بەڵام ئەو فرمێسکە پەشێوی کردووە) ، بەم بۆنەشەوە دەڵیٚ :

**دیدەش وە ئەسرین سورمە بەردەوە**
**خاڵی (وەنەوشەش) پەشێو کەردەوە**

(ل – ١٩٣ی دەستنووس)

یاخود (شاعیرپەشێوی (قەیس) دەچوێنێتە نەرگیزی کەم ئاو)و دەڵیٚ :–

**تۆ نەیجا خەریك نە وەر مەغاران**
**پەشێو چون (نەرگس) ساڵی کەم واران .**

**(ل – ١٠٣ی دەستنووس)**

**وێنەی چواندنی بەراووردیی**

شاعیروا لەپیرۆزن دەکا کە بەژن‌و باڵای لەهی دێوی ناقوڵاٚ ناشیرنێتەر بیٚ ، بۆیە بەم بۆنەوە دەڵیٚ :

**(نە جینسی بەنی ئادەمەو دوور بیٚ**
**قامەتش جە دێوی مەلعوون بەتەر بیٚ)**

**(ل – ١٠١ی دەستنووس)**

٥ – هێنانی تووتی‌و ئاسك‌و شنەبای شەماڵ ، ژێر رکێفی مرۆوە .

- شاعیر ، (وا لە تووتی) دەکا کە خاڵی لە خاڵەکانی لەیلێ بکا بۆ ئەوەی قەیس تووتی لە راوچی بسێنێ بۆیە دەڵێ :

**واتش : ئەی سەیاد پەی رەزای خوا**
**خەلاسکەر جە بەند (تووتی) خاڵ سیا**
**خاڵش بە خاڵی لەیلێ منانۆ**
**دین‌و دنیامەن خوا مەزانۆ**

(ل – ١١٤ی دەستنووس)

– مەجنوون توتی دەهێنێ ژێر رکێفی خۆیەوەو کاغەزی پیادا بۆ (لەیلێ) دەنێرێ ، بەم بۆنەیەوە دەڵێ .

**(مەجنوون) وات تووتی گەردەن سۆسەن‌خاڵ :**
**شۆ وەلای لەیلێ باوەرە ئەحواڵ**

(ل – ١١٨ی دەستنووس)

– مەجنوون لە دوورەوە راوچییەکی دی کە ئاسکی راو کردووە بەم بۆنەیەوە شاعیردەڵێ :

**دیش کە سەییادێ فرە دانایێ**
**گرتەنش بە دەست (ئاهوو) رەعنایێ**

– لە جێگایەکی دیکەشەوە وا ئەم ئاسکە پیشان دەدا کە خاڵەکانی لە خاڵی لەیلێ بکەن ، بۆیە دەڵێ

**رەمێدەی رەوێلێ جە گەل بریایێ**
**بە وێنەی (لەیلێ) خاڵان سیایێ**

(ل – ١٣١ی دەستنووس)

– شاعیر(ئاسك دەهێنێتەوە گفت‌وگۆ)و دەڵی :

**بە ئەمری سوبحان دانای کردکار**
**ئاهووی بێ زمان ئاما بە گوفتار**

– ئەو (ئاهوو)ە هی دیکە لەگەڵ خۆی‌دا دەهێنێ‌و دەبنە هامرازی شەوو ڕۆژو ساردوگەرمی (قەیس) . بەم بۆنەیەو تەماشای ئەم دوو وەرگرتەیە بکە :

**وادەش تەمام بی ئاهووی وەفادار**
**چەنی ویش ئاوەرد ئاهووان هەزار**
**سەف کێشان نە دەور مەجنوونی کەمفام**
**مەنیشتن جە لاش جە سوب تا بەشام**

لە جێگایەکی ترەوە دەڵێ :

شەوورۆ هامراز هام نشین بین
هەرجا خاو مەکەرد بە باڵینش بین

(ل - ١٣٨ی دەستنووس)

**شنەبای شەماڵ :**

شنەبای شەماڵ لای هەموو مرۆوێ خۆشەویستە ، چونکە فێنکەرەوەی تەن‌و دڵە ژیانەوەی هەناسەیە ، بە تەواوی بە پێچەوانەی رەش‌باوەیە کە زیانبەخشە لە هەموو روویەکەوە .

شاعیرانی کلاسیکی کورد شاعیرانی هەموو کون‌و قوژبنێکی تری جیهان ، گۆرانیان بە باڵای شنەبای شەماڵا وتووەو بە نزیکترین‌و ئەمین‌ترین کەسی لای یاریان زانیوە ، لەبەر ئەوەی ناو بەناویش هێناویانە بەر باری‌کاری مرۆڤایەتییەوە ، بە تایبەتی بۆ هێنان‌و بردنی نامەو هەواڵ‌و جۆرە پێخامی دیکە .

کردنی ژیان بە شەماڵ‌و هێنانی زۆر باری کرداری مرۆڤەوە حۆی لە خۆدا داهێنانێکی ئەدەبی‌یە ئەم داهێنانە ئەدەبی‌یە لای شاعیرانی کلاسیکی کورد زۆر ئاسان بووە ، وا چەند وێنەیی وەر دەگرین :

سەیدای هەورامی روو دەکاتە شەماڵ‌و لێی دەپارێتەوە ، کە بەیانی زوو هێشتا یاری لە خەو هەڵنە سانێ بڕواو پەردەی دەم‌و چاوی لاداو ماچێکی دەم‌و چاوی مانگی چواردەشەوەی بکاو ئاگای لێ بێ ئەو زوڵفانەی کە پەرژینی گوڵ باغچەی دەم‌و چاویەتی نەیان درژێنێ (بلاویان نەکاتەوە) نەوەکو مانگی چواردە لەناو هەوردا بتۆرێ .. تەماشای بکە :

**شەماڵ ، مەگێروو ، وەنەت نزانێ**
**ئەر بە نزاو من بیۆت رەزانێ**
**تاقەت چێم بریان نەمەنەن تاو**
**هوون مەشۆ نە جەرگ کزەی کەبابم**

یەك شەو بای شەماڵ ، وەر جە سوب سەحەر
بە دەوان وە لای قیبلەم گوزەر کەر
وەڵێ لووانت ، پەی تەور بە دەو بۆ
شۆ وەلای شیرین ، هیان نەخەو بۆ
پەردەی ناز رووش بدە وەلاوە
بۆسە دەر قورس قەمەر سیاوە
چین‌چین دەستەی زوڵف خەم وەردەی جەمین
پەرچین نە دەوران گوڵباخچەی جەمین
مازە پەشیۆیان بەرووش وە هەمدا
نەك پێوار بۆ مانگ نە تەمدا

(دیوانی سەیدی هەورامی ، ل – ١٣٩ ، کاردۆخی)

مەولەویش چەند جاریَ شەماڵ بەکَیر دێنیَ کاری دەدا بە سەردا لێرەدا مەولەوی هانا دەباتە لای شەماڵ بۆ ئەوەی شەویَ ساپێش نیمە شەو بیَ یاخود پاش نیوەشەو بچیَ بۆلای یاری کە لە خەودایەو خۆی لە دەم‌وچاوی بداو تا بەخەبەر بێنەوەو بێژیَ: ئەگەر دەتەویَ پێت بڵێم چی پی بێژی دیژم ئەوەی پیَ بڵیَ : بەقوربانت بم رێککەوت رێم کەوتە لای دڵدارێکی وا دڵێکی بە مراد نەگەیشتووی هەبوو درکی خەم‌و مەینەتی پێوە بوو ئەگەر پرسی درکەکەی چۆن بوو بڵی : درکەکەی وەهابوو کە لە باسکردن نەدەهات ... هتد

ئەم قەسیدەیە رازێکی درێژە بۆ خۆی‌و بەلای سۆفیگەریەتی‌دا لا دەکاتەوە ، ئێمەش بە وەرگرتنەیەکی رازی دەبین .

بدیە وە مدرای سەیل–ی ئەسر چەم
فیدای باڵات بام هەی شەماڵ تۆ هەم
ئەر نیمەشەوبۆ ، وەر نیمەشەو بۆ
نیمە خەو ، پڕخەو ، نە نیمە خەو بۆ
وێت دەر وە نەرمی نە تۆی یەمانی
نەو توررەی مانی ئاوی حەیوانی

(دیوانی مەولەوی ، ل – ٣١١)

بێسارانی ، سەرزەنشتی شەماڵ دەکا کە هێشتا تەشریفی بۆ لای یارەکەی نەبردووە ، کە ئەم لەوەو پێش‌تر لێی پاڕاوەتەوە کە ئەو کارە بکا ، بەم جۆرە بێسارانی روو دەکاتە شەماڵ‌و پێی دەڵێ :

شەماڵ هێشتا تەشریفت نەچووە ! بۆچی نە ڕۆیشتووی و ئەرزوحاڵی من بۆ لای یارەکەم بەری ! مەگەر شەربەتی دەستی بێ شەرتانت خواردووە، بۆم دەرکەوت کە تۆ هەرزەو بێشوێنی و وەکو بێسارانی خەیاڵی خاوت لەسەردایە،... بەم جۆرە سەرزەنیشتی دەکاو پاشان سەر زەنیشتی خۆیشی دەکا کە ئیتر جارێکی دیکە نابێ خۆی بدا بە دەستخەرە‌کردن بەو. ئەمەش وەرگرتنەیەکە لەوە.

«تەشریف نەوەردی،...
بای شەماڵ چێش بی تەشریف نەوەردی
عەرزوحاڵی من پەی یار نەکەردی
مەر شەربەتێ دەست بێ شەرتان وەردی!
یەتێن هەرزگەرد بێ مەقامەنی
چون «سارانیان» خیاڵ خامەنی
سەرسامی سادار سارا گێلەنی
چۆڵ گەردێ کەمفام تەمام وێڵەنی»

(دیوانی بێسارانی، ل-٦١)

پیرەمێردیش ئەم بەندی شەماڵ-ەی داناوەو ئەمەش وەرگرتنەیەتی:

شەوێك لەیلام کەوتە خەیاڵ کەوتە یادم ئەو زوڵفو خاڵ
هاوارم بردە بەر شەماڵ: شەماڵ بۆم بکە ئەم فرمانە
شەماڵ ئەمشەو بێ قەرارم مویتەلای چاوی بەخومارم
وەرە بجۆرە لای یارم هاوار حاڵم پەرێشانە
..............
شەماڵ وتی: بە چاوانم دریغ ناکەم تا دەتوانم
بۆت دەچم بە دڵو گیانم ئەم خزمەتەم لا ئاسانە
(دیوانی پیرەمێرد، ل - ٣٤٩)

(ئەم لەیلێو مەجنوون)ەی بەردەستمان، هەمان دەستوور، شنەبای شەماڵ بۆ بردنی نامە لە لایەن مەجنوون-ەوە بۆ لەیلێ بەکاری هێناوە، ئەمەش وەرگرتنەیەکە لەوە:

**مەجنوون جە هیجران نامە تەمام کەرد**
**کێشا نە دەروون هەناسای سەرد**
**نامەش نویسا بە هووناوی دڵ**
**دیش کە بای شەماڵ جە پڕ بی نازڵ**
**کیاناش پەریٚ ئەو پەری - شێوە**
**لەیلیٚ دیش کە مۆر مەجنوون ها پێوە**

(ل-١٠٧ی دەستنووس)

### ٦ - لایەنی برەودار(أیجابی) و بیٚ-برەو(سلبی)ی رازەکە

أ - لایەنی بیٚ برەویی

خوا دنیای دروست کردووە لەبەر خاتری ئەوەی کە دەیەویٚ بەشەر دروست بکاو تیابا بژی، نەك مرۆڤی دروست کردووە لەبەر خاتری دنیا. هەر وەها خوا باشیو خراپی لەبەرچاوی مرۆ دیاری کردووە بەشێوەیەکی روون تر عەقڵی بە مرۆ بەخشیوە بۆ ئەوەی وەك مرۆ بزانیٚ هەڵسو کەوت بکا. شایەنی باسە هەڵسو کەوتی مرۆڤیش باوو برەوی مرۆڤایەتی‌یە: کە ئەویش بریتی‌یە لە کردەوەی سوودبەخش بۆ خۆیو خێزانیو نەتەوەیو سەرپاکی کۆمە ڵگایانی جیهانیو لە کردەوەی زیانبەخش، کە هەر جۆرە زیانەخرۆیی لە لایەن مرۆڤەوە روو دەدا.

ئەگەر مرۆڤ لە هەڵسو کەوتی مرۆڤانە کەوت، چۆن دنیا، ئاوەدانی، ویٚستەمەنی کۆمەڵگا، زانستی بەرەوپێشەوە دەروا، ئەگەر مرۆڤ لە کاری دژواری کەوت چۆن دژاوەری ناو کۆمەڵو ناو میللەتان پەیدا دەبیٚو کەی هەوڵو تەقالای ئەوە دەرد ێ کە لە ناخۆشییەوە بەرەو خۆشی بڕوا، لە دواکەوتنەوە بەرەو پێشکەوتن بڕوا!!

کۆمەڵگای ناو چیرۆکەکە بە دەگمەن لایەنی برەو، یاخود برەوداری تێدایە، واتە، بۆمان هەیە بڵێین کە نووسەر خۆی لەوانەیە بڕوای بەوە نەبیٚ کە مرۆی عەقڵدار دەبیٚ بتوانیٚ دژی شتی خراپ بووەستیٚو کۆڵ نەداو تا وەکو ئەو شتە لە باری خراپییەوە بەرەو باشی بەریٚ، بۆیە چیرۆکەکەی بەو ڕێرەوەدا بردووە.

**لەم چیرۆکەدا، خوا هێزی نەداوە بە کەس، هەروەك هێزی مرۆڤایەتی لەو خەڵکە، بە تایبەتی پاڵەوانانی چیرۆك. سەندێنەوە وایە، هەمووشتیٚ لەم چیرۆکەدا بە دەست خۆیەتی:**

**قەیس لەدایك دەبیٚ، بە سیٚ ساڵە بەرەو لێوەیی و عەشقبازی دەڕوا دەداتە کەژ، ناتوانیٚ هیچ جۆرەقسەیی بەرامبەر بە فێڵەکانی باوکی لەیلیٚ، یا ناتوانیٚ بڕواتە لای دایکی(لەیلیٚ)و بیکا**

به پاڵپشت‌و یاریده‌دەرو کۆمەکی خۆی لەگەڵ ئاسك‌و باڵندەدا بە برسی‌و رووتی‌و قووتی دەمێنێتەوە، زوو بەزوو بێ دەردی‌گران دەمرێ:

باوکی (قەیس) وەك شاێ یاخود گەورەتر لە شاێ لەقەڵەم دەدرێ، بەڵام بێ بەرو پشتە، بە ناو سەرەك‌خێڵەو بەس، خێڵەکەی هەموو نەخشەیەکی بۆ دادەنێن‌و نەخشەکانیشیان زۆر ورد نین‌و سوودیشیان نییە.

باوکی ئیبن سەلام دوای مردنی کوڕەکەی لە پەردەدا، هیچ دەنگ‌و باسێکی نییە!

شایی‌و زەماوەندو خەتەنە سوورانەکە، لە کەرەسەدا شاهانەیە، بەڵام لەجم‌و هەڵس‌و کەوتی ناو شاییەکەدا وەك کۆبوونەوەو خواردن‌و خواردنەوەیەکی حەیوانانەیێ وایە، چونکە نەگفت‌و گۆی تێدایە، نەباسی دڵداریی رووالەتی دیکەی کۆمەلایەتی تیادا بەدی دەکرێ نە بەوێنە نە بەدەنگ.

ئەمانەی خوارەوە هەندێ وەرگرتەن بۆ هەندێ لەو لایەنە بێ برەوانە:–

باوکی مەجنوون پیرو لەکەل‌کەوتوو دەبێ‌و بیر دەکاتەوە کە کەسی نییە بەتایبەتی (کوڕێ) کەلەپاش مردنی جێگای بگرێتەوە، بۆیە بەیانیەکیان زوو روو دەکاتە قاپی خواوو لێی دەپارێتەوە، بۆ ئەوەی خوا رەحمی پێ‌بکاو قەترەیێ لە رەحمەتی خوێی بداتێ.

خواش دۆعاکەی گیرا دەکاو قەترەیێ لەرەحمەتی دەبەخشێ بە پیرو وادەی نۆمانگ‌و نۆ رۆژ بەسەر ئەوقەترەدا تێپەڕ دەبێ‌و دایکی(قەیس) قەیسی دەبێ بەم بۆنەیەوە تەماشای ئەم وەرگرتەیە بکە:

جە کانی رەحمەت قەترەی رەحمانی
وزی نە دەروون پیری نەفسانی
تا کە شوکرانەت زیاد بکەروون
بە یەقینی ساف نامت بەرروون
قەترە جە رەحمەت ئاماش نە دەروون
ئەو قەترە وستش نە داوی مەجنوون
وادەی ئەو قەترە نۆ ماە پەروەردش
بە وادەی نۆ ماە طیفلێ ئاوەردش
طیفلش جە طیفلێ نووری قودرەت بێ
جە لای خوداوەند ساحیب عیززەت بێ

(ل–١٠ی دەستنووس)

باوكی قەیس خۆی تەماشای قەیس دەكا دەزانێ لەوە دەكا كە هەموو ژیانی پڕبێ لەدەردیسەری‌و بەختەویشا هەر ئەوەی دیوە، لەگەڵ ئەوەش‌دا فاڵچی‌یان هێناو دەمی كتێبیان بۆ دڕیەوەو وا دەری خست كە كە (قەیس) عاشیق دەبێ‌و بە بۆنەی عەشقیەوە ئاگای لە هیچی‌تری دنیایی نابێ. ئەمەش ئەو وێنەیە.

سێ جار فاڵشان وست ئەنە رووی كیتاب
هەر سێ‌جار هەر (قەیس) ئامانە كیتاب
عالمان زانا كیتاب نە چێشەن
واتن: نیشانەی سیرری عەشق پێشەن
ئاخر خوداوەند پەرێش نویسا
نامشان نیا (قەیس-ی دڵ‌سیا)
واتشا: فرزەندت عاشیق بۆ بە (لەیل)
بە هیجرانی لەیل دەروونش بۆ كەیل

(ل-١٨ای دەستنووس)

پاش چوونی (قەیس) بۆ كەژی نەجدو مانەوەی لەوێ‌و چیرەهەڵگێڕانی، خزم‌و كەس‌و كارو هۆزی باوكی (قەیس) هاتن بۆ ئەوەی تەگبیرێ بكەن بۆی تاكو مەجنوون(قەیس) لەو دەردیسەری‌و چۆڵەوانیە رزگار بكەن و بیهێنەوە ماڵەوە، بۆ ئەمەش وایان دانا كە بیبەن بۆ (كابە)ی شەریف‌و بپارێنەوە لەخوا. ئەمەش وەرگرتەیەكە لەوە.

قەوم‌و قەبایل عارەبانی طەی
جە خەم بێ هۆش‌بین چون مەستان جە مەی
گردین لیباسی ماتەمی پۆشان
پەی جەستەی مەجنوون چون مەجمەر جۆشان

ئەوجا دەڵێ:-

قەوم‌و قەبایل شین وەلای بابۆ
جە دەوری بابۆ جەم بەستەن كۆكۆ
واتشان: ئەی پیر دەردی ئەندۆ بار
وەسەن هووناوان ئەسرین بێ شومار

سلاحەان ئیدەکەی پیری شەیدا
کە مەجنوون بەرمێ بە خانەی خودا

قەیس، دەبەن بۆ کابەو لەوێ مەجنوون پرسێ لە کابە دەکا کە بۆچیۆ لە بەرچی رەشپۆشەو، ئەویش، پێی دەڵێ لەبەر زاڵمیو گومڕاییو ناڕاست رۆیشتنی خەڵکە ئەمەش وەرگرتنەیەکە لەوە:-

من جە جەفای خەڵك زاڵمی گومڕا
پۆشانم بەرگی سەرتاپا سیاه
بەعزێو بە ئیخلاس ماوەران پەنا
بەعزێ بە درۆ مەیا حەج کەرا
بەعزێ بە صدقو ئیخلاسو یەقین
سوجدە مەبەران بەسەر چەمەی دین

(ل-١٤٧ی دەستنووس)

رۆژی (لەیلێو مەجنوون) بە تەنیا پێکەوە دەبنو لە وکاتەدا دەبن کە بەرامبەری یەکتری رابووەستێنو یەکتری ماچ بکەنو بۆ خۆیان وەك هەر دوو لاوی دڵدار رابوێرن، لەو کاتەدا (جوبرایل) دیۆ باڵی دەکێشێ بە نێوانیاناو نایەڵێ هیچ شتێکی ناشەرعی بکەن، ئەمەش ئەو وەگرتەیە:

هورێزا مەجنوون ئاوەردش نە دڵ
بچنو مێوە جە باغچەی نەوگوڵ
چونکە خوداوەند پا کار نەبێش مەیل
خێرا زەردش کەرد گوڵباخچەکەی لەیل
بە ئەمری قودرەت رەببەلعالەمین
نازڵ بی جوبریل فریشتەی ئەمین
باڵکێشا بە فەرق مەجنوونی خەمبار
رووکەرد نە دەروون ئازاری مردار
هەوەس جەقاڵب مەجنوون بی جیا
وات: ئەی خوداوەند (ئەستەغفیروڵڵا)

(ل-١٥٦ی دەستنووس)

مەجنوون پاش، یاخود دوابەدوای خۆشتنی لەیلێ لە کانی یەکدا، دەڕوا، یاخود رێی دەکەوێتە ئەوێ، ئەو جامەیە دەدۆزێتەوە کە (لەیلێ) لەکانی خۆشتنیدا بەکاری دەهێنێ لەوێ،

پاش نەختێ لاواندنەوەی (لەیلێ)و جامی (لەیلێ)؛ جام دەخاتە زۆر سەری و دەنوێ بۆ حەوت‌مانگ، کە وەختێ (لەیلێ) بەوێ‌دا دێتەوە تەماشا دەکا ئەوەندە گیا بە دەوراندەوری (مەجنوون)دا سەوز بووە خەریکە بیشارێتەوە. ئەمەش ئەو وەرگرتەیە:

**دمای حەوت مانگێ خێڵخانەی لەیلێ**
**بە یاگەی قەدیم کەردشان مەیلێ**
یاوان بە ئاوی زەمزەمی دەستوور
خەیمەی گوڵناری هۆرداشان جە دوور
رویێ هۆرێزا لەیلێ جە یاوان
گۆش دا بە شاخەی ناڵەی شەتاوان
قەتارەی گوڵان نە رووی سەرزەمین
پۆشایێ وە بەرگ رەبیەلعالەمین
ئاما بە چەمە لەیلی خەرامان
پەی مەجنوون مەکەرد زاری بێ سامان
**لەیلێ نیگا کەرد بە چەمەی شیرین**
**دیش مەجنوون جامش کەردەن وە سەرین**
**مەستو خەرامان خاوش بەردەبێ**
**گیواو جە سەرین سەر ویەردەبێ**

(ل-١٦٩ ی دەستنووس)

دوای ئەوەی کە لەیلێ (مەجنوون) لەخەو هەڵدەستێنێتەوە، دەست دەکەنە ملی یەکتری و ماچ و مۆچ دەکەن و ئەوجا هەر لەبەر تانەو تەشەری خەڵك هەر یەکە بۆ جێگاو شوێنی خۆی دەگەڕێتەوە. ئەمەش ئەو وەرگرتەیە:

هەردوو وەفادار رازان مەکەردەن
هەردوو پەیاپەی شەربەت مەوەردەن
پەی شەمامەی لەیل مەجنوون دەس مەبەرد
خاڵی گۆنای یار سەدجاد ماچ مەکەرد
هەردوو جەو دما تەرسا جە تانە
مەجنوون شی بەکۆ لەیلێ بەبانە



(ل-١٧١ی دەستنووس)

بۆ خەتەنە سوورانی (قەیس) باوکی (قەیس) وەکو شای شاهان خەڵکێکی زۆر لە خزمو کەس‌وکارو هۆزو پاشایان و میرو سەردارانی دراوسێیان بانگ دەکاو مەسرەفێکی زۆر دەکاو هەموو جۆرە پێویستێکی شایی‌و ئاهەنگ وەك خواردن‌و مەی‌و جۆراو جۆری‌و گۆرانی بێژو مۆسیقاژەن‌و دانسکەرو شتی‌تری لەو بارەیەوە ئامادە دەکا، دەبینین کە خەڵکەکە تەنیا هاتنی بۆ نان‌خواردن‌و بۆ مەی‌خواردنەوەو بۆ دەست‌شۆرین‌و بەزیاد بوون هاتوون. بە شێوەیەکی روون‌تر ئەوەی کە ئەم دیمەنانە دەخوێنێتەوە، ناتوانی وەك ئەوەی کە (لەیلێ)ی تیایا مردووەو خەڵك شێوەنی بۆ دەکا بیباتە دڵی خۆیەوەو هەست‌و سۆزی لەگەڵی‌دا جۆش بخوا!

ئەمەش وەرگرتەیەکە لەو دیمەنی خەتەنە سوورانە:-

**کیانا ئامان موطربیان هەزار**
**تەمام خۆش ئاواز ولاَتی بولغار**
**سەد هەزار رەققاس مەهرووی مەهجەمال**
**بە ئاهەنگ‌و ساز مەنیشتن وە هاڵ**
**ئەوەڵ مەنۆشان شەرابی ئەڵوان**
**پیاڵە نەچەم خەڵقان دا جەولان**

ئەوجا دەڵێ:

**دمای نۆشا نۆش بادەی پاك‌و ساف**
**نەغمەی موطرِبیان ساقی سیم‌و ساف**
**فاریغ بین مەجلیس، سەرخۆش بین جە مەی**
**دەماغی یاران چون کاوسی کەی**
**ئافتابەو لەگەن جە تەلای بێ غەش**
**پڕ ئابی زەلاَڵ چون شیری بۆنخۆش**

(ل-١٤ی دەستنووس)

لەم جۆرە لایەنە بێ‌برەوانە، تا بگەڕێین دەست دەکەون‌و لاشم وایە ئەمە بەس بێ، بۆ ئەوەی بڕۆین بە لای لایەنی (بەبرەو) یاخود (برەودار)ەوە.

پێشەکی ئەتوانین بڵێین. چیرۆکەکە (جگە لەوەی کە بە هۆی هۆنینەوە لە چوارچێوەی هۆنراوەدا، کە خۆی لە خۆیدا دوو ئاوازی تێکەڵکردنەو هارمۆنییەکیان دروست کردووەو لە هەموو دەمو وەرزێکدا سەر لەبەرە) زیندووەو، لەمەو پێش تریش باسی زیندوویەتیان کرد. هەروەها سەرو بنی هەیەو سەرەتاکەی خۆشەو کۆتاییەکەشی ناخۆشەو گەوهەر، یاخود هەوێنی پیلانەکەشی رووداوێکی جیهانی بڕاوەتە بالآی.

هەندێ جمو جۆوڵی مرۆڤانەی تێدایە کە چیرۆکەکەی سەر لەبەر کردووە، یاخود وەك خشڵێ رازاندوویەتەوە، بۆ وێنە:

**باوکی (لەیلێ) بیانوو بە (قەیس) دەگرێو (لەیلێ)ی ناداتێو (لەیلێ)ش خۆی گورج بەمە دەزانێ چونکە باوکی باش دەناسێ دایکی لەیلێ ئەگەرچی دەزانێ (لەیلێ) حەز لە مەجنوون دەکا، بەلآم دژی ئەو حەزە راوەستاوەو ئەنانەت لەسەر مەرگی(لەیلێ)ش دا، هەر لەبەر لۆمەی خەڵك هەر دژی خواستی لەیلێ وەستاوە.**

**لەیلێ لەکاتی چوونە ناو پەردەوە، باسی مەجنوون دەکاو بەرامبەر (ئیبن سەلام) رادەوەستێو خۆی نادا بە دەستیەوە.**

**مامۆستای لەیلێ، شکات لە (لەیلێ) دەکا، کە بۆ دەرس خوێندن نەهاتووە بەڵکو بۆ دڵداری کردن لەگەڵ (مەجنوون)دا هاتووە.**

**مەجنوون توورە دەبێ لە مامۆستاکەی بە بۆنەی ئەوەوە کە لە قوتابخانەدا (لەیلێ)و (مەجنوون) دەرس ناخوێنێو هەر خەریکی دڵداری کردنێو مامۆستاکەشیان لەم بارەیەوە سەرزەنیشتیان دەکا.**

**دیمەنی مردنی (لەیلێ)ژمارەی خەڵكو جۆری خۆکوشتنو خرۆشانی عالەمو خۆ کوشتنیان براوەتە ریزی (موحەڕڕەمی کەربەلا)وەو چەندانە دیمەنی دیکە.**

لەم وەرگرتەیەی خوارەوەدا، ئەوەمان بۆ دەردەخا، کە باوکی (لەیلێ) هەر بە بۆنەی ئەوەوە کە تلەکەی (لەیلێ)ی چووەتە لای (مەجنوون)و ئەویش بە بۆنەی (لەیلێ)وە لاواندوویەتی (لەیلێ) ناداتێ، چونکە لە مەجلیسەکەدا بە شێتی لەقەڵەم دەدا.

**مەجنوون توولەش دی هۆرێزا وە پا**
**گرتش نە ئاغوش نەجای وێش نیا**

ئەوجا دێتە سەر ئەوەی کە دەڵێ:

**بابۆی لەیل واتش: نەواتم پێتان**
**شوکر پەی خوای مەعلووم بی لێتان**

تا، لێرەدا، (لەیلێ) ئاگای لەمە دەبێ‌و پێش ئەوەی باوکی ئەوەی سەرەوە بڵێ خورپیوەتە دڵی کە ئەمە دەڵێ، چونکە باوکی باش دەناسێ.

لەیلێ جە خەیمە نیم نیگاهش کەرد
دەردش مەزانا کێشا ئاهی سەرد

لە پاشا دەڵێ:

**ستارەی بەختم بێدار بی جە خاو**
**دیسان جە نۆوە وستی نە گێجاو**

دایکی (لەیلێ) دێ بۆ ئەوەی ئامۆژگاری (لەیلێ) بکا کە واز لەوە بهێنێ لەگەڵ (مەجنوون)دا هەروەك مامۆستاکەی وتوویەتی دڵداری بکا، چونکە ئەو جۆرە کارانە دەبنە بەدناوی خێزان‌و هۆزەکە، (لەیلێ)ش سەرزنیشتی دایکی دەکاو جنێو بە مامۆستاکەی دەدا، ئەمەش وەرگرتەیەکە، ئەوە روون دەکاتەوە.

**واتش: ئەی دایە شەرمت نییەن**
**تۆ رۆزگارت فراوان دییەن**
**جە هۆشت شییەن چی وەڵتەر ساڵان**
**ئیسە مەکەری مەنای نەوهاڵان**
**کافری بێ‌رەحم دەروون پڕ جە خار**
**رەقیبی بەدگۆ بێ خەبەر جەکار**
**چش بێ گونای من، ئاندە فەحشت وات**
**تەقسیرم واچە، کامین بی جە لات!**
**تۆ مەواچی عەشق، واچە عەشق چێشەن؟**
**من جە نامێ عەشق خاترم رێشەن.**

(ل – ٤٨ی دەستنووس)

لە قوتابخانەدا مامۆستاکەیان سەر زەنیشتی (لەیلێ)و (مەجنوون)ی دەکرد بۆ ئەو هەڵس‌وکەوتە دڵداری‌یانەیان، قەیس–یش پێی دەڵێ، ئەگەر وازیان لێ بهێنێ ئەوا چی دەوی ئەیداتێ، ماڵ‌و موڵك، سەرووەت، پارە.... هتد ئەگەر وازیشیان لێ ناهێنێ دەیکوژن. ئەمەش ئەو وەرگرتەیە کە ئەو دیمەنەمان پیشان دەدا:

**قەیس وات: ئەی ئوستاد ساحیب عەقڵ‌و هۆش**
**ئاویٚ بە گوفتار بەندەت بدەر هۆش**
**هەرچی مەواچی جە ماڵی دونیا**
**ئەتڵەسی خارا زەربافتی دیبا**

دانەی جەواهیٚر ، یاقووت‌و مەرجان
مرواری‌و زومرووت لەعلی بە دەخشان
ماوەرمیٚ پەریٚت مەدەمان ئازار
وەرنە بە خودای سپرر پۆشی سەتتار
گیان جە دەسان وەر نمەبەری
عەهدمان عەهدەن نییەن سەرسەری

(ل – ٤٤ ی دەستنووس)

**مامۆستاکەیان گویٚ بەو بەرتیلەو بەو هەرەشانە ناداو دەچیٚ** بۆ لای دایکی (لەیلیٚ) و شکات لە (لەیلیٚ) دەکا کە دەرس ناخوێنیٚ‌و هەر خەریکی دڵداری‌یە لەگەڵ (قەیس) دا ، ئەمەش وەرگرتەیەکە کە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە :-

مامۆستای بیٚ هۆش دەردی حاڵ نەزان
شی وات : بە دادیٚ لەیلیٚ بووم خەزان
هەم وات بە بابۆی شیٚخی عامری
ئەراگیٚل بییەن پەریزای پەری
دەرس نمەوانۆ جە حەرفی کەلام
من مەواچوو (بیٚ) ، ئەو مەواچۆ (لام)
من مەواچوو (ئەلف) ئەو مەواچۆ (بیٚ)
دیارەن نەشئەی عەشقش هانە ریٚ
من ماچو (ئەللاٚ) ئاد ماچۆ (مەجنوون)
گرفتارەنە مەزا چیٚش کەروون

(ل – ٤٥ ی دەستنووس)

**پیرەژنیٚ سەر لە گویٚی قەبرا لەرزیو دەچیٚ بۆ نەجد بۆ لای** (مەجنوون)وهەواڵی شووکردنی (لەیلیٚ)ی بۆ دەباو وای تیٚ دەگەیەنیٚ کە (لەیلیٚ) لەگەڵ میٚردیا شەوو رۆژ خەریکی رابواردنە ئەم وەرگرتەیە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە .

**پیرەژەن واتش : لەیلیٚ نەمەردەن**

جه مەردەن بەدتەر بێ شەرتی کەردەن
بێ شەرتان شەیتان دەستگیر - شانەن
کەی عەهدو پەیمان جه ویرشانەن !
لەیلێ که مایەی دنیاو دینت بێ
قیلەگای مەسجید هەم یەقینت بێ
یەینش‌دا بە باد بێزار بی جه تۆ
چۆن بێ بەیتان دەستش شت جه تۆ
دیا بە رەونەق خەزانان‌دا
لەب نیبا وه لەب نەزانان‌دا
جه دەستی خاسان مەبۆ کەردەن داد
رەنجی رەنجەران مدەران بە باد
ئیبن‌سەلام ئاما ، چەنی قەومو خوێش
عەقدی لەیلێ کەرد ، بەردش چەنی وێش
لەیلێ چون پرشنگ تاوی جۆششەن
چەنی بێ‌شەرتان عەیش‌و نۆششەن

(ل - ۱۰۲ ی دەستنووس)

وەختێ که (لەیلێ) دەکەنە پەردە بۆ زاوا ، (لەیلێ) روو دەکاتە زاواو پێی دەڵێ که دەستی بەرداو چونکه دەستی بۆ کەسێکە ناوی (مەجنوون)ە . ئەمەش ئەو وەرگرتەیە .

زەما بە دەماخ وەشیش کەوتەن دڵ
تا شەوە لەیلێ یاوێنە مەنزڵ
بە دڵ وەشیۆ لووانە پەردە
لەیلێ وات : دەستت جه دەستم وەردە
دەستم پەی کەسێن مەجنوونەن نامش
مورغی دڵ بەندەن بە دانەی دامش

(ل - ۹۹ ی دەستنووس)

## کورتەیەکی رازی لەیلێو مەجنوون

نووسەری (لەیلێ)و (مەجنون) ، چیرۆکی (لەیلێ)و (مەجنوونی) ، کردووە بە چەند باسێکەوەو بۆ هەر باسێك سەرناوێکی بۆدا ناوەو باسەکانیش ئەمانەن : پاڕانەوە (موناجات) ، لە خەوی نووسەردا (پیرێك) ، تۆماری لەیلێو مەجنوون ، دەست پێ کردنی چیرۆك ، ژنەکەی ، لە دایکبوونی مەجنوون (قەیس) ، ناردن بە دوای پاشایاندا بە بۆنەی حەوتەی لە دایکبوونی قەیس – ەوە ، قسەی ئەستێرە ناسان ، سەرەتای سەوداو نەخۆشی مەجنوون ، هاتنی لەیلێ بۆ لای مەجنوونو بینینی ی ، بێ ئارام بوونی لەیلێ لە دووری مەجنووندا ، خەتەنە سوورانی مەجنوون ، هاتنی لەیلێ بۆ قوتابخانە لە وەختێکی پیرۆزدا ، چۆنیەتی چوونی لەیلێ بۆ مەکتەب ، بردنی مەجنوون بۆ قوتابخانە ، لەیلێو مەجنوون لە قوتابخانەدا ، مامۆستاکەیان ، توورەبوونی دایکی لەیلێ ، دەرهێنانی لەیلێ لە قوتابخانە ، چوونی مەجنوون بۆ قوتابخانە بۆ بینینی لەیلێ ، مەجنوون بە ناوی ‌پیەکانەوە قسە دەکا ، مەجنوون واز لە خوێندن دەهێنێ ، چوونی مەجنوون بۆ بارەگای لەیلێ ، هەواڵی شێتبوونی مەجنوون بە پیری پیرۆز دەگا ، مەجنوون باوکی ناناسێتەوە ، بردنی مەجنوون بۆ خزمەتی شێخ ، رۆیشتنی پیری پیرۆز بۆ خوازبێنی لەیلێ ، پیری پیرۆز ناردی بە دوای مەجنووندا ، تلی لەیلێ مەجنوون دەیگرێ بە باوشیەوە ، هاتنی ئیبن‌سەلام بۆ خوازبێن لەیلێو زەماوەندکردنی ، کۆکردنەوەی شتی زەماوەند ، توورە بوونی لەیلێ لە ئارایشت کەران ، دایکی لەیلێ ئامۆژگاری لەیلێ دەکا ، گواستنەوەی لەیلێ ، پیرەژن دەچێ بۆ لای مەجنوون هەواڵی شوو کردنی لەیلێی بۆ دەبا ، نامە نووسینی مەجنوون بۆ لەیلێ ، وەرامی نامەی مەجنوون لە لایەن لەیلێوە ،گەیشتنی نامەی لەیلێ بە مەجنوون ، راوچی تووتی دەگرێو مەجنوون لێی دەکڕێ ، مەجنوون تووتی دەنێرێ بۆ لای لەیلێ ، لەیلێ لە دوجەیل خوێن ئەگرێ ، مەجنوون لە نەجددا خوێنی بەر دەبێ ، مەجنوون تووتی بەردەدا ، مەجنوون سەروو لە باخەوان دەکڕێ ، مەجنوون ئاسك لە راوچی دەسێنێ ، مەجنوون ئاسکەکە بەر دەدات ، پیری پیرۆز دەچێ بە دوای مەجنووندا و دەیبا بۆ کابە ، لەیلێو مەجنوون لە نەجددا بەکتری دەبنین ، مەجنوون دەست بۆ لەیلێ نابا ، لەیلێ دەچێ بۆ سەرچاوەو خۆی دەشوا ، مەجنوون چاوی بە جامی لەیلێ دەکەوێ ، دوا چاوپێکەوتنی لەیلێ بە مەجنوون ، مردنی لەیلێ ، شیوەنی هۆزی لەیلێ ، شیوەنی دایکی لەیلێ ، مەجنوون هەواڵی مردنی لەیلێ بۆ دەبرێ ، هاتنی مەجنوون بۆ سەر گۆڕی لەیلێ ، مردنی مەجنوون لە حەسرەتی لەیلێدا ، نووسەر ئەم باسانەی خستووەتە چوارچێوەی ئاوازی هەزارو پێنج‌سەدو شەستوشەش هۆنراوەوە .

لە ڕاستیدا ئەم سەرباسانە ، ئەگەر نەختێ تریان لەگەڵدا بوایە ، ئەو وەختە بێ‌گومان

کورته ، یاخود خەستەی رازەکەمان بە دەستەوە دابوو ، لەگەڵ ئەوەش‌دا ، بە تەمای ئەوەین کە لە چەند لاپەڕەیەکـسەدا خەستەکەی بخەینە بەرچاو .

## لە خەوی نووسەردا

شەوێ ، نووسەر زۆر ماندوو زویر دەبێ ، لە شەکەتی‌دا ، خەوی لێ دەکەوێ ، لە خەوی‌دا پیرێ دێ بۆ لای‌و پێی دەڵێ ، کە بێ خەبەوە لە دەورانی زەمانە ، بۆیە وا ماتە ، ئەگەر وا نەبوایێ وا نەدەبوو ! ناوی گەورەپیاوان‌و فەرمانڕەوایانی دێرین دێنێتەوە یادو لێی دەپرسێ کە ئەوانە چییان بەسەر هاتووە ! دوابە دوای ئەو ناوە مەزنانە باسی عەشقی مەجنوون‌و زاتی فەرهادیش دێنێتە ناو ناوانەوە کە گوایا ئەوانیش چییان بەسەر هات‌و ئەوجا بەراووردێ لە نێوان فەرهادو مەجنوون‌دا دەکاو دەڵێ هەرگیز فەرهاد ئازاری مەجنوونی نەکێشاوە .

## تۆماری لەیلێ‌و مەجنوون

پیری نوورانی لەخەودا روو دەکاتە نووسەرو پێی دەڵێ : ئەگەر دەتەوێ دڵت تاریکی‌و زویری تێدا نەمینێ ، فەرموو تۆماری لەیلێ‌و مەجنوون بخوێنەرەوە ، بۆ ئەوەی بزانی چە دەردیسەری‌یەکیان لە پێناوی مەزنی عەشقیان‌دا خواردووەو قسەکە تەواو ناکات ، تۆمارەکە لە باخە لیا دەر دێنێ‌و دەڵێ ئەوا تۆمارەکە ئەو جا نووسەر لە خەویدا تۆماری لەیلێ‌و مەجنوون دەخوێنێتەوەو دەیداتەوە دەست پیرەو دەستبەجێ لەوێ پیرە نوقم دەبێ !

نووسەر ، بەیانی کەهەڵدەسێ ، تەماشا دەکا سەرپاکی چیرۆکەکەی لەبەرە .

## دەست پێ کردنی چیرۆك :

تاوێ با گوێ بگرین چیرۆکی عیشقبازی . ناودارێکی زۆر دەوڵەمەندو دەست رۆیشتوو بووەو خاوەنی دڵسۆزی (کابە = کعبە) بووەو هەتا بلێی‌و نیاز بکەی لە هەموو روویەکە بە دەسەڵات بووە .

## ژنەکەی

ژنێکی زۆر جوان‌و پێ کەوتوو ئاوو دەم پاراوو گفت‌و گۆ خۆشی هەبووە هەردووکیان چووبوونە ساڵەوە ، بە تایبەتی مێردەکەی تەواو پەکی کەوتبوو ، بەیانێ زوو روو دەکاتە قاپی خواو بۆ ئەوەی خوا منداڵێکی (کوڕێك)ی بداتێ .

## لە دایکبووی قەیس

خوا دۆ عاکەی پیری پیرۆز گیرا کردو خوا کوڕێکی داێ .

## ناردن بە دوای پاشایاندا بە بۆنەی حەوتەی لە دایکبووی قەیس-ەوە

باوکی قەیس ، هەرچی دەست رۆیشتووی شاهانەی هەیە خۆی ئا لەویٚ سەرف دەکاو دەنێریٚ بە داوی فەرمانڕەوایانو میرانو سەردارانو پاشایانی دەوروپشتی خۆیانداو بەشی ئەو جەنجاڵەو زیاتریش لە هەموو رووبەکەوە هەرچی کە پێویستی زەماوەندی ناونانی کورەشایێ بیٚ ئامادە دەکریٚو دەست دەکەن بە مەی خواردنەوەو نانخواردنو گویگرتن بۆ گۆرانیو ئاوازو هتد .

## قسەی ئەستێرە ناسان

هەرچی کاهینو فاڵچیو ئەستێرەناسو دەروون خوێنەرەوە هەبوون هەموویان بانگك دەکەن بۆ ئەوەی تەماشای چارەنووسی بکەنو تا ناوێکی لیٚ بنێن .
سیٚجار دەمی کتێی بۆ دەکەنەوە ، تەماشا دەکەن هەر ناوی (قەیس) لە کردنەوەی کتێبەکەدا دەردەکەویٚ ئەوجا زانایان دەڵێن هاتە ناوەوەی ناوی (قەیس) ، سیری عیشق پێیە ، ئەم کورش عاشق دەبیٚ و عاشیق (لەیل) یش دەبیٚو بە دەست عەشقیشەوە دەردیسەریو سزایەکی زۆر دەکێشتیٚ ناوی (قەیسی دلٚرەش)ی لیٚ دەنێن .

## سەرەتای سەوداو نەخۆشی

قەیس ، نەخۆش کەوت بەوەی کەخەوو خەیالی زاری کردن بوو بۆ لەیلیٚ - بەبیٚ ئەوەی لەیلیٚ دیبیٚ - تەماشای کتێبیان کردو تالعەناس تالعەیان بۆ تەماشا کرد ، بۆیان دەرکەوت کە ئەو سەوداوسەرئێشەی (قەیس)ە رۆژ بە رۆژ بەرو زیاد بوونەو عەشقەکەشی لە پەرە سەندندایەو ئەوەش دەبیٚ بە هۆی ئەوەوە کە لە رووی ترەوە تێگەیشتنی کەم بکاتەوە .

## هاتنی لەیلیٚ بۆ لای مەجنوونو بینینی

قەیس کەوتووەو شینوزاری لەیلیٚ دەکا ، (لەیلیٚ) ، لەگەڵ دایکیدا دیٚ بۆ لای ماڵی قەیس ، (لەیلیٚ) تەماشا دەکا قەیس هەرشینو زارییەتیو سەری ناوەتەوە ، ئەمیش دەستیٚ لە سنگی قەیس نزیك دەکاتەوەو گوایا ختوکەی دەدا قەیس دەستبەجیٚ سەر هەڵدەبریٚو ئارام دەبێتەوە هەناسەیێکی ئا ـ امی هەڵدەکێشیٚ ، ناوبەناو لەیلیٚ قژی دەداتە دەست قەیسو ئەویش دەست بۆ سنگی لەیلیٚ دەبا ، لەپاشا لەیلیٚ دەڵیٚ بە دایکی قەیس ، گوایا قەیس عاشقە چونکە دەست بۆ مەمکی دەباو لەخەویشدا دیویەتی . لەیلیٚ سیٚ ساڵ دەبیٚ بەم جۆرەو بەم سەودا سەرییە مەجنوون هەر دەمێنێتەوە تاوەکو تەمەنیان دەبیٚ بە حەوت ساڵان .

**بێ ئارام بوونی لەیلێ دووری مەجنوونەوە**

عیشقیان پەرەی سەند بە جۆرێ لەیلێ رۆژی سەدجار زیاتر دەرویشت بەرامبەری مەجنوون دادەنیشت‌و هەرگیز تێربوون لە جاریان‌دا نەدەبوو .

**خەتەنە سوورانی مەجنوون**

باوکی قەیس دیسانەوە بە بۆنەی خەتەنە سوورانی کوڕیەوە ئاهەنگێکی وا بەرپا دەکا کە هەرچی جەنجاڵی دەورویشت‌و دراوسێیان هەیە بە شاو سەرداو میرو فەرمانڕەواوە هەموویان بانگ دەکاو لە هەموو روویەکەوە بێ هاوتا دەبێ .

**هاتنی لەیلێ بۆ قوتابخانە**

باوکی (لەیلێ) بڕیاری دا کە (لەیلێ) بنێرێ بۆ قوتابخانە بۆ ئەوەی فێری خوێندنی قورئان‌و زانینی دیکەی ئیسلامەتی بێ ناردیان بە دوای خزمانیان‌داو پۆلی کچیان رێکخست بۆ ئەوەی هەمیشە لەگەڵ لەیلێ‌دا بڕۆن بۆ قوتابخانە تاوەکو بێتاقەت نەبێ .. بە پێی دەمی کێت رۆژی پیرۆزیان دیاری کرد .

**چوونی لەیلێ بۆ قوتابخانە**

هەروەك بۆ شایی بڕۆن هەرچی خزم‌و کەس‌و کاری هەبوو هەمووی لە دوای لەیلێ‌وە بە پۆل پۆل – لە پێشەوە پۆلی کچان‌و ئەوجا و ... بەو جۆرە – بەرێوە بەرەو قوتابخانە رۆیشتن‌و بە خەرباری دیاریش بۆ مامۆستا ، باوك (لەیلێ)ی سوپەرد بە مامۆستا .

مەلا ، تەختەی لەیلێ نووسیەوەو ئەوجا داوای لە لەیلێ کرد کە بینخوێنێتەوە، لەیلێ – یش وەڵامی دایە وە ، کەوا بەبێ مە مەجنوون ناتوانێ بخوێنێ ! چاوەڕوانی هاتنی ئەو دەکا تابێ بە هامرازی .

**بردنی مەجنوون بۆ قوتابخانە .**

هەر هەمان دەستوو ، بۆ رۆژێ دواتر باوکی مەجنوون ، لەگەڵ قەومو کەس‌و کارو کارەکەرو کەنیزەك‌دامەجنوونیان بۆ هەمان قوتابخانە هێنا لە خۆشی ئەو رۆژەدا لە لای قوتابخانە ماڵ‌و سەروەتێکی زۆریان بەخشیەوەو داشیان بە مامۆستای‌و (مەجنوون)یان پێ سپارد .

قەیس تەماشای کرد لەیلێ لەوێ نییە ، زویر بوو بەڵام تەختەکەی لەیلێ‌ی چاو پێ کەوت‌و هەڵیگرت‌و لەوکاتەدا لەیلێ هاتەوە .

## لەیلیٚ‌و مەجنوون لە قوتابخانەدا

هەر لەئەوەلیٚ ڕۆژەوە بە بیانووی ئەوەی ، ئەمە تەختەی تۆیە ، ئەی هینەکەی من کامەیە ، دانیشتن بەرامبەر بە یەکتری‌و بە تەماشا کردنی یەکتریەوە خەریك بوون مامۆستایان تووڕە کرد ، ئەویش لەسەر گوێ‌پیٚ نەدانیان بە دەرس ، تووڕە بوو لێیان‌و سەرزەنشتی کردن بەوەی گوایا ئەوان بۆ خوێندن نەهاتوون ، بەلکو بۆ عیشقبازی هاتوون . هەرەشەی لیٚ کردن کە ئەگەر لەوە واز نەهێنن شکاتیان لیٚ دەکا . (مەجنوون) یش هەرەشەی لە مامۆستا کردو بەرتیلیشی نایە بەری‌و وتی : چەند سەرووەت مالٚت بویٚ هەمرویت دەدەمیٚ ، ئەگەریش هەر واز ناهێنی خۆت دەبینێوە !

## مامۆستایان

مامۆستا کەیان دەچیٚتە لای دایکی لەیلیٚ‌و شکاتی نەخوێندنی لەیلیٚ‌و خوودانە عەشقبازی دەکا .

## تووڕە بوونی دایکی لەیلیٚ

دایکی لەیلیٚ کە ئەو شکانەی لەدەمی مامۆستاوە بیست چوو بۆ مەکەب‌و لەیلیٚ گرت‌و وتی : ئەی کچم ئەوە چە کاریکە تۆ کردووتە هەرچی دنیا هەیە شێت‌و شەیدای تۆیە کەچی تۆش خەریکی خۆت لەگەلٚ لێوەی وەهادا گیرۆدە دەکەی ، زۆر عەیبە بۆ تۆو بۆ هۆزو بۆ خۆیشت .

لەیلیٚ دەگری‌و ئەوە دینیٚتەوە هۆشی دایکی کە ئەویش ڕۆژیٚ لە ڕۆژان گەنج بووە ئیستە بۆ هاتووە سەرزنیشتی ئەم دەکاو دژوێنیش بە مامۆستا کەی دەداو بە (کافرو ڕەقیب) ناوی دەهێنیٚ !

## دەرهێنانی لەیلیٚ لە قوتابخانە

دایکی پیٚ‌وت ، کە ئەمان جێگەی نامووسی عەرەبستانن ، لە بەر ئەوەی کە حەیایان نەچیٚ ، هێنایە دەرەوە ، لە قوتابخانە .

## چوونی مەجنوون بۆ قوتابخانە بۆ بینین لەیلیٚ

بەیانی مەجنوون دەچیٚ بۆ قوتابخانە گوایا لەیلیٚ ببینیٚ چونکە دوێنیٚ دایکی (لەیلیٚ) لەیلیٚ‌ی بردەوە . گەیشتە ئەویٚ تەماشای کرد ، لەیلیٚ نەهاتووە ، دەستی کرد بە شیوەن‌و جل‌وبەرگی خۆی دادڕی‌و هاوارهاواری قوتابخانەی هەراسان کرد .

## مەجنوون بە ناوی پیتەکانەوە قسە دەکا

سەرپاکی پیتەکان ، وا لێ دەکا کە وەك مرۆ شینو واوەیلایان بێ بۆ لەیلێ هەر یەکە بە پێی تواناو لێهاتووی گونجانی خۆی .

## رۆیشتنی مەجنوون بۆ بارەگای لەیلێ

رۆژێ مەجنوون لە بێ ئارامی‌دا دەروونی دووی لێوە بۆ لەیلێ بەرز دەبێتەوە ، جلێکی رەش دراو لەبەر دەکاو بە پەرۆیێ سەرو دەمو چاوی دادەپۆشێو دارێ دەگرێ بە دەستیەوە ، گوایا بە وێنەی هەژار سوالێ دەکا . بەم جۆرە تادەگاتە بەر دەوارەکەی (لەیلێ)و لەوێ بەهاوارو گریان هەناسە هەلکێشان خۆی بە زەوی‌دا دەدا .

لەیلێ لە ژوورەوە پێی دەزانێو هەناسەی ساردی بۆ هەلدەکێشێ داوا لە دایکی دەکا کە ئیزنی بدا تاوەکو بچێ دەستێ ئەو هەژارە بگرێتو بە رێی بکا . دایەش بەوە رازی دەبێو پێشی دەلێ کە خەیری پێ بکا بۆ ئەوە خەیر بێتە رێگەی .

لەیلێ دەروا بە لای (مەجنوون)دوەو ئەنەوێ لە دەستێو هەلیدەسێنێتەوەو ئەویش لەم کاتەوە دەپارێتەوە کە خوا لەیلێی بۆ بنێری بۆ ئەوەی نەختێ تاوی دلێ کپ بێتەوە .

لەیلێ گوێ لەم بێژەیەی مەجنوون دەبێو خۆی پێ دەناسێ ئەویش لە خۆشیاندا نەختێ هۆشی بە خۆیدا دێتەوە پێی دەلێ کە هەتا ماوە ئەو بەبێ ئەو ناتوانێ بژیو ئەگەر ژیاش هەر بۆ ئەوەو جێگاشی لەبەر خاتری ئەو چولگای نەجدە .

لەیلێ–ش هەر لەوێ‌دا پەیمانی دایە کە ئەگەر ژیا هەر بۆ ئەو دەژیوئەگەر مردیش لە پێناوی ئەودا دەمرێ ، ئەوجا مەجنوون بەرەو (نەجد)و (لەیلێ) بەرەو دەواری خۆیان ، بە رێ بوون .

## هەوالی شێت‌بوونی مەجنوون بە پیری پیرۆز دەگا

باوکی لە تاوی سەرگەردانی مەجنوون‌دا هەر داخو ئێشو ئازاری بوو ، بەرگەی نەدەگرتو ئارامی لێ برابوو بەرەو جێگای جارانی مەجنوون رۆیشت ، مەجنوون لەوێ نەبوو ، بەرەو کۆی نەجد کەوتە رێو گەیشتە ئەوێو مەجنوونی دۆزیەوە ، تەماشای کرد ، هەر دەلێ : (دانای داوەر لەیلی خالێ قەتران وە لامان باوەر) . بە جۆری سەرگەردان بوو بوو کەس نەیدەناسیەوەو کەسیشی نەدەناسی . باوکی لێی نزیك بوویەوە و لاواندیو پێی ووت کە ئەم باوکی ئەوەو بەم ئاخوورو ئۆخری ئەمەنیەوە بۆ ئەزیەتی دەداو ئەگەر فرزەند ئەزیەتی باوك بدا جێگای دۆزەخ دەبێ .

## مەجنوون باوکی ناناسێتەوە

مەجنوون پێی دەلێ : تۆ کێیتو من کەی تۆم دیوە . باوکیشی پێی دەلێ ، من باوکی تۆم ،

ئەویش دەڵێ من تەنیا خەمخوارم هەر لەیلێیە.لە پاشا باوك دەستی گرت‌و وتی : (لەیلێ) ناردووە بە دوای تۆدا .

مەجنوون ئەوەی بیست کەوتەوە دوای باوکی بەرەو ماڵەوە تا دەستی دایە دەستی دایکی ، ئەویش دەستی کرد بە شین‌و خۆکوشتن‌و هاوار کردن لە داخی دیمەنی کوڕەی‌داو هۆزی (تەی) لێیان کۆ بوونەوەو ئەوانیش دەستیان کرد بە شیوەن‌و زاری بۆ مەجنوون ، ئەوجا چی کچی جوانی (تەی) هەبوون هەمویان هێنان بۆ ئەوەی مەجنوون ، یەکێکیان هەڵبژێرێ ، بەڵام ئەو هەر لەیلێ لەیلێ‌ی بوو ، سازو سەمتوو ژەنیان هێناو دەستیان کرد بە ئاواز لێدان بەڵام مەجنوون بەتەرتر دەبوو .

## بردنی مەجنوون بۆ خزمەتی شێخ

خزمان کە کۆ بروبوونەوە ، وتیان کە شێخێکی خاوەن کەرامات هەیەو زۆر بە تواناو زانایەو بۆ ئەوە دەشێ مەجنوونی بەرنە لا چونکە ئەو توانای دەرمانکردنی‌ی هەیە .

مەجنوونیان بردە لای شێخ ، و شێخیش وتی کوڕەکەت عیشق هەیەو نەخۆش نییە لەیلێ بۆ بهێنە چاك دەبێتەوە .

## رۆیشتنی پیری پیرۆز بۆ خوازبێنی لەیلێ ،

## قەیس ئامادە دەبێ ، (لێ) دێتە ژوورەوە .

باوکی (قەیس) ، دەچێ بۆ لای باوکی لەیلێ‌و داوای لەیلێ دەکا بۆ (قەیس) . ئەویش پێی دەڵێ : ئامادەیە ، بەڵام بابنێری بە دوای (قەیس) دا بۆ ئەوەی لەمەجلیسی خوازبێنیەکەدا ئامادە بێ .

باوکی (قەیس) ، دەنێرێ بە دوای (قەیس)دا ، ئەویش دێت‌و بە ئەدەبەوە دادەنیشێ . تلەکەی لەیلێ دێ بۆ لای (قەیس)و ئەویش دەیگرێتە باوەشی‌و دەیلاوێنێ .

باوکی لەیلێ روو دەکاتە مەجلیسەکەو دەڵێ نەمگوت (قەیس) شێت‌و لێوەو نەفامە ، باش بوو ئەوا بە چاوی خۆتان دیتان ، ئیتر کەس حەقی گلەیی نییە ! !

## هاتنی ئیبن‌سەلام بۆ خوازبێنی لەیلێ‌و زەماوەند کردنی

باوکی ئیبن سەلام بە هەموو پێویستی‌یەکەوە دەچێ خوازبێنی لەیلێ دەکا بۆ ئیبن‌سەلامی کوڕی‌و باوکی لەیلێ‌ـش لەیلێ‌ی دەداتێ .

**کۆ کردنەوەی کەل‌و پەل‌و شت‌ومەکی زەماوەند**

هەموو شتێکی زەماوەند زیاتر لە هەموو دەسەڵاتداریٚ ئامادە دەکەن‌و زەماوەند دەکەن‌و (لەیلیٚ)ی بۆ مارە دەبڕن .

**لەیلیٚ لە ئارایشت کەرەکان تووڕە دەبیٚ .**

ئەوەندە دڵی قیناوی دەبیٚ ، بە هۆی ئەم کارەساتە تازەیەوە کە باوکی هێناویەتە بە سەری‌را ، شەڕ لەگەڵ دارو درەخت‌دا دەکا ، وەختیٚ کە ئارایشت کەران دێن سەری دابهێنن‌و ئارایشتی بکەن بە جنێودان دەریان دەکاتەوە دەرەوە .

**دایکی لەیلیٚ ئامۆژگاری لەیلیٚ دەکات .**

خزمان هەواڵی لەیلیٚ‌یان‌دا بە دایکی‌و پێیان وت : لەیلیٚ حەز لەم کارە ناکاو وا هەمووگیانی خۆی خوێناوی کردو جلی لەبەرخۆیدا نەهێشت‌و دنیای بە گریەو زاری هێناوەتەوە دەنگ .

دایکی لەیلیٚ هات‌و دەستی کرد بە سەرزەنیشت کردنی لەیلیٚ کە کردەوەی وەها زۆر ناپەسەندەو دەبیٚ بە جێگای لۆمە بۆمان ، ئەویش لەوەڵاما وتی : دوویی‌ٚ هەرگیز نەچووەتە یەك پێڵاوەوە ژنەکیش نابیٚ بە ژنی دووکەسی ، من هەر بۆ مەجنوون‌–م‌و کەسی دیکە !

**گواستنەوەی لەیلیٚ .**

لەیلیٚ بۆ ئیبن‌سەلام دەگوێزنەوەو ئەو ئێوارەیە کە زاوا دەیەویٚ دەستی بگریٚ بۆ پەردە ، نایەڵیٚ و پێی دەڵیٚ : من دەست نادەم بە دەست تۆوە ، من هەرتەنیا دەستم بە دەست مەجنوونەوە دەدەم ، با لێت روون بیٚ . لە داخان‌دا ئیبن سەلام دەمریٚ .

**پیرەژن دەچیٚ بۆ لای مەجنوون‌و هەواڵی شووکردنی لەیلیٚ دەداتیٚ :**

پیرەژنی بەکریٚ گیراوی لە مرۆ نەچوو چوو بۆ نەجدو هەواڵی شووکردنی لەیلیٚ‌ی برد بۆ مەجنوون‌و پێی وت : لەیلیٚ زۆر بیٚ پەیمان بوو ئەوا شووی کردووە بە ئیبن‌سەلام‌و لەگەڵی‌دا رادەبوێرێ‌و تۆی هەر لەبیر نەماوە .

**نامە نووسینی مەجنوون بۆ لەیلیٚ .**

مەجنوون نامەیەکی سەرزەنیشتی بۆ لەیلیٚ دەنووسیٚ‌و باسی ئەوەش دەکا کە ئەم چۆن هەر لەسەر پەیمانی خۆیەتی‌و لیی‌ٚ پاشگەز نابێتەوە ، لەو کاتەدا کە نامە سەر مۆر دەکا بە ئیمزای خۆی شەماڵیٚ پەیدا دەبیٚ‌و دەیدا بە شەماڵ‌و ئەویش دەیبا بۆ لەیلیٚ .

## لەیلێ وەرامی نامەی مەجنوون دەداتەوە .

لەیلێ نامەی مەجنوون دەخوێنێتەوەو زیاتر دووکەڵی دەروونی بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوەو ئەوجا نامەی بۆ دەنووسیٚ‌و دەڵێ : تۆ بە هەڵەدا چووی من ئاگام لەو شوو کردنە نەبوەو کاری باوکم بووەو ئێستەش کەس نەیتوانیوە دەس بەریێ بۆ میوەی تۆ ، دڵنیابە لەوەی کە من هەر لەسەر پەیمانم ، بەپێخامبەردا بۆی دەنێرێتەوە .

## گەیشتنی نامەی لەیلێ بە مەجنوون .

مەجنوون نامەی لەیلێ‌ی خوێندەوەو نەختێ دڵی ئارام بوویەوە ، لەپاشا وتی ئێستە ئیتر مەینەتم زیاد بوو چونکە لەیلی دیلەو دیلیش لە مەرگ خۆشترە .

## راوچی توونی دەگرێ‌و مەجنوون لێی دەکڕێ .

مەجنوون بە نەجداد دەگەڕا دیی لە دوورەوە کە وا راوچی‌یێ توتیەکی راو کردووە . کە نزیکی بوویەوەو تەماشای توونی کرد ، دیلی لەیلێو خاڵەکانی لەیلێ‌ی هاتەوە بەرچاوی ، بۆیە پاڕایەوە لە راوچی کە توونی پیێ بفرۆشیٚ‌و ئەویش پێی داو بازی بەندەکەی لە جیاتی لێ وەرگرت‌و ئەوجا توونی بوو بە هاوسەری‌و پەیکبەری .

## مەجنوون توونی بۆ لای لەیلێ دەنێرێ .

مەجنوون ویستی بزانێ کە (لەیلێ) بە راستی شیێی قەیس دەکا یانە ، حەزی لەقەیس هەیە یاخود لە یەکێکی‌تر ، توونی ئامۆژگاری کردو ناردی بۆلای بۆ ئەوەی بە دزیەوە لە حاڵ‌و ئەحواڵی لەیلێ بزانێ . رۆیشت‌و لەوێ نیشتەوە ، بە بیانووی چینەوە خۆی کرد بە دەواری رۆشنی (لەیلێ) دا ، دی کەوا لەیلێ کەوتووەو باڵی راکێشاوەو حەکیم دەیەوێ بە نەشتەر خوێن لە قۆڵی لەیلێ‌دا دەر بێنێ (بەهۆی نەخۆشییەوە) ! !

توونی ، هەواڵی مەجنوونی دا بە لەیلێ‌و لەیلی ئەوەندەی دیکە تووشی خەم‌و خەفەت بوو ، بە توونی وت : پێی بڵێ من دین‌و دونیام هەر قەیسە ، هەروەك چۆن ئەو هی تۆیە .

## لەیلێ لە دوجەیل خوێن دەگرێ مەجنوون لە نەجد دا خوێنی بەر دەبێ

توونی هەواڵی نەخۆشی لەیلێ‌ی هێنا بۆ مەجنوون ، مەجنوونیش پاڕایەوە لەخوا ، کە نەخۆشیەکەی لەیلێ بێنێ بۆ مەجنوون ، خوا دوعای گیرا دەکا ، ئەوجا مەجنوون خوێنی باڵی بەر دەبیٚ‌و لەیلێ چاك دەبێتەوە .

توونی شەش مانگ‌و شەش رۆژ هەواڵی لەیلێ بۆ مەجنوون دێنیٚ‌و هەواڵی مەجنوون-یش بۆ لەیلێ دەبا .

**مەجنوون تووتی بەرەڵڵا دەکا**

مەجنوون بە تووتی دەڵێ : بە راستی تۆ هاودەمێکی وەفاداریت ، زۆر رەنجت دا لە پێناوی مندا ، ئێستەش حەز دەکەم ئەگەر خۆت دەتەوێ بڕۆیتەوە بۆ وڵاتی خۆتان .

**مەجنوون سەروو لە باخەوان دەکڕێ .**

زستانێکی زۆر ساردو بەخیەندان مەجنوون نزیکی باخێ دەبێتەوە تەماشا دەکا چناری ، سەریان گەیشتووەتە عاسمانو سنەرووی قەدو باڵا جوانیش بەرز بوونەتەوە باخەوان مشارێکی ناوە بنی دارێکی سەروو دەیەوێ بیبڕێتەوە .

مەجنوون وای لە بەرچاو بوو کە باڵای لەیلێ لە باڵای سەروو دەکا ، بۆیە لێی پاڕایەوە کە نەیبڕێو چی دەڵێ دەیداتێو ئەوجا بازیبەندەکەی تری دایە لە جیاتی نەبڕینەوەی سەرووەکە .

**مەجنوون ئاسک لە راوچی دەسێنێ .**

مەجنوون بە هەردەکاندا دەگەڕا لە دوورەوە راوچییەکی دی کە ئاسکێکی راو کردبوو بە زیندوویی دابووی بە شانیا کە نزیك بوویەوە مەجنوون بە بۆنەی خەتو خاڵو چاوە جوانەکانی لەیلێوە بەزەیی بەم دا هاتەوەو لە راوچی پاڕایەوە کە بیداتێ ، ئەویش وتی : تۆ کێیت ؟

قەیس : ناوونیشانی خۆیی پێی وتو ئەمیش مەردانە ئاسکەکەی داێ .

**مەجنوون ئاسك بەردەدا .**

ئاسك داوا لە مەجنوون دەکا کە سێ رۆژ مۆڵەتی بدا ، بۆ ئەوەی سەرێ لە کەسو کاری بداو بزانێ کە بەر دراوەو ئەوجا پەیمان بێ کە بگەڕێـوە بۆلای مەجنوون . مەجنوون داواکەی ئاسکی بەدیی هێنا .

پاش سێ رۆژە تەماشای کرد کۆمەڵێ یاخود گەلێ ئاسك لەگەڵ ئەوی پێشوودا هاتوون بۆ لای مەجنوونو دەمێننەوە و دەبنە هاودەمی .

**پیری پیرۆز دەچێ بە دوای مەجنووندا و دەبیا بۆکابە**

باوکی قەیس دەچێو قەیس لە نەجددا دەدۆزێتەوەو پێی دەڵێ کە لەیلێ وا لەکابەو ئەمیش بۆیە هاتووە کە بیبا بۆ ئەوێ بۆ دیدەنی ئەو (لەیلێ) .

مەجنوون دەچێ بۆ کابەو تەماشای کابە دەکا ، کە رەشپۆشە . لێ دەپرسێ کە بۆچی رەشپۆشە ، ئەویش لە وەڵاما دەڵێ خەڵك زوڵمی زۆر دەکاو زوربەی بە رووالەت دێ بۆ حەج ئەگینا بڕوای بە حج نییەو هەر لەبەر ئەوەشە کەئەم بەرگی رەشی پۆشاوە .

مەجنوون کە دەبینێ لەیلێ لەوێ نییە دەست دەنێ بە باوکیەوە بۆ ئەوەی برەواتەوەو پێی دەڵێ کە کابەی ئەم (لەیلێ) یە ، چونکە دەرمانی چاکۆ بوونەوەیەتی‌و ئەوجا رووی کردەوە ئەجد .

## لەیلێ‌و مەجنوون لە نەجدادا[1] یەکتر دەبینن .

خیلێ بەرەو گەرمیان بوونەوە ، لەیلێ بە خۆی جامازەیەوە بەرەو نەجد کەوتە رێ‌و زۆر گەڕا بە ماوای مەجنوون‌دا ، مەجنوون لە دوورەوە ئەوی کردەوە چاو ، دەستبەجێ هات بە پیریەوەو ئەوجا بە دیدەنی یەکتری شاد بوون‌و پێکەوە دانیشتن‌و یەکتریان لاواندەوە .

لەیلێ بە مەجنوونی وت کە هەرچی دەوێ ، بە دڵی خۆی دەتوانێ بیکا ، دەستیان کردە ملی یەکتری‌و نۆشین یەکتری .

## مەجنوون دەست لە لەیلێ نادا .

لە کاتێک‌دا لەیەکتری ئاڵاون‌و هەوەستیان بۆیەکتری هەڵساوەو ، لەبەر ئەوەی کە خوا بەو کارە رازی نەبوو جوبریل ناردو کەوتە نێوان هەردوویانەو هەوەسیان وەستایەوەو شوکرانەی خوایان کردو سەر لە نوێ پەیمانی نوێیان نوێ کردەوە ، مەجنوون لەیلێ‌ی بۆ ماڵی خۆیان رەوانە کردەوە .

## لەیلێ دەچێ بۆ سەرچاوەو خۆی دەشوا

رۆژێ لەیلێ لەگەڵ کەنیزان‌دا چوون بۆ سەر کانێ ، تا لەوێ خۆی شت ، بەڵام ئەوجامە کە ئاوی پێ دەکرد بە خۆی‌داو تایبەتی بۆ لەیلێ کرابوو لەوێ لەبیری چوو .

## مەجنوون چاوی بە جام دەکەوێ

دوا بە دوای خۆشتنی لەیلێ مەجنوون دەچێ بۆ ئەو سەرچاوەیە ، تەماشا دەکا کە جامەکەی لەیلێ لەوێ بە جێ ماوە ، ئەویش جامە دەگرێ بە دەستیەوە ، تاوێ لەیلێ دەلاوێنێتەوەو ئەوجا جامەکە دەخاتە ژێر سەری‌و خەوی لێ دەکەوێ .

## دوا چاو پێ‌کەوتنی لەیلێ‌و مەجنوون

پاش حەوت مانگێ خێڵی لەیلێ بەوێ‌دا دێن‌و تا لەوێ پشوێ دەدەن ، لەیلێ هەمان دەستوور دێتەوە بۆ سەرچاوەکە ، کە تەماشا دەکا ، مەجنوون جامەکەی لەیلێ‌ی خستوەتە ژێر سەری‌و خەوی لێ کەوتووەو گیا خەریکە سەر سەری بکەوێ ئەوەندە بەرز بووەتەوە .

لەیلێ مەجنوونی بە ئاگا هێنایەوەو ئەوجا کەوتنە رازو نیازو پیاهەڵدانو دەمی یەکتری هەڵلووشین ، لە پاشا هەر یەکەیان بەرەو ماوای خۆی رۆیشتەوە .

## مردنی لەیلێ .

لەیلێ نەخۆش دەکەوێو باری زۆر گران دەبێو داوا لە دایکی دەکا کە مەجنوون بانگ بکا بۆ لای بۆ ئەوەی دەردەکە ئەگەر چاك نەبێتەوە خۆ نەختێ ئازاری کەم دەبێتەوە ، بەلاّم دایکی لە بەر لۆمەی خەڵك داواکەی لەیلێی نەهێنایە دی و ئەویش مرد .

## شیوەنی لەیلێ

بۆ شیوەنی لەیلێ دنیا خرۆشا ، موحەرڕەم تازە ئەو رۆژە لە کەربەلادا دەستی پێ کرووە ، هەموو شتێ لەلای خۆیەوە ، بەرد ، دار ، دیوار ، ماڵ ، گوڵ ، درەخت ، تەیرو باڵندە ، ئەستێرەکان ، ماتەمەنو شیوەنیانە .

## شینو گریانی دایکی لەیلێ

بە خۆکوشتنو خۆ رنینەوەو ، بە رەشپۆشی دەچنە سەر قەبرانو لەیلێ دەلاوێننەوەو ئەوجا بۆ ماڵەوە دەگەڕێننەوە ، (جگە لە دایکی لەیلێ) .

## هەواڵی مردنی لەیلێ بە مەجنوون دەگا .

دایکی لەیلێ سەری خۆی هەڵدەگرێو بەرەو ماوای مەجنوون بە پاڕانەوە لە خوا بۆ ئەوەی بیکوژێ ، تاوەکو بیری مردنی لەیلێ لە یادی بچێ دەڕوا، تا گەیشتە لای مەجنوون .

مەجنوون پرسی لە دایکی لەیلێ چی رووی داوە بەو جۆرە ئەو خۆی دەکوژێو خۆی دەبرێو هاوار دەکا !

دایکی لەیلێ-ش لە وەلاّمدا دەڵێ کە لەیلێ مردووە .

## مەجنوون دەچێ بۆ سەر گۆڕی لەیلێو لە حەسرەتدا دەمرێ

مەجنوون بەگریانو زاری دەچێ بۆ سەر گۆڕی لەیلێو لەوێ شیوەنێکی زۆری بۆ دەکاو لەخواش دەپاڕێتەوە کە گیانی لێ بسێنێ چونکە ژیانی لە دوای لەیلێ ناوێ ، سەری خۆی دەدا بەردێكداو بێ هۆش دەکەوێو گیانی دەردەچێ !!

## چەند وەرگرتەیێ لە نوسخەکانی‌تر بۆ مەبەستی بەراوورد

لە ئارشیڤی مینۆرسکی‌یەوە .

ئەم وەرگرتەیە کە لێرەدا هەیە ؛ بە ناوی : (لەیلێ چووە بۆ کۆی نەجد بۆ بینینی مەجنوون) ، (رفتن لیلی بکوه نجد به پیش مجنون)ە وەیە ، ساڵی ١٣١٠ – ی کۆچی بەرامبەر بە ١٨٩٢ – ی زایینی لە لایەن (محمد شریف نساج)ەوە نووسراوەتەوە ، ساڵی ١٩١٤ – ی زایینی مینۆرسکی لە شاری زەهاو کڕیویتی ، ئێستا حاڵی حازر لە گەنجینەی کتێبخانەی دانشگەدەی رۆژ هەڵاتناسی لە لینینگراددا هەیە .

ئێمە ئەم وەرگرتەیەو ئەم زانیاریەمان لە کتێبی (مخطوطات فریده ، و مطبوعات نادرة)ی دوکتۆر مارف خەزنەدار (ل – ٣٥) ەوە وەر گرتووە .

ئەمەش ئەوەی دوکتۆر مارفە کە بڵاوی کردۆتەوە

کۆچ شد مەیل کوه ، کوچ شد میل کوه
بکوه عامرشا ، کوچ شد میل کوه
هست لیلی داشت ، خیر خواه لیل کوه
در ادب وطن ملك دوجبل کوه
ئەمەش دوو دێڕە – کەی کۆتایی ئەم باسەیە
وی تورو دیردن دوران یاوران
دنیا تا وسر وکەس نمەوان
هەزاران درود هەزاران سلام
زما بر محمد علیه السلام .

بێ‌گومان ئەم نووسینەو بەم رێنووسە سوود نادا بەخوێندەوار چونکە ئەمە پێویستی بە سەرو بۆر هەیە تاوەکو بە تەواوی وشەکان بێنەوە دەنگ لەگەڵ ئەوەش‌دا بۆمان هەیە بڵێین ئەو نوسخەیەی زەهاو کە دەس مینۆرسکی کەوتووەو ئەمەی سەرەوە وێنەیەتی ، یا نموونەیەتی دەبێ بە شێوە زاری لوری بێ .

ئەمەی سەرەوە ئەگەر بە رێنووسی ئەمڕۆ بنووسرێتەوە دەبێ بەم جۆرە بێ :

کۆچ شود مەیلی کۆه ، کۆچ شود مەیلی کۆه
بە کۆی عامیرشا ، کۆچ شود مەیلی کۆه

دەر ئەدەب وەطەن موڵکی دوجەیل کۆە

وەی ئەور وبەردەن دەوران یاوەران
دنیا تا وەسەر وەکەس نمەوان
هەزاران دروود هەزاران سلاٚم
زەما بەر (محمد علیە السلام).

هەر مینۆرسکی ، (لەیلیّ و مەجنوون)ی ناو هێناوە ، لە ناو وتارێك‌دا كە بە ناوی (گۆران)ەوە بلاٚوی کردۆتەوە ئەم وتارەی مینۆرسکی لە بلاٚوکراوە مەعهەدی رۆژهەلاٚتناسی‌ی لە ئاسیاو ئەفەریقیادا (زانستگای لەندەن) بلاٚو کراوەتەوە ، دوکتۆر ناجی عەبباس – یش کردوویەتی بە کوردی‌و لە گەلاوێژی ژمارە(٥)ی ساڵی ١٩٤٤ دا بلاٚوی کردۆتەوە .

شایەنی باسە ، ئەوەی ناجی عەبباس (کە وەری گێڕاوە) لە سەرەوە بلاٚو کراوەتەوەو لە داوێنیا بە ناوی (سێخ سەلام)ەوە راست کراوەتەوە . ئەمە ئەوەی ناجی عەبباس – ە

کووچە شەو مەیل کرد یەك شەو امیر شاە
مەیلە لەیلی داشت دوزخاهی لەیل کرد
شەو کوچە سارەی دەشتە دوجیل کرد
جارچیا جارِدان وە حوکمی شاوە
بو ایلە ئەهشام بنی سیاوە

ئەوەی شێخ سەلام

کوچی شەو مەیل کرد کوچی شەو مەیل کرد
یەك شەو عامرشا کوچی شەو مەیل کرد
مەیلی لەیلی داشت دوستاخ مەیل کرد
شەو کوچی صحرای دەشتی دوجیل کرد
جارچیان جارِدان بە حوکمی شاوە
بە ایلو ئەحشام تیو سوڕاوە

بەلای منەوە ئەمەی شێخ سەلامیش پێویستی بەم سەرو بۆرەی خوارەوە هەیە

کۆچی شەو مەیل کەرد کۆچی شەو مەیل کەرد
یەك شەو عامرشا ، کۆچی شەو مەیل رکەرد

مەیلی لەیلیٚ داشت ، دۆستاخ مەیل لەرد
شەو کۆچی صەحرای ، دەشتی دوجەیل کەرد
جارچیان جاردان ، بە حوکمی شاوە
بەئێلو ئەحشام ، تیپو سوپاوە

بۆ ئەمەی سەرەوە وا نووسراوە کە نووسەرەکەی (مەلاولی) بووەو گۆرانیٚ خەلکی گەهوارەە بووە ، تا سالی ١٨٧٥ – ١٨٨٥ ژیاوە . شێخ سەلام دەلیٚ : لام وایە (مەلاولی) نییە (مەلا ولەوخان)ی شاعیری بەناوبانگی گۆرانە (هەمان سەرچاوە ، ل٤ ، ٥)

ئەو سەرچاوەیەی کە مینۆرسکی بە ئینگلیزی ئەمەی تیادا بلاوکردۆتەوە ئەمەیە :
The Bulletin of the Scool of Oriental and African Studies, (University of London) ol XI, Part 1, 1943.

ئەمەش وەرگرتەیەکی دیکەیە کە بە زاری سۆرانی دارێژراوەو ئەو دیمەنەشیان پیشان دەدا کە لەیلیٚ لە قوتانجانە دەر هێنراوەو براوەتەوە بۆ مالو مەجنوونیش بیٚ لەیلیٚ ئارامی نەگرتووەو ئەمانەی بە ناوی پیتەکانەوە هۆنیوەتەوە :

ئەلف : ئازیزم ئاوارەی تۆ بووم
دلم بە تۆ شاد وا رەنجەڕۆ بووم

بیٚ : بۆ نوم پۆش بەرگی قەترانی
چوومە سەر مەذهەب شێخی سەنعانی

تیٚ : تاریك بووە لە من زەمانە
دوژمن لێم ئەدا سەد تیرو تانە

ثیٚ : نەنای بالآت ، ئەکەم سوبحو شام
هەر چاوە رووانم کەی بێتو بۆ لام

جیم : جێگای خالی جیٚی من کێوانە
حیسابم لەگەلٚ جینیو دێوانە

حیٚ : حەرام بووە حیسابو لەزەت
کەوتوومە زەحمەت سزاو مەشەققەت

خیْ: خوای خەبیر خەبەر لە ئەحواڵ
خستمە باڵات ، بۆت بووم بە عەوداڵ

دال : دەرمان نیە قیبلەم بۆ دەردم
لە دووری باڵات هەناسە سەردم

ذال : ذەوق دونیا لەلام وەك زەهرە
یاخوا کەس وەك من نەبیْ بیْ بەهرە

ریْ: رۆژ هەتا شەو زاریو شینمە
بۆ تۆ ئاخو داخ هەر ناڵینمە

زیْ: زوبان لاڵ زەبوونو ماتم
بۆ تۆ گیرۆدەی رووی سەربیساتم

سین : سەرسام ماوم سەرلێم شێواوە
سەرم لە سەودات سەرم سڕ ماوە

شین : شیوەنی سەخت بووە بە کارم
بەلام هەر بۆ تۆ ئومێدەوارم

صاد : صەبر بڕا ئازیز لە دووریت
بە چە رەنگیْ دێت صەبرو سەبووریت

ضاد : ظەریف رۆیت رەنجم چوو بە باد
من جەفام کێشا خەڵقی بە تۆشاد

طیْ: طاقەت ناگرم بە بیْ گریانت
فاریغ نیم ساتیْ من لە هیجرانت

زیْ: زاهیر بووە بۆ من وەعدەی مەرگ
سووتا بە جاریْ بەندی دڵو جەرگ

عەین : ..................

غەین: غەریب کەوتم غەرق خوێناوم
لە دۆستی خەمخۆر کە بەجێ ماوم

فێ: فیراق تۆ فەوتاوی کردم
شێت‌و دێوانەو ئاوارەی کردم

قاف: قەرارو سەبر لە دڵم بڕا
ڕەنگی نەگبەتیم لە عالەم زڕا

کاف: کەمەندی عەشق کەوانی ئەبرۆت
زەلیلیان کردم ئەسیرو میهووت

گاف: گریان و شیوەن بووە بە کارم
بەڵام بەو شەرتەی ئومێدەوارم

لام: لاڵ‌و لەنگە زوبانم بێ تۆ
ئەسرین لە چاوم جاری‌بە وەك جۆ

میم: مردن هاتووە بە بەرەو پیرم
بە دوای عەشقت بەستەی زنجیرم

نوون: نەماوە بۆت فیکری ئینسانیم
کۆتاییت هێنا عومری جوانیم

واو: وەی لەم واوەیلا، لەم واوەیلایە
لەم ئیش‌و نێش‌و جەوررو جەفایە

هێ: هیواو هەوەس هیوای تۆم فەوتا
مەگەر قیامەت خوا ڕەحم کا.

یێ: ..............

ئەوەی عەلی‌کەمال باپیر، کە لەساڵی (١٩٥٠) دا چاپ کراوە بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

ئەی خودای گەورە بێ میثل مانەند
تاك‌و بێ شەریك بێ ژن‌و فرزەند

هەرچی کە بووەو هەیەو بینراوە
بە قودرەتی تۆ ئیجاد کراوە

ئەوەی کە لە وەگێرانی (عبد الجبار ئاغای کانی) یە، بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

حیکایەتی لەیلیٚو مەجنوون
عالەم بۆیان بۆتە مەحزوون
لە مابەینی لیۆای بەغداو بەسرە
هەبوو یەك طایفەی مەشهوورو گەورە
بەنی عامر بوو ئەو عەشیرەً
رەشید بوون‌و جەسوور بوون بە غیرەت
قەریبەن پاش هیجرەت بوو بەسەد سالٚ
لەلای (شط العرب) بوون قەومی رەحال.

ئەوی دەبێ لێرەدا بوترێ ئەوەیە کە ئەمەی ئێرە وەرگێرانە، بەڵام نەی وتووە لە کوێوە وەری گێراوە، ئەوەی عەلی کەمال باپیریش بە هی خۆی لە قەلەمی داوە، منیش دەلێم هەردووکیان هی خۆیانە، چونکە ئەگە وەرگێرانیش بن، (بن – خالٚی) تەنیا بنەڕەتەکەیان وەرگرتوەو ئەوی دیکەی هی خۆیانە.

ئەمەی ئێرە کە ئێستە حالٚی حازر دەمی باسمان لەسەریەتی، زۆر لە پلەیەکی بەرزدایەو ئەگەر بێت لەگەلٚ ئەوانی دیکەدا بمانەوێ بەراوردی بکەین، دەبێ ئەوە بلێین کە هاوتای یاخود هاوشانی نین لە هیچ جۆرە روویەکەوە تاوەکو بمانەوێ بەراوردیان بکەین.

تێبینی:

ئەم دوو لاپەڕەیەی خوارەوە، هی ئەو دەسخەتەی دەباغییانەو مەبەستیش ناسی دەسخەتەکەو دیتنی ناوەکەو رۆژی تەواو بوونی دەستنووسەکەو ساڵەکەشیەتی، کە لە کۆتایی دوو لاپەڕەکەی دواییەوە بە رۆشنی دیاری داوە.


هذا کتاب لیلی و مجنون ...

بسم الله الرحمن الرحیم

١٧ - کی جبۀ صدق و اخلاص تقاین     کی بهونا و یچ یا پدیز انتر معین

١٨ - بوت روشن نجوت ورون     بو آنه طوماره لیلی و مجنون

١٩ - جهای بیشمار هر وارث ف بر رن     نامشانی فرزندی ز جهول مردون

٢٠ - هر کس دوانو سرگذشته شان     ارصد به عشق او جام عشق نوش

٢١ - طومار غریب عجایب خطی     هر ستر بند اصد سیاستی

٢٢ - پراو ورو بیرونو را بینی     واتش بوانه دره ون ظلمانی

٢٣ - سندم من طومار عجایب خطی     سرگیشم و بستر سیاستی

٢٤ - سراسر دفتر طومارش وتمام     اوول تا آخر شرح حال انام

٢٥ - گشت فوراه جج طرح خم     پیر خود انوی بیواره سنجیم

٢٦ - سرسام هو زرام نخوابه بحث     همه شاه طومار نشر غلط

٢٧ - شرح گذشت اول تا آخر     تمام سراسر و شرم بطه هر

٢٨ - هر چه نظم قصه شرح ای طومار     منظوم‌خوان ای یاران یار

## آغاز داستان کتاب

٢٩ - لاوی بدارای کوش برابر شان     بدرد هجر عشوه و نازشان

٣٠ - حج تا بیع بیت بعیت     صاحب دولتو خزانه و طرب

٣١ - دارای داماغ بموز ملفند قبای     چه قارون فشتر بگنج و مالی

٣٢ - صاحب ارسام خزرگزاده بی     چه نصل شاهان پاک اخشیه بی

٣٣ - اصلو نجابت صاحب رسگانی     چه شاهان پیش نشینه ما داشی

٣٤ - سرخیلو سالار ملک عرب بی     خادم اخلاص کعبه رضوعی

٣٥ - سرخیل نشینه بزر باره بی     بر بانه صاحب صحرا نه بی

٣٦ - هر خزانه جیش صد هزار گان     هد گنجت او گنجه بارث آوس

کلاو باو

ئەم دوو لاپەڕەی تیرەش هی کۆتاییەکەیەتی

٧٩

او چراغ لیل گرهی جیش برپا      درون جه هجران هر گلیل گرپا

سارا گرت نور اشیو زاری      زمین مریزا اسرین مروارری

واتش خدایا شرطبو جه درگات      ساکن نه نیشوم من نزوی دربات

شورو بدم سر سنگدا      چراغ جمین مهتاب رنگدا

آب مکرد شیون لیلی خور جمین      نمازشان کرد خاشان تلقین

نیاشان نو قصر تاریک بیدر      نو قصر من لیل آفتاب بتر

ساکن بی نو جا جام جمین زر      نیاشان الحد سنگان بر سر

گشت آما نوه خویشو بیگا نه      ظلمات انگیز بی دور زمانه

سراسر جهان تمام سیا پوش      چراغ لیلی درون مدا جوش

وارید با بو لیلی جه منت خانه      هر دو کس اسام بین شیت گو لوا

## رفتن مادر لیل بر سر قبر لیلی و زاری کردن او

چهور بزاوادی دلسوز لیلی      رشی بما واوی ویش کوش واویلی

واویلای عظیم افغان زاری      مدرون کیش برز دیاری

داوی بیهوشی جه واویلدا      ویش مدا بسنگ قبر لیلیدا

مواتش دیدم بکلو شینی      چون شوق آفتاب بینهان بینی

کو الوای دیدم آمرشوی حالت      کو رشته جمین دوران خالت

زلفانت مجنون کرده بی لیو      داخو جه ماری بیجیا بیو

چونه

وحشیان تیر شیران بیشه　　منالان لبوز حال باندیشه
شیران وحشیان قبرشان مکنه　　برگ بدنش عنکبوت متنه
زایلهٔ عظیم چه شمه خیزیا　　چه نالهٔ گرین بدن ریز یا
جیایهٔ گوری شمه برآمابسوز　　بی جیتهٔ مجنون ناصح جگرسوز
آهوان تیرچه سوز اسرینا　　بی آداب غسل مرین اسرینا
هرکس شاد بو وی دنیای بی پو　　آخر سرانی م رنجه رو

هزاران درود و هزاران سلام
زما بر محمد علیه السلام



# بەشی دووەم

چیرۆکی هۆنراوەیی‌ی
لەیلێ‌و مەجنوون

## له خوا پارانەوە •

به نامیّ خوای هەزارو یەك نام
یەك نامی هەقش بە هەزار تەمام
واحیدو ئەحەد بیّ خواب‌و خوردەن
یەکتای بیّ هەمتا نەزاو نەمەردەن
قادری قودرەت کوللی ئەشیاهەن
ئافەریندەی ئەرزو سەماهەن
جە یەك دانەی دوڕ بەحری بیّ پایان
دروست کەرد زینەت کوللی ئەشیاهان
بە جورمی هەیبەت نیگا کەرد جە دوڕ
بە سەد پارەبی، هەر پارە پارە سەد سڕ
جە پارەی ئەوەلّ ئافتاب‌و مەهتاب
چەنی ستاران سازناش وەهاب
جە پارەی دووەم ئەرزو ئاسمان
ئاراستەی قودرەت حەیی لامەکان

---

• تیّبینی، ئێمە، لێرەدا واتای دێڕ یاخود دوو نیو دێڕ بە پێی ریزی فرەیژەکان لێك دەبنەوە بە مەبەستی ئاسانکردنیانو زۆر زوو تیّگەیشتنیان.

واتە:

- بە ناوی خوای هەزارو یەك ناوە
- یەك ناوی هەق وەك (الله) بەرامبەر بە هەزار ناوە
- تاك‌و تەنیا، بیّ خەو و خواردن
- یەکتاو بیّ هاوتاو نە لەکەس بووەو نە دەمریّ
- بە توانایاکی وەهایە کە دروستکەری هەموو شتێکە
- دروستکەری ئەرزو ئاسمانە
- لە یەك دانەی دوڕ لە بەحری بیّ پایان‌دا
- دروستی‌کرد، زینەتی هەمووشتیّ. یاخود، هەمووشتێك دروست کرد بە رازاوەیی
- بە چاوی هەڕەشە تەماشای دوڕی کرد
- دوڕە بووبە سەد پارچەو هەر پارچە پارچە تری لی بووەوە
- لە پارچەی یەکەم. رۆژو مانگ‌و ئەستێرەکانی دروست کردن
- لەپارچەی دووەم، ئەرزو ئاسمان
- بە لێهاتوویی زیندووی بیّ جێگەیی خۆی دروستی کردن

**پیرێك:-**

شەویێ جە شەوان نیشتەبیم زویر
دیم ئاما وە لام نوورانی یەك پیر
واتش: ئەی دەروون مەوجی زولاَلی
ئەحوالِی دەوران مەر نمەزانی
کۆن جەمشیدی جەم، کۆن کاوس و کەی(۷۳)
کۆن زاڵی رۆستەم، کۆن حاتەمی تەی
کۆ شی ئەسکەندەر، کەس نییەن دیار
کۆن ئەفراسیاب، کۆن ئەسفەندیار
کۆ شی کەیخەسرەو، کۆن خاقانی چین
کۆن ئەنەوشیروان، ساحیب عەدڵ و داد
کۆن عەشق مەجنون، کۆن زاڵی فەرهاد؟؟
فەرهاد کەی ئازار مەجنوونش کێشان
کەی جورعەی جەفای جەوری یار نۆشان
کەی جەفای تۆغیان. سەبوونانی گەرم
کەی سەردی تۆفان، زستان دی وە چەم!!

واتە:

- شەویێ لە شەوان بە زویری دانیشتبووم
- دیم، هاتە لام، نوورانی، یەك پیر،
- وتی: ئەی دەروون تاریك.
- ئەحواڵی دەوران، مەگەر نازانی
- کوا جەمشیدی جەم، کوا کاوس کەی
- کوا رۆستەمی زاڵ، کوا حاتەمی تەی
- بۆ کوێ چوو، ئەسکەندەر، کەس دیار نییە
- کوا ئەفراسیاب، کوا ئەسفەندیار
- کوا بارامی کۆر، کوا شای ماچین
- بۆ کوێ چوو کەیخەسرەو، کوا خاقانی چین
- کوا نەوشیروان، خاوەن عەدڵ و داد
- کوا عەشق مەجنوون، کوا زاڵی فەرهاد؟
- فەرهاد کەی ئازاری مەجنوونی کێشاوە
- کەی جەفای جەوری یاری نۆشیوە!
- کەی جەفای بێ پاپانی سەبوونی گەرم
- کە سەرماو تۆفی زستانی وە چاو دیوە!

**تۆماری لەیلیو مەجنوون:-**

ئەر مەبۆت رەوشەن، بە خەڵوەت دەروون
بوانە تۆمار لەیلیو مەجنوون
جەفای بێ شومار هەردووشان بەردەن
نامشان زیندەن نە چۆڵی مەردەن
هەر کەس بوانۆ سەرگوزەشتەشان
ئەر سەد بێ عەشق بۆ جامی عەشق نۆشان
تۆماری غەریب عەجایب خەتێ
هەر سەترێ تێدا سەد سیاسەتێ
بەر ئاوەرد وە بەر پیری نوورانی
واتش: بووانە دەروون زوڵاڵی
سەندم من تۆمار عەجایب خەتێ
سەرکێشام بەو سەتر پر سیاسەتێ
سەراسەر دەفتەر تۆمارش وانام
ئەوەڵێ تا ئاخر شەرحی حاڵێ زانام

---

واتە:

- ئەگەر رۆشن بێتەوە خەڵوەتی دەروونت
- بخوێنە تۆماری لەیلیو مەجنوون
- جەفای فرە زۆر، هەردووکیان کێشاویانە
- ناویان زیندووە، لە چۆڵی مردندا
- هەر کەسێ بخوێنێ، سەرگوزە شتەیان
- ئەگەرچی بێ عەشق بێ، عاشق دەبێ،
- تۆمارێکی سەیرو خەتێکی جوان
- هەر سەطری (دێڕێ) سەد مەینەتی تێدایە
- دەری هێنایە دەرەوە، پیری نوورانی
- وتی: بیخوێنەرەوە دڵو دەروون تاریك
- لێم وەرگرت، تۆمارەکە، عەجایب خەتێك بوو
- هەردێڕی لەو دێڕانە پڕ بوون لە مەینەت
- سەرانسەر دەفتەری تۆمارەکەم خوێندەوەو
- لە ئەوەڵەوە تا کۆتایی لێ تێ گەیشتم

گشت نویسرابێ جه خاتر جه خەم
پیری نوورانی پێوار بی نه چەم

سەرسام هۆرێزام نه خوابی راحەت
مەضموونی تۆمار نەکەردەم غەلەت
شەرحی سەر گوزەشت ئەوەڵ تا ئاخر
تەمام سەرانسەر وەنەم بی ظاهیر
هەرچی مەضموون بێ شەرحی ئی تۆمار
مەبۆ بشنەوان ، ئی یارانی یار

واتە :

ـ هەموو نووسرابوو (پڕ بوو) بە خاترو بە خەفەت (خەم)
ـ پیری نوورانی ، ون بوو لەبەر چاو

بە سەرسامی‌یەوە، هەڵستام لە خەوی خۆش
ناوەڕۆکی تۆمار ، نەکردم ، غەڵەت
شەرحی بەسەرهات ، لە ئەوەڵەوە تاکۆتایی
بە تەواوی سەرپاکی ، لێم بوو ، ڕۆشن
هەرچی ناوەڕۆکی بێ ، بەسەرهاتی ئەو تۆمارە
دەبێ ببیسن ، یارانی یار ( یاخود : دۆست )

## سەرەتای چیرۆك

لاویٚ بداران گۆش بە رازشان
بەدەردی هیجران، عیشوەو نازشان
خجستە نامیٚ پادشای عەرەب
ساحیب دەوڵەت‌و خەزانەو تەرەب
دارای دەماغ بەرز بوڵند ئیقباڵی بیٚ
جە قاروون فیشتەر بە گەنج‌و ماڵ بیٚ
ساحیب ئەرکان‌و بوزرك زادە بیٚ
جە نەسل شاهان پاك ئوفتادە بیٚ
ئەسل‌و نەجابەت ساحیب دەزگا بیٚ
جە شاهانی پیٚش بوڵند مەئوا بیٚ
سەر خیٚڵ‌و سالار مولکی عەرەب بیٚ
خادمی ئیخلاس کەعبەی شەریف بیٚ
سەرخیٚڵی حەوت‌سەد هەزار یانە بیٚ
هەر یانە ساحیب سەد خەزانە بیٚ

---

واتە:

- تاویٚ بگرن، گویٚ، بۆ رازیان
- بۆ دەردی دووری عیشوەو نازیان
- ناوداریٚك پادشای عەرەب
- خاوەن سامان‌و خەزنەو ئاهەنگ
- دەوڵەمەندی دەماغ بەرزی خاوەن پایە (چانس)
- لە قاروون زۆرتر گەنج‌و ماڵدار بووە
- دەست رۆیشتوو و گەورە زادە بووە
- نەجیب‌زادەو نەجیب‌و خاوەن دیواخان بووە
- لە شاهانی پیٚشینیەوە، ئەمەی بۆ بەجیٚ ماوە (خاوەن پایە بووە)
- سەرەك خیٚڵ‌و سالار (گەورە)ی مولکی عەرەب بووە
- خزمەتچی دڵسۆزی کابەی شەریف بووە
- سەرەك خیٚڵیٚ حەوت سەد هزار ماڵ بووە
- هەر ماڵی خاوەنی سەد خەزیٚنە (گەنجینە) بووە

هەر خەزانە چێش سەد هەزار تومان
نە داشت ئەوگەنجە پادشای ئۆمان
کوڵاو یاقووت و گەوهەرو مەرجان
جە لەعل و زومرووت، فەیرۆزەی زەرفان
جە سەب تا ئێوار سەد هەزار فەقیر
جە گەنج و یاقووت ئەو مەوەردەن سێر
مەبەخشان‌دا، جە حاتەم بیهتەر
بە وەقتی مەساف، سەف-ئاراو سەفدەر
سەد هەزار قەتار خەزێنەی وەش داشت
سەد هەزار غوڵام ئەسلی حەبەش داشت
سەد هەزار شوشتر تەمام سندوق - بار
هەر باریٚ بەهای سەد شاری بوڵغاز

---

واتە:

- هەر گەنجینەی بابی (تایبەتی) سەد هەزار تومەن
- نیەتی ئەو گەنجە پادشای عومان
- کڵاوی یاقووت و گەوهەرو شیلانی هەبوو
- لەعل و زومرووت و پیرۆزەش قاپی هەبوو
- لە بەیانییەوە تائێوارە سەد هەزار هەژار
- لە بەگەنج یاقووت، تێربان خواردووە،
- لە بەخشیندا، لەحاتەم زیاتر دەبەخشێتەوە
- لە کاتی شەردا، ئازاو پێشبڕەو بوو
- سەد هەزار قەتار خەزنەی جوانی هەبوو
- سەد هزار غوڵامی خەڵکی حەبە شەی هەبوو
- سەد هەزار حوشترو سندوق باریان هەبوو
- هەر باریٚ نرخی سەد شاری بوڵغار بوو

سەد هەزار شوشتر پەرندەی بێ پەڕ
ڕۆژی سەد فرسەنگ مەشین زیاتەر
بار کەردەن تەمام جە دانەی گەوهەر
دوڕو جەواهیر، یاقوونی ئەحمەر
سەد هەزار ئەسپان ڕەوەندەی هەوار
تەمام موکەممەل، حەمایل تەییار
جلشان ئەتلەس مەخمەڵی خارا
زەڕیافتی گران نادرەی شارا
سەد هەزار گەلە، مێش بەروار بێ
یەك جە یەك خاستەر تەمام دیار بێ
سەد هەزار ڕەمە گشت جە ما دیان
تەمامی بەدوو ئەسڵش کەحیلان
سەد هەزار کەنیز مەهرووی مەهجەماڵ
جەمین بە وێنەی ئاینەیْ زەلاڵ

---

واتە :

– سەد هەزار حوشتری ڕەوت خۆش (دەفڕین بە بێ باڵ) هەبوو
– ڕۆژی سەد فرسەنگ زیاتر دەرۆیشتن بە ڕێوە
– باری دەکردن بە تەوای لە دانەی گەوهەر و
– دوڕو گەواهێرو یاقووتی ئاڵ
– سەد هزار ئەسپی بەخێوکراوی هەواری هەبوو
– تەواو تەواوبوون، تەییار (ئازا، بەکار) و ئامادە بوون
– جلەکانیان (ئەسپەکان) ئەتلەس و مەخمەڵی خارا بوو
– چنرابوون بە سیمی زەردی گران (زەڕبافت)
– سەد هزار (گەلە) مێی دابەستەی هەبوو
– یەك لە یەك چاکترو تەواوتر دیار بوون
– سەد (هەزار (ڕەوگ) مایێ هەبوو (مایێ ڕەوگی هەبوو)
– مایێ کە حیلەی عارەبی .
– سەد هەزار کەنیزی مانگرووی مانگ جوانی (وەك مانگ جوان) هەبوو
– ئاوچاوانیان وەك ئاوێنەی سافو بێگەرد بوو

پی ئەور جە دەستوور دریا وە قەڵەم
بەڵیٚ سەدپایە زیاد بیٚ نەك كەم
حەرەم سەرایەش بەهەشتی ئێرەم
سەد پایە بەهەشت جە لای ئەو بیٚ كەم

## ژنەكەی

یەك حەرەمش بیٚ گوزیدەی عەرەب
ساف‌و سایەدار بە ئەسلٚ‌و نەسەب
گۆنا گولٚ تەبەق خالٚ زەرینگاری
دیدە سورمەرێز ئاهووی تەتاری
سەرتاپا بیٚ عەیب خالٚ خوا رەشتە
بە زاتی قودرەت نوور پێدا وەشتە
جە رێژەی رازان قەند مە رێژنا
رازی شیرینش (قەند) مە بێژنا

---

واتە :

- بەم جۆرە بەم دەستوورە لە قەڵەم درا
- بەڵی سەد پایەی زیاتر بوو نەك كەم
- كۆشكێكی بەهەشتی ئێرەمی هەبوو
- سەد پایە بەهەشت لەو كەمتربوو

- ژنێكی هەبوو سەرگوڵی ئافرەتانی عەرەب بوو
- جوان‌و رێك‌و پێك بە ئەسلٚ‌و نەسەب بوو
- سەركوڵمی وەك گولٚ (پەری‌گولٚ) و خاڵی زەڕین بوو
- دیدەی سورمەرێز بوون وەكو خاڵەكانی دەم‌و چاوی ئاسك
- سەرتاپی عەیبی تیا نەبوو ، خاڵی خوا رەشتبووی
- زاتی قودرەت نوور (رۆشنی)ی پێدا رژانووە
- لە گفت‌و گۆ كردن (رازكردن)دا ، شەكر لە لێوی دەبارێ
- رازی خۆشی ، شەكر دەبێژرێنێ

هەر وەقت ئاو مەدا موژانش یەقین
جە سام مەلەرزا هەفت تەبەق زەمین
وەقتی جوانیش ئافتاب دەستوور
بەڵکە ئافتاب جە لاش بیْ کەمنوور
شمارەی عومرش نەسەد بیْ فیشتەر
دایم داو مەکەرد چەنی شەوق خوَر
شەوو روَ نە فیکر یادگاریْ بین
فورزەندیْ صالح روتبەداریْ بین
هەرچەند بە پیران مەبەردان پەنا
هیچ حاسل نیەن بیْ رەزای خوا
چەند وەقت پەی فورزەند خاتر مەلوول بین
ئینتیزار بە لوتف رەبی جەلیل بین
رویْ سەحەر زوو خجستە غەمگین
واتش : یا کەریم رەبیەلعالەمین
هەر وەقت مەیلتەن کوللی گەدایی
مەکەری گەدا وە پادشایی

---

واتە :
- هەر وەختیْ دەمو چاوی بهێنابەتەوە یەك (درژبوایە)
- لە ترسی‌دا (لەسامی‌دا) حەوت تەبەقەی ئاسمان دەلەرزا
- لە جوانی‌دا وەك رۆژ وا بوو
- بەڵکو رۆژ بە لایەوە شۆڵەی کەمە
- تەمەنی سەدساڵیْ زیاتر بوو
- هەمیشە داوای (شەڕ) دەکرد لەگەڵ شۆڵی خۆردا
- شەوو رۆژ لەبیری ئەوەدا بوون (هەردووکیان)
- کەمنداڵیْ (کوڕێکی) صالحیان ، بیْ
- هەرچی پەنایان دەبردە پیرو شێخ
- هیچ نەبوو ، بەبیْ رەزامەندی خوا
- چەند وەختێکە بۆ کوڕ دڵتەنگ بووبوون
- چاوەڕوانی لوطفی خوای گەورە بوون
- بەیانیْ زۆر زوو ئەو دڵ غەمبارە
- وتی : یا کەریم رەبیەلعالەمین
- هەر وەختیْ مەیلت هەبە هەر گەدایی
- ئەو گەدایە دەکەی بە پادشاە

پایەش مەبەری وە چەرخی هەفتەم
مەبۆ وەسەردار خەڵقانی عالەم
زاتی قودرەتت بێ حەددو شومار
جە شومار فیشتەر بێ سەدو هەزار
ئاگا جە دەروون گشت دەردە داران
مراد دەهندەی گشت وایە داران
جە کەرەمی تۆ سا چێش مەبۆ کەم
بدەری پێمان تۆ بینایی چەم

## لەدایکبوونی مەجنوون

پیری گوزەشتەی ویەردەساڵم
ئینتیزار بە لوتف ساحێب جەلالم
طیفلێ جە دەرگات ئارەزووم کەردەن
بە یەقینی ساف پەنام ئاوەردەن
کەرەم دارەنی ، یا ساحیب کەرەم
بدەری پێمان یا خودای عالەم

---

واتە :

- پایەی دەبەیتە جەرخی حەوتەم (طەبەق حەوتەم)
- دەبێ بە سەرداری خەڵکی دنیا (عالەم = جیهان)
- لێها توویت بێ سنووررو فراوانە
- لە شوماری زۆرتر بەسەد هەزارانە
- ئاگات لە دەروونی هەموو دەردە دارێکە
- مراد دەری هەموو وادە هاتوێکی
- لە کەرمی تۆ چی کەم دەبێتەوە
- بدەی پێمان ئەی بنیایی چاوان

- پیرێکی لێ کەوتووی بە ساڵا چووم
- چاوەڕووانی لە گەورەییتان ئەکەم
- کوڕێک-م لە دەرگات ئارەزوو کردووە
- بە دڵێکی برواداری پاکەوە پەنام بۆ هێناوی
- کەرەم داری ئەی خاوەن کەرەم
- بدەی پێمان ئەی خودای عالەم

جه کانی رەحمەت قەترەی رەحمانی
وزی نە دەروون پەری نەفسانی
تاکه شوکرانەت زیاد بکەروون
بە یەقینی ساف نامت بیەروون
قەترەی جه رەحمەت ئاماش نە دەروون
ئەو قەترە وستش نە داوی مەجنوون
وادەی ئەو قەترە نۆ ماهە پەروەردش
بە وادەی نۆ ماهـ طیفلێ ئاوەردش
طیفلش جه طیفلی نووری قودرەت بیێ
جه لای خوداوەند ساحیب عیزەت بیێ
شەوق خۆر جەمین دانەی گەوهەر بیێ
ئاراستەی قودرەت دانای داوەر بیێ
دایە پێچناش بە حەریرەوە
بە بەرگی زەرباڤت بۆ عەبیرەوە
یاران شتشان بە مشك و گولاو
هۆرشان مەگرت وێنەی ئافتاو

---

واته :
– لە کانگای رەحمەت و کەرەمتەوە
– بخەیتە دەروونی – پەروەرە – منی پەروەرە
– تا وەکو شوکرانەی زیادت بکەم
– بە دڵی پاکەوە ناوت ببەرم
– قەترەیێ لە رەحمەتێ هاتە دەروونەوە
– ئەو قەترەی رەحمە مەجنوونی لێ پەیدا بوو
– ئەو قەترە (دڵۆپە) نۆ مانگی بردە سەر
– بە وادەی نۆ مانگ کوڕێکی بوو
– کوڕ چۆن کوڕ نووری خوا بوو
– بە لای خواوەندەوە عیزەتدار بوو
– شۆڵەی دەم و چاوی گەوهەر رەنگ بوو
– ئەمەش لە لای خواوە دراوە
– دایە ، پێچای بە ئاوریشمەوە
– بە بەرگی بە زەردچنراو بۆنخۆشەوە
– دۆستان شوشتیان بە ئاوی گولاوو میسك
– هەڵیان گرت وەکو خۆر

پۆل پۆل سەیر کەران مەیان تەماشا
موبارەك گۆیان بە فورزەندی شا
واتن : مەلەکەن ئامان جە بالاّ
ئادەم کەی دارۆ جەمینی لالاّ !
بابۆ چون چەممش گنا بە فورزەند
وات : شوکرم بە زات پاکی خوداوەند
موشکیلۆ نی طیفلە بیۆ پایەدار
بنیشۆ وە جام بیۆ بە سالار
ئیسە دیارەن ساحیب عەشق مەبۆ
نامو نیشانش وە سەرمەشق مەبۆ
وەنەم ئاگاهەن جەستەی پەشیۆش
چەنی مەبۆ هەم بار باری لێوش
دیەنم بە خواب شەرمی هیجرانش
جەفاهانی سەخت رۆزگارانش

---

واتە :

– پۆل پۆل تەماشاکەران دێنە سەیری
– موبارەك بادی بە فرەزەند (کور) دەکەن
– دەیانوت : فریشتەیە لە ئاسمانەوە باریوە
– ئادەمیزاد کەی دەمو چاوی وەهای هەیە (پاکوروشن)
– باوك کە چاوی بە کورەکەی کەوت
– وتی : سوپاس بۆ زاتی پاکی خودا
– موشکیلەیە ئەم کورە ببێتە پایەدار (گەورەبێ)
– بنیشێتە جێگامو ببێتە سەرۆك
– لە ئێستاوە دیارە عەشقن دەبێ
– ناوو نیشانی ئەو دەبێ بە سەرمەشقی عاشقانی دیکەش
– ئاگام هەیە بەدەنی پەشێوە
– خەفەت خواردنو سەرباری لێوانی
– دیومە بە خەو ، چۆنی‌ی لە دووری باری‌بەوە
– تووشی دەردیسەری رۆزگاری سەخت دەبێ

پیری پیرۆز بە بۆنەی حەوتەی
لە دایکبوونی کورەیەوە شاهان
بانگ دەکا

بابۆ کیاستش قەوم‌و قەبیلە
تا سەرحەدی شام پەی نی‌وەسیلە
تەمام عارەبان سەرخێڵی خوێەن
تا حەددی بولْغار عێراق‌و ئەرمەن
نامە کیانا پەی شای بوخارا
وەتاوو تەعجیل نە بۆش مودارا
نامەی جگەرسۆز پەریێ شای خاوەر
نامەش هەم کیاست بە شاهی قەیسەر
وەشای مەدینە بە شای میسرو شام
نامەی مەحەبیەت گردین کەرد تەمام
نویسا ، زینهار بەیان بە تەعجیل
چە ئەقرەباو قەوماو قەبایل

---

واتە :

- باووك ناردی بە دوای خزم‌و ئاشناو ناسراودا
- تا وەکو سنووری شام بۆ ئەم مەبەستە
- تەواوی عارەبان سەرەك خێلانی خۆتەن و
- تا سنووری بولْغارياو عێراق‌و ئەرمەنیا
- نامە نێرْرا بۆ شای بوخارا
- بە زووترین کات لێ‌و دوا نەکەوێ
- نامەی دڵسۆزانە بۆ شای خاوەر زەمین
- هەم دیسان ناردی بۆ شا قەیسەر
- بۆ شای مەدینە بۆ شای میسرو شام
- نامەی خۆشەویستی هەموولایەکی تەواو کرد
- نوسرا : دەخیل بە گورجی‌و پەلە بێن
- لە حزم‌و دۆس‌و هۆزگەل

به وادەی سیٚ رۆژ نەیجا حازر بان
فورزەندەی دارووش نامش بنیان
قاسیدان چاك روو نیان بە راهـ
هەر یەك روو نیان بە ماوای یەك شاهـ
سوپەردەن نامەی پیری خجستە
بە دەستی شاهان سەر بە مۆر بەستە
بە وادەی سیٚ رۆژ سوپای بیٚ شومار
حازربین جە لای پیری ئەنلوهـ دار
موافق دەفتەر ئاما نە قەڵەم
سیٚ سەد هەزار کەس بیٚ زیادو کەم
ئەساسەی تەعام هەفتەم گرت نە وەر

....................

کیانا ئاورد هەزار مەن جە قەند
یەك سەد هەزار مەن نەباتی پەسەند
سیٚ سەد هەزار مەن شەرابی ئاڵ رەنگ
خاسەی خولاسەی ئاوەردەی فەرەنگ

---

واتە :

- بە وادەی سیٚ رۆژ لەم جێگەیە حازر بن
- کورێکم هەیەو ناوی دەنێم
- قاقەزبەرانی باش رێگایان گرتە بەر
- هەر یەکە رووەو ولاٌتی شایٚ رۆیی
- نامەی پیریان گەیاندە جێگا
- بە دەستی شاهان سەر بەمۆرو بەستراو
- لە ماوەی سیٚ رۆژدا سوپای زۆر فرە (بیٚشومار)
- حازر بوو لە لای پیری خەفەتبار
- بە پیٚ دەفتەر کە سەر ژمێر کران
- سیٚ سەد هەزار کەس ئامادە بوو بوون بە بیٚ زیادوکەم
- ئامادە کردنی خواردنو خواردنەوە بۆ حەوتە بەم جۆرە بوو
- سوپا بەو جۆرە سەر ژمێر کراوە
- ناردی هێنایان ، هەزار مەن (مەن = ٣کیلۆ) شەکر
- یەك سەد هەزار مەن (نەبات)ی چاك
- سیٚ سەد هەزار مەن شەرابی رەنگ ئاڵ
- باشترین شەرابی فەرەنگی (فەرەنساوی)

کیانا ئامان مرطریبان هەزار
تەمام خۆش ئاواز ولأتی بولغار
سەد هەزار رەقاس مەهرووی .. مەهجەمالْ .
بە ئاهەنگ‌و ساز مەنیشتن وەهالْ
ئەوەلْ مەنۆشان شەرابی ئەلوان
پیالە نە چەم خەلّقان‌دا جەولان
نالەی مەیخۆران جە سندانە مشت
ساقی پڕ مەکەرد پەیاپەی پەیوەست
مەدان مەی نۆشان بادەی ئەرغەوان
ساقی جەمین ساف چون لالەی ریزوان
موطریبان نەوای نەغمەی زیل‌و بەم
سەداشان مەنیشت نە چەرخی هەفتەم
بە ئاهەنگی ساز دلْگوشای دولْبەر
مۆرغان مەرەقسان نە چەرخی ئەخظەر
دمای نۆشا نۆشی بادەی پاك‌و ساف
نەغمەی موطریبان ساقی سیم‌و ساف

---

واتە :

- ناردیان ، گۆرانی بێژیان هێنا هەزار
- زۆر خۆش ئاوازی ولأتی بولغاریا
- سەد هەزار ئافرەتی راقیصەی روو وەك مانگ زۆر جوانیان هێنا
- بە ئاهەنك‌و مۆسیقاو گۆرانی‌بەوە سازیان‌دا
- لە پێشەوە شەرابی هەمە رەنگ خورایەوە
- پیالەی شەراب‌و نەشەو خۆشی خستە بەرچاو
- گفت‌و گۆی سەرخۆشانەی مەیخۆرانی پەرداخ بە دەست
- مەیدەر (ساقی) پەرداخەکانی پەیتا پەیتا پڕ دەکردەوە
- بۆ مەی نۆشان لە بادەی ئەرخەوانی رەنگ
- ساقیەکان جوان سپی‌و سوور رەنگ (لالە) ئاسایی
- گۆرانی بێژو موسیقا ژەنەکان دەنگی بەزمی‌یان بەرز بوویەوە
- دەنگیان گەیشتبووە چەرخی حەوتەم
- بە ئاهەنگی بەسازو دلْگوشادکەر
- باڵندەو مەل‌و مۆر لە ئاسمانا کەوتبوونە سەما
- دوای خواردنەوەی بادە (مەی) پاك‌و خاوێن‌و
- بەزم‌و ئاوازی گۆرانی بێژانی رێك‌و پێك‌و جوان

فاریغ بیێ مەجلیس سەرخۆش بیێ جە مەی
دەماغی یاران چون کاوسی کەی
ئافتابەو لەگەن جە تەلاّی بیٚ غەش
پڕ ئاوی زەلاّڵ چون شیری بۆنخۆش
پێش خزمەت هەزار سالەی ئەتلەس پۆش
چوون شەماڵەی نوور ئاما نە خرۆش
ئاوەردن بە جەم مەجلیسی یاران
زینەتی عالم تەمام سەرداران
گردین بە ئەدەب دەست کێشان بە ئاب
وستێ (دەستر خوان) نمدارەی گولاّب
هەزار مورغ سیخ کەبکی خەرامان
هەفت سەد هەزار سەر بەرەی یەك دندان
هەزار سیخ گۆشت قاز، بی وە کەبابی
سەر سەبزو بورچێن بە تانی ئابی
یەك سەد هەزار مەن ئەناری ئابدار
سیٚ سەد هەزار مەن جە سێبی خونسار

---

واتە:

- مەجلیس و ئامادەبووان هەمووی سەرخۆشی مەی بوون
- لووتیان بەرز بوو بووەوە، خۆیان بە کاوسی کەی دەزانی
- ئافتاوەو لەگەنی لە تەلاّی پاك دروستکراو
- پڕ لە ئاوی پاك و پۆختەی سپی بۆنخۆش.
- خزمەتچیان بە هەزار تازە پیٚگەیشتوی ئەتلەس پۆش
- وەك فێنکی شەماڵ و رۆشنایی جم‌وجوولیان دەکرد
- هێنایان بۆ هەموو مەجلیس، بانگکراوان
- جوانترین شتیٚ کە لە عالەم بۆ سەردار بشیٚ
- هەموویان بە ئەدەبەوە دەستیان شۆری
- داپاتخست سوفرەی نان خواردنی گلاّو پرژێن کراو
- هەزار باڵندە (پەلەوەر) کەوی جوان کرابوون بە شیشا، (یاخود هەزار شیشەکەو)
- حەوت سەد هەزار سەر بەرخی یەکسالە
- هەزار شیش گۆشتی قاز کرا بە کەباب
- هەزار سەرسەوز (مراوی نێر) و بورچێن کران بە شۆربای
- یەك سەد هەزار ٣ کیلۆیی (مەن) هەناری ئاودار
- سیٚ سەد هەزار مەن سێوی لاسوورە

نارنج و لیمۆ هەزار مەن بەسەنگ
زەردووی زعفەران ولأتی فەرەنگ
سیٚ سەد مەن تەعام هەر گۆنە سەدرەنگ
نیان بە خوانان کارخانەی فەرەنگ
جە بۆی عەتری ساف میوەی رەنگاو رەنگ
سەر مەست بین مەجلیس جە بادەی فەرەنگ
نوقلٚو نەباتات هەزار تەبەق پەڕ
نیان نە ڕووی خوان زەڕنیشانی دوڕ
سیٚ سەد هەزار قاپ تەعامی خۆشبۆ
نە دلیٚ مەجلیس خەرمەن بی کۆکۆ
بوزرگان کیٚشان دەست بە ناوی خوان
موهەییا جە ناز نیعمەتی ئەلٚوان
چەنی گشت لوقمە شوکرانە کەردەن
جە باغی بەهەشت مەزید ئاوەردەن
پادشاو گەداو میسکینو فەقیر
تەمام جە تەعام رەنگاوڕنگ بین سیٚر

---

واتە :

- نارنج و لیٚمو سەنگی (کیٚشانە) هەزار مەن
- لەگەلٚ زعفەرانی زەردی ولاتی فەرەنگدا
- سیٚ سەد مەن خواردنی هەمە جۆر
- خرابە سەر سوفرەو خوانانی کارخانەی فەرەنگ
- لە بۆنی خۆشی میوەی رەنگاو رەنگ
- سەرمەست بون مەجلیس، لە بادە(مەی) فەرەنگی
- نوقلٚو نەبات، هەزار قاپ پڕ بوو
- لە لای خوانە زەڕنیشانەکانەوە دانرن
- سیٚ سەد هەزار قاپ پڕ بوون لە خواردنی خۆشبۆن
- لە ناو مەجلیس‌دا وەك خەرمان کۆ کۆ (دانرابوون)
- گەورە پیاوان دەستیان بۆ خواردن کیٚشا
- سەریان سوڕما لە نازو نیعمەتی خوا
- لەگەلٚ هەموو پاروویەك‌دا سوپاسگوزارییان دەکرد
- لە باغی بەهەشت‌دا، هەر زیادبیٚ
- پادشاد گەداو میسکینو هەژار
- تەواوی لە خواردنی رەنگاوڕەنگ تیٚر بوون

شوکرانەی نیعمەت (کردگار) کەردەن
شەرتی بەندەگی بە جا ئاوەردەن
دۆعای قاعیدەی سوفرە وەندشان
دەست بە دۆعاوە دۆعا کەردشان
واتن: یا کەریم کەرەم بێ شومار
یا ئەڵلاٚ فورزەند ببۆ پایەدار
گشت ئامین کەردەن پادشاو گەدا
هەر کەس جە لایێ مەکەردەن دۆعا
سەد هەزار دەروێش مێسکینو فەقیر
مونعیم بین جە ماڵ ئەو خجستەی پیر
سێ سەد هەزار ئەسپ وە پێشکەش کریا
سێ سەد هەزار رەخت وە فەقیر دریا

---

واتە :

- سوپاسگوزاری نیعمەتی خوا کرا
- شەرتی بەندەیی خۆیان بە جێ هێنا
- دۆعای سوفرەیان خوێندا (لە خوا بە زیادبێ)
- دۆعایان دەکردو دەستیان بۆ دۆعا کردن بەرز دەکردەوە
- وتیان یا کەریمی کەرەمداری بێ شومار
- یا ئەڵلاٚ ئەم کورە پایەدار بێ
- هەموویان: پادشاو گەداوە ئامینیان کرد
- هەر کەسێ لە لای خۆیەوە دۆعای دەکرد
- سەد هەزار دەروێشو هەژارو کەمدەس
- لەماڵی پیری خجستە یان دەست کەوت
- سێ سەد هەزار ئەسپ پێشکەش کرا
- سێ سەد هەزار (نوێن) بە سەر هەژاردا بە خشرایەوە

## «قسەی ئەستێرە ناسان»

ئاما کاهێنان ئەختەر شوناسان
گرد ئامان جەم بین تالیع شوناسان
ئەختەر شوناسان دیان بە ئەختەر
تەمام بە یەکجار سەر ئاوەرد وە بەر
واتشان: ئەی پیر خجستە مەقدەم
صەریح، نێ طیفلە عەقڵش مەبۆ کەم
سزا مەکێشۆ جەفاو دەردیسەر
ئەوسا شێت مەبۆ جە عەشق دوڵبەر
پاسە منانۆ ستارەو شومار
مەوینۆ فرزەند سزای بێشومار
بابۆ ئێد شنەفت جە دەمی کیتاب
واتش: خوایا پەنەم دای عەزاب
فورزەندێ خەڵەف واتم بە یەقین
چێش بێ گونای من رەبیەلعالەمین

---

واتە:

- هاتن: کاهینو ئەستێرەناس
- هەموویان جەم(کۆمەڵ) بوون تالیع خوێنان
- ئەستێرەناسان تەماشای ئەستێرەیان کرد
- تەواوی بە یەکجارێ سەری هێنابوویە دەرەوە
- وتیان: ئەی پیری‌خجستە (پیرۆز)
- بە ئاشکرایی ئەم منالە عەقڵی کەم دەبێ
- سزاو جەفاو دەردیسەری زۆر دەکێشێ
- ئەوسا لە عەشق دوڵبەردا شێت دەبێ
- وەها دەڵێ، ئەستێرە ناس
- دەبینێ فورزەندت سزایەکی زۆر زۆر، (سزایەکی زۆر دەبینێ)
- باوك ئەمەی بیست، لە دەمی کتێبەوە
- وتی: خوایا عەزابت دامێ
- داوای کوڕێکی باشم کرد کە جێگام بگرێتەوە
- گوناهی من چی بوو، رەبیەلعالەمین

دمای وەسوەسەی پیری خجستە
یاران واتشان: مەزلوومی خەستە
نامی فورزەندت مەبۆ بنریۆ
تاکە جە ئیان پیێ بەرپی نەبۆ
قەومان‌و خوێشان گرد کەردشان خەیاڵ
واتێ: فاڵ خاسەن، هەرچی مەبۆ فاڵ
سیێ جار فاڵشان وست ئەنە رووی کیتاب
هەر سیێ جار هەر (قەیس) ئاما نەکیتاب
عالمان زانا کیتاب نە چێشەن
واتێ: نیشانەی سیری عەشق پێشەن
ئاخر خوداوەند پەرێش نویسا
نامشان نیا (قەیسی دڵ - سیاە)
واتشان: فورزەندت عاشق بۆ لەیل
بە هیجرانی لەیل دەروونش بۆ کەیل
ئەداو بابۆ جە هیجران زەرد بۆ
جە رازی ناساز بەد ئەندێش مەبۆ

---

واتە:
- دوای دوانێ لەگەڵ دڵی خوی‌دا
- دۆستان وتیان: ئەی پیری ماندوو
- ناوی کوڕت دەبێ بنرێ
- تاوەکو لە ئیان پی بەرپی نەبێ
- خزم‌و کەس‌و کاران وا بیریان کردەوەو
- وتیان: فاڵ باشترە هەرچی چونێ دەبێ
- سی‌جار فاڵچی تەماشای ناو کتێبی‌کرد
- هەر سیێ جارە هەر ناوی (قەیس) دەر چوو
- زاناکان زانیان کتێبەکە چی دەڵێ
- وتیان: ئەم ناوە نیێنی عەشق پێیە
- ئاخر، خوای گەورە بۆی وا نووسیوە
- ناویان نا (قەیس - ی دڵ - سیاە)، یا (قەیسی دڵڕەش)
- وتیان کوڕت عاشق (لەیل) دەبێ
- بە دووری لەیل زۆر زویرو نارەحەت دەبێ
- دایك‌و باوك لە دووریی زەرد دەبن
- لە سەرگوزەشتەی ناسازی کوڕەیان نارەحەت دەبن

## «سەرەتای سەوداو نەخۆشی مەجنوون»

نە فیکرو خەیالْ فیکری مەجازیی
تا کە حەق جە ئەو ئەو جە حەق رازیی
پەریْ لەیلیْ بیْ زاریو شیوەنش
جەمینی زولاْل زولْفی سۆسەنش
یارانی سەرخێلْ قەومو ئەقرەبا
تەمامی لووان، بەو جاگەو مەئوا
ئەداو بابۆی قەیس مەندەن پەی ئازار
ئازاری بیْحەد جەفای بیْ شومار
گاهـ خۆش دەماغ بین، گاگا خەندەران
گاهـ شینو ماتەم، جە داخی هیجران
هەردوێشا بەرگی ماتەم پۆشان
جە داخی فورزەند دەروونشان جۆشان
هەرجا عالمیْ دانشمەندیْ بیْ
حەکیمی حاذِقان هۆشمەندیْ بیْ

---

واتە :

- (مەجنوون) لە بیرو خەیاڵی عەشقی مەجازیدا
- تاوەکو حەق لە ئەوو ئەویش لە حەق رازی بیْ
- بۆ لەیلیْ بۆ گریانو شیوەنی
- بۆ دەمو چاوی پاکو رۆشنو زولْفی سۆسەنڕەنگی
- دۆستانی خێڵەکەی لە خزمو کەسو کار
- هەموویان بۆ جێگای خۆیان گەرانەوە
- دایكو باوکی قەیس مانەوە بۆ ئازارکێشان
- ئازاری بیْ سنوور، جەفای زۆر فراوان
- دەمیْ دڵیان خۆش بوو، دەمیْ دەم بە خەندەوە
- دەمیْ گریانو ماتەمی لە داخی دووری
- هەردووکیان رەشیان کردە بەر
- لە داخی کورەکەیاندا دەروونیان جۆشی دەخوارد (دەسووتا)
- لە هەر جێگایەکدا زانایی ژیریْ دەبوو
- حەکیمیْ، دەردە زانیْ، هۆشیاریْ، دەبوو

دادیٚ حاڵی قەیس مەواچیٚ پێشان
ئەوان بە کیتاب تالیع بەدیشان
کیتاب مەنمانا عیلاج نەبۆ
زیاتەر مەبۆ دەردش رۆ بەرۆ
طالیعش پێسە مرمانیٚ رۆ رۆ
عەشقش زیاد بۆ فامش کەم مەبۆ
قاسیدان خەبەر مەدان وە بابۆش
ئاوارەی عەشقەن هیچ نییەن داروٚش
دوو ماە پی وێنە زاری مەکەردش
جە داخی لەیلیٚ هووناو مەوەردش
پەی جەمینی لەیل زاریو شینش بیٚ
پەژارەی شیوەن لەیل نەدینش بیٚ
دونیاو دینی قەیس جەمینی لەیل بیٚ
جە نەدینی لەیل ئەسرش چون سەیل بیٚ
قەیس سیٚ ساڵە بیٚ ئەو جە عەشق لەیل
مەناڵاٚ بە سۆز مەگرەوا چون سەیل

---

واتە :

- دایکی (قەیس) حاڵی قەیسی پیٚ دەوتن
- ئەوانیش، تەماشای دەمی کتێبیان دەکرد
- کتێب وای دەردەخست کە چارەسەر ناکریٚ
- دەردی رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبیٚ
- چارەنووسی وا پیشانی دەدا، کە رۆژ بە رۆژ
- عەشق زیاتر دەبیٚو فام (تیٚگەیشتنی)کەمتر دەبیٚ
- پەیام هێنەران، هەواڵیان دایە باوکی
- کە (قەیس) ئاوارەی عەشقەو هیچ چارەسەری نییە
- دوو مانگ بەو جۆرە زاری دەکرد
- لە داخی لەیلیٚ خوێناوی دەخواردەوە
- بۆ دیمەنی لەیلیٚ زاریو گریانی بوو
- شیوەنی دەکرد چونکە لەیلیٚی نە دیبوو
- دنیاو دینی قەیس دیتنی روومەتی لەیلیٚ بوو
- لە نە دیتنی لەیلیٚ فرمێسکی وەك لافاو وا بوون
- قەیس سیٚ ساڵە بوو، لە عەشق لەیلیٚدا
- دەناڵی بە سۆز، دەگریا وەك لافاو (فرمێسکی دەرژان)

عەشق لەیل ئاما جا گرت نە دەروون
غەمبار بیٚ وەنەش چون کۆی بێستوون
ئەوەڵ عەشق بە قەیس بەخشا خوداوەند
ئەوسا جە لەیلیٚ تاب‌و تاقەت سەند
یەك نیمە جە عەشق نیمیٚ جە خەمان
یەکیٚ دا بە قەیس نیمیٚ بە جیهان
بە وادەی سیٚ ماه زایەڵەو پەشێو
بە سۆز مەگرەوا بیٚ قەرارو جێو
دایە پەی فورزەند سوورەت پارەکەرد
دەروونش پەی قەیس پڕ پەژارە کەرد
شەوو رۆ جە داخ فورزەند مەناڵاْ
ناڵەش مەیاوا وە عەرشی باڵاْ
بابۆ هەراسان جە یانە بێزار
مەناڵاْو مەوات: یا پەروەردگار
یا مەرگ بە تەعجیل بکیانە بەسەر
یا رەحمیٚ خەیریٚ بە فورزەندم کەر

---

واتە:

- عەشق لەیلیٚ هات‌و لە دەروونی‌دا جێگەی گرت
- خەم‌و پەژارە کۆ بوویەوە بە قەدەر شاخی بێستوون
- یەکەم‌جار عەشق بە قەیس بەخشی خوداوەند
- ئەوسا لە لەیلیٚ-شی، بیٚ ئارامی سەند (لەیلیٚ شی بیٚ ئارام کرد)
- نیوەی هەموو عەشق، نیوەی هەرچی خەمان هەیە
- نیوەیەکی دا بە قەیس‌و نیوەکەی تریشی بە جیهان
- بە وادەی سیٚ مانگ، بە زایەڵەو پەشێوی
- بە سۆز دەگریاو ئارامی نەبوو لە جێگایەك‌دا
- دایە بۆ کوڕەکەی دەم‌و چاوی خۆی ڕنی
- دەروونی بۆ قەیس پڕی پەژارەی کرد
- شەوو رۆژ لە داخی فورزەندی‌دا دەیناڵاند
- ناڵەی دەگەیشتە عەرشی ئاسمان
- باوك هەراسان بوو لە ماڵ بێزار بوو
- دەیناڵاندو دەیوت: یا خوای گەورە
- یا بەخێرایی گیانم بکێشە، یا (مەرگم بۆ بنێرە)
- یا رەحمێکی خەیر بە کوڕەکەم بکەیت

نە داروون تاقەت من پەریٚ فورزەند
ئەی خوای گەورە سزام تا بە چەند ؟

## هاتنی لەیلیٚ بۆ لای مەجنوون

رویٚ جە ناکاو لەیلیٚ پەی کاریٚ
ئاما دیش کە قەیس مەگرەوۆ زاریٚ
مەگرەوا بە سۆز زار زار مەناڵا
خاکی رووی زەمین بە روخ مەماڵا
هەم ئاخ مەکێشا جە سۆزی دەروون
جە دیدەش مەشیی سەیلی ئاب‌و هوون
سیٚ ساڵەگی بیٚ لەیلیٚ عامری
بە جەمالٚ وێنەی شەمسی خاوەری
جە سیٚ ساڵەگی شوعلەی جەمینش
مەدرەوشا چون شەوق مای هەفتەمینش

---

واتە:

– ئارام بۆ فورزەند نەماوە
– ئەی خوای گەورە سزام تاکەی دەدەی بەم جۆرە
– رۆژێ لە ناکاو لەیلیٚ بۆ ئیشیٚ
– هات‌و قەیس دی دەگریا
– بە سۆزەوە دەگریاو دەناڵا
– گڵی رووی زەوی بە روومەت دەماڵی
– هەم ئاخی لە سۆزی دەروون‌دا هەڵدەکێشا
– لە دەم‌و چاوی‌دا لافاوی ئاوو خوێن بەر بوو بوو
– سیٚ ساڵە بوو تەمەنی لەیلیٚ‌ی عامری
– بە جوانی وەك خۆر بوو
– لە سیٚ ساڵیدا رۆشنایی دەم‌و چاوی (نێوچاوانی)
– لە شۆڵەدا وەك مانگی‌چواردە دەدرەوشایەوە

خاڵانی خوردەی دەورانی جەمین
سۆما سەند جە نوور شەمسی خاوەرین
زوڵفانی موشکین سیای قەترانی
بەیزانی سەودای سیا زوڵانی
جە ڕێزەی ڕازان شەربەت مەرێزا
ڕێزەی ڕازانش شەربەت مەبێزا
هەر وەختێ لەیلێ مەدیا بە لاوە
قاڵب بێ ئەرواح مەمەند بە پاوە
لەیلێ کناچەی شێخی عەرەب بێ
شەریف یانەی، خێڵی ئەدەب بێ
سەرخێڵی تەمام عەرەبستان بێ
نادرەی نەدیم دەورەی زەمان بێ
بە ئەدەب دەس بەرد بە سینەی قەیس
زاری بەتاڵ کەرد وێنەی شیفاو بەس
قەیس چون نیگا کەرد بە جەمینی لەیل
ڕەنگاو ڕەنگ ڕەژیا چون شەوق سووەیل

---

واتە:

- وردە خاڵانی دەورووپشتی تەوێڵی
- خۆری کوێر کردبوو (ڕووناکیان لە ڕۆژ بڕیبوو)
- زوڵفی ڕەش دیزی بۆنخۆش
- سپی دەم چاوی و ڕەشی زوڵفانی
- لە کاتی گفت و گو کردندا شەربەت دەرێژا (دەکەوتە خوارەوە)
- ڕاز کردنی (گفت و گۆکردنی) و شیرینی یان شەربەت دەبێژرێن
- هەر وەختێ لەیلێ، لای بە لاوە بکردایە
- بەدەن بەبێ ڕۆح بە پێوە دەمایەوە – (وشك دەبوو)
- لەیلێ کچی شێخی عارەب بوو
- لە خێزانێکی بەشەرەف و بە ئەدەب بوو
- سەرەك خێڵی تەواوی عەرەبستان بوو
- هەڵکەوتوو (لەیلێ)ی زەمانە بوو
- بە ئەدەبەوە، دەستی برد بۆ سینگی قەیس
- قەیس لە گریان و زاری وەستابەوە
- قەیس کە دەم و چاوی لەیلێ چاو پێ کەوت
- ڕەنگاو ڕەنگ وەك شۆڵەی ئەستێرەی سیوەیل ڕەژاوە

پەیاپەی زوڵفان مەکەروش وە بۆ
دەست پێچا وە زوڵف سیای ئەشەدبۆ
دەمێ لاوناش بە لەفزی شیرین
مەدا بە دەستش زوڵفان عەنبەرین
قەیس ، حەیرانیَ رەنگ شەمسی خاوەر بیَ
جە سۆزی دەروون دەردش بەتەر بیَ
زاریش بەتاڵ کەرد مەیلش‌دا بە لەیل
رەنگاو رەنگ رەژیان بە وێنەی سووەیل
دادیَ (لەیل) ناگا نامیَ لەیلیَ بەرد
نیاش بە زەمین، کێشا ئاهی سەرد
قەیس دیش لەیلیَ وەنەش پێوار بی
ئەو پێوار وێنەی نەشتەری خار بی
دیسان زایەڵەو شینو زاری کەرد
جەماڵی لەیلیَ عەقڵو فامش بەرد
بە سۆز مەناڵا پەیاپەی پەیوەست
لەیلیَ ئەو مەدی هەم مەگرتش دەست

---

واتە:
– پەیتا پەیتا بۆنی زلفانی دەکرد
– دەستی پێچا بە زوڵفە بۆ نخۆشە کانیەوە
– دەمیَ (ناویَ) بەگفت‌و گۆی خۆش دەیلاواندوە (لەیلیَ مەجنوونی دەلاواندەوە)
– دەیدا بەدەستیەوە زوڵفی بۆ نخۆشی
– قەیس عاشق رەنگی خۆری بوو
– لە سۆزی دەروونی‌دا، دەردی زۆرتر بوو
– شیوەنی بەتاڵ کردو مەیل‌دا بەلەیلیَ
– رەنگاو رەنگ وەك سیوەیل رەژیا
– دایکی لەیلیَ لە ناکاو ناوی لەیلیَ هێنا
– قەیس، سەری نایەوە سەر زەوی‌و دەستی کرد بە هەناسە هەڵکێشان
– قەیس، کەدی لەیلیَ‌ی لەبەرچاو ون بوو
– ئەو ون بوونە بۆی وەك نەشتەر بوو کە بدا لەدڵی
– دیسان زایەڵەو شیوەنی دەست پیَ کردەوە
– جوانی لەیلیَ عەقڵو تیَ‌گەیشتنی‌ی برد
– بە سۆزەوە پەیتا پەیتا دەیناڵی
– لەیلیَ کە وا مەجنوونی ئەدیەوە دەستی دەگرت

قەیس دیسان مەدی جەماڵی لەیلا
هەم ساکین مەبیٚ ئاد جە واوەیلا
لەیلیٚ مەگرتش وە بانی چەمان
مەدا وە دەستش دوو لیمۆی پەنهان
قەیس مەگرتش دەس وە بانی بەیا
هەم ساکین مەبی ئاد جە واوەیلا
قەیس کە دەس وزۆ وە بانی دوو بەی
لەیل لەنجە کەرۆ مەواچی حەی حەی
وات: بە دایەی قەیس، لەیلیٚ بیٚ ئارام
مەیلی قەیس بییەن وە پابەندی پام
دیارەن چەمش مەیلی عەشق دارۆ
هەر دەم مەمانم قەیس کە بەر مارۆ
دایە وات: طیفلەن عەشق نمەزانۆ
مەمەت وە مەمەی دایە مزانۆ
پاسە مزانۆ مەمەی دایەشەن
ئەو مەیلو سوحبەت دایکی پێشەن

---

واتە:

- قەیس دیسان جوانی لەیلیٚی دەدی
- لە واوەیلاو زاری‌یەکەی دەنیشتەوە
- لەیلیٚ دەستی قەیس دەخستە سەر چاوانی
- دەیدانیٚ (بە دەستیەوە) هەردوو لیمۆ پەناواکییەکانی (نهێنیەکانی)
- قەیس کە وەختیٚ دەستی دەخستە سەر بەبانی لەیلیٚ
- دیسانەوە شینو زاری واز لیٚ دەهێنایەوە
- قەیس کە دەستی دەخاتە سەر دوو بەهێکە
- لەیلیٚ لەنجە دەکاو دەڵیٚ: حەی‌حەی
- وتی: بە دایکی قەیس، لەیلیٚ بیٚ ئارام
- مەیلی قەیس منی بەستووەتەوە
- دیارە چاوی مەیلی عاشقیان هەیە چونکە
- هەموو وەختیٚ مەمانم دەردینیٚ
- دایە وتی: مناڵە عەشق نازانیٚ
- مەمکت بە مامکی دایکی دەزانیٚ
- وا دەزانیٚ مەمکی دایکیەتی
- ئەو هەڵس و کەوتی مناڵی پێیە

لەیل وات: بە یەقین ئەمن مزانوو
مەیلی عەشق دارۆ، بە من مێهانۆ
دیەنم بە خواب من فورزەندی تۆ
چەنیم مەکەرۆ زایەڵەو رۆ رۆ
نمازۆ ساکین شەوان جە ناڵین
غافلنەمەبان ئەسرین جە باڵین
تۆ نمەزانی سیڕڕی دەروونش
فەریادو فوغان ئەسرینی هوونش
دادیٚ (لەیل) ئاما بانگی (لەیلیٚ) کەرد
مەجنوون هۆرکێشا هەناسانی سەرد
لەیلیٚ چەنی قەیس بی بە هام گرەو
قەیس بیٚ ئارام بی مەگرەوا بە شەو
هەر سات وە رەنگیٚ دوور نەبێ جە هەم
تاکەساڵەی قەیس یاوا بە هەفتەم
جە هەفت ساڵەگی عەشقش خرۆشا
دەروونش پەڵاس پەی لەیلیٚ پۆشا

---

واتە:

- لەیلیٚ وتی: بە دڵنیایی من دەزانم
- مەیلی عاشق هەیەو دڵی لە لای منە
- بەخەو دیومە، کوڕەکەی تۆ
- لە گەڵما بەشداری خەمو پەژارە دەبیٚو
- بە شەوان هەر دەناڵێنێو
- لە سەر سەرینەوە فرمێسکان هەر دەرێژێ نێ.
- تۆ نازانی سیرری دەروونی (کورەکەت)
- چۆن عاشیقەو ئەناڵێنیٚو فرمێسکی خویناوی دەرێژیٚ
- دایکی لەیلیٚ هاتو بانگی لەیلیٚی کرد
- مەجنوون هەناسەی ساردی هەڵکێشابەوە
- لەیلیٚ لە گەڵ قەیس دا بوون بە هاو پەیمان
- قەیس بیٚ ئارام بوو هەر بەشەو دەگریا
- هەردەمیٚ بە جۆریٚ لە خەفەت دوور نەبو
- تاوەکو تەمەنی قەیس گەیشتە حەوت ساڵ
- لە حەوت ساڵیدا عەشق خرۆشا
- دەروونی بۆ لەیلیٚ رەش بوویەوە

نە تاقەت نە سەبر نە قەرار نە هۆش
جە عەشق لەیلیٚ ئاد، ئاماوە جۆش
مەدا بە سەردا بە ئاوازی بەرز
مەوات: یاساحیب سەماوات و ئەرز
من تا زیندەنان مەیلم ها بە لەیل
ئەو باڵا نەمام، ئەودیدە سووەیل
دین و دنیای من تەماشای باڵاش
کەمەندانی خاو قەترانی ئاڵاش
سوجدەی قیبلەگام ئاستانەی لەیلەن
رۆی رەوشەن جە لام بیٚ ئەو چون کەیلەن
چون شەبی زوڵفات رۆی رووناکیمەن
دینش سەرمایەی زیندگانیمەن
من باڵای لەیلیٚ دین و دنیامەن
زینەتی دوونیا بیٚ ئەو حەرامەن

---

واتە:

- نە ئارامە نە سەبر، نە تاقەت نە هۆش
- لە عەشق لەیلیٚ‌دا هاتبووەوە جۆش (گڕی گرتبوو)
- دەیدا بە سەری‌دا، بە دەنگی بەرز
- دەیوت: ئەی خاوەنی سەماو زەوی
- من هەتاوەکو زیندووم مەیلم هەر بە لەیلیٚ داوە
- ئەو (لەیلیٚ) باڵا نەمامە، ئەو دیدە سیوەیل رەنگە
- دین و دنیای من تەماشای باڵای ئەوە
- تەماشای زوڵفانی قەترانی خاوی بکەم
- سوجدەگام بەر دەرگای ئەوە
- رۆژی رۆشن بەبیٚ ئەو لای من تاریکەشەوە
- چونکە شەوی تاریك رۆژی رووناکیمە
- دینی سەرمایەی زیندگانیمە
- من دین و دنیام باڵای لەیلیٚ - یە
- زینەتی دونیا لای من بیٚ ئەو حەرامە

## بێ ئارامی لەیلێ لە دووریی مەجنوون

لەیلێ جە هیجران قەیس ئەندوە بار
رۆی رۆشن جە لاش چون زوڵماتی تار
خەیاڵش چون نەخش نە دڵ کەندە بێ
قەرارو ئارام پێش نەمەندەبێ
هەر رۆی سەد جار بەڵکە زیاتەر
مەشی وە لای قەیس مە نیشت بەرابەر
لەیلێ وات: هەر کەس چەم بەخەم بدۆ
ناپوختەن عەشقش بە درۆ کەرۆ
مەکەردن بە هەم نێ عەهدو پەیمان
بەرابەر بە هەم تەماشای جیهان
بە رویێ سەد جار قەیس لەیلش مەدی
هەم فیشتەر موحتاج دیەی باڵاش بێ
لەیل جە قەیس فیشتەر عەشقش خرۆشا
دەروونش پەی قەیس چون مەجمەر جۆشا

---

واته:

- لەیلێ لە دووری قەیسی خەمبار
- رۆژی رووناکی لە لا بووە بە شەوە زەنگ
- وەکو نەخش خەیاڵی مەجنوونی لە دڵی خۆیدا هەڵکەندبوو
- سرەوتو ئارامی نەبوو
- هەر رۆژێ سەد جار بەڵکو زیاتر
- دەرۆیشتە لای قەیسو بەرامبەری دادەنیشت
- لەیلێ وتی: هەر کەسێ چاوی بچێتە خەوەوە
- ناپوختەیە عەشقیو درۆ دەکا
- بەم جۆرە پەیمانیان بەستەوە
- بەرامبەر دنیاو هەتا ماون
- تا رۆژی سەد جار قەیس لەیلێ بدیبایە
- زیاتر لەوە موحتاجی (لەیلی) دەبوو
- لەیلێ زیاتر لە قەیس عەشقی خرۆشا
- دەروونی بۆ قەیس وەك گڕی لێ هاتبوو

نە خوابو نە خۆر نە سەبرو ئارام
مەنیشتن بە شاد مەکەردن کەلام
عەشق ئاما جاگرت نە دەروونشان
بی وە پەژارەو زاریی‌و شینشان
ساڵی لەیل یاوا بە نۆ ساڵەگی
دەماغ بەرد وە بورج خورشید پایەگی
جەمین وێنەی جام جەمشیدەی دەوران
پایە بەرد جوانیش جە حوری رێزوان
جە لادا جەمین زوڵفان وست وە پێڵ
پەی قەزای قاتڵ قەیسی هەردەگێڵ
مۆژان ساوکێشا بە مەیل‌و مەودا
پەی قەزای قەتل قەیسی پڕ سەودا
ئەبرۆ کەرد پەی قەیس کەمانی پڕپەی
حەڵقە حەڵقە کەرد زوڵفان وێنەی نەی
دیدە سیاکەرد بە سورمەی کۆی توور
تاکە بە دیدەش مەیل کەرۆ مەجنوون

---

واتە:

- خەو و خۆراکو سەبرو ئارامیان لێ برابوو
- شادییان ئەوەبوو پێکەوە دابنیشتنایەو قسەیان بکردایە
- عەشق هات‌و لە دەروونیان جێگیر بوو
- بوو بە هۆی پەژارەو شینی دەروونیان
- تەمەنی لەیلێ بوو بە نۆساڵ
- دەماخی بەرزبوویەوە بەرەو رۆژ
- دەم‌و چاوی وێنەی جامی جەمشید بوو
- لە جوانی‌دا بوو بە حۆری بەهەشت
- لە دەم‌و چاوی زوڵفی لاداو خستی بەسەر شانی‌دا
- بۆ کوشتنی قەیسی هەردەگێڵ
- برژانگی درێژو رێك بوون بە مەبەستی خۆشەویستی‌یەوە
- بۆ کوشتنی قەیس نەخۆش
- بۆ قەیس برۆکانی کرد بە کەمانی چاك
- زوڵفی پێچاوپێچ پێچیان خواردبوو
- چاوی بە کل رەشتن
- تاوەکو مەجنوون زیاتر حەزی لە دەم‌و چاوی بێ

سەر تا پاش جوان رەشتەی ئیلاهی
عاشق باڵاش جە (مەە) تا (ماهی)
مینانا بە قەیس شێوەی خاڵ‌و خەت
قەیس بێ هۆش مەبی چون ماهی نەشەت

## خەتەنە سوورانی مەجنوون

پیری خجستە دەروون پڕ مەینەت
ئاوەردش بە دڵ قەیس کەرۆ سونەت
بە شەرت‌و ئەرکان قاعیدەی قەدیم
سونەتی دەستوور شەرعی ئیبراهیم
کیانا ئاما ساحیبی بوڵغار
پانسەد هەزار مەرد سەرخێڵی سالار
پانسەد جە یەمەن قەوم‌و خوێش‌و فەرد
پیری خجەستە گردین تەڵەب کەرد

---

واتە:

– سەر تا پای (لەیلێ) جوان رەشتنی خوایی
– عاشق باڵای (لەیلێ) لە مانگەوە تا وەکو (ماسی) یاخود (گای‌ماهی) کە گوایا زەوی وا بەسەر ئەوە وە وێستاوە
– خۆی پیشانی قەیس‌دا خەت‌و خاڵ‌و دەم‌و چاوە رۆشنەکەی پیشانی قەیس دەدا)
– قەیس وەك ماسی ناو ئاو کە(دەوەستی‌و جم‌و جووڵ ناکا) بێ هۆش دە کەوت.
– پیری پیرۆزی دەروون پڕ لەمەینەت
– هێنایە دەروونیەوە (دڵیەوە) کە قەیس خەتەنەبکا
– بە پێی نەریتی پێشینان
– سونەتە لە دەستووری حەزرەتی ئبراهیم خەلیلەللادا
– ناردی وپیری پیرۆزی خاوەن دەسەلات) ساحیب (گەورە) ی بوڵغاریا هات
– پێنج‌سەد هەزار مەردی سەرەك خێڵی گەورە
– پێنج‌سەد لە یەمەن لە خزم‌و کەس‌و کار
– پیری پیرۆز هەمووی داوا کردن

پانسەد تایفەی قەومی ئیسماعیل
ساحیبی ئەرکان ئەمینی خەلیل
سیٚ سەد جە ئەرمەن عیراق هەم سیٚ‌سەد
جە شام‌و شیراز یاوا بە پەنسەد
پانسەد هەم جە میسر بەڵکە زیاتەر
جە رۆم‌و رۆمات تا موڵکی خاوەر
دوو پەنسەد هەزار مەردانێ نامی
بە شان‌و شەوکەت جەمشیدی جامی
غەیر جە ئەقربای قەومی مەدینە
سەرخێڵ‌و سالار خوێش‌و قەرینە
تەمام خەلایق چوار ئەتراف جەم بی
رووی زەمین گوڵزار باغچەی ئیرەم بیٚ
زەمین لالەزار جە چەشمەی ئەتڵەس
پادشاو گەدا گرت نە سەحرای نەجەف
سەف ئارا سەفدا هەر سەفیٚ سەد سەف
خەیمەو خێوەتان کێشان‌شا تەناف

---

واتە :

- پەنسەد لە تایفەی ئیسماعیل
- کوری حەزرەتی ئیبراهیم
- سیٚ سەد لە ئەرمەنستانەوەو لە عیراقیشەوە سیٚ‌سەد
- لە شام‌و شیراز هەم گەیشتنە پێنج‌سەد
- پێنج سەد میسرو بەڵکو زیاتریش
- لە رۆم‌و دەوروپشتیەوە تاوەکو موڵکی خاوەر
- دوو پێنج سەد هەزار لە مەردی ناودار
- بە شان‌و شەوکەت وەك جەمشیدی جەم وا بوون
- جگە لە خوێشان (خزمان) ی خەڵکی مەدینە
- کە سەرخێل (سەرەك خێڵ) و گەورەن‌و خزمن (خزمی خۆیانن)
- خەڵك لەهەر چوار لاوە هەمووی لەویٚ کۆ بوونەوە
- رووی زەوی وەك گوڵزاری باغی ئیرەمی لیٚ هات
- زەوی رازایەوە بە چاووگی (سەرچاوە) ئەتڵەس
- بە پادشاو گەداو دەوڵەمەندو بیٚ دەسەوە
- سویا لە بیابانی نەجەف‌دا قەراری گرت
- سەف سەف وێستابوو هەر سەفیکیش سەد سەفیٚ بوو
- خەیمەو خێوەتیان هەڵدا

سەد فورسەخ فیشتەر جە خەیمەی زەڕباف
جە شەوق خەیمەی زەڕبافتی ئالاّ
ئەتلەس‌و حەریر شالّی بوخارا
سارا بی بەهەشت سانی جە ئەو دەم
زینەت سەما سەند جە شەوق ئەنجوم
هەرکەس کە مەدی ئەو سوپا قشوّن
ئەو خەیمەو ئالاّو ئەسلەح جەو شوّن
حەیران بی‌و سەرسام مەپەرسیّ چێشا
نیّ تەدارەکە گردین پەی کێشا !
زەلزەلەی غەوغای خەیمە نشینان
نازك گریشمەی مەهتاب جە بینان
نەعرەتەی ئەسپان نزیك بەحرو بەڕ
مەدا نیشانەی زەلزەلەی مەحشەر
جە تەرسای چنگ‌و چنگالّی شاهین
بولبول‌و قومری‌و ژەرەژ ماتەم بین
نە مەبوّ سەنای ئەو روّژە کەردەن
نمەبوّ تەمام تا بە رووی مەردەن

---

واتە :
– سەد سەعاتیّ ریّ هەر دەوارو خەیمەی زەڕبافتی ئەوان بوو
– لە شەوق خەیمەی زەڕبافتی ، رەنگاو رەنگ‌دا
– هی ئەتلەس‌و ئەوریشم‌و شالّی بوخارادا
– سارای نەجەف بووە بە هەشتی دووەم
– شوّلەو جوانی ئاسمان‌و ئەستیرەکانی کز کردبوو (نەهێشتبوو)
– هەر کەسیّ ئەو ئوورد‌وو ئووردوگایە دەدی
– ئەو خەیمەی ئالاّو والاّنەو ئەو چەك‌و کەل‌و پەلەی لەو جێگایەدا
– حەیران‌و سەرسام دەبوو هەر کەسیّ دەیپرسی
– ئەم هەموو چەك‌و خەیمەو ئەسپابە هەمووی بوّ چییەو بوّ کێیە !
– سازو بەزم‌و هەرای ناو خەیمە نشینان
– نازو گریشمەی روومەت مانگەکان
– نەعرەتەو حیلە حیلی‌ئەسپەکانی نزیك وشکایی‌و دەریا
– نیشانەی پەیدا بوونی روّژی مەحشەرە
– لەترسی چنگ‌و چرنووکی بازو شاهین
– بولبول‌و قومری‌و کەو ماتیان کردبوو خوّیان شاردبووە
– تەواو نابیّ تاریف‌دانی ئەو روّژە
– خوّشی تا روّژی مردن هەر نابڕێتەوە

خجسته فەرشش بەرد پەریٚ سارا
سازنا تەمام مەخمەڵی خارا
دارای کەنجواهی زەربافتی شاهی
قوطنی موطەبیەق قاڵی دیبایی
سەراسەر زەمین گێڵیا جە رەنگ
جە شەوق مەتای زەڕبافتی فەرەنگ
بەهەشتی بەرین ئەو رۆ پەیدا بی
مەلەك جە ئاسمان شێت‌و شەیدا بی
هەر کەس ئەو زینەت دیەنش بە چەم
ئاد مەبێزنۆ گوڵباغچەی ئێرەم
دوو ماه ئەساسەی ئەنجامی سوپا
ئاوەردەن ئەسپان ریکاب موتەللا
سیٚ سەد شوتر نەڕ مەستی کو کوهان
گردین کەم‌قنیات دەریا شکۆهان
سیٚ سەد کەنیزەك گۆل خورشید جەمین
ئاراستەی قودرەت رەببەلعالەمین

---

واته :

- پەری پیرۆز فەرشی برد بۆ سارا
- بە تەواوی بە مەخمەڵی رەنگاو رازاندیەوە
- بە زەربافتی شاهانەی گرانبەها (پۆی)
- بە لۆکەی ساف سۆڵیٚ (تانی) قاڵی بە سورمە چنراو
- سەرانسەری زەوی رەنگاو ڕەنگ داپۆشرابوو (هەڵگەڕابوو)
- بە شۆڵەی زەربافت (چنینی بە زەرد) ی فەرەنگی
- بەهەشتی پانوپۆر ئەو رۆژە پەیدا بوو
- فریشتەکانی ئاسمان شێت‌و شەیدا بوون
- هەر کەسیٚ ئەو رازانەوەیی بدیایی بە چاو
- گوڵباغچەی باغی ئیرەمی دەبێزرا
- بۆ ێیکهێنانو بە جیٚ هێنانو هەموو پێویستێکی سوپا
- دوو مانگ ئەسپ سواری ئاوزەنگی زێڕ هەر خەریك بوون
- سیٚ سەد سەر حوشتری نێری قەڵەو
- سەرپاکیان بەخێو کراوی پاوەنی قەدەغە کراو
- سیٚ سەد کەنیزەکی روومەت وەك خۆر
- دەستکردی قودرەتی خوا

کریان وە پێشکەش بوزرگانی دین
شاهانی تووران هەم ئێران زەمین
هەر کەس سزاوار هەر مەتایێ بین
جە بابۆی مەجنوون تەمام خۆشنوود بین
دمای پێشکەشان بە لەشکری شاهی
کێشان تەعامان جە مەه تا ماهی
جەژنێ کەردشان شاهانە دەستوور
لایی وە مەجلیس پادشای فەخفوور
سەد هەزار بەرەی فەر بە ئینتیخاب
سێ سەد هەزار کەرگ کریا بە کەباب
سێ سەد هەزار مەن نوقڵو شەکرو قەند
ئاوردەی ولاَت شاری سەمەرقەند
سێ سەد هەزار مەن برنجی خالیص
پەی چاشتی تەعام مونعیمو موفلیس
هەزار جە حوشتر تازەی دوو ساڵە
کێشیا پەی مەززەی شەرابی لاڵە

---

واتە :

- کران بە پێشکەشی پیاوگەورانی دین
- شاهەکانی ئێرانو ولاَتی دەورو پشتیان
- هەر کەس هەرچی شتێکی هەڵگرتایێ پێی دەدرا
- بەم جۆرە لە باوکی مەجنوون هەموو کەسێ خۆشنود بوو
- دوای پێشکەش دیاری بە گەورە پیاوانو سەرکردان
- ئەوجا خواردن بە سوپا درا کە لەمانگەوە تا گای ماهی درێژ راکێشرا بوو
- ئاهەنگو شایەکی شاهانەیان کرد
- کە لایق پادشا چین (فەخفوور) بوو
- سەد هەزار بەرخی هەڵبژاردە
- سێ سەد هەزار مریشك کران بەکەباب
- سێ سەد هەزار (۳) کیلوی نوقڵو شەکرو قەند
- هاوردەی ولاَتی سەمەرقەند
- سێ سەد هەزار (۳) کیلوی برنجی ناياب
- بۆ چێشتی هەژارو کەمدەس
- هەزار لە حوشتری تازە پێگەیشتووی دوو ساڵە
- کردیان بە مەززەی شەرابی پالاَوتە

نیا وه قەتار (قازانان) هەزار
هەر قازان تێیدا چەند لاشەی پەروار
هەفت هەزار موطریب نامەی خۆش ئاواز
تەمام خۆش ئاهەنگ نەغمەی دڵ‌نەواز
سازان کۆ کەردەن موطریبان تەمام
نەغمەی دڵ‌نەواز جە دڵ گرت ئارام
زڕەی زیلو بەم سازانو نەوا
نیشت وە پای گەردوون سەدای دڵ‌روبا
موطریب خۆش ئاواز یاران شەرابی
جزەی قازو بەط مورغانی ئابی -
نەعرەی مەستانو گریشمەی ساقی
نۆشا نۆشی جام نەوای عیراقی
مەجلیس فەرەح بەخش یاران خۆش دەماغ
هەوا خۆش نەفەس ساقی دڵ فەراغ
دادی‌و بابۆی قەیس چون شەماڵەی نوور
نە دڵی مەجلیس پەروانە دەستوور

---

واتە :

- بەرێز مەنجەڵیان ریز کرد هەزار هەزار
- هەر مەنجەڵێ چەند لاشە گۆشتێکی تێدابە
- حەوت هەزار گۆرانی بێژی خۆش‌دەنگ
- تەواو ئاواز خۆش نەغمەی بە سۆزانو دڵگیر
- سازانو کۆ بوونەوەو دەستیان کرد بە گۆرانی وتن
- نەغمەی دڵگیریان لە دڵدا ئارامی گرت
- دەنگی گۆرانی بێژانو موسیقا ژەنان ئاوازیان
- دنیای‌داگیر کرد دەنگی (ئاواز) دڵرفێن
- گۆرانی بێژ ئاوازخۆش دۆستو یار بە شەراب
- چزە (برژاندن) ی گوشت برژاندی مراوی قازو باڵندەی ئاوی
- دەنگی سەرخۆشانەی سەرخۆشانو نازی ساقی
- نۆشیان دەکرد ، بە ئاوازی عیراقییەوە
- مەجلیسەکە زۆر بەکەیف بوو دۆسان خۆشنود بوون
- هەوا زۆر خۆش بوو ساقی دڵ ئاسوودە بوون
- دایكو باوکی قەیس وەك ورشەی تیشکی رووناکی
- لەناو مەجلیس‌دا وەك پەروانە ئەهاتن‌و دەچوون

بێ خەوف ، دەور مەدان نە جەمعی مەستان
مەژاندەن سەمتوور جە هەزار دەستان
ناگا پێش خزمەت بە دەست ئاب کەردەن
ئامان حازر بێن نە چەم ویەردەن
فەراشانی فەرش ، زێبای مەهوەشی
خەم کەردەن قامەت بە جا روب کەشی –
ئافتاب‌و لەگەن زەڕینی سیمین
شوعلەی سەند جە نوور شەمسی خاوەرین
یاران دەست کێشان بە ئابی زەلاڵ
ساقیان هۆر گرت شیشەی مالأمالْ
وستن سفرەی خوان نمدادەی گولاب
ئاوردن چەند رەنگ سێخانی کەباب
کۆکۆ کۆ کریان وە بانی خوانان
خوانی زەرنیشان لایق شاهان
کەباب‌و چلاو تەعام رەنگاو ڕەنگ
سەد هەزار سینی ، هەر سینی سەد ڕەنگ

---

واتە :

- بەبێ ترس ، لە ناو مەستان‌دا دەسووڕانەوە
- سازو سەمتووری هەزرار جۆریان لێ دەدا
- کت‌وپڕ خزمەتچی بۆ ئاو کردن بە دەست‌دا
- هاتن‌و ئامادە بوون‌و لە بەر چاو ون بوونەوە
- فەرشداخەری ڕێك‌و پێك
- دەچەمانەوە بۆ پاکردنەوە فەرشەکان
- مەسینەو لەگانی زەڕین
- شۆڵەی رۆژی نەهێشتبوو
- میوانان دەستیان بۆ ئاوی پاك کێشا (شۆری)
- مەی دەران چەرداخە مەیەکانیان هەڵگرت
- سوفرەو خوانی بە گوڵاو بۆنخۆش کراویان داخست
- هێنایان ، رەنگاو رەنك لە شیشە کەباب
- کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر خوانان دایان کەباب
- خوانی زەرنیشانی لایق شاهان
- کەباب‌و چلاوو خواردنی هەمە جۆر
- سەد هەزار سینی‌و هەر سینیێ سەد رەنگ (سەدجۆر)

جەم بی ئەساسەی تەعامی دڵگیر
مەلەك جە ئاسمان مەوانا تەگبیر
پادشاو وەزیر فەقیرو دەروێش
میسکینو مەزڵووم گەدای خاتر رێش
گردین بین خۆشنوود جەو تەعامی نەو
چڵ رۆ پێ دەستوور شایی کەردەن ئەو –
نە رووی چڵویەك یاران‌دا دەستوور
هەرکەس نزیکا یانەش یاخود دوور
بە شادیو نیشان بە خەڵاتەوە
بلۆ رۆ کەرۆ بەو وڵاتەوە
هەرکەس دۆعای خەیر دەوڵەتش کەردەن
هەر یەك مەتایێ بە دیاری بەردەن
پی تەورە کریا خەتەنە سووران
ئاخ چند بێ وەفان ئی چەرخی دەوران

---

واتە :

– کۆ کرابەوە کەلویەلی خواردەمەنی دڵگیر
– فریشتەکانی ئاسمان تەگبیریان دەکرد
– پادشاو وەزیرو فەقیرو دەروێشو
– میسکنو مەزڵوومو گەدا
– هەموویان رازی بوون لەو خواردنە تازە بابەتانە
– چل رۆژ بەو جۆرە شاییان کرد
– بۆ رۆژی چلو یەکە دەستوور درا
– هەر کەسێ ماڵێ نزیکە یاخود دوورە
– بە خۆشیو گورجو گوڵیو بە خەلاتەوە
– بروا روو بکاتە ئەو جێگەیە
– هەر کەسێ دۆعای خەیر بۆ دەوڵەت دەکا
–. هەر کەسێ شتێك بە دیاری دەبا
– بەو جۆرە خەتەنە سوورانەکە کرا
– ئاخ چەند بێ وەفای دەورانی دنیا !

## هاتنی لەیلێ بۆ قوتابخانە لە وادەی پیرۆزدا

ئەوەڵ بابۆی لەیل گوزیدەی عەرەب
واتش : کە لەیلێ بەروون بە مەکتەب
ئوستادی دانا جەفا دیدەی دەور
ئاوەردن بە دەست پەی تەعلیمو جەور
بە ساعەت شەریف (مەریخ ، موشتەری)
بەردەن بە مەکتەب بەڵقیسای پەری
بەردن بە مەکتەب لەیلێ سایە دار
چەنی نازداران خالاَن زەرینگار
دایێ لەیل ئاما وە لای شێخی پیر
واتش : پەری لەیل چێشتەن تەدبیر؟
بابۆ دا جواب دەوری زەمانە
لەیلێ مەبەروون بە مەکتەبخانە
تاکە بوانۆ جزمێ جە قورئان
شەرتو شرایت ، ئادابو عیرفان

---

واتە :

- باوکی لەیلێ هەڵبژاردەی عەرەب
- وتی : لەیلێ دەبەم بۆ قوتابخانە
- مامۆستای داناو دنیا دیدە
- هێنایان بۆ فێرکردنو جەور پی‌کێشان
- لە کاتێکی پیرۆزدا (بەپێی ئامۆژگاری ئەستێرەناسان)
- بردیان بۆ قوتابخانە بەڵقیسا (لەیلێ) ی پەری ، (وەك بەڵقیسا وایە)
- بردیان بۆ قوتابخانە لەیلێو خاوەن شانو شەوکەت
- لەگەڵ نازدارانو خاڵ زێرینان‌دا
- دایکی لەیلێ هاتە لای شێخی پیرو
- وتی بۆ لەیلێ تەگبیرت چییە
- باوك وتی : دەوری زەمان وایە
- کە لەیلێ بەرم بۆ قوتابخانە
- تاوەکو جزمێ لە قورئان بخوێنێ
- هەڵسو کەوتی ئەدەبو زانیاریش بزانێ

دادیٚ وات : ئەی شێخ گوزیدەی عەرەب
هەم بولّند ئیقبالٚ هەم عالی نەسەب
لەیلیٚ بینایی چەمانمانەن
هەم داروی سەودای خەمانمانەن
بە شەرتو ئەرکان دەستووری وەرین
قەوم ئەقرەبا گشت طەلّەب کەرین
بە نازو ئەعزاز بە شادیو طەرەب
چەنی نازداران بەرووش بە مەکتەب
چەنی نازداران قورئان بوانۆ
بەلّکو خاترش نەرەنجۆ جە تۆ
بابۆ کیانا قەومو قەبیلە
تەمام حازر بیٚن پەی ئی وەسیلە
پولٚ پۆل کناچان شەوق خۆر جەمیٚن
چون نووری قودرەت رەببەلعالەمین
ئامان حازر بیٚن جە دەووری لەیلیٚ
لەیلیٚ بە وەندەن مەکەردش مەیلیٚ

---

واته :

- دایکی (لەیلیٚ) وتی : ئەی شێخ هەڵبژاردەی عەرەب
- هەم پایەبەرزو هەم شازادە
- لەیلیٚ بینایی چاوانمانە
- هەم دەوای (دەرمانی) دەردو خەممانە
- بە پێی دەستووری دێرینمان
- خزمو کەسو کار هەموویان بانگ بکە
- بە ئاهەنگ بە خۆشییەوە
- لەگەلٚ نازاداراندا بیبەین بۆ قوتابخانە
- لەگەلٚ نازاداراندا قورئان بخوێنیٚ
- بۆ ئەوەی لە تۆ دڵگیر نەبیٚ
- باوك ناردی بە دوای خزمو کەسو کارو هۆزدا
- هەموویان (سەرپاکیان) بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بوون
- پۆل پۆل کچی دەمو چاو جوان وەك خۆر
- وەك نووری قودرەتی خوای گەورە
- هاتن حازر بوون لە دەوری لەیلیٚدا
- لەیلیٚ بۆ خوێندن ، مەیلی کردووە (مەیلی هەیە)

سەڵای شادیو زەوق قەوم و قەبایل
لەیلیٚ بە مەکتەب بەران بیٚ ماتلٚ
بەرز بیەو یاوا وە چەرخی حەوتەم
جا هەتا ئیتر هیچ نەمەنۆ خەم
فیکری کارسازیی وەندەن کەردشان
هەریەك هەزار مەن جە قەند بەردشان
قەند پەریٚ نیسار جەمینی لەیلیٚ
بە مەکتەبخانە بەردشان خەیلیٚ

## چۆنیەتی چوونی لەیلیٚ بۆ قوتابخانە

سەحەر زوو بابۆی لەیلیٚ سۆسەنخالٚ
بە عەزمی بەردەن لەیلیٚی ذیجەمالٚ
بێدار کەردەوە جە خوابو راحەت
جە لادا جەمین چون نووری قودرەت

---

واتە :

– دەنگی ئاوازو خۆشی هۆزو خزمان – چونکە
– لەیلیٚ بۆ قوتابخانە دەبن ، بەبیٚ دواکەوتن
– بەرز (ئاوازو خۆشیەکە) بوویەوەو گەیشتە چەرخی حەوتەمی ئاسمان
– جا بۆ ئەوەی کە هیچ خەمیان نەبیٚ ،
– کەوتنە کارسازی کردن لەم رووەوە
– هەریەك هەزار مەن شەکری لەگەلٚ خۆیا برد
– شەکر – (قەند – شەکری کلۆ) بۆ شاباشو بەخشینەوەی دەمو چاوی لەیلیٚ ،
– بۆ قوتابخانە زۆریان برد

– بەیانی زوو باوکی لەیلیٚ سۆسەنخالٚ
– بە نیازی بردنی لەیلیٚی جوان
– بە ئاگای هێنایەوە لە خەوی خۆشو بە ئارام
– دەمو چاوی لەیلیٚ وەك نووری قودرەتوا بوو

زولْفان چون شامار سیای سورمەرەنگ
تەرتیب دان خالاَن چون دانەی فەرەنگ
دیدە سیاو کەرد بە سورمی کۆی توور
پەی قەتلْو هیجران سەد پێسە مەجنوون
پەنجە کەرد سێوەنگ بە حەنای فەرەنگ
پەنجەی بیْ رەنگ گولْباغچەی گولْرەنگ
شەوبەند کەردەوە زولْفان وست وە پێلْ
جە ئاگا خێزا چون ئاهووی رەوێلْ
ئافتاب دەستوور جە مەشریق زیا
بی بە رۆشنی تەمامی دونیا
سەرتا پا جە بەرگ مەخمەلّی زەرباف
پۆشاو شەوقش نیشت وە نە کۆیی قاف
قەومو قەبایل تەمام خرۆشا
لیباسی شاهی پەی لەیلیْ پۆشا
نە دلیْ یاران شەخص عامری
دەستش گرت بە دەست بەلْقیسای پەری

---

واتە :

- زولْی وەك رەشماری سورمەرەنگ وا بوون
- تەرتیبی خەتوخالّی وەك دانەی فەرەنگ وا بوو
- چاوەکانی بە کل رەشتن
- بۆ کوشتنی سەدانی وەك مەجنوون
- پەنجەی بە خەنەی فەرەنگی رەنگ کرد
- قژ بەندی کردەوەو زولْفو پرچی خست بەسەر شانی‌دا
- کتو پر وەك ئاسك تەکانی دا (ئامادە بوو)
- خۆر ئاسایی لە رۆژ هەلاّتەوە هەلْهاتووە
- بوو بە رۆشنایی سەرپاکی دونیا
- سەرتاپا بەرگی مەخمەلّی زەربافتی چنراوی
- لەبەر کردوو شۆلّەی نیشتە شاخی (قاف)
- خزمو کەسو کار سەرپاکیان هاتن
- جلو بەرگی شابانەیان بۆ لەیلیْ پۆشا (لەخۆشی لەیلیْ داپۆشاکی جوانیان لەبەر کرد)
- لە ناویان‌دا شەخصی (باوکی لەیلیْ) عامری
- دەستی لەیلیْ گرتبوو

تووله نەمامان چون مای دوو هەفتە
جە سەودای لەیلیٚ بە ئاهیر کەفتە
خەرامان خیٚزا لەیلی خور جەمین
چەنی کناچان مای دوو هەفتە بین
دادیٚو بابۆی لەیل دەستشا گرت یەقین
هەر سەڵوات مەدان بە ڕاوە مەشین
یاوان بە نەزدیك مەکتەبخانەی لەیل
ئەو یانە ڕەژیا بە وینەی سووەیل
ئاما وە پیٚشواز مەلاّی مەکتەبدار
وات : موبارەك بۆ ئەی لەیلی نازدار
لەیلیٚ وە ئەدەب سلاّم کەرد وە پیر
چەنی کناچان قەوم‌و خوێشی ژیر
ئوستادی مەلا عەلەیك دا جواب
جواب جە جواب جەرگش بی کەباب
هەزار مەن قەند شەهدو شەکەرین
ئاوەردن بە هەم جەمعی حازرین

---

واتە :

- لاوەکان کە وەك مانگی چواردە وا بوون
- لە جوانی لەیلیٚدا ئاگریان تیٚ بەر بوو
- وەك خەرامانی چین هەڵسایەوە
- لەگەڵ کچی جوان‌دا کە وەك مانگی چواردەشەوە وا بوون
- دایك‌و باوك دەستی لەیلیٚیان گرت
- لەریٚ‌دا هەر سەڵوات دەدەن
- گەیشتنە نزیك قوتابخانەکەوە
- ئەو ماڵە وەك ئەستیٚرەی سیوەیل شۆڵەی دەدایەوە
- بەرەو پیری لەیلیٚی نازدارەوە هات مەلاّی قوتابخانەکە
- وتی : موبارەك بیٚ ئەی لەیلیٚی نازدار
- لەیلیٚ بە ئەدەبە وە سلاّوی کرد لە مەلا
- لەگەڵ کچان‌و خزم‌و کەس‌و کاری ژیری‌دا
- مەلاّی (مامۆستا) سەلامەکەی سەندەوە
- جوابیٚکی وەها کە جەرگی بوو بە کەباب
- هەزار مەن قەند (شەکر) و شیلەی هەنگوین

بابۆ سوپەردش لەیلیٰ بە مەکتەب
چەنی نازداران گوزیدەی عەرەب
نویسا تەختەی لەیلی بە سیم ئاب
(ئەلفو بیٰو بیٰ) گشت حەرف کیتاب
لەیلیٰ سیم بەدەن تەختەش جە تلاٰ
مەدرەوشۆ وە هەم چون حۆری لەقا
جەمین تلاٰی زەرد خالاٰن لاجیوەرد
سەرتاپا تەییار بیٰ غەش‌و بیٰ‌گەرد
تەختە سەرسام بی جە هەیبەت لەرزا
سیاٰی زەرین بە زەمین ریٚزا
ئاما بە گوفتار ئوستادی دانا
نە داروو تاقەت نیٰ شەوق ئالاٰ
بلێسەی ئاهیر تابی دیدەی لەیل
رەنگ رەنگم کەردەن خەزان چون سووەیل
لەیل وات : خۆ منیچ ئەی ساحیب فنوون
نمتاوو وانوو هەرگیز بیٰ مەجنوون

---

واته :
- باوك ، لەیلیٰی بە قوتابخانە سپارد
- لەگەلیٰ نازدارانی هەلبژاردەی عەرەب
- تەختەی لەیلی بە زیو نووسیان
- (ئەلفو بیٰو بیٰ) سەرپاکی پیتی کتیب
- لەیلیٰ ، بەدەنی زیو رەنگە تەختەی مەشق خوێندنی تەلایە (زیڕە)
- دەدرەو شێتەوە وەك حۆری بەهەشت
- دەم‌و چاو وەك زێڕی زەرد خالی لاجیوەردی
- سەرتاپا ریٚك‌و پیٚك‌و بی‌گەرد
- تەختە سەرسام بوو لەهەیبەتی لەیلیٰدا لەرزی
- سیاٰی زەرینی تەختەکە ریٚژابە زەوی
- ئوستادی دانا ، هاتەوە دەنگ‌و وتی
- بەرگەی ئەم شۆڵەو ئالاٰم نییە
- - بلێسەی ئاگری تاوی دیدەی لەیلیٰ
- رەنگی منی کردووە بە خەزانی پایز
- لەیلیٰ وتی : خۆ منیش ئەی هونەرمەند
- ناتوانم بخوێنم (هەرگیز) بە بیٰ مەجنوون

ئینتیزارەنا ئەی ئۆستای مەکنوون
تا بۆ بە هامراز دەرمانم مەجنوون
ئێد وات‌و کێشا ئاهی سەرد بە سۆز
جە سۆزی دەروون جیهانی بە سۆز
لاویٚ ماتەم بی بە سۆزی دەروون
هەر ئاخ مەکێشا پەی تاسەی مەجنوون

## بردنی مەجنوون بۆ قوتابخانە

پی نیشاتەوە چەندیٚ شی نە باب
ئیرادەی تەعلیم قورئان‌و کیتاب
ساعەت خۆش کەردەن بەرۆش بە مەکتەب
چون قەیس جە هیجران گیان ئاماش بە لەب

واتە :

- چاوە ڕوانم ئەی مامۆستای نهێنی پۆش
- تابیٚ بە هامرازی دەرس خوێندنم ، مەجنوون
- ئەمەی وت‌و ئاهی ساردی بە سۆزی هەڵکێشا
- تاویٚ مات بوو بە سۆزی دەروون
- هەر ئاخی هەڵدەکێشاو تاسەی دیدەنی مەجنوونی بوو

- بەم گورج‌و گۆڵی یەوە (شایی‌و خەتەنە سووران) نەختیٚ تیٚ پەڕی
- بیری قورئان خوێندن‌و فێری خوێندەواریی بوون کەوتە سەریەوە
- سەعاتی (لەسەر پرسی ئەستێرەناس) گونجاوی دیاری کردووە کە بۆ قوتابخانەی بەریٚ
- چونکە قەیس لە دووری لەیلیٚ ، گیانی هاتووە سەر لێوی

رویٚ دمای لەیل پیری خجستە
ئاوەرد بە مەکتەب قەیسی دڵ خەستە
سەرتاپا لیباس شاهانە پۆشا
جە فیراق لەیلیٚ دەروونش جۆشا
قەوم و ئەقرەبا جە هەزار فیشتەر
هەر یەك مەتاییٚ گرت وە بانی سەر
سەد قەبای زەڕبافت چینی خەتایی
ئەتڵەسی خارا سورمەی دارایی
سەد کەنیز هەر یەك کلاوزەڕ بە سەر
شوعلە بە وێنەی خورشیدی خاوەر
دادیٚ گرت دەستی قەیسی دڵ - سیاه
فورزەند جە بادەی عەشق نۆشیا
بابۆی دەردەدار فورزەندی دڵبەند
چەنی ویٚش ئاوەرد هەزار مەن جە قەند
بە نازو ئەعزاز بە شەوق و زینەت
رەوان بین وە لای کانی کۆی مەینەت

---

واتە :

- رۆژی دوای چوونە قوتابخانەی لەیلیٚ پیری پیرۆز (باوکی قەیس)
- قەیسی دڵەخۆشی بۆ مەکتەب هێنا
- سەرتا پا جل و بەرگی شاهانەی پۆشی
- لە دووری لەیلیٚ دەروونی جۆشی خوارد
- خزم و کەس و کار زیاتر لە هەزار
- هەر یەکیٚ دیاریەکی خستە (نایە) سەر سەریەوە
- سەد کەوای بە زەڕبافت چنراوی چین
- لە ئەتڵەس و سورمەی ئاڵ
- سەد کەنیز هەر یەکیٚ لەوانە کلاوزەڕی کردبووە سەری
- شۆڵەیان وەك خۆرشیدی خاوەر وا بوو
- دایکی دەستی قەیس دڵڕەشی گرتبوو
- کە بادەی عەشق نۆ شیبوو
- باوکی دەردار (مەجنوون)ی
- لەگەڵ خۆی هێنا هەزار مەن قەند
- بە نازو حورمەت و کەیفخۆشی رازاندنەوەوە
- چوونە کانگای مەینەتەوە

یاوان بە نزیك ئەو مەكتەبخانە
ئوسای موعەلیم زیبا جە یانە
موبارەك گۆیان گرد یاوان بە هەم
وێنەی پەروانەی سۆچیا پەی شەم
سەد هەزار لیرێ زەربافشان كریا
سەد هەزار مەتا بە میسكین دریا
سەد هەزار قەباو مەتای گرانبار
داشان بە مەكتەب ئوسای مەكتەب‌دار
نوقڵ‌و نەبات‌و قەندی شەككەرین
ئاوەردش پەرێ جەمعی حازرین
دوعای فراوان كەردەن بێ شومار
پەرێ قەیس تەمام سەرخێڵ‌و سالار
دمای بەخشای ماڵ گەنج‌و خەزێنە
ئاوەرد سندوقان جە هەزار وێنە
ئاوەرد كەرد نیسار فوزەندی دوڵبەر
بەخشا بە خەڵقان جە (حاتەم) فیشتەر

---

واتە :

- گەیشتنە نزیك ئەو قوتابخانەوە
- مامۆستا لە ماڵەوە هاتە دەرەوە
- بە موبارەك بادی كردن بە یەك گەیشتن
- (مەجنون) وێنەی پەپوولە بۆ شەمع چۆن دەسووتێ ئاوەها بۆ لەیلێ دەسووتێ
- سەد هەزار لیرەیان كرد بە شاباش
- سەد هەزار شتی‌تر بە هەژار درا
- سەد هەزار كەواو شتی گرانبەهای قورس
- دایان بە قوتابخانەی ئوستای خاوەن قوتابخانە
- نوقڵ‌و نەبات‌و قەندی شیلە
- بۆ ئامادەبووان هێنابوویان
- دۆعای بێ پایان‌و فراونیان كرد
- بۆ قەیس ، تەواوی سەرخێڵ‌و سەركردە
- دوای بەخشینەوەی ماڵ‌و گەنج‌و خەزێنە بەسەر خەڵكدا
- هەزار جۆر سندووق رەنگاو رەنگیان
- هێنابوو كردیان بە شاباشی (مەجنون)
- دایان بە خەڵك زۆرتر لەوەی كە حاتوم بە خەڵكی دەدا

قەوم‌و قەبایل بە شەرت‌و ئەدەب
مەجنوون شا پێسە بەردەن بە مەکتەب
سوپەردن بە دەست ئوستای موعەلیم
مەکتەبخانە بی بە رەوزەی ئیرەم
خوێشان لوانوە قەیسی فەقیر مەند
خەیاڵو لەیلیٚ تاقەتش جیٚ سەند
لەیلیٚ جەودما جە مەکتەبخانە
پەی هەواڵ پەرسای لواوە یانە
ئۆسای هونەروەر تەختەی سیم‌و ساف
مونەققەش بە ئاب تەلاٚ بیٚ خیلاف
نویسا ئەلف‌و بیٚ بە ئابی تەلاٚ
نە رووی تەختەی ساف مەدرەوشا جە لا
تەختە سۆما سەند جە نووری خورشید
مەدرەوشاوە لەیل چون جامی جەمشید
قەیس دیی یەك تەختەی لەیلی خۆر جەمین
وە بانی باڵشت نریان وە زەمین

---

واتە :

- خزم‌و کەس‌و کارو هۆز بە مەرج‌و بە ئەدەب
- بەم جۆرە مەجنوونیان بۆ قوتابخانە برد
- دایانە دەست مامۆستای موعەلیم
- مەکتەب بوو بە بەهەشتی ئیرەم
- خزمان رۆیشتنەوەو قەیسی هەژار لەویٚ مایەوە
- خەیاڵی لەیلیٚ‌ی کردو ئارامی لیٚ بررا
- لەیلیٚ لەوەو پێش لە قوتابخانە
- بۆ هەواڵ پرسین رۆیشتبووەوە ماڵەوە
- مامۆستای هونەرمەند تەختەی زیوینی سافدا
- کە بە ئاوی تەلاٚ نەقش کرابوو
- بە ئاوی زێڕ (ئەلف‌و بیٚ)‌ی نووسیبەوەو
- لە سەر تەختە ساف‌و سۆڵەکە شۆڵەی دەدایەوە
- تەختە شۆڵەی تیشکی رۆژی نەهێشت
- وەك جامی جەمشید شۆڵەی دەدایەوە
- قەیس تەختەکەی لەیلیٚ‌ی دی
- کە بە لادا لەسەر زەوی دانرابوو

ئاهی سەردکێشا جە داخی هیجران
بۆسا تەختەی لەیل چون ئاهیر بەگیان
واتش : یە تەختەی دنیاو دینمەن
دیەنش سەرمایەی مانو ژینمەن
فیدای تەختت بام ئەی دینو دنیام
پی بە رۆشنی دەروونی سیام
بە ئەدەب نیان وە بانی بالین
جە دەروون مەکەرد دایم زاریو شین
ئۆسای موعەلیم تەختش گرت نە زەر
قەیس سەندش واتش : (اَللّٰهو ئەکبەر)
واتش : ئەی ئۆسای دەوری زەمانی
چی کیتابی عەشق پەنەم مەوانی
کیتابم مەبۆ کیتابی عەشق بۆ
ئەو کیتاب جە لام عەشق سەرمەشق بۆ
واتش : ئەلفەو پێ ئیسمی ئەللاهەن
(پێ) بەشارەتەن ، (ئەلف) ئاگاهەن

---

واتە :

– ئاخێکی ساردی هەڵکێشا ، لە داخی نەبوونی لەیلی (دووری)دا
– ماچی کرد تەختەکەی لەیلێ ، وەك گڕ لە دەروونیا پێ وابوو
– وتی : ئەمە تەختەی دنیاو دینمە
– دیتنی سەرمایەی مانو ژیانمە
– بە قوربانی تەختەت بم ئەی دینو دنیام
– بوو بە هۆی رۆشن بوونەوەی دەروونی رەشمەوە
– بە ئەدەبەوە خستیە سەری سەرینی
– لە دەروونیدا هەمیشە شینو زاری بوو
– ئۆسای مامۆستا تەختەکەی لە ژێر گرت
– قەیس لێی وەرگرت وتی : (ئەللاهو ئەکبەر)
– وتی : ئەی مامۆستای زەمان
– بۆچی کتێبی عەشقم پێ ناخوێنی !
– کتێبم دەبێ کتێبی عەشق بێ
– لەو کتێبەدا سەرمەشقم عەشق بێ
– وتی : ئەلفەو پێ ناوی خودایە
– پێ : بۆ مزگێنیە ، ئەلف ئاگاداریە

گەر ئەلف نەبۆ داروی دەردانم
مەعلووم بۆ جە لات من نمەوانم
ئێدش وات ناگا دبا وە لاوە
(لەیلیٚ سۆسەن خاڵ) مدران وە پاوە
مدراێ ئەدەب خزمەتی ئۆستاد
(قەیس) وات : ئەی ئۆستاد عومرت بۆ زیاد
یە ئینە قیبلەی دنیاو دینمەن
نامش شەهادەت هەم تەلقینمەن
پەی چێش ئینتێزار مدران وە پاوە
گوناهکار مەبیەی جە لای خواوە
بدەرەش دەستوور تا کە بنیشۆ
تا پاوو پەنجەش زەرەر نەکێشۆ
ئازارش مەدە نووری دیدەمەن
بێ مروەت مەبە بەرگوزیدەمەن

---

واتە :

- گەر ئەلف نەبێ بە دەوای دەردم
- لە لات ئاشکرابێ کە ناخوێنم
- ئەمەی دەوت کتوپڕ لای کردە لاوە
- لەیلیٚ دی کە بە پێوە وەستاوە
- وەستابوو بە ئەدەب لە خزمەتی ئۆستادی‌دا
- قەیس وتی : مامۆستا ، یاخوا عومرت زیاد بێ
- ئەمە قیبلەی دنیاو دینی منە
- ناوی شەهادەت‌و تەلقینمە
- بۆچی چاوەڕوانەو بە پێوە وەستاوە
- گوناهبار دەبی لە لای خواوە
- ئیزنی بدە با دانیشێ
- تاوەکو پێ‌و پەنجەی ماندوو نەبن
- ئازاری مەدە نووری چاوانی منە
- بێ مرۆەت مەبە هەڵبژاردەی منە

## لەیلێو مەجنوون لە قوتابخانەدا

هۆرێزا مەجنوون ، وە پێشوازی لەیل
دەستی لەیل – ش گرت بە دیدەی پڕسەیل
ئۆسای موعەلیم رستگارش کەرد
لەیل نیشت وە زەمین کێشا ئاهی سەرد
هەردووشان بە هەم نێگا مەکەردەن
جە نیم‌نیگای ناز سێر نەمەوەردەن
وەقتی شام هەر یەك تەختەی یەك بەردن
مەگێلانەوە رازان مەکەردن
قەیس مەوات بە لەیل : ئینە تەختەی تۆن
تۆ سەهووت کەردەن تەختەی من چکۆن !
وەو بەهانەوە ، سالێ زیاتەر
مەگریان جە عەشق یەك جە یەك بەدتەر
دایم پێ وێنە جە مەکتەبخانە
هەردوو بین جە عەشق شێت‌و دێوانە

---

واتە :

- هەڵسایە (مەجنوون) بەرەو پێشوازی لەیل
- دەستی لەیلی گرت (بە چاوی پڕ فرمێسکاوی‌یەوە)
- مامۆستا (لەیلێ)ی لە دەست مەجنوونەوە سەند
- لەیلێ ، لە زەوی‌دا دانیشت‌و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا
- هەردووکیان پێکەوە سەیری یەکتری‌یان دەکرد
- لە سەیری یەکتری کردن تێر نەدەبوون
- ئێواران بەرەو تەواو بوونی قوتابخانە ئەم تەختەی ئەوی دەبردو ئەو هی ئەم
- بەو بیانووەوە دەگەڕانەوە رازیان دەکردو بەم جۆرە :
- قەیس بە لەیلێ‌ی دەوت : ئەمە تەختەی تۆیە
- تۆ بە هەڵەدا چووی کوا تەختەکەی من !
- بەو بیانووەوە ، تەختێ (سەعاتێ) زیاتر
- دەگریان بۆ یەکتری‌و بۆ عەشق یەکتری
- هەمیشە بەم جۆرە لە قوتابخانەدا
- هەردووکیان لە ناو عەشق‌دا بوون بە شێت‌و دێوانە

هەردوو مەنیشتن بەرامبەر بە هەم
قەیس چوون پەروانە لەیل بە وێنەی شەم
هەر ئاخ مەکێشان جە هیجران‌و دەرد
ئوسای مەعەلیم تەماشا مەکەرد
ئوستاد وات بە لەیل : نووری بینایم
تەخت‌و ماڵ‌و گەنج هەم پادشاهیم
ئوشان کیاستەن قورئان بوانی
حەرف رووی تەختە هیچ نمەزانی
چەنی قەیس هامراز هامدەرد بییەنی
جە دەرسی تەعلیم وەندەن شییەنی
مەنات مەکەران مەکەر تەماشا
لەیل واتش : ئوستاد حاشا ئەلاّ حاشا
ئوستاد وات : مەیلت نییەن بە حەرفان
تەنیا نامی قەیس مەیۆت بەزبان
قەیس وات : ئەی ئوستاد ساحیب عەقڵ‌و هۆش
لاویٚ بە گوفتار بەندەت بدەر گۆش

---

واتە :

- هەر دووکیان بەرامبەر یەکتری دادەنیشتن
- قەیس وەکو پەروانەو لەیلێش وەك شەم ،
- یاخود وەکو پەپوولەو لەیلێش وەك مۆم
- هەر ئاخیان هەڵدەکێشا لە دەستی دووری‌و دەرد
- مامۆستاش تەماشای دەکردن
- مامۆستا بە لەیلیٚ‌ی وت : شۆڵەی چاوانم
- لە جیٚ‌ی سەروەت‌و سامان‌و گەنج‌و پادشا
- ئۆیان ناردووە بۆ خوێندنی قورئان
- کەچی پیتەکانی رووی تەختەکە هیچیان ناناسی
- لەگەڵ قەیس‌دا هاوڕازو هاودەرد بوون
- لە فێربوونی دەرس وازت هێناوە
- خەڵك تەماشاتان دەکەن‌و لۆمەتان دەکەن
- لەیلیٚ وتی : مامۆستا حاشا شتی وەها نییە
- مامۆستا وتی : مەیلت لە لای پیتەکانەوە نییە
- قەیس وتی : ئەی مامۆستای خاوەن عەقڵ‌و تێگەیشتوو
- تاویٚ گویٚ بگرە تا بەندەت قسەیەکت بۆ بکا ، یاخود ، تاویٚ گویٚ بدە بە قسەی بەندەت

هەرچی مەواچی جەماڵی دونیا
ئەتڵەسی خارا زەربافتی دیبا
دانەی جەواهێر ، یاقووت و مەرجان
مرواری و زومرووت لەعلی بەدەخشان
ماوەرمێ پەرێت مەدەمان ئازار
وەرنە بە خودای سرِ پۆشی سەتار
گیان جە دەستمان وەر نمەبەری
عەهدمان عەهدەن ، نییەن سەرسەری
مەعلووم کەردم لێت هەر کام رەزاتەن
گەر ماڵت گەرەك ، وەر نە جەزاتەن
هەر دەردێ داشتم گشت واتم پەرێت
سەرو ماڵمان گشت نیان نە رێت

**مامۆستا :–**

مامۆستای بێ هۆش دەردی حاڵ نەزان
شی وات بە دادێی لەیلێی بووم خەزان

---

واتە :

– هەرچی لە ماڵی دونیا تۆ دەڵێی
– لە ئەتڵەسی چنراوو دیبای زەربافت (وەك بە پوولەکە چنراو)
– لە گەوهەرو یاقووت و شیلانو
– مرواری و زومرووت و لەعلی بەدەخشان هەیە
– بۆتی دەهێنین و ئازارمان مەدە
– ئەگینا بە خوای گەورەی سرپۆش
– گیان لە دەستمان دەرنابەی
– پەیمانمان کردووە ، پەیمانمان گاڵتە نییە
– وا پێم وتی ، بە هەر کامێکیان رازیت :
– گەر ماڵت دەوێ ، یاخود جەزات
– هەرچیم پێ بوو پێم وتی
– سەرو ماڵمان نیاوە بەر دەمت

– مامۆستای هەرزە کە دەردی حاڵ نازانێ
– رۆیشتە لای دایکی لەیلێ و پێی وت

هەمْ وات بە بابۆی شێخی عامری
ئەراگێلْ بییەن پەریزای پەری
دەرس نمەوانۆ جە حەرفی کەلام
من مەواچوو (بیْ) ئەو مەواچۆ (لام)
من مەواچوو (ئەلف) ، ئەو مەواچۆ (بیْ)
دیارەن نەشئەی عەشقش هانە رێ
من ماچوو (ئەڵلاْ) ئاد ماچۆ مەجنوون
گرفتارەنە مەزا چێش کەروون
مایل وە دیدار دیدەی قەیس بییەن
بیْ ئیختیارەن فامش هیچ نییەن
جە سوب تا ئێوار مەنیشان بە هەم
کەران ئیشارەت دڵداری بە هەم
سەوگەند بە ئیقبالْ دەوڵەتت وەردم
موبتەلای عەشقەن مەعلووم کەردم
ئیسە بە زووی فیکری کارش کەر
وەرنە رۆ بە رۆ مەبۆ زیاتەر

---

واتە :
- هەمیسان بە شێخی عامری (باوکی لەیلیْ) یشی وت !
- لەیلیْ بیْ ئارام بووە
- دەرس ناخوێنیْ لە حەرفی قورئان
- من دەڵێم (بیْ) و ئەو دەڵیْ (لام)
- من دەڵێم (ئەلف) ، ئەو دەڵیْ (بیْ)
- دیارە سۆزی عەشق هاتووەتە رێی
- من دەڵێم (ئەڵلاْ) ، ئەو دەڵیْ مەجنوون
- گرفتاری عەشق بووە ، نازانم چی بکەم
- عاشقی چاوەکانی قەیس بووە
- ئیختیارو هۆشی لای خۆی نەماوە
- بەیانی تا ئێوارە پێکەوە دادەنیشن
- ئامازەی دڵداریانە لەگەڵْ یەکتری دا دەکەن
- سوێند بەنانو نمەکو دەوڵەمەندیت دەخۆم
- گیرۆدەی عەشقە ، لە لات مەعلومبیْ
- هەر لە ئیستاوە بیریْ لەو کارەی بکەیتەوە
- ئەگینا رۆژ بە رۆژ بەرەو زیادبوون دەروا

چەوساوە ئامان بە مەکتەبخانە
بییەن ئەراگێلێ شێتو دێوانە
هەرچەنی رازان مەکەران کوستاخ
جە دمای رازان هۆرمەکێشان ئاخ
ئاخش جە ئاخەن ، تەوەن مەتاونۆ
بڵێسەی ئاهێر جەرگ مەشکاونۆ
دمای ئاهی سەرد مەگرەوان بە سۆز
جە سۆزی ئەوان جیهانێ بە سۆز
قەیس هەم پەی دەستوور حاڵێ پێش ئامان
ئاد بەتەر جە لەیل فێشتەر سۆچیان
ئەگەر بە زوویی نەیاوی فریاش
یەقین شێت مەبۆ هیچ نییەن دەواش

## توورەبوونی دایکی لەیلێ

دادێ چون شنەفت جە ئۆسای مەکتەب
پارە پارە کەرد سوورەت بە غەزەب

واتە :

- لەو وەختەوە کە هاتووە بۆ قوتابخانە
- بێ ئارام بووەو شێتو دیوانەشە
- هەمیشە هەر خەریکی راز کردنە
- پاش تەواکردنی راز هەناسەی ساردو ئاخ هەڵدەکێشێ
- ئاخ چون ئاخێ ، بەرد دەتوێنێتەوە
- گڕی ئاگری دەروون هەڵدەقرچێنێ
- دوای هەڵکێشانی ئاخی سارد بە سۆز دەگرین ،
- سۆزێکی وەها کە خەریکە دنیای پێ بسووتێت
- (قەیس) ، ئەویش بەم دەستوورەی پێ هاتووە
- بەڵکو زیاتر لە لەیلێ سووتاوە
- ئەگەر بە زوویی فریای نەگەی
- بێ گومان شێت دەبێو ئەو وەختە هیچ دەرمانێشی نییە

- دایکی کەئەوەی لە مامۆستای قوتابخانەی بیست
- دەمو چاوی خۆی پارە پارەکرد

هۆرێزا لوا بە مەکتەبخانە
واتش : ئەی فورزەند شێت‌و دێوانە
ئێنە چە فیکرەن ، خەیاڵی کێتەن ؟
نە عەقڵ‌و نەفام نەدانش پێتەن !
شاهانی ئێران میسرو یەمەن – شار
مەدان پەی دیەنت گەوهەر بە خەروار
ئێسە پەرێ کێ پەشێوناکەنی !
پەی کێ ئەراگێڵ دەرد ناکەنی !
ئەراگێڵ پەی قەیس کەم‌فام بییەنی
جە رەنگ‌و رەونەق وەرین شییەنی
ئێسە هۆرێزە ، بشین بە یانە
هەنی نمازووت جە مەکتەبخانە
ئێسە هۆرێزە لەیلێ‌ی سایەدار
تا بابۆت بە حەڵق نەکێشۆت بەدار
دەستی لەیلێ گرت دایە بە زاری
لەیلێ مەرێزنا ئەسری مرواری

---

واتە :

– هەڵستاو رۆیشت بۆ قوتابخانە
– وتی : ئەی فورزەندی شێت‌و لێوە
– ئەمە چە بیرو خەیاڵێکەو هی کێیە ؟
– عەقڵ‌و هۆش ژیریت لە لا نەماوە
– شای ئێران‌و هی میسرو هی شاری یەمەن
– ئامادەن بە بار گەوهەر بدەن هەر تەنیا بۆ بینینت
– ئێستە بۆ کێ پەشێوی
– بێ ئارامی بۆ قەیسی نەفام‌و بێ عەقڵ‌و
– بۆیە رەنگ‌و جوانی روخساری لەوەو پێشت پێ نەماوە
– ئێستە هەڵستە ، برۆینەوە بۆ ماڵەوە
– ئیتر ناهێڵم لە قوتابخانەدا بی ،
– ئێستە هەڵستە لەیلێ‌ی خاوەن شەوکەت
– تاوەکو باوکت ملی بە پەت‌دا نەکردووە
– دایکی لەیلێ دەستی لەیلێ‌ی گرت
– لەیلێ فرمێسکی مرواری لە چاوانیەوە دەبارین

واتش خاس ئابڕوم پەرێم ئاوەردی
حەپاو ناموسم جە عالەم بەردی
دایە چەنی لەیل مەکەردش رازێ
هەر رازێ بەدتەر جە گیرو گازێ
واتش : مەر شەرمت نییەن
تۆ رۆزگارت فراوان دییەن
جە هۆشت شییەن چی وەڵتەر ساڵان
ئیسە مەکەری مەنای نەو هاڵان
کافری بێ رەحم دەروون پڕ جە خار
رەقیبی بەدگۆ بێ خەبەر جە کار
چێش بێ گونای من ئاندە فەحشت وات
تەقسیرم واچە کامین بێ جە لات
تۆ مەواچی عەشق ، واچە عەشق چێشەن
من جە نامێ عەشق خاترم رێشەن
یە فەسڵی بەهار وادەی گوڵانەن
یە سۆزی ئاهەنگ سفتە دڵانەن

---

واتە :

- وتی (لەیلێ) : ئابڕووی خاست (چاك) بۆ هێنام
- حەیاو ناموست لە عالەمدا بۆ نەهێشتم
- دایکی لەگەڵ لەیلێدا هەر رازی بۆ دەکرد
- هەر رازێ لەو رازانەی لە گیروگاز خراپتر بوون
- وتی (لەیل) : مەگەر شەرمت نییەو کەچی ،
- تۆ دنیای زۆرت دیوەو
- لەبیرت نەماوە ساڵانی لەوەو بەرت چیت کردووە ،
- ئێستەش لۆمەی هەرزەکار دەکەی !
- کافرێکی بێ رەحمی دەروون دڕکاویەو
- سیخوڕێکی بەدگۆی بێ خەبەر کە ئاگای لە هیچ نییە ،
- چی بووە گوناهی من بەو جۆرەی وتووە وبڵاوی کردۆتەوە !
- تۆ دەڵێی عەشق ، پێم بڵێ عەشق چییە ؟
- من کە ناوی عەشق دەبەن دەروونم تەنگ دەبێ
- ئەمە (ئێستە) فەسڵی بەهارەو وەختەو وادەی گوڵو گوڵاڵەیە
- سۆزو ئاواتی دڵ سووتاوانە (دڵ بریندارانە)

به چووزەی نەرگیس وەر مەغارانەن
بە ئاهو ناڵەی دەردەدارانەن
ئینە تۆ ماچی نەشنەفتەنم نام
مەعلووم راست ماچوو بە ئایەی کەلام

## دەرهێنانێ لەیلێ لە قوتابخانە

دادێ چون شنەفت جە لەیلێ ئەحواڵ
خەشم و غەزەبێ وەرین کەرد بەتاڵ
واتش ! گیانەکەم بینایێ چەمام
جەرگم سۆچیان مەکەرە مەنام
من کانی نامووسی عەرەبستانم
بوزرگ زادەی فەخری جیهانم
جیهان بە نامووس من سایەدارەن
حۆران جە سامم دایم بێدارەن
تەرسام بواتان نامەی مەنیان
چون تۆ نازدارێ ئاوات واستیان

واتە : – ئێستە کاتی دەرهاتنی (سەر دەهێنانی) گوڵی نێرگزی بەر ئەشکەوتانە ،
– وەرزی ئاهو ناڵەی دەردە دارانە
– ئەمە تۆ ئەم رازانەی بۆ دەکەی هیچم لێ نەبیستووە
– دڵنیا بە ، راستت پێ دەڵێم ، سوێند بە قورئان .
– دایکی کە ئەوەی لە دەم لەیلێوە بیست
– توورەیی و ناخۆشیەکەی واز لێ هێنا
– وتی : گیانەکەم بینایی چاوانم
– جەرگم سووتاوەو لۆمەم مەکە
– چونکە : من کانی نامووسی عەرەبستانم
– لە وەچە زادەی حەزرەتی رەسولەللام (د)
– دنیا بە سایەی نامووسی منەوە پایەدارە
– حۆری بەهەشت لە ترسی هەیبەتی مندا هەمیشە بێ ئارامن
– ترسام ، بمانخوێنێتەوەو لۆمەمان بکەن
– چونکە تۆ نازداری ئاواتە خواستومانی

دڵ گەرد نەگێرۆ جە واتەی سەردم
حەقم بە دەستەن مەعلووم لێت کەردم
هەر تاڵێ جە زوڵف سیایێ موشکینت
حەرفێ جە ئەزان لەفزی شیرینت
قیمەتش جە لام گەنج و گەوهەرەن
بەهای شاری میسر تەختی قەیسەرەن
مەبۆ بویەری جە تەقسیرانم
ئەر سەد بەدی عام گشت بە تۆ وانم
هەر ئینە خاسا ئیتر نەوانی
مەکتەب تەرك کەری تۆ بە جوانی

## مەجنوون دەچێ بۆ قوتابخانە لەوێ لەیلێ نابینێ

ئارووە کە دادێ لەیلێ بەردەوە
مەجنوون مەن بە داخ دووری و دەردەوە
ئا رووە واوەیلای دیناو دینش بێ
شێنی رەستاخێز لەیل نە دێنش بێ

واتە :

- دڵت گەرد نەگرێ لەو وتە ساردەیە کە وتم
- هەقمو لێت رۆشن بوویەوە
- هەر تاڵێ لە زوڵفی رەشی بۆنخۆشی تۆ
- هەر پیتێ (یاخود قسەیێ) لە گفت و گۆی شیرینت
- لە لام نرخی گەنج و گەوهەرو خەزێنەیە
- کە بایی میسرو تەختی قەیسەری رۆمە
- دەبێ ببووری لە کەم و کوڕی ،
- ئەگەرچی بەدی دنیا بوو هەمووی بە تۆم گوت
- هەر ئەوە باشە کە ئیتر نەخوێنی
- مەکتەو (مەکتەب) تەرك بکەی تۆ بە جوانی

- ئەو رۆژە کە دایکی لەیلێ ، لەیلێ ی بردەوە ،
- مەجنوون بە داخی دووریەوە مایەوە ،
- ئەو رۆژە ، شیوەنی دنیاو دینی بوو ،
- شێنی قیامەت رەنگێ بوو چونکە لەیلێ ی نەدیبوو ،

وەقتی سەحەر زوو سوبحی نوورانی
مەجنوون هۆرێزا شی بە دەرس خوانی
روو کەرد بە مەکتەب پەی دێنی لەیلا
چونکە لەیل نەدیش کەردش واوەیلا
سەرسامو سادار جامە مەکەرد چاك
وێش کەرد سەرنگوون نە رووی تەختی خاك
ئەسری چەمانش ئەوەند مەوارا
تەمام بی وە هەر خاکی رووی سارا
جامەی تەن بەخەشم غەزەب کەرد پارە
وێڵ بی ئەندوە بار ، سیا ستارە
هەر سەب تا ئێوار جە تاسەی لەیلا
جە مەکتەبخانە کەردش واوەیلا

**مەجنوون بە ناوی پیتەکانەوە گفتو گۆ دەکا : -**

مەوانش ! دیدەم جە دووری باڵات
حەرفانی کەلام گشت پەرێتەن مات

---

واتە :

- وەختی بەیانی زۆر زوو کە رۆشن بووەوە
- مەجنوون هەڵستاو چوو بۆ دەرس خوێندن ،
- رووی کردە قوتابخانە بۆ دێنی لەیلیٰ ،
- چونکە لەیلیٰ لەویٰ نەبووە کردی بە شینو زاری
- سەرسامو بیٰ هۆش بە بیانووی چاککردنی یەخەی کراسیەوە ،
- خۆی دا بە زەوی‌دا (دەمەو نخوون کەوت)
- فرمێسکی چاوانی ئەوەندە بارین
- خاکی ژێر دەمو چاویو سەری بوو بە قوڕ
- کراسی بەری بەرقەوە پارچە پارچەی کرد (دڕاندی)
- وێڵ بوو خەفەتباری چارە رەش
- هەر لە بەیانی‌یەوە هەتاوەکو ئێوارە لە تاو نەدیتنی لەیلیٰ‌دا
- لە قوتابخانە شینو زاری دەکرد

---

- دەیوت : چاوەکەم لە دووری باڵات
- پیتەکانی قورئان (گفتو گۆ) هەموویان بۆت ماتو مەلوولن

ئەلف : خەجاڵەت مەندەن وە پاوە
مەواچۆ لەیلیٚ مەیۆ جە لاوە
بێ: پەرێت پۆشا بەرگی قەترانی
شیبەن نە مەزهەب شێخی سەنعانی
تیٚ : تاریك بییەن وەنەش رۆزگار
جە دووری باڵآت بییەن بیٚ قەرار
ثیٚ : ئەنای باڵآت مەدۆ سوبحو شام
مەواچۆ کەی بۆ لەیلیٚ بەیۆ لام
جیم : چەمش نەڕان پەیت ئینتیزارەن
پەی تۆ دەروونش سەروازی ژارەن
حیٚ : حەرام بییەن ، ونەش تەختەی سیم
پۆشان سیا بەرگ قەترانی جە حیم
خیٚ : هەر مەواچۆ : یا دانای داوەر
لەیلیٚ‌ی خاڵ قەتران وە لامان باوەر
دال : دیدە نە ڕان پەریٚ باڵآی تۆ
هەردەم مەپەرسۆ رای لەیلیٚ چەکۆ؟

---

واتە :

– ئەلف : لەبەر خەجاڵەتی خۆی هەر بە پێوەیە
– دەڵیٚ لەیلیٚ لەوێوە دیٚ ، (ئەوەك لەیلیٚ بیٚ با ئەم هەر بە پێوەبیٚ)
– بیٚ : بۆی پۆشیوە ، بەرگی رەشپوشی
– چووەتە سەر مەزهەبی شێخی سەنعان (چۆنو چی بۆ ئەرسا کرد) ،
– تیٚ : رۆژی رۆشنی لیٚ تاریك بووە
– لە دووری باڵآت ، ئارامی نییە
– ثیٚ : ئەنا (تاریف)ی باڵآی تۆ دەکا ، بەیانیو ئێوارە
– دەڵیٚ : کەی بیٚ ، لەیلیٚ بیٚ بۆ لام
– جیم : چاوەڕوانتەو هەر بۆ ریٚ دەڕوانیٚ
– بۆ تۆ دەروونی وەك ژاری ماری لیٚ هاتووە
– حیٚ : لیٚ حەرام بووە تەختەی زیوین
– بەرگی رەشی جەهەننەمی‌ی پۆشاوە
– خیٚ : هەر دەڵیٚ : یا خوای گەورە
– لەیلیٚ‌ی خاڵ قەترانی بنێری بۆ لامان
– دال : چاو لەرێیە بۆ دەرکەوتنی باڵآت ،
– هەر دەمیٚ دەپرسیٚ : رێگەی لەیلیٚ کامەیە ؟

ذاڵ‌و ڕێ : هەردوو زاری‌و شینشانەن
پەی تۆ ڕەستاخێز بێ‌قەراریشانەن
زێ : زووان لاڵەن جە هیجرانی تۆ
زەروور مەپەرسۆ باڵای لەیلێ کۆ؟
سین : سەر سام بییەن جە داخی باڵات
پەی خاڵی جەمین سۆسەنی ئاڵات
شین : شیوەنی سەخت گرتەنش نە وەر
جە هیجران بەردەن چەم وە بانی سەر
صاد : صەبرش نەمەند ئارامش بڕیان
لەنگ‌و لاڵ بییەن نە دارۆ زوبان
ضاد : ضەعیف بییەن پەرێ دێنی تۆ
لاوێ جە زارێ ساکن نمەبۆ
طێ : تەریك بییەن تاقەتش بڕیان
دەروونش جە داخ لۆتۆ مەکریان
ظێ : ظەریفی خاڵ باڵات کەردەن یاد
مەدۆ بە سەردا ، هەی داد هەی بێداد

واتە :

– ذاڵ‌و ڕێ : هەردووکیان شیوەنیانە
– بۆ تۆ بێ ئارامن‌و کردوویانە بە ڕۆژی قیامەت ،
– زێ : زبانی لە دووری باڵای تۆوە لاڵ بووە
– بە زەرووری دەپرسێ بۆ باڵاکەت (لەیلێ)
– سین : سەرسامی داخی باڵای تۆیە و
– هی خاڵانی دەم‌و چاو ئاڵەکەتە
– شین : شیوەنی سەختی گرتۆتە بەر
– لە داخی دووری تۆوە چاوی چووەتەوە سەر تەوقە سەری
– صاد : صەبری نەماوەو ئارامی لێ بڕاوە
– لاڵ‌و تر بووەو زمانی نیە
– ضاد : ضەعیف بووە ، بۆ دیتنی تۆ
– تاوێ لە شیوەن ناوە ستێتەوە
– طێ : دوورە پەرێز (تەریك) بووەو تاقەتی لێ بڕاوە
– دەروونی لەداخاندا توێ توێ کراوە
– ظێ : جوانی خاڵ‌و باڵاتی بە یاد هێناوەتەوە
– دەدا بە سەری‌داو هەی‌داو بێدادیەتی

عەین : عەیان بییەن وەنەش وادەی مەرگ
جە دووری باڵاَت ریزە ریزان جەرگ
غەین : غەریب کەفتەن نە رووی تەختەی سیم
ماچۆ : کەی دڵشاد وە باڵاَی لەیل بیم
فێ : فاڵێ مەشانۆ پەرێ نامانت
سەختی حەسرەتمەند پەرێ لوانت
قاف : قەرارش جێ نەمەندەن بڕیان
پەردەی سوورەتش جە داخت دڕیان
کاف : کەمان ئاسا جە خەم خەم وەردەن
ماچۆ دەنگی لەیل دەرمانی دەردەن
لام : بییەن گۆچان سەودای خەم بییەن
پەی تۆ ئیختیار جە دەستش شییەن
میم : مەینەتبارەن جە سەرووی باڵاَت
کەمەندانی زوڵف قەترانی ئاڵاَت
نوون :ناڵەی دەروون یاوان بە سەما
ماچۆ : حەیاتم خەمو ماتەما

---

واتە :
– عەین : وادەی مەرگی لێ رۆشن بووەتەوە
– لە دووری باڵاَکەت جەرگی دارزاوە (داوەریوە)
– غەین : لە دووری تەختەی زیوین غەریب کەوتووە
– دەڵێ : کەی بە باڵاَی لەیلێ شاد بیمەوە
– فێ : فاڵێ دەگرێتەوە بۆ ناوت
– حەسرەتی زۆر سەختیەتی بۆ رۆیشتنت
– قاف : لە جێی‌دا ئارامی نەماوەو نییەتی (جێگا بە خۆی ناگرێ)
– پەردەی دەمو چاوی لە داخدا دڕاوە
– کاف : وەك کەمان (کەوان) لە خەمدا خەمی خواردووە (چەمیوەتەوە)
– دەڵێ : دەنگی لەیلێ دەرمانی ئارامییە
– لام : بووە بە گۆچان چونکی تووشی خەم بووە
– بۆ تۆ ئیختیار لە دەستی‌دا نەماوە
– میم : مەینەتبارە بۆ سەرووی باڵاَ رەنگت‌و
– بۆ زوڵفی رەشی کەمان ئاسات
– نوون : ناڵەی دەروونی گەییە ئاسمان ،
– دەڵێ : ژیانم خەفەت‌و ماتەمییە

واو : وادەی مەرگش نزیکا بێ تۆ
هاوار هاوارشا بە شەوو بە رۆ
هێ : هەوای باڵاَت گرتەنش نە وەر
وەختەن پەی دێنت فامش شۆ جە سەر
بێ : یاوا بە نەزع وە شەرای مەردەن
دەواش دەستی تۆن بشۆ نە گەردەن
پی : تەورەن جەستەی حەرفانی کەلام
لزووم بکەرۆن گردشان ئەعلام .

## مەجنوون واز لە خوێندن دەهێنێ

شێی بە یانەوە قەیسی بێچارە
وێڵ و مەینەتبار سیاستارە
خەڵقان کە دیشان حاڵش چون خوونەن
واتشان : بێشك مەجنوون مەجنوونەن

---

وانە :

– واو : وادەی مەرگی بێ تۆ نزیکە ،
– بە شەو و بە رۆژ هەر هاوار هاوارێتی
– هێ : ئارەزووی دیتنی تۆ کەوتۆتە سەری ،
– وەختە بۆ دیدەنی تۆ هۆش و گۆشی لە سەردا نەمێنێ
– بێ : گەیشتە گیان کەنشت و بەرەو مردن
– دەرمانی لای تۆیەو تۆباڵی بەگەردنی تۆیە
– بەم جۆرەیە جەستەو تەنی پیتەکان
– پێویست بوو شەرحی حاڵی هەموویان بەم جۆرە

– رۆیشتەوە بۆماڵەوە، قەیسی بێچارە و
– وێڵ و مەینەتبارو چارە رەش
– خەڵك، کە قەیسیان دی چاوی بووبوون بە گۆلی خوێن
– وتیان : بێگومان مەجنوون شێت بووە

مەجنوون بە زبان عەرەب یانیٚ شیٚت
بگێرە نە گۆش تا مەعلووم بۆ لیٚت
مەجنوون بەدەن چاك کەردەن جە هیجران
رەنگ بییەن وێنەی زەردی زەعفەران
خەڵق دیشان مەجنوون حاڵش پەشیٚوەن
لیٚوش باری خەم دووری یار پیٚوەن
قەومانو خویٚشان تەمام خرۆشان
دادیۆ بابۆی قەیس چون مەجمەر جۆشان
واتشان : رۆشنی جیهان بینہان
هەم ئاوات واستەی دنیاو دینہان
جیٚشەن بەدحاڵی ، پەشیٚو جەستەنی
مەیلی کام زوڵفی دەستە دەستەنی ؟!
مەجنوون دا جواب : ئەی بابۆی غەمگین
پاستەش نویستەن رەببەلعالەمین
تۆ نەوەری بەر جەباغی فورزەند
بە هیجرانەوە سزا کیٚشی چەند

واتە :

- مەجنوون بە زمانی عارەبی ، واتای شیٚت دەدا
- گوێ بگرە ، با لێتەوە ئاشکرا بێ
- مەجنوون ، جلو بەرگی خۆی فڕێدا ، یاخود (بەدەنە چاکەکەی نەما)
- رەنگی وەك زەعفەران زەرد هەڵگەڕاوە
- خەڵك کە دییان مەجنوون حاڵی خراب بووە
- لیٚوی باری خەمی دووری یاریان بە سەرەوەیە
- خزمو کەسو کاران هەموویان خرۆشان (کۆ بوونەوە)
- دایكو باوکی قەیس وە گڕ جۆشیان خوارد
- وتیان ئەی رۆشنایی دنیای چاوانمانو
- هەم ئاوات خواستەی دینو دنیامان
- بۆچی پەشیٚوو بەدحاڵی
- مەیلی کام زوڵفی دەستەدەستەت کەوتۆتە سەر ؟
- مەجنوون دایە جوابو وتی : ئەی باوکی غەمبار
- خوای گەورە بەو جۆرەی نووسیوە
- کە تۆ لە بەری باخی فورزەندت نەخۆی
- بە هۆی دووریەوە هەر سزا بکیٚشی

فایدەش نییەن مەکێشە ئازار
رازبی بە بەکار کردەی (کردگار)
کەفتەن وە سەرم هەوای دوڵبەریٚ
فریشتە خوٚیٚ پەریی پەیکەریٚ
تووشم بی وە تووش جە ڕا ویارم
دیدەی سورمەریٚژ ئاهووی تەتارم
زەرستوون قامەت گەردەن میناییٚ
لایق بە حەرەم گرد پادشاییٚ
شیفای دەردەدار دەروون پڕ دەردیٚ
حاڵزانی ئەحواڵ هەناسە سەردیٚ
شوٚق سایەدار دوو هەفتە ماهیٚ
موٚژان مەودارِنگ دیدە سیاهیٚ
مەکێشدیٚ ئازار سوود نییەن پێتان
گردین ساکین بان نە یاگەی وێتان
جە قاف تا بە قاف سەراسەر تەمام
ئەگەر نازداران حازربان جە لام

---

- سوودی نییەو ئازار مەکێشە
- زاری بە بەکارو کردەوەی خوای گەورە
- کەوتوٚتە سەرم هەوای کچیٚ (دوڵبەریٚ)
- فریشتەی خوایەو بەژنو باڵای پەرییانەیە
- لە گەشتو گەڕانمدا ، بووم بە تووشیەوە (تووشی بووم)
- دەمو چاوی وەك ئاسك ڕەژابوو (سورمەریٚژ کرابوو)
- باڵای وەك ستوون زێڕو گەردنی وەك مینا .
- کە لایقی هەموو پادشایەکەو
- دەرمانکەری هەموو دەروونێکی پڕ دەردەو
- لە ئەحواڵی هەموو هەناسە، ساردیٚ دەزانیٚو
- شوٚخێکی پیٚکەوتووەو وەك مانگی چواردە وایەو
- برژانگی ڕەشو درێژو ساودراون
- ئازار مەکێشنو سوودی بوٚتان نییە
- هەر کەسیٚ لە ماڵی خوٚیدا دانیشیٚو ئارام بگریٚ
- ئەمپەری دنیا تا ئەوپەری دنیا سەراسەری بە تەواوی
- هەرچی نازداری تێدایە ئەگەر ئامادە بکرێن لە لام

غەیر جە لەیل فیشتەر دین و دنیامەن
تەمام نازداران جە لام حەرامەن

## رۆیشتنی مەجنوون بۆ بارەگای لەیلیٚ

روی و هۆریزا قەیسی دڵپەشیو
وێنەی بیاران زەدەی دەستی دیو
دیدەش بە دەسماڵ مەینەت بەستەوە
عەسای سیاسەت گرت بە دەستەوە
هیممەت خواهی کەرد بە جەخت ستیزا
بە عەزمی بارگەی بەرزی لەیل خیزا
یاوا بە مەسکەن لەیلی سایەدار
جە دیدەش ریزا ئەسربنان هەزار
یانە وە یانە ویڵ ویڵ چون ویڵان
مەشی و مەلالآ وێنە سائیلان

---

واتە :

– جگە لە لەیلیٚ کە دین و دنیامە
– هەرچی نازدار هەن بە لای منەوە حەرامن .

– رۆژیٚ (قەیس) بە دڵپەشیویەکەوە هەڵستا
– هەروەك چۆن یەکیٚ بیاری زەدەی دەستی دیو بیٚ
– دەم و چاوی بە دەستەسریٚ بەستەوە
– داریٚکی گرت بە دەستەوە
– خوا حافیزی کردو بە گورجی داجووی
– بەرەو بارگەی خێڵی لەیلیٚ
– گەیشتە ماڵی لەیلیٚ ی شان و شەوکەتدا
– بە چاویا فرمێسك دەبارین بە هەزار هەزار
– ماڵ بە ماڵ و ویڵ و ویڵیٚ هەروەك ویلبوو
– دەرۆیشت وەك سواڵکەر دەپارایەوە

تا یاوا بە پای خەیمەو یانەی لەیل
ئەسرین جە دیدەش مەریزا چوون سەیل
دەمیٚ گرەوا غەلتان بی نە خاك
بە دەردو ئەندوە دیدەش بی نمناك
مەجنوون ویٚش مەدا بە رووی خاكدا
نەوخاكی بارگەی شەرەفناكدا
لەیلیٚ جە خەیمە نیم نیگاهش كەرد
زانا پەی كیٚشەن كیٚشا ئاهی سەرد
ئاهی سەرد كیٚشا ، لەیلیٚی سایەدار
جە دیدەش ریٚزا ئەسرینان هەزار
بە زاناو زەكا ، وات بە دایەی ویٚش :
ئەو شەخس نابینان زەلیلی دلریٚش
با دەستش گیٚروو خالطانی خاكەن
جە جەفای دنیا دیدەش نمناكەن
هەر كەس بگیٚرۆن دەستی فەقیران
پایەش بەرز مەبۆ جە یومنی پیران

---

– تا گەیشتە لای بەردەگای دەواری لەیلیٚ
– فرمیٚسك لەچاوانیەوە وەك لافاو بەر دەبوونەوە
– بەبنیٚ گریا ، لە ناو خاكو خۆلدا گۆزرا
– بە دەردو خەفەتەوە كەوت
– مەجنوون خۆی دەدا بە زەوی‌دا ،
– لە بەردەم بارگەی شەرەفناكی لەیلیٚ‌دا .
– لەیلیٚ لە دەوارەكەدا تەماشایەكی كرد
– زانی بۆ كیٚیەتی ، هەناسەیەكی ساردی هەلكیٚشا
– هەناسەیەكی ساردی هەلكیٚشا ، لەیلیٚی سایەدار
– لە چاوی دەهاتە خوارەوە هەزاران فرمیٚسك
– بە زیرەكانە، لەیلیٚ بە دایكی وت :
– ئەوە كویٚرەو دلریٚشیشە .
– با دەستی بگرم ، لە ناوخاكو خۆلدا گەوزاوە .
– لە خەفەتی دنیادا دیدە كزو نمناكە .
– هەر كەسیٚ دەستی هەژار بگریٚ .
– لە هیممەتی پیرانەوە پایەی بەرز دەبیٚت

دەستش بگێروون ، بشۆ بە ڕاوە
فرە سەوابەن جە لای خواوە
دادیٚ وات : بشۆ دەستش بگێرەن
غاڵطانی خاکەن خاتر زویرەن
خەیرش بدەریٚ تۆ بە دەستی وێت
فەردای قیامەت خەیر مەیۆنە ڕێت
لەیلیٚ خەرامان شیی وە باڵینش
گۆش دا بە گریەو سۆزو ناڵینش
مەجنوون مەواتش : یاخوا ئیلاهیٚ
لەیلیٚ بە حاڵم کەرۆ نیگاهیٚ
لەیلیٚ چون شنەفت دەردش بەدتەر بی
سەدبار جە مەجنوون زامش خەتەر بی
وات : بە چێش ماچی ئیفتادەی سارا
دەردەداری عەشق دڵ جە خەم دارا
مەر جە دووری من حاڵت پەشێوەن
لەب باری خەمی دووری یار پێوەن

---

- دەستی بگرەو ڕەوانەی بکەم چونکە .
- لە لای خواوە ئەوە خەیری زۆرە
- دایکی وتی : برۆ دەستی بگرە .
- گەوزاوە لە ناو خاکو خۆڵدا ، خەفەتبارەو
- بە دەستی خۆت خەیری پیٚبکەو بیدەریٚ
- لە ڕۆژی قیامەتدا خەیرت دێتە وە ڕیٚ .
- لەیلیٚی خەرامان ڕەنگ چووە ژێر باڵی .
- گویٚی دایە گریانو سۆزو ناڵینی
- مەجنوون دەی وت : یاخوا یائیلاهی
- لەیلیٚ بە حاڵم بزانیٚ و بم بینیٚ
- لەیلیٚ کە ئەمەی بیست حاڵی خراپتر بوو
- سەدبار ، لە مەجنوون زیاتر ، بەتەرتر بوو .
- وتی : ئەوە چی دەڵێی پیری سارا :
- دەردەداری عەشق و ڕێت پڕە لەخەمەو
- مەگەر لە دووری منەوە حاڵت پەشێوە !
- لێوت باری دوور یاریان پێوەیە

مەجنوون کە ئاواز (لەیل) ئەژنێ بە گۆش
جە عەشق لەیلیٚ دەروونش دا جۆش
ساتیٚ بیٚ هۆش بی ، جە هۆش ئاماوە
وێنەی خەواڵوو خاوش رەمیاوە
واتش : بینابیم تاقەتم بڕیا
دەروونم پەرێت چون مەجمەر گڕیا
بە پەی تۆم پۆشان بەرگی قەترانی
وێڵیٚ بیم بە وێنەی شێخی سەنعانی
پەی تۆ تەرکی ماڵیٚ خوێشانم کەردەن
پەی تۆ وێم بەردەن وە شەرای مەردەن
پەی تۆ وەی تەورە پێسەم سەر ئامان
ئیحسان پێم مەدان خەڵقان وە پەنهان
ماوام کۆی نەجدەن یەقین بزانە
مەڵهەم پەی دەوای دەردم بکیانە .
شەرت بۆ جە دەرگای کەرەم بیٚشومار
تا نارۆم بەدەس من نەیۆم بوار

---

– مەجنوون کە دەنگی لەیلیٚی بە گوێی بیست
– لە عەشق لەیلیٚدا دەروونی هاتەوە جۆش
– نەختیٚ بیٚهۆش کەوت‌و ئەوجا هاتەوە بە هۆشیدا
– وەك خەواڵوو خەوی رەوی لیٚ .
– وتی : بینابیم ، ئارام بڕا
– دەروونم بۆت بۆتە بزوتك‌و دەگڕیٚ
– ئەمە ، ئەم بەرگە رەشەم بۆ تۆ پۆشیوە
– وێڵیٚ بووم وەك شێخی سەنعان
– بۆ بینبڕی ماڵیٚ خوێشان بووم
– بۆ تۆ چوومەتە شەرای مەرگ
– بۆ تۆ بەم جۆرەم بە سەرهاتووەو
– لە پەناوە خەیرم پیٚ دەکەن
– ماوام شاخی نەجدەو بە دڵنیایی بزانە
– بۆ دەوای دەردم مەڵهەم بنێرە
– شەرت بیٚ لە قاپی خوای کەرەم فراواندا
– تا نەکەویتە دەسم ، ئارام نەبیٚ

لەیلیٚ دەست نیان وە بانی چەمان
وات : منیچ شەرت بۆ بە دانای جێهان
هەتاکە زیندەی سەر زەمینەنان
جە باری زەحمەت مەینەت کێشەنان
هەرگیز وەبیٚ تۆ وەشاد نەنیشوو
چەنی تۆ خەمان تا سەر بکێشوو
ئەگەر سیوای تۆ مەیلم بە کەس بۆ
شەرمندەی رۆژگار شادیم عەبەس بۆ
جە هەردوو جانب بە ستشان بەینەت
لەیلیٚ ی سایەدار قەیسی پڕ مەینەت
جە هەردوو جانب خاتر جەم کەردەن
بە دیداری هەم چەند سەوگەند وەردەن
لەیلیٚ دەستش گرت وات : ئەی مەینەتبار
هۆریزە بشۆ وە ماوای مەغار
هێندە مەگێڵە نە دلیٚ یانان
نەبا جە بەدکار کەسیٚ بزانان

---

– لەیلیٚ-ش وتی : منیش شەرتی خوای جیهان بێ.
– هەتاکە زیندووم و لەسەر زەویەوەم
– هەر باری زەحمەت و مەینەت هەڵگرم
– هەرگیز بە بیٚ تۆ بە شادی دانەنیشم
– لەگەڵ تۆدا بەشداری خەمان بم
– ئەگەر جگە لە تۆ مەیلم لە یەکێکی تر هەبیٚ
– شەرمندەی رۆژگار بم و شادیم شیوەن بێ
– بە هەردووکیانەوە پەیمانیان لەگەڵ یەکتری دا بەست
– لەیلیٚ ی سایەدار و قەیسی مەینەتبار
– یەکتریان دڵنیا کرد و
– بە ناوچاوانی یەکتری سوێندیان خوارد
– لەیلیٚ دەستی گرت و وتی : ئەی مەینەتبار
– هەڵستە برۆ بەرەو ماوای مەغار (ئەشکەوت)
– ئەوەندە بە ناو ماڵاندا مەگەڕیٚ
– نەوەکو بەدکاریٚ پێت بزانیٚ و ئاشکرات بکا

رەهنماییش کەرد چون وەفا داران
نەسیب مەجنوون بەرد وە پای مەغاران
مەکان بەرد وە نەجد سوفتەی سیارەنگ
ئەوجا ساکن بی پەی ئادانی مەرگ
لەیلیٚ شی نە تۆی خەیمەی ئەتلەسی
بە سۆز مەکیٚشا ئاهی قەفەسی .

## هەواڵی شیٚت بوونی مەجنوون دەگاتەوە بە باوکی

ئاگا بی بابۆی پیری دڵهوونش
جە زاریی و فوغان ، لوای مەجنوونش
شی وە جای قەدیم ، مەنزڵگای خوابش
قەیس تیٚیدا نەبیٚ ، سەخت بی عەزابش
هۆریزا روو کەرد وە پای نەجددا
دیش کە یەك شەخسیٚ ها وە وەجددا
ذیکرش هەر ئیٚد بیٚ (یا دانەی داوەر
لەیلیٚ خاڵ قەتران وە لامان باوەر)

واتە :

- خستیەوە سەر ریٚگا وەك وەفاداریٚ .
- مەجنوونی بەرەو ئەشکەوت خستە ریٚ
- چووە کەژی رەشی نەجد .
- لەویٚ نیشتەجیٚ بوو بۆ چاوەروانی مردن
- لەیلیٚ گەرایەوەو بۆ ژیٚر دەوارە ئەتلەسیەکەی خۆیان
- ئاهی ساردی دووکەڵیی سۆزداری هەڵدەکیٚشا .
- ئاگادار بوو باوکە پیرە دڵخوێنینەکەی
- لە زاریو شیٚوەنی مەجنوونی کوری بەجیٚ هیٚشتنی
- چووە ئەو شویٚنەی کە جاران مەجنوونی تیادا دەنووست
- قەیس لەویٚ نەبوو ، ئەوجا باری گرانتر بوو
- هەڵسنا رووی کردە نەجد
- دی کە شەخسیٚ دیارەو وەك زیکر بکا وایەو
- ذیکری هەر ئەوە بوو کە دەیوت : (یا خوای گەورە
- لەیلیٚ ی خەت و خاڵ جوان بنیٚریتە لام)

جامەی تەن کەردەن وە پاینچی پا
پا جە تاپی سەنگ زامدارو جەفا
مووی سەرش گرتەن جەمینی پاکش
بییەن بە سایەی دیدەی نماکش
جە تاب‌وشپی خۆر جەمینش سیا
نووری ئادەمی جە لاش بی جیا
ناخوون بە وینەی ئەلماسی خاران
مەدا نە سوورەت چوون گازی ماران
وینەی مەهوەشان مەکەردش زاری
بە ئاوازی بەرز جە بێ قەراری
بابۆ پەشێوحالێ پەی جەستەی فورزەند
مووی سوورەت تەمام دەستە دەستە کەند
بە سۆزو زاری وانش : ئەی فورزەند
ئەندێشەت نییەن تۆ جە خوداوەند
من بابۆی تۆنان پیری دەردەدار
فەردای قیامەت مەبی گرفتار

---

واته :
– کراسی بەری کردووە بە برینێچی قاچی (پێی)و
– کە لە کارتێ کردنو برینی بەرددا زامدارەو ئێش دەکا
– تووکە سەری ئەوەندە دێژو دژراون دەم‌و چاوی ڕیۆقاویان داپۆشیوە
– تاوو گەرمایی هەتاو دەم‌و چاوی رەش بووە تەوە
– شۆڵەو رەنگی ئادەمی پێوە نەماوە
– نینۆکی درێژی تیژی وەك ئەلماس
– کە دەیدا لە دەم‌و چاوی وەك گاری مار دەبڕێ
– وەك ئافرەت دەستی کردبووە گریان و زاری
– بە ئاوازی دەنگی بەرزەوە لەبەر بێ ئارامی هاواری دەکرد
– باوك حاڵی بۆ بەدەنو لەشی کوڕی زۆر پەشێوبوو
– مووی دەم‌و چاوی دەستە دەستە هەڵی دەکەندن
– بە سۆزو زارییەوە وتی : ئەی کوڕم
– تۆ ناترسی لە خواوەند
– من باوکی تۆم‌و پیری دەردەدارم
– سبەینێ لە قیامەتدا گرفتار (گیردەخۆی) دەبی

فورزەندێ بابۆش لێش رازی نەبۆ
ئەو جە قیامەت جاش دۆزەخ مەبۆ
من تۆم وە ئاوات واست جە کردگار
تۆ جە دمای من بی بە جا دار
نەزانام گەردوون هیجران مەدۆ پێم
سیوای دووری داغ تۆ نمەدۆ پێم
عەزاب دونیا پەنەم منمانۆ
نمەك بە زامان جەستەم مەشانۆ.

## مەجنوون باوکی ناناسێتەوە:

مەجنوونی چۆڵگەرد بیابان ماوا
دوودی هەناسەش بە گەردوون یاوا
واتش: تۆ کێنی، پەی چێش ئامانی؟
وێنەی دڵسوزان دەست بە دامانی!

---

واتە:
– کوڕێ باوکی لیێ رازی نەبێ
– ئەو کوڕە لە قیامەتدا جێگا دۆزەخ (جەهەنەم) دەبێ
– من بۆ تۆ ئاواتم لە خوا خواست
– کە بی بۆ ئەوەی دوای من جێگام بگریتەوە
– نەمزانی گەردوون خەفەتی دووریم دەداتێو
– جگە لە دووکەڵو داغو دەرد تۆ بە من نادا
– عەزابی دونیاشم هەمووی پێم دەداو
– خوێشی دەکا و دەبوەشێنێ بە زامە سەختەکانی لەشمدا

– مەجنوون چۆڵو بیابانەوان
– دووکەڵی هەناسە ساردی بەرزبوویەو گەیشتە ئاسمان
– وتی: تۆ کێیو بۆچی هاتوی؟ و
– وەکو دڵسۆزان دەست بە داوێنی!

وات: ئەی نووری چەم من بابۆی تۆنان
پیری خجستە هەم ڕەنجە ڕۆنان
مەجنوون وات: ئەی پیر من کەی تۆم دییەن!
من جە لەیل فیشتەر خەمخوارم نییەن
دادیٚو بابۆی من خاڵانی لەیلەن
پەی لەیلیٚ جیٚهان نە دیدەم کەیلەن
یاری وەفادار، هەم هامرازمەن
شەرتو شوٚن دروست جاگەی نازمەن
مەعلووم بۆ جە لات پیری دەردەدار
هەنی تۆ پەی من مەکیٚشە ئازار
بابۆ خجلیٚ مەند ئەسرین پڕ نەچەم
چەمیاو خەمیا دەروون پڕ جە خەم
دەستش گرت واتش: نووری چەمانم
بە تەعجیل جە لای لەیلیٚ ئامانم
منش کیاستەن لەیلیٚی خوٚر جەمین
واتش: سەد زینهار مەجنوون باوەرین

واتە:
- باوکی وتی: ئەی ڕۆشنایی چاوانم، من باوکی تۆمو
- پیری پیرۆزو هەم ڕەنجەڕۆشم
- مەجنوون وتی: ئەی پیر، من کەی تۆم دیوە!
- من لە لەیلیٚ زیاتر کەس خەمخوارم نییە
- دایكو باوکی من خاڵەکانی لەیلیٚ - ن
- بۆ لەیلیٚ دنیا لە بەرچاوم (کەوتووە)تاڵە
- لەیلیٚ یاری بە وەفاو هامرازمە
- مەرجو پەیمانی ڕاستو جێگەی شانازیمە
- با لات ڕوشن بیٚ ئەی پیری دەردەدار
- لەمەولا بۆ من ئازار نەکێشی
- باوك داماو چاوی پڕ لە فرمێسك
- چەمایەو وەو کۆمایەوە دڵو دەروونی پڕ بوون لە خەم
- دەستی گرتو وتی: ڕۆشنایی چاوەکانم
- بە پەلە لە لای لەیلیٚوە هاتووم
- لەیلیٚی خۆرجەمین منی ناردووە
- وتی: تکات لیٚ دەکەم مەجنوون بێنە

مەکەر مودارا چەمش نە راتەن
ئەگەر مەیلی لەیل زەڕە جە لاتەن
مەجنوون جە بابۆ چون شنەفت ئەحواڵ
ئەحواڵی پەیغام لەیلی سۆسەن خاڵ
لاویٚ بیٚ هۆش بی جە هۆش ئاماوە
ویٚنەی خەواڵوو خەوش ڕەمیاوە
واتش: ئەی پیرە درۆن یا ڕاستەن،
تۆ ویٚت ئامانی، یا لەیل کیاستەن؟؟
واتش: ڕاست واچە ئینە بەهانەن
حیلە مسازی یاخۆ ئەفسانەن؟
ویٚش بە ویٚش وات: ئینە ڕوئیەتەن
یاخاو مەوینووم، یاخو غەفڵەتەن!!
لاویٚ پی ویٚنە خەپاڵش مەکەرد
مەکیٚشا جە سۆز دەروون ئاهی سەرد
واتش: هۆرێزە پیری مەینەتبار
بشیم بە خزمەت لەیلی سایەدار

---

واتە:

- ڕامەوەستە، هیچ، چاوەڕوانتە،
- ئەگەر مەیلی لەیلیٚ زەڕیٚ بە لاتەوە هەیە
- مەجنوون لە باوکی ئەمەی بیست
- کە پەیغامی لەیلیٚ وای وتووە
- لاویٚ لە هۆش چوو، ئەوجا هاتەوە سەر هۆشی
- وەك خەواڵوویٚ، خەوی ڕەویەوە
- وتی: ئەی پیرەپیاو، درۆیە ئەمە یاڕاستە؟
- تۆ خۆت هاتوی، یاخود لەیلیٚ ناردویتی؟
- وتی: ڕاست بڵیٚ، ئەمە بیانووە،
- فێڵەو دەیکەی، یاخود ئەفسانەیە؟
- خۆی بە خۆی دەیوت: ئەمە خەوە
- یا خەو دەبینم، یاخود بە غەفڵەتدا چووم؟
- ئەختیٚ بەم جۆرە چوو بە تانی خەیاڵداو
- بە کوڵ‌و سۆزەوە هەناسەیەکی ساردی دەروونیەوە هەڵکیٚشا
- وتی: هەڵسە پیری مەینەتبار
- بابڕۆین بۆ خزمەت لەیلیٚی سایەدار

تەواف بارگەی ئەشەد بۆش کەریم
سەیرانی باغچەی باڵای خۆش کەریم
تازە کەرمێوە عەهدمان جە نۆ
بنیشم وە لای ئەو لەیلیٚ خۆش بۆ
هۆرێزا چەنیش پیری مەینەتبار
جە دیدەش ڕێزان ئەسرینان هەزار
پیری خجستە بەردش وە یانە
بە سەد جەفاو جەور مەکەرد ئەفسانە
بەو دەستوور مەجنوون بەیانە بەردش
بەو حاڵە بە دەست دایە سوپەردش
دایە نیگا کە رد جەستەی فورزەندش
جە سەد جا سوورەت بە ناخوون کەندش
کەردش زایەڵەی بەرزی دیارێ
پەی جەستەی فورزەند مەکەردش زارێ
بە سۆزی پڕشۆر عارەبانی تەی
مەگرەوا جە داغ فورزەند پەیاپەی

---

واتە:

- بچینو زیارەتی بارگە بۆنخۆشەکەی بکەین
- سەیری باڵا باغچەرەنگی بۆ نخۆشەکەی بکەین
- سەر لەنویٚ پەیمانمان تازە بکەینەوە
- نەختیٚ بە لای ئەو لەیلیٚ بۆ نخۆشەوە دانیشم
- پیری مەینەتبار هەڵستایەوە لەگەڵیا کەوتە ڕیٚ
- فرمێسك لەچاوانی بە هزاران دەهاتە خوارەوە
- پیری پیرۆز بردیە (مەجنوون)ماڵەوە،
- بە سەد فێڵ‌و ئەفسانە نارەحەتی
- بەو شێوەیە مەجنوونی بردەوە ماڵەوە (باوك)
- بەو حاڵە بە دەستی دایەی سوپەرد (مەجنوون)
- دایك کە دەم‌و چاو ولاشەی کوڕەی دی
- لە سەد جێگاوە دەم‌و چاوی خۆی بە نینۆك پچڕاند
- بە دەنگی بەرز (هاوارو قیژاندن) گریان‌و زارێ کرد
- بۆ دەم‌و چاو بەدەنی کوڕەی زارێ کرد
- بە سۆزو لاواندنەوەی عارەبانی (تەی) هۆزی طەی یەوە
- پەیتا پەیتا (هەیتا هەیتا) دەگریا

دادیۆ بابۆی قەیس سەرتاپا لیباس
کەندان جە داخ پۆشاشان پەڵاس
پەڵاس ماتەم سەرتاپا پۆشان
جیاتی تەعام زوخاو مەنۆشان
بەردشان بە حەوز سەرچەشمەو حەمام
بە ئاوی زەڵاڵ شۆردشا تەمام
کەردشان ناخوون سەرشان تاشا
بەردشا بە مەجلێس پەریٚ تەماشا
بەردشان وە جەمعی مەجلێس وێشان
نیشتەنیٚ ساکن قەیس نە دڵێشان
قەوم‌و ئەقرەبا چەنی خوێش‌و فەرد
پیری مەینەتبار گردین تەڵەب کەرد
کیانان ئامان کناچان هەزار
زوڵف‌و خاڵ قەتران جەمین زەرنیگار
سەف سەف، کێشان نە دەوری مەجنوون
مەجنوون مەجنوون بی، بەدتەر جە مەجنوون

---

واتە:

- دایك‌و باوكی قەیس سەر تاپا بۆشاكیان
- داکەندو لە داخ‌دا پەلاسیان پۆشی
- لەباتی خواردن‌و خواردنەوە زوخاویان دەخوارد
- بردیان (مەجنوون) بۆ حەمام (حەوزو سەرچاوە)
- بە ئاوی پاك‌و سابوون (زرۆئاو) تەواوی شوشتیان
- نینۆكیان کەندو سەریان تاشی‌و
- بردیان بۆ مەجلیس بۆ تەماشاکردن
- بردیان بۆ كۆی مەجلیس خۆیان
- قەیس بەكش‌و ماتی‌و بیٚ‌دەنگی لە ناویان‌دا دانیشتبوو
- خزم‌و كەس‌و كارو هۆز
- لە لایەن پیری مەینەتبارەوە داوا كران
- نار دیان بە دوای كچان‌داو بە هەزاران هاتن
- هەموویان سەر زوڵف قەترانی جوان‌و دیمەن زێرین بوون
- ریز بە ریز دەوراندەوری مەجنوون - یان دا
- مەجنوون شێت بوو شێت - تر لە شێت

هەریەك بە لەفزێ مەلاوناشان
ئەگەر سەنگ مەبی ی، مەتاوناشان
دەلالەت مەدان هەر یەك جە لایێ
بەڵکم قەیس کەرۆ پێشان نیگایێ
قەومو قەبایل یاران گشت تەمام
بە نەرمە نەرمە ئاوردشا کەلام
مەواتشا هەر کام چی نازدارانە
چی شیرین لەبان ناز پەروەرانە
هەر کامێ قەبوولێ خاترت کەردەن
بە غەمزەی شۆخش ئەرواح سوپەردەن
پەرێت ماوەرین بە فەرموودەی وێت
تا کە نەواچان هەنی تۆ بە شێت.
مەجنوونی خەمبار لەیلێ فام سەندە
وات: لەیلێ شاهەن من کەمتەر بەندە
جە لەیلێ فیشتەر قەبوولێ نەداروو
شێتو لەیلێنا تاگیان مسپاروو

---

واتە:
- هەر یەکە لە لایێ نازی دەنواندو دەلالەتی دەکرد
- ئەگەر بەرد بوایە نەرم دەبوو
- بۆ ئەوەی قەیس بەڵکو بە لایەوە لا بکاتەوە
- خزمو کەس و کار هەموویان
- بە نەرم نەرمێ هێنایانەوە قسە کردن
- وتیان هەر کەسێ لەم کچە نازدارانە
- لەم شیرین لێو و بە ناز پەروەرانە
- هەرکامت گەرەکە، حەزی لێ دەکەی
- بە خەمزەو نازەوە خۆیانت بۆ بەخت دەکەن
- ئامادەین کە بۆت بهێنین بە رەزامەندی خۆت
- تا وەکو پێت نەڵێن شێتی.
- مەجنوون خەمبار لەیلێ فامی لێ سەندووە
- وتی: لەیلێ پادشایەو منیش کەمترین خزمەتکاری
- جگە لە لەیلێ کەسی دیکەم ناوێ
- شێتی لەیلێ-م تا گیانم دەر دەچێ

نەقشی نامی لەیل جە دڵ کەندەیێ
لەیل دڵش جە دەست مەجنوون سەندەیێ
یاران واتشان وە بابۆی مەجنوون:
باوەر موطربیان بنوازان قانوون
مەجنوون گوش بدۆ بە سۆزی سازان
دڵش نەرم مەبۆ بە ریزەی رازان
بابۆ کیانا موطربیان هەزار
ئامان چەنی ساز نەغمەی موسیقار
ئاوەرد هەیاهەی مەستانەی بادە
بە گریشمەو بە ناز یارانی سادە
نیشت نەپای تەختی چەرخی هەفتەمین
پەی ساکنی قەیس دیدەو دڵ خەمین
مەجنوون جە ناڵەی گریشمە سازان
بەدتەر مەگرەوا چون گیروگازان
هیچ مەیلش نەبێ ئەو بە سازەوە
بەو نەغمەی دڵسۆز خۆش ئاوازەوە

---

واتە:

-ناوی لە دڵمدا بە نەقش هەڵکەندراوە
- دۆستانو ئامادە بووان باوکی مەجنوونیان وت:
- گۆرانی بێژان بهێنە با گۆرانی بێژن
ئاوەکو مەجنوون بۆ ئاوازی سۆزداریان گوێ بگرێ
- بەڵکو دڵی بە ریزە رازانەی ئاوازەوە نەرم بێ
- باوك ناردی گۆرانی‌بێژ بە هەزار هێنایان
- سازو نەغمەی مۆسیقای بەسۆزیان ژەنی
- پەیاپەی (پەیتا پەیتا، یەك لەشوێنی یەکدا) مەی دەرخوارد
- دەدرا لە لایەن کچانی تازە پێ‌گەیشتوانەوە
- دەنگی ئاوازو سازی گۆرانی بەرزبوویەوە بەرەو چەرخی حەوتەم
- بۆ ئەوەی کە قەیس خەمسار ئارام بگرێ
- مەجنوون لە ناڵەو نازکردنی سازدەران
- وەك یەکێکی گیروگازکراو زۆرترو خراپتر دەگریا
- نەمەیل لەگەڵ ئەو سازە (ئاوازو مۆسیقاو گۆرانی) دا هەبوو
- نە لەگەڵ ئەو نەغمە بە سۆز خۆش ئاوازانەشدا

## مەجنوون بۆ خزمەت شێخ دەبرێ

یاران واتشان: هیچ نەدارۆ سوود
پەرێت منانۆ جەفاو داخ‌و دوود
عیلاجش نیەن ئەو بە هیچ بابێ
مەر شێخی عەظیم ساحیب کیتابێ
بەرێش وە لای شێخ مەجنوون بە داوان
یە کاری دێوەن عیلاجش ئامان
ئێد واتن: لوان تەمام خاس وعام
بەردن بە لای شیخ مەجنوونی کەم فام
شێخی عەظیمێ ساحیب کەرامات
یەك دەم حەل مەکەرد رازو موشکیلات
وا مەندەی دەوران جیهان دیدە بێ
جە لای خاس‌و عام بەر گوزیدە بێ
بابۆ بە تەعجیل مەجنوون بەرد وە لاش
وات! ئەی شێخ ئامان بکەرە دەواش

واتە:

- خزمانو ئامادە بووان پێیان وت: هیچ سوودێ نابەخشێ
- داخ‌و دەردی زۆرت دەداتێ
- چارەسەری نیە، بە هیچ جۆرێ
- مەگەر شێخێکی گەورەی خاوەن کتێب هەبێو
- هیچ نەکەی‌و مەجنوون بەری بۆ لای
- ئەمە کاری جنۆکەو دێوەو دەستیان لێ وەشاندووە
- ئەمەیان وت سەرپاکیان بە گەورە بچووکەوە چوون
- مەجنوونی کەم فامیان برد بۆ لای شێخ
- دەستبەجێ موشکیلەی خەڵکی حەل دەکرد
- شێخێکی پیری دنیا دیدە بوو
- لە لای گەورەو بچووك هەڵبژێراو بە رێز بوو
- باوك بە تەعجیل بە گورجی مەجنوونی بردە لای شێخەوەو
- ئەی شێخ ئامان هانام لات هێناوەو دەرمانی بکە

یەك هەزار تمەن نەزری تۆم کەردەن
فورزەندم بە صیدق، وە لات ئاوەردەن
کیسە جە زەربان دانەو جەواهێر
شەوقش مەدرەوشان بە وینەی ئاهێر
شیی وە ئاستانەی شێخی گوزیدە
شێخ وات: هۆرگێرە ئەی جیهان دیدە
دەست بەرد پەی کیتاب حیکمەت‌و دوٚعا
پەی عیلاجی قەیس پەیش کەرۆ دوٚعا
شێخ زانا حالش چە تەور پێش ئامان
هەم جە داخی کێ ێ تەور پێش ئامان
وات: ئەی خجستە پیری مەینەتبار
فورزەندت جە عەشق بییەن گرفتار
مەجنوون وات: ئەی شێخ گوزیدەی عەرەب
هەم عالی مەکان هەم بوزرك نەسەب
ئەر مبۆ نامت بیۆ سەر مەشقم
دوٚعای خەیر کەرە زیاد بۆ عەشقم

---

واتە:
- هەزار تمەن پێشکە شتان بێ
- کورەکەم بە راستی لای تۆ هاوردووە
- کیسە (توورەکە)ی زەربان چنراو پڕە لە گەوهەر
- وەك شۆلەی ئاگر دەدرەو شایەوەو
- بە ئەدەبەوە باوکی قەیس لە بەردەمی شێخدا داینا
- شێخ وتی: هەلگرە ئەی دنیا دیدە
- دەستی برد بۆ کتێبی حیکمەت‌و دوٚعا کردن
- بۆ ئەوەی دەرمانی چارەسەری قەیس بزانێ
- شێخ زانی چیەتی‌و
- هەم زانیشی بۆ کێ وای لێ هاتووەو
- وتی : ئەی سەرکردە پیری مەینەتبار
- فورزەندت بۆ عەشق وای لێ هاتووە
- مەجنوون وتی: ئەی شێخی گەورەی عەرەب
- ئەی پایە بەرزی گەورە نەسەب
- ئەگەر دەتەوی هەمیشە ناوت سەرمەشقم بێ
- دوٚعای خەیرم بۆ بکە بۆ ئەوەی عەشقم زیاد بێ

چێشتەن پەریٚ ئەی بەندەی سەرشووم
تەلیسمی کیتاب ناوەری وە رووم
مەگێرەم تاوان نەشێتی دێوم
من جە عەشق لەیل خاتر پەشێوم
من جە عەشق لەیل پێسە پێم ئامان
نامش زیکرمەن تا ئاخر زەمان
دەردی من ئێدەن یا شێخی عەرەب
لەیلیٚ دەی وە من ئەی عالی‌نەسەب
شێخ واتیش: ئەی پیر دەروون پڕ جەخەم
سەرچەشمەی زەڵاڵ حەریمی زەمزەم
نەواچی ئیتر فورزەندم شێتەن
(من بعد) ئیختیار بە دەستی وێتەن
ماڵی دونیات هەن جە حیساب بیرون
بدەر، باوەر، لەیلیٚ پەی مەجنوون
ئەو جە جامی عەشق لەیلیٚ مەی نۆشان
کەڵپۆسش جە داخ باڵای لەیل پۆشان

---

واتە:

- تۆ چیتە بەسەر ئەم بەندە چارە رەشەوەو
- دەمی کتێبو تەلیسمی، بۆ من مەکەرەوە.
- لێم مەگرەو من شێتی دێو نیم
- من لەعەشق لەیلێدا پەشێوم
- من لە بۆ عەشق لەیلیٚ وام بەسەر هاتووە
- ناوی هەر لە دەممدایە تا ئاخر زەمان
- دەردی من ئەمەیە، ئەی شێخی عەرەب
- لەیلیٚ بدەی بە من، ئەی خاوەن نەسەبی گەورە
- شێخ وتی: ئەی پیری دەروون خەمبار
- خاوەنی سەرچاوەی زەمزەم
- ئیتر نەڵێی فورزەندم شێتەو
- ئەوجا خۆت دەیزانی
- ماڵێکی دونیای بیٚ سامانت هەیە
- ماڵی زۆر بدە، لەیلیٚ بێنە بۆ مەجنوون
- ئەو (مەجنوون) لە جامی عەشق مەی لەیلیٚی خواردۆتەوەو
- کەڵپۆسیشی لە داخی باڵای لەیلیٚدا پۆشیوە

## پیری پیرۆز بۆ خوازبێنی لەیلیٚ دەچیٚ

شیی بە لای بابۆی لەیلیٚ عامری
کەردش خواستکاری بەڵقیسای پەری
مەعلووم بۆ جە لات من هەر بەندەنان
چەنی قەوم و خوێش کەمەر بەندەنان
من پەریٚ مەجنوون سەرسام و سادام
پەی ئەو پەشێوحالیٚ بیابان ماوام
ئامانا قەیسی کەری کوڕو وێت
چێش داوا کەری ماوەرووش پەرێت
مەبۆ بزانی بە حاڵی دەردم
بە جەستەی پەشێو هەناسەی سەردم
ئاما بە گوفتار بابۆی کەمەر زەڕ
واتش : ئەی سەرخێلیٚ عارەبانی بەڕ
ئەسڵو نەسەب خاس ئەی بوزرك زادە
جە نەسلی پاکی شاهان ئوفتادە

---

واتە :

- چوو بۆ لای باوکی لەیلیٚ
- کردی خوازبێنی لەیلیٚی بەڵقیسای پەری رەنگ و وتی
- لات مەعلووم بیٚ من بەندەم
- لەگەڵیٚ خزم و کەسوکارو هۆزدا بۆ هەر ئەمریٚ ئامادەین
- من (بۆ مەجنوون) سەرسام ویڵم ،
- بۆ ئەو حاڵ پەشێو چۆڵ و بیابان ماوایە
- هاتووم کە قەیس بکەی بە کوڕی خۆت
- چی داوا دەکەی ئامادەیە
- دەبیٚ بزانی بە حاڵی دەردم و
- بە پەشێوی و هەناسە ساردیشم
- باوکی لەیلیٚ هاتەوە وەڵام و
- وتی : ئەی سەرکردەی عارەبانی بیابان
- ئەی ئەسڵ و نەسەب خاس و بوزرك زادە
- ئەی وەچەی شای شایان

جە تۆ هۆر گرتەن عالەم شەرت‌و شۆن
سەرچەشمەی زەمزەم هەم بە دەستی تۆن
فورزەندت نازدار نووری دیدەمەن
نووری بینایی بەرگوزیدەمەن
لەیلیٚ کەنیزتەن من هەم خاکپات
هەرچی سەڵاتەن، ئامام بە سەڵات
هەرچی مەواچی دانای گەوهەر سەنج
سەرافی ئەقلیم ، بانە پەڕ نەگەنج
رازیماو بەڵام ماچان سەرسامەن
فرزەندت شێتەن بیٚهۆش‌و فامەن
ربوودەی دیدار عەشقی دێوانەن
هامرازی وەحشان دڵ ئەندێشانەن
بە دانش‌و عەقڵ سوخەن نافامان
بە وەقتی طیفلی پەوسە پێش ئامان
ئەگەر بەی دەستوور حاڵش پەشێوەن
بیٚ شلك جنوونیش وە دەستی دێوەن

---

واتە :

- خەڵك لە تۆوە پەیمان ریٚگا فێر بووەو
- سەرچاوەی زەمزەمیش هەم بە دەستی تۆیە
- کوڕت نازداری منەو رۆشنایی دڵمە
- رۆشنایی چاوی منە
- لەیلیٚ کەنیزەکتەو مینش لە خاکو پاتام
- هەرچی دەڵێی وام لە خزمەتا
- هەر قسەیی دەکەی گەوهەرەو
- سەراف گەوهەری وڵاتانی
- رازیمە بەوەی کە فەرمووت بەڵام دەڵێن کوڕەکەت وڕە
- فورزەندت شێت‌و بیٚهۆش‌و نەفامە
- ئالوودی دیدەنی دێوانە (یاخود ئاشق بە دیدەنی دێوو درێنجە)
- هامرازی دروندەو وەحشیانە
- لە وەختی منالیدا وای لیٚ هاتووە
- ئەگەر بەو دەستوورە حالی پەشێوە
- بیٚ گومان شێتی‌ی بە دەستی دێوە

کیانە حازر بۆ مەجنوون جە لامان
بنیشۆ وەبان فەرشی دەزگامان
گەر دێوانە بۆ زاهیر مەبۆ لێش
با خەڵقیچ زانۆ و تۆیچ نەبیٚ دڵرێش

## پیری پیرۆز ناردی بە دوای مەجنوون دا

پیری خجستە بە تەعجیلو دەو
کیانا ئاما نووری دیدەی ئەو
پۆشایٚ لیباس شاهانە دەستوور
تا کە پەیدابۆ چون شەماڵەی نوور
ئامانیشت نە چەم مەجلیس شاهان
سوجدەی ئەدەب کەرد چون نیك خواهان
شاهانی سەرخێلٚ فەری قەبایل
بە ڕازو گوفتار مەجنوون بین مایل
بە عیلمی ئیلهام پەرێشان ئەحواڵ
جەوابش مەدا مەجنوون بە خۆشحاڵ

---

واتە :

- بنێرە با مەجنوون بێتو لێرە ئامادەبیٚو
- لەسەر ڕاخەرمان دابنیشیٚ
- ئەگەر دێوانەو لێوە بوو وا دەردەکەویٚ
- با خەڵقیش بزانیٚو تۆیش بیزانیو دڵت لێیان نەیَشیٚ !

-پیری پیرۆز بە پەلە ناردی بە دوای مەجنووندداو هات
- لەبەری کردبوو بەرگی شایانە
- وەك تیشکی خۆر پرشنگی دەدایەوە
- هاتو لە مەجلیس شایان دانیشت
- سڵاوی کرد و بەئەدەبەوە سەری دانەواند
- پیاو ماقووڵانیو سەرەك خێڵان
-بۆ ڕازو گفتو گۆی مەجنوون گوێیان گرتبوو
- بە زانستی ئیلهام ، حاڵ بە رێشان (مەجنوون) ،
- بە خۆشحاڵیو جوانی وەڵامی هەموویانی دەدایەوە

جه رازو گوفتار بێ ئەندازەبێ
مەجلیس جه رازش دەروون تازەبێ
بە رەسم‌و ئەدەب نیشت نە دلێ جەم
مینای دەروونش گرت سوڵتانی خەم
ساقیان بادەی شەراب گرت وە دەست
جام پڕ مەکەردەن جە بادەی سەرمەست
مەدان مەنۆشان یاران بە شادی
جە بادەی گوڵ – لەون پەرێ ئازادی
موطربیان ئاغاز نەغمەی دڵنەواز
جە ریشەی جگەر مەگرت گیروگاز
گا سۆزی ئاهەنگ گا سازی دڵکەش
گاه ئاهەنگی چەنگ ، گا شەوق مەهوەش
گا ناڵەی عو ششاق ، گا زرینگەی روباب
جە ناڵەی سازان جەرگ مەبی کەباب
گا رەقصی ساق سادەی ئەتڵەس پۆش
مەستی لا یعقل شەرابی سەرخۆش

---

واتە :

– لە رازو گفت‌و گۆو پرسی زۆر
– حەزی مەجلیس بۆ گوێ گرتن بو رازونیازی
– بە قەوارەو بە ئەدەب لە مەجلیس‌دا دانیشتووە
– بەڵام لە ناوەوەدا مینای دڵی خەم گرتوویەڵی
– مەی دەران بادەی شەرابیان گرتووە بە دەستەوە
– جام پڕ دەکەن لە مەی
– شەراب دەگێڕن‌و دۆست‌و ئامادە بووان بە خۆشیەوە نۆشی دەکەن
– شەرابی رەنگاو رەنگی گوڵرەنگ بۆ ئازادی
– گۆرانی بێژان دەستیان کرد بە گۆرانی وتن مۆسیقاو ئاواز ژەندن‌و بەجۆرێ
– گە بۆ رەگ‌و ریشەی دڵ کاریگەر بوو
– دەمێ سۆزی ئاهەنگی خۆش‌و دەمێ ئاوازی دڵگەشکەرەوەو
– دەمێ ئاهەنگ‌و سازی ئامێری چەنگ دەمێ شەوق ماگرووەکان (ئەو کچانە کە وەك مانگ وان)
– دەمێ گفت‌و گۆو ناڵین عاشقان‌و دەمێ دەنگی رەباب لە ناڵە سازدا جەرگ دەبوویە کەباب
– دەمێ دانسی ساق بە جل‌و بەرگی ئەتڵەسییەوە
– سەرخۆش شەراب ، بە جۆرێکی بەترەف

گا ناڵەی نەبەرد سەرمەستانی شا
مەنیشت نە پای چەرخ ئەخظەری سیا
گا کریشمەی ناز موشتاقانی خاس
شەوق خۆرجەمین پەریان چون ئەڵماس
گا نەعرەی مەستان رەندی شەرابی
گا چزە چززی سیخی کەبابی
گاگا غەفڵەی ناز خەیمە نشینان
گا سەیری باڵا نەرگس جەمینان
سێ شەوو سێ رۆژ مەستی خومار بین
رۆزی چوارەم جە خاو بێدار بین
فەراشانی فەرش جوانی سووەیل رەو
دەم دەم مەکێشان باڵا فەرشی ئەو
پێش خزمەت هەزار مورەسسەع قەبا
ئافتابەو لەگەن تەمام جە تەلا
پڕ جە ئاپی ساف زەلاڵ چون زەمزەم
ئاپش چە ئاپێ چون چەشمەی زەمزەم

---

واتە :

- دەمێ دەنگ دەنگی سەرخۆشانی شا
- دەگەیشتە حەوت تەبەقەی ئاسمان
- هەندێ جار رەوت بە نازی کچانی تایبەتی‌و
- خۆر جەمین‌و پەری رەنگ‌و
- دەمێ هاوارو گۆرانی وتنی سەرمەستانی جوانی شەراب دەر
- دەمێ چزەچززی کەباب برژاندن
- جارجار خەمزەو ناڵەو نووکی نێو دەوارەکان دەبیسترا
- جار جاریش سەیری باڵابەرزو شۆخ شەنگ نێرگیز چاوان بوو
- سێ شەوو سێ رۆژ بەم جۆرە ئاهەنگیان گێڕاو رابان بوارد
- رۆژی چوارەم لە خەوی سەرخوشی خەبەریان بوویەوە
- فەرش داخەرە جوان‌و خۆش رەوت‌و گورج‌و گۆڵەکان
- پەیتا پەیتا جێ‌یان بۆ مەجنوون خۆش دەکرد
- هەزاران خزمەتکاری کەوا بە زەربافت چنراو
- مەسینەو لەگانی زێڕیان ئامادە کردبوو
- پڕ بوو لە ئاوی ساف‌و پاکی وەك ئاوی زەمزەم

ئاوەردش نە جەمع مەجلیس شاهان
دەست کێشان بە ئاب زەرین کولاهان
پێش خزمەت زەرباف خاسەی عامری
ئاوردن خوانان واردەی خاستەری
خوانی زەرنیشان پێش ئەنداز زەرباف
تەعامی جۆر جۆر سینی‌ی سیم ساف
مۆرغانی بۆریان ، نە دلیٚ خوانان
وە باڵای تەمام شەکر ئەفشانان
کێشاشان طەعام جە حیساب بێروون
شەوق رووی خوانان نیشت نە پای گەردوون
هەزار لەون طەعام ، هەر گۆنە سەد رەنگ
هەر رەنگە سەد نام ، هەر نامیٚ سەد رەنگ
هەر کەس جەو تەعام زەرریٚو مووەرو
چهان جە طەعام بەهەشت مەیل کەرۆ
کێشان سەد هەزار سینی پڕ طەعام
طەعامی ناباب نادرەی ئەییام

---

واتە:

- هاتە پێشەوە بۆ ناو مەجلیسی شاهان
- زێرین کوڵاوان (پیاوە گەورەکان) دەستیان شوشت
- خزمەتکاری جل لە زەرد چنراوی هۆزی عامری
- خوانی نانیان هێنایە پێشەوەو
- قاپ‌و قاچاغی زێرینیان داناو
- خواردنی جۆار جۆر لە سینی زیوینی ساف‌دا ئامادە کرد
- مریشکی بۆر (قەلەموون) یان لە ناو خوانەکان‌دا دانابوو و
- بە باڵای خۆیان شەکرو شیرینیان کرابوو بە سەردا
- ئەوەندە خواردنیان هێنایە بەرەوە لە ژماردن بەدەر بوو
- شۆڵەو بۆو بەرامەی خۆشی خواردەمەنی خوانەکان گەیشتە ئاسمان
- هەزار جۆر خواردەمەنی‌و هەر جۆرەی سەدرەنگ
- هەر رەنگی سەدناو هەر ناوەیش سەد رەنگ
- هەرکەسیٚ لەو خواردنە تەختێکی بخواردایە
- وای دەزانی خواردنی بەهەشت دەخوا
- سەد هەزار سینی پڕ لە خواردنیان هێنایە پێشەوە
- خواردەمەنی زۆر باش کە شتی‌وا نەبووەو رووی نەداوە

سیٚ سەد هەزار مورخ خۆش مەزە ئاسك
چون قاز و کەبكو گۆشت پۆختەی فاخر
دوو هەزار طەبەق قەندی شەکەربار
نوقلٚو نەباتات ئامانە شومار
کێشان وە مەجلیس شاهانو سەرخێلٚ
مەجنوونی ماتلٚ طەعام نەکەرد مەیل
ئەو جە دەردی لەیل دەروون بێزار بیٚ
جەرگو ریشەی دلٚ گیرۆدەدار بیٚ
نەتاواش وەرۆ مەجنون جە طەعام
جە هیچ نەواردەیش خەڵك بییەن سەرسام
شاهان بە شادی طەعام نۆش کەردەن
پێش خزمەت دەردەم ئاوش ئاوەردەن
دۆعای سوفرە وەند طەعام هۆر گیرِیا
جە دمای طەعام شەربەت نۆشییا
ساقیان ئاوەرد جە بادەی ئێرەهم
مەجنون دەروونش بێزار بیٚ پرخەم

---

واتە:

- سیٚ سەدهزار باڵندەی ناسكو خۆش تام
- وەك قازو کەوو گۆشت پۆختەی تر
- دوو هەزار تەبەق قەندو
- نۆقلٚو نەبات زۆر زۆر هێنرایە پێشەوەو
- هێنایانە مەجلیسی پادشایانو سەرەك خێڵان
- مەجنوون مات و مەلوول دەمی لە خواردنەوە نەدا
- لە دووری لەیلیٚدا (مەجنوون) دڵی گیرابوو
- جەرگو ریشەی دڵی گیرۆدەی بوو بوو
- بۆیە نەیتوانی لەو خواردنە بخوا
- لە هیچ نەخواردنی خەڵکەکە سەرسام مابوو
- شاهانو سەرك خێڵان بە خۆشی خواردنیان خوارد
- دەستبەجیٚ پێش خزمەتیش ئاوی هێناو
- دۆعای بەزیاد بوونی سفرە خوێندراو خواردنی هەڵگیرا
- دوای نان بە خواردن شەربەت خورایەوە
- مەی دەران (ساقیان) بادەی بەهەشتی (ئیرەم) یان هاورد
- مەجنوونیش دەروونی لە خەمباریدا بێزار بوو بوو

# سەگی لەیلیٚ دیٚتە مەجلیسەوەو مەجنوون دەیگری بە باوشیەوە

ئەو رۆ پەی تەقدیر شوومی ستارە
ستارەی وەیشووم بەختی سەدپارە
چونکە خوداوەند بەوکار نەبیش مەیل
ناگا جە لاوە ئاما توولەی لەیل
مەجنوون توولەش دی هۆرێزا وە پا
گرتش نە ئاغۆش وە جای ویٚش نیا
وات : یە جیاتی سازو روبابم
جیاتی واردەی جەرگ‌و کەبابم
فیدای ئاستانەی بەرزی لەیلیٚ بام
سەرگەردانی تەرز بالأی لەیلیٚ بام
گاهیٚ هۆر مەگرت نە وستش نە دۆش
گا منیا وە دەم بۆ منیا وە بۆش
بە دەست مەمالا گوش‌و گەردنش
بە پاسی یانەی لەیلیٚ کەردەنش

---

واتە:

- ئەو رۆژ بۆ رەشی چارەی
- وەیشوومی ئەستێرەی‌و بەختی بەدی
- چونکە خودا مەیلی بەوکارە نەبوو (حەزی بە ریٚك کەوتنی نەدەکرد)
- کت‌وپڕ، لە لاوە توولەی لەیلیٚ هات
- مەجنوون هەڵستایەوە پیٚ‌و توولەی
- گرت بە باوەشەوەو لە جیٚگای خۆی‌دا داینا
- وتی: ئەمە (ئەم توولەیە) لە جیاتی سازو سەمتوور رەبابم
- لە جیاتی خواردنی جەرگ‌و کەبابم
- بەسەر گەردی باڵای بەرزی لەیلیٚ بم
- دەمیٚ هەڵیدەگرت‌و دەیخستیە کۆشیەوە
- دەمیٚ دەمی نزیکی دەمی دەکردەوەو بۆنی دەکرد
- دەستی دەهیٚنا بە سەرو گوێچکەو لەشی‌دا
- ئەمە پاسەوانی ماڵی لەیلیٚی کردووە

توولەش بەو دەستوور مەلاوناوە
سەنگی رەق بە سۆز مەتاوناوە
لەیلیٚ جە خەیمە ینم نیگاهش کەرد
دەردش مەزانا کێشا ئاهی سەرد
واتش : ئەی کەریم کەرەم بیٚ شومار
چێشت کەرد چەنی پیری مەینەتبار
ئەوەند مەینەتان نیای نە رامان
چێش بی جە دەرگات یارەب گونامان
ستارەی بەختم بێدار بی جە خاو
دیسان جە نۆووە وستی نەگێجاو
من شاد بێم بە قەیس وێلیٚ ناتەمام
سەر ئەنجام ئاخر نە یاوام بەکام
نامەی پەشێویم ئاما جە لاوە
بینای شادمانیم دیسان وریاوە
سوورەت بە ناخوون غەزەب پارە کەرد
بە نالەو زاری کێشا ئاهی سەرد

---

واتە:
- توولەی بەو جۆرە دەلاوندەوە
- بەردی رەقوتەق بە سۆز دەتاواندەوە
- لەیلیٚ لە خێوەتەکەدا بە لاچاوێکەوە تەماشای کرد
- زانی چەدەردێکی هەیەو هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا
-وتی: ئەی خوای گەورەی کەرەمدار
- چیت بە پیری مەینەتبار کرد
- ئەوەند مەینەتمان دەخەیتە بەردەم
- گوناهمان بۆ بەردەگات چی بووە؟
- ئەستێرەی بەختم لەخەو هەڵستایەوە
- دیسان سەرلەنویٚ خستەوە گێجاو (گێژاوەوە)وە.
- من شاد بووم بە قەیسی وێڵو ناتەواو
- سەر ئەنجامی ئەمەش بە ئاوات نەگەیشتم
- نامەی پەشێو حاڵیم دووبارە درایەوە دەستم
- رۆشنایی چاوم دیسان رووخایەوە
- دەمو چاوی خۆی بە نینۆک پچراند
- بە نالەو گریان هەناسە ساردی هەڵکێشایەوە

لەیل واتش : مەبۆ مەناش بکەروون
ئایرو عەشقو من کەوتەنش دەروون
هەر کەسێو ئایر نە گیانشەن
پا ئاهێرەوە چۆن ژیانشەن ؟
یاران چون دیشان ، چە تەورەن حاڵش
هەر نامی لەیلیٚ – ن، فیکرو خەیاڵش
شادی بی بە شین ، رەستاخێز خێزا
قیامەت ئەو رۆ جە تاو گوریٚزا
پیریٚخجستە شادیش بی شیوەن
رەنجش بی وە رەنج فەرهادی کۆکەن
لەیلیٚ جامەی تەن کەرد پارە پارە
واتش : مەپێکوو ویٚم بە قەنارە
نییەن گوناما غەیر جە عەشق پاك
چی پێسەتە کەرد ئەی خودای بیٚ باك !
بابۆی لەیل واتش : نەواتم پێتان
سوپاس پەی خوای مەعلووم بی لیٚتان

واتە :

– لەیلیٚ وتی: نابیٚ لۆمەی بکەم
– چونکە ئاگری عەشق من بەربووەتەوە لە دەروونی
– هەر کەسیٚ ئاگر کەوتبێتە گیانیەوە
– بەو ئاگرەوە چۆن دەژی !
– دانیشتوان کە دیان حاڵی مەجنوون چۆنەو
– هەر ناوی لەیلیٚبە بیرو هۆشی
– شادی بوو بە شیوەن، قیامەت هەڵستا
– حەشر لەچاو ئەو رۆژەدا هیچ نە بوو (قیامەت لەتاوا ئەو رۆژەدا خۆی پەنا دابود)
– پیری پیرۆز شادی بوو بە شیوەن
– رەنجی بوو بە رەنجەکەی فەرهادی کۆکەن
– لەیلیٚ کراسەکەی خۆی پارچە پارچە کرد
– وتی : پەت دەخەمە ملی خۆمو خۆم دەخنکیٚنم
– هیچ گوناهیٚکمان نییە جگە لە عەشق پاك
– بۆ واتە کرد ئەی خودای بیٚ باك
– باوکی لەیلیٚ وتی : پیٚم نەوتن
– سوپاس بۆ خوا ، کە بۆتان دەرکەوت

مەجنوونی چۆڵگەڕ سیا ستارە
سەرتاپای بەرگش کەرد پارەپار
شیی بە ماوای وێش نەکۆی نەجددا
تەکدا بە مەغار ماوای وەجددا
جە داخی لەیلێ هەر زاری مەکەرد
دەمدەم مەکێشا هەناسانی سەرد.
کارێ کە خوا نەکەرۆش مەبۆ
بە زۆرو زەڕو کۆششیچ مەبۆ
چونکە خوداوەند نەکەردش قبوولّ
ئەنجامی کارشان ناما بە وسوولّ
هەر کارێ خوا پەرێت نەکەردەن
نمەبۆ پەرێ ، ئەو کارە مەردەن
پیری خجستە چەنی گشت خوێشان
شیی بە دماوە خاتر پەرێشان

---

واتە :

- مەجنوونی چارە ڕەش چۆڵگەڕ (چۆڵەوان)
- سەرتاپای بەرگەکەی خۆی دڕاند
- رۆیشتەوە بو جێگاکەی خۆی، کۆی نەجد (شاخی نەجد)
- تەکی دایەوە بە ئەشکەوتەکەوە چووە بەحری خەیاڵەوەو
- لە داخی لەیلێدا دەستی کردەوە بە شیوەن وزاری
- ناو بە ناو هەناسەیەکی دووکەڵاوی ساردی هەڵدەکێشا
- کارێ کە خوا نەیکا
- بە زۆرو بە پارەو بە تێکوشانیش ناکرێ
- چونکە خوداوەند نارازی بوو
- ئەنجامی کارەکەیان نەگەیشتە هیچ
- هەر کارێ خوا بۆی نەکا
- نابێ بۆت ئەوکارە ئەگەر خۆت بکوژی
- پیری پیرۆز لەگەڵ خزمانی
- بە خەمباریو دڵشکاوی گەڕایەوە دواوە

## ئیبن سەلامی عەرەب دێ بۆ خوازبێنی لەیلێ

سەلامی عەرەب بوزرگ زادە بیٚ
جە نەسلی شاهان پاك ئەفتادە بیٚ
دارای دەماغ بەرز بوڵند ئیقباڵ بیٚ
زیاد جە قاروون بە گەنج و ماڵ بیٚ
ئاشفتەو عاشق ، دڵ ئارامیٚ بیٚ
گوڵەندام دەستوور خۆش کەلامی بیٚ
ئەو شی بە رەحمەت ئەمری سوبحانی
ئێد جە داخ پۆشا بەرگی قەترانی
رۆ بە رۆ جە داخ بەتەر تەر مەبیی
لاوێ جە لاوێ زویرتەر مەبیی
باریك بی جە غەم رەنگ زەعفەرانی
پۆشا پەرێ لەیل بەرگی قەترانی
ئایری عەشق لەیل کەفت نە دەروونش
عالەم گرد زانا بە دڵەی زەبوونش

---

واتە :

- سەلامی عەرەب لە گەورە زادانی عەرەب بوو
- وەچەی شاهان بوو (نەتەوەی پاشایان بوو)
- دەوڵەمەندێکی دەماغ بەرزو ئیقباڵدار بوو
- گەنج و ماڵی لە قاروون (لە گەنج و ماڵی قاروون) زۆرتر بوو
- عاشق دڵدارێ بوو ، ئەو دڵدارەی ؛
- هەروەك گوڵەندام گفت و گۆی خۆش بوو
- بە ئەمری خوا ئەو دڵدارە مرد
- ئیبن سەلامیش بەرگی رەشی بۆی پۆشا
- رۆژ بەرۆژ لە داخدا بەتەرتر دەبوو
- هەردەم زۆرتر زویر تر لەبوو
- لاوازو باریك و زەرد بوو وەك زەعفەرانی لیٚ هات
- بۆ لەیلێی رەشپۆش بوو
- ئاگری عەشق لەیلێ گڕی تیٚ بەردا
- عالەم هەمووی بە دڵی زەبوونی ی زانی (بە عاشقبوونی بە لەیلێ زانی)

خەڵق وات بە بابۆش : ئەی بەرگوزیدە
جە دارای دونیا تۆنی یەك دیدە
مازە کورەکەت دەروون زوخاڵ بۆ
پەریّ عەشق لەیل هەر جە خەیاڵ بۆ
ماڵت فراوان گەنجت وەبیّ شۆن
سەد هەزار خەرمان گەوهەرت کۆکۆن
دڵ ئینتیزارەن فورزەندت بە لەیل
فیکری لەیلشەن چەنیش هەنش مەیل
خەبەردار کەرە قەومو قەبیلەت
سەرخێڵانی خاس تەمام وەسیلەت
بشیم باوەریم لەیلی سایەدار
بدەیم جەواهیر خەروار بە خەروار
تا بەسەر هەزار خەروار مەبەریم
کڵاو مورەسسەع کەمەر زەڕ بەریم
تاجیّ هەم بەهاش دەهەزار تومانەن
ئەو تاجە بەهاش شاری یەمانەن

---

واتە :

- خەڵك وتیان بە باوکی ئیبن‌سەلام (ئەی بەرگوزیدە)
- لە دونیادا تۆ هەر تەنیا چاوێکت هەیە
- مەیەڵە کورەکەت دەروونی زوخاڵاوی بیّ (رەش بێتەوە)
- هەر لە خەیاڵی عەشق لەیلیّدا بیّ
- ماڵێکی زۆر فراوانو بیّ‌شومارت هەیە
- سەد هەزار خەرمان گەوهەرت کۆکراوەن
- دڵی کوڕت چاوەڕوانی لەیلیّ‌یە
- هەمیشە بیری لەیلیّ دەکاتەوەو حەزی لێیەتی
- خزمو کەس‌و کارت ئاگادار بکە
- سەرەك خێڵانیش گەورەو بچووکیان، بۆ ئەوەی
- برۆیّ لەیلیّ‌ی بە شان‌وشەوکەت بێنین
- بە خەربار گەوهەریان بدەنیّ
- تا سەد هەزار خەرباریّ دەبەین
- کڵاو زەڕو کەمەرە دەبەین
- تاجیّ دەبەین کە بایی دەهەزار تومەن بیّ‌و
- بەهای شاری یەمن بیّ

بابۆ وات : نەڕاش هەرچی کەداروون
مدەوش بە یەکجار لەیلێ ماوەروون
ئاما بە خزمەت خێڵی عامری
پەی داوا کەردەی لەیلێ چون پەری
بابۆی بن سەلام هۆریزا وەپا
واتش بە بابۆی لەیلێ خالْ سیا :
فرە حەز کەروو بە قەومایەتیت
بە نزیکی و دۆستی و بە برایەتیت
حازرم کەردەن هەرچیم هەن نەڕات
سەرەم ئاوەردەن من بەخاکپات
فورزەندێ داروو بکەریش قەبوولْ
بە قەولی خواو ئاینی رەسوولْ
چون خزمەتکاران نە ئەستانەت بۆ
کەمتەرین بەندە نە دەورانت بۆ
مەکەر سەرگەردان قەومو خوێشانم
هەرچی موازی مننەت وەگیانم

---

واتە :
– باوك وتی : لەرێ‌ی‌دا هەرچیم هەیە
– دەیدەم بە تەواوی لەیلێ دەهێنم
– هاتە خزمەتی سەرەك خێڵی عامری
– بۆ داوا کردنی لەیلێ‌ی پەری رەنگ
– باوکی بن سەلام هەڵستایەوە سەرپێ و
– وتی بە باوکی لەیلێ‌ی خەت وخالْ جوان :
– زۆر حەز دەکەم بە خزمایەتیت و
– بە نزیکیت و دۆستیت و برایەتیت
– هەرچیم هەیە هەمووی ئامادەم کردووەو وا لە رێتا
– سەرم هێناوەو کەوتوومەتە خاك و پات
– کوڕێکم هەیەو قبووڵی بکەی
– بە واتەی خواو دینی پیغەمبەر
– وەك خزمەتکار لە خزمەتتا بێ و
– کەمترین بەندەت بێ لە دەورت‌دا
– مەمکە بە سەرزەنیشی قەوم و خوێشانم
– هەرچی دەفەرمووی ئەمرت لەسەر گیانمە

بگێره جورمەت قەومی دەم سازم
یارانی هامڕاز هەم دڵنەوازم
هەرچی ڕەزاتەن بسانەم چەنە
لەیلی خاڵ قەتران بدەرەم پەنە
بابۆی لەیل واتش : ئەی بەرگوزیدەم
فورزەندت جە لام چون نووری دیدەم
فرە پی کارەو منەتبارەنان
مەگەر بە ماڵت ئینتیزارەنان !
ماڵت پایەنداز دەولەت جە وێت بۆ
پەی خاتری وێت سەرم نە ڕێت بۆ
لەیلی- م کەرد پێشکەش تەشریف ئاوردەیت
کەردەم کەنیزەو دڵنەوا کەردەیت
یاران سەروماڵ کەزوشان طوفەیل
گردشان بۆسان دەستی بابۆی لەیل
بابۆی بن سەلام هۆرێزا وەپا
عەرزی گەنجش کەرد دۆعای عامرشا

---

واتە :

– بحورمەت خزمو کەس‌و کارم بگرەو
– هەموویان هامڕازو هاو فرمانی منن
– هەرچیت دەوێ‌و پێت خۆشە لێم بسێنە
– لەیلی خەت‌وخاڵ جوانم بدەری
– باوکی لەیلی وتی : ئەی گەورەم
– کوڕت لای من نووری چاوانمە
– زۆر بەم کارە منەتبارم
– مەگەر چاوەڕووانی ماڵی تۆمە !
– ماڵت‌و دەولەتت پێشکەشی خۆت بێ
– لەبەر خاتری خۆت سەرم لە ڕێتایە
– وا لەیلی- م کرد بە پێشکەشی هاتنت
– کردم بە کەنیزەك بۆ دڵنەواییت
– خزمانو هاوڕێیان سەروماڵیان کرد بە قوربانی باوکی لەیلی
– هەموویان دەستی باوکی لەیلێیان ماچ‌کرد
– باوکی بن سەلام هەستایەوە سەرپێی‌و
– ئەو شتانەی هێنابووی عەرزی باوکی لەیلێی کردو دۆعای بۆ سەرۆکی خێڵی عامرشا کرد

بابۆی لەیل واتش هەرچیت ئاوەردەن
گردین بە خویشان طوفەیلم کەردەن
ئیقرار یەکیْوەن، هەر کەس ئادەمەن
بێ شەرت‌و ئیقرار، جە ئادەم کەمەن
جە هەردوو جانیب، باران بی رازی
فتوای نیکاح دان، ئاوەردن قازی
سەد هەزار یاقووت هەم جە دوڕ خەیلێ
بەردشان پەرێ نیکاحی لەیلێ
سەد دانە یاقووت هەم جە دوڕ خەیلێ
بەردشان پەی شەرع نیکاحی لەیلێ

## کۆ کردنەوەی شتی زەماوەند

ئەساسەی شایی فورزەندی دڵبەند
کیانا ئاما، هەزار مەن جە قەند
هەزار تەپلە عود مشکی تاتاری
سەد هەزار مەتای خاسەی دیاری

---

- باوکی لەیلێ وتی : هەرچیت هێناوە هەمووی بۆ خزمانی کورەکەت
- وتەی پەیمان هەریە کێکە، هەر کەسێ ئادەمە
- بێ مەرج‌و بێ وتە. لە ئادەمە کەمە
- بە هەردوولا رازی بوون
- بە بڕیاری نیکاح‌کردنی لەیلێ قازی‌یان هێنا
- سەد هەزار یاقووت‌و دوڕ
- بردیان بۆ نیکاحی لەیلێ (بۆ مارەیی)
- سەد دانە یاقووت‌و دوڕ بۆ شەرحی نیکاحی لەیلێ (بۆ قازی کەلەیلێ‌ی مارە بڕی)

- بۆ بنەمای شایی‌و زەماوەند بۆ کوڕی خۆشەویست
- ناردیان هێنایان هەزار(٣)کیلوی قەند (شەکری کلۆ)
- هەزار کارتۆن مشکی بۆنخۆشی تەتاری
- سەد هەزار پارچەی جۆراو جۆر بۆ دیاری

ئەتڵەس و کیمخوا زەربافی خارا
دیبای موتەبیەق قوتنی بوخارا
هەزار ئەسپی خاس رەوندەی رەهوار
گشت وێنەی باڵدار ئاوردەی بولغار
سەد هەزار جە مێش تەمام یەك دندان
ساخی مموج رۆغەن تەمام چەم قەتران
سەد هەزاران بار، گەنج و جەواهیر
سەد هەزار گەوهەر شوعلە چون ئاهیر
سەد هەزار حوشتر جە نوقڵ و نەبات
سەد قەبای زەرباف پەی رەسمی خەلات
سێ هەزارمەن برنجی خالیص
پەی ئاش و طەعام مونعیم ومولفلێس
کیانا ئاما گردین قەبایل
مەردانی نامی عاقڵ و کامیڵ
هەزارو دووسەد موطریب خۆش ئاواز
ڕێژەی ساز نەدڵ جەرگ مەدان پەرواز

---

- قوماشی ئەتڵس و کیمخوا بە زێڕ چنراوی بوخارا
- پارچە قوماشی دەقکراو لە لۆکەی بخارا دروستکراو
- هەزار ئەسپی چاکی رەوەند بە خێوکراو
- سەرپاکیان لە رویشتندا وەك باڵدار دەفرێن و لە بولغاریاوە هێناویانن
- سەد هەزار مەری یەکساڵە (شەکەمێ)
- قەڵەو دووگ گەورەو چاورەش
- سەد هەزار بار لە گەنج و جەواهیر
- سەد هەزار گەوهەری ئاگرین
- سەد هەزار حوشتری بارکراو لە نوقڵ و نەبات
- سەد هەزار کەوا بەزەرد چنراو بۆ خەلاتکردن
- سێ هەزار سێ کیلۆیی برنجی ترین برنج
- بۆ چێشت و نانی دەوڵەمەندو لات
- ناردی هەرچی هۆزەکان هەن هاتن
- پیاوانی ناودارو دنیا دیدە
- هەزارو دوو سەد گۆرانی بێژی دەنگخۆش و
- مۆسیقاژەن کە بەهۆی ئاوازیانەوە جەرگ و دڵ دەهاتە سەما

مەششاتان هەزار مەهرووی مەهجەماڵ
جەمین جامی زەڕ ئاێنەی زەلاڵ
رەوان بێن بەراه پەی کاری فورزەند
زینەت جە خورشید شەوق جە سەما سەند
پی ماڵ‌و ئەسباب پی خەزێنەوە
پی مەتای بێ حەد هەزار وێنەوە
راهی بێن بەرا، بە ئاستانەی لەیل
لەیلێ پی کارە هیچ نەداشتش مەیل
موطربیان سەف بەست نە دلێ سوپا
نەرگس چەمینان ، شەوق خوَر لەقا
روی سەحرای پۆشا بەرگی لالە بێز
لالەی وەهاران تەمام وستەن بێز
بە مەخمەڵ پۆشیا کەش‌و کۆو بانان
مەدرەوشا قشوون چون شەمعی خاتان
دەنگی تەپڵ‌و ساز، یاران بن سەلام
ئاما وە پێشواز تەمام خاس‌و عام

---

- ئارایشت کەران هەزاری مانگ‌روو وجوان
- ناو چاوان زێرین وەك ئاوێنەی بێ‌گەرد
- کەوتنە رێ بۆ کاری فورزەند (کوری سەلام ئیبن‌سەلام)
- ئەوەندە جوان بوون زینەتیان لە خۆرو رۆشنایشیان لە ئاسمان سەندبوو
- بەم ماڵ‌و کەرەسەو کەل‌و پەلەوەو بەم خەزێنەوە
- بەم کەل‌وپەلی هەزار رەنگامەوە
- کەوتنە رێ بەرەو ماڵی لەیلێ
- بەڵام لەیلێ حەزی لەم کارە نەبوو
- گۆرانی بێژان ریزیان لەناو سوپادا بەست‌و
- کچە چاو نێرگیزیە جوانەکان
- رووی بیابانیان پۆشا وەك لالە (گولاڵە سوورە)و
- گولاڵەی بەهارانیان لەبەرچاو خست
- کەژو کۆو بانەکان بە مەخمەڵ‌و قەدیفە داپۆشران
- لەشکرو چەکەکانیان وەك مۆم دەدرەوشانەوە
- دەنگ‌و تەپڵ‌و سازی یارانی بن‌سەلام بەرز بوویەوە
- خەڵك بەگەورەو بچووکەوە هاتن بە پێشوازی‌یەوە

سەد هەزار مەتای قیمەتی ئالاْ
خارای موتەبیەق دارایی دارا
رووی زەمین پۆشابەرگی مەخمەڵی
دەستەی کارخاسەی بەڵقیسای پەری
پا نیا وەبان پایەی نازدا
وەمەتای حەریف دڵ ئاوازدا
نیشتن وەبالآی فەرش مەخمەڵی
قاڵی کاری هیند دەسکاری پەری
تەك دان وە پاڵ - پیشت تاقی سەنجاب
راحەت نە ئازار شەو نەخەفت‌و خواب
ئاوەردن وە جەم بادەی ئەرغەوان
مەنۆشان بادەی یادی خەسرەوان
کۆکۆ، کۆ کریان، دڵرباى دوڵبەر
ناڵە نیشت نەپای گەردوونی ئەخظەر
جە سۆزی سازان ئاهیر خێزاوە
رێزە رێزەی جەرگ جە تاو بێزاوە

---

وات‍ـــه

- سەد هەزار پارچە قوماش گرانبەهای
- چزاوی دووبەری زۆر گران
- داخراو رووی زەوی داپۆشرا بە بەرگی مەغمەڵ
- کە دەستەوداێرەی ماڵی لەبلێ دایان خستبوو
- پێیان نا وەبان (بەسەر) ئەو قوماشانەداو بە نازەوە
- دانیشتن، لەسەر فەرشی مەغمەڵ‌ۆ
- قاڵی کاری هیندستان‌و دەستکرداری پەریان
- پاڵیان‌دا بە پاڵپشتی (کورسی لەعەنتاب (دوستکراو) عەنتابی‌بەوە
- بە رەحەتی‌و بەبێ ئازارو خەفەت‌و خەو
- دەستیان کرد بە بادە نوشین وەك دیوانی شای خەسرەو.
- دوڵبەرو جوانانی زۆر کۆ بوو بوونەوە
- دەنگی گۆرانی‌و سازیان گەیشتبوویە ئاسمان
- لە سۆزی سازلێدەران ئاگر بەربووە
- جەرگ‌و رێزە رێزەی (پارچە پارچە) کرد لە تاو عەشقدا

نالّە هوٚرێزا جە جەمعی مەستان
مەوانوٚ نەغمە جە هەزار دەستان
ئەو روٚ جە شادی هەردوو قەبایل
فەلەك بەو شادیی دڵش بی مایل
هەزارو حەوت سەد غولاّمانی خاس
کەمەر بەند جە زەڕ گردین بێن رەققاس
هەریەك ئافتابەی زەڕینی سوفید
مەدرەوشا جە دوور چون نووری خورشید
پڕ جە ئابی چەشم سەرچەشمەی زەمزەم
بە شەرتو ئەدەب ئاوردن بە بەزم
دەست کێشان بە ئاب یاران گشت تەمام
وستن سفرەو خوان ئالاّی عەنبەرفام
ئاندە کێشاشان خوانی زەڕنیشان
شەوق خوان مەنیشت نە رووی کەهکەشان
ئاندە کوٚ کریان سینی زەڕنیگار
مەجلیسی شاهان شەوقش نادیار

---

واتە :

- گرمەو نالّە لە لایەن سەرخوٚشانەوە بەرز بوویەوەو
- هەریەکە بە ئاوازیٚو بە جوٚری گوٚرانی بوٚ خوٚی دەوت
- ئەو روٚژە شادی هەردوو هوٚز بوو
- خوای گەورە بەو شایە حەزی هەبوو
- هەزارو حەوت سەد غولاّمی تایبەتیو
- پشتێن زەڕین دەستیان کرد بە هەڵپەرکیٚو سووڕدان
- هەر یەك لەو خزمەتکارانە ئافتاوە و(مەسنبە)یەکی زیوینی سپی بە دەستەوە بوو
- وەك روٚژ لە دوورەوە دەدرەوشانەوە
- پڕ بوون لە ئاوی چاوی سەرچاوەی زەمزەم
- بە ئەدەبەوە دەیانهێنا
- ئامادەبووان دەستیان شوشت
- ئەوجا سوفرەو خوانی بوٚنخوٚشی عەنبەر بوٚیان داخست
- ئەوەندە خوانی زێڕنیان هێنایە ناوەوە
- شوٚڵەی خوانەکان دابوویەوە بەرزترین جێگا کە ئاسمانە
- ئەوەندە سینی زێڕین کوٚ کرانەوە
- مەجلیسی شایان شوٚڵەی نەما، (لەلای سینی نەقشاوی وەهادا ون دەبیٚ)

یەك سەد هەزار مورغ کریان وە کەباب
ئاوەردن وە جەم واردشا چەنی ئاب
پادشاو گەدا ، میسکینو دەرویش
هەر یەك جە لایێ، مەوەردن پەی ویش
خۆشنود بین یاران جە واردەی طەعام
شوکرانە کەردن تەمام خاسو عام
بوزرگان تەمام دەستکیشان بە ئاب
دۆعای سوفرە وەند گردین دا جواب
وا مەندەی طەعام میسکینو گەدا
هەرکەسیٚ بەردش قنیاتی یەك ماه
جە نەغمەی سازان توحفەی دلنەواز
مەشنەفت هەر مورغیٚ مەنیشت نە پەرواز
خەیمە نیشت بە نالٚ نە سەرای سازان
پایە بەرد بە چەرخ نەغمە نەوازان
مەششاتان پەی خالٚ جەمینی ئالاٚ
ئامان مەرەقسان ، مەنمانا بالاٚ

---

واتە :

– سەد هەزار باڵندە کرابوون بە کەباب
– هێنایان سەرجەم بە مەیەوە خواردیان
– پادشاو گەداو دەرویش
– هەر یەکە لە لایەکەوە خەریکی خواردنەوە بوو
– زۆر رازیو کەیفخۆش بوون بەم نانو خواردنەوەو خواردەمەنیەوە
– گەورەو بچووك شوکرانەیان کرد
– پیاوە گەورەکان دەستیان شوشتو
– دۆعای سوفرە (خوا بە زیادی بکا) یان کرد
– پاشخوانو خواردنەوەو خواردنی زیادەی ماوە، درا بە هەژارو گەدا
– هەر کەسیٚ بەشی یەك مانگی خۆی برد
– ئەوجا سازبوونو گەرمبوونی گۆرانیو مۆسیقاو ئاوازی دڵگیر وای کرد کە
– هەر باڵداریٚ دەیبیست، سەرمەستو پەروازە دەبوو، بە ئاسمانا
– خێوەتەکان بە هۆی سازو ئاوازەوە ناڵەناڵیان تیٚ کەوت
– بە جۆریٚ کە دەنگیان دەگەیشتە ئاسمان
– ئارایشت کەران بۆ جوانی خاڵی دەمو چاوی لەیلیٚ
– دەستیان کرد بە دانس کردنو خۆ بادانو خۆ نواندن

## لەیلێ لە ئارایشت کەران توورە دەبێ

لەیلێ چون شنەفت جە لەفزی یاران
بەین بەستەی قەدیم واتە بەدکاران
دەروون جە هیجران پراوازە کەرد
سەراسەر رەختش پارە پارە کەرد
غەم ئاما بە رووش جە جامەی غەزەب
چەنی عارەبان توندێ بێ مەزەب
واتش : گەر بە تێخ هوونم بڕێزان
ئەر قەومان بە قەسد خوونم هۆرێزان
ئەگەر گشت عالەم بکەران مەنام
من ئیبن سەلام نمەیۆ وە لام
ئیقرار یەکێوەن جە لای خواوە
مەیلو خاترم ها بە گەداوە
خیالش هەم مەیل هەم قنیاتمەن
بە گشت پەرێ قەیس خەم خەلاتمەن

واتە :

– لەیلێ کە باسی مەجنوونی لە یاران بیستەوەو بەی پەیمانو مەرجی کۆنی کردەوە
– کە لە پاشە رۆژدا بەدکاران چی دەڵێن
– دڵو دەروونی لە دووری مەجنوون پەروازە بوو
– سەر تا پێ جلەکانی خۆی شتیاڵ شتیاڵ کرد
– توورەبێ دەمو چاوی درژ کردو هێنایەوە یەك
– دەستی کردە دژوێن‌دان بەو عارەبە بێ مەزەبانە
– وتی : گەر بە تیغ خوێنم بڕێژن
– ئەگەر خزمان خیاڵی کوشتنم بکەن
– ئەگەر هەموو عالەم لۆمەم بکا
– من هەرگیز ئیبن سەلام نایەتە لام
– بڕیار جارێکەو خوا ئاگای لێیە
– کە من داوەمە بەو گەدایە (مەجنوون)
– خەیاڵی مەجنوون حەزو خواردمە
– ئەم هەموو خەفەتو خەمباریەیە هەمووی بۆ مەجنوونە

ئەر سەد جار بەدان بەدیم مەکەران
یەکێ جە باغم بەر ئەمەوەران
بغەیر جە مەجنوون کەم فامی چۆڵگەرد
هامڕای وەحشییان ڕۆح نەهیجران زەرد
قەبووڵ نەداروون هیچ پادشایێ
نووری دیدەی من چون ئەو گەدایێ
پەی من وێڵێ بییەن بێ مودارا
پەی من سەر مەدۆ وە سەنگی سارا
مەششاتان خێزان شین وە پێشوازش
پەی جەلای جەمین سۆسەنی گازش
لەیلێ نە ئەوجا سەندەڵێ ساوی کەرد
ئەوەڵێ ئیرادەی خاڵی ماوی کەرد
هەر خاڵێ ماوی وە بوومش مەشەند
لەیلێ ئەو خاڵە بە ناخوون مەکەند
مەوات : ئی خاڵە خاس نییەن پی حاڵێ
من رووسیانان چێش کەروو بەی خاڵێ

واتە :

- ئەگەر بەد سەدجار بەدیم بکا
- ئیبن‌سەلام، یا هەریەکێکی‌تر لە باغم بەر ناخوا
- جگە لە مەجنوونی لێوەی ‹چۆڵگەرد
- هاوڕێی دڕوندە وەحشیانی ڕەنگ زەرد
- هیچ پادشایەکم قبووڵ نییە
- نووری دیدەی من هەر ئەو هەژارەیە
- بۆمن وێڵو سەرگەردانە
- بۆ من سەری لەبەردو تاش دەدا
- ئارایشت کەران چوون بۆ لای لەیلێ
- بۆ ئارایشت کردنی دەمو چاوی زۆرتر جوانکردنی
- لەیلێ‌ش لەو جێگایەدا دەستی کرد بەیانوو گرتن
- لە سەرەتاوە خاڵی نیل گەرەك بوو
- هەر خاڵێکی ماویان بۆ دەکرد
- بە نینۆك هەڵیدەکەندەوە
- دەیوت: ئەم خاڵەو بەم جۆرە باش نییە
- من ڕووم ڕەشەو چی بکەم بەم خاڵە

کەسیٚ کەمەیلش بە ماوی خالٚ بوو
شەوق جەمینش چون سیامالٚ بۆ
من کە سوورەتم سەنگ لێش مەوارۆ
فەیرۆزە پێوە چە رەونەق دارۆ
ئەوەند مەششاتان سۆ دا وە سەندەلٚ
بەر ئاوەرد نە تۆی دارایی مەخمەلٚ
لەیلیٚ دەرووتش جە خەم خرۆشا
یادی مەجنوون کەرد دەروونش جۆشا
دیدەش وە ئەسرین سورمە بەردەوە
خالٚی وەنەوشەش پەشێو کەردەوە
ئاوەردەن پەرێش جام چەنی شانە
مەعلووم پێش گرتەن وە سەد بەهانە
نەرگس جەمینان سورمە ئاوەردەن
بە مەلوولەوە مەعلوومش کەردەن
باوەر وە چەمان نوور ئەنگێزەوە
بە دیدەی ئاهووی خوتەن بێزەوە

---

واتە:-

- هەر کەسیٚ حەزی بەخاڵی ماوی بیٚ
- یاخوا دەم‌و چاوی بە رەش دەوار بیٚ
- من کە روومەتم بەردی لیٚ ئەباریٚ
- پیرۆزەی پێوە چە جوانییەکی هەیە
- ئارایشت کەران ئەوەندە سەندەڵیان سوابەوە
- تا وەکو هیچ دەوایان پیٚ نەما
- لەیلیٚ دەروونی کەفەسەر بوو بە خەفەت
- یادی مەجنوونی کردەوە دەروونی ئاگری تیٚ بەر بوو
- کل دەم‌و چاوی لافاوی فرمێسك بردی
- خاڵی وەنەوشەیی رەنگیشی پەشێو بوو
- جام‌و شانەیان بۆ هێنا
- لەیلێش هەزار بیانووی پیٚ گرتوون
- چاونێرگزەکان سورمەیا (کل)ن بۆ هێنا بۆ رەژنەوەی چاوی
- بە عادزی تووڕەیی‌بەوە تەماشای دەکردن
- چاوت برەژە وەك دیدەی ئاهوانی خوتەن

تاکە نەززاران خوتەن بزانان
جە حەسرەت دیدەت ئەسرین بریزان
نە دیا بە جام نە زولف شانە کەرد
نە تەماشای خالْ فولفول دانەش کەرد
واتش : من خەیلیْ جەفا نە رامەن
مجنوونی چۆلگەرد دینو دنیامەن
ئۆدیْی مەششاتان نیشت وە لاشەوە
وێش مەران بەگەرد خاکپاشەوە
وات : نییەن جەلات بەخت تالێمان
تۆ بەردی سپەوت هەزار سالێمان
ئەگەر هەر کەسیْ بە جایێ بشۆ
قەدرو قیمەتش زیاتەر مەبۆ
هەر من جە لای تۆ بیْ قیمەتەنان
بە سەنگی سیای سیاسەتەنان
لەیلیْ وات : ئەبلە وەسەن وریانە
ئیسە بە حورمەت بەرشۆ جە یانە

---

واتە :

– تاوەکو تەماشاکەرانی خوتەن بزانن چەند جوانیو
– بە حەسرەت جوانیتەوە دەست بکەنە گریان
– نە تەواشەی ئاوێنەی کرد، نە زولْفی شانە کرد
– نە تەماشای خاڵی فولفولی دانەی کرد
– وتی : من جەفای زۆر وا لە رێگەما
– مەجنوونی چۆڵەوان دینو دنیامە
– ئۆستای ئارایشتکەران نزیکی لەیلیْ بووەوەو
– خۆی خستە خاکو پایەوەو
– وتی : لە لاتان بەختمان نییەو چارەمان رەشە
– ئابرووی هەزار ساڵەت بۆ نەهێشتین
– ئەگەر کەسیْ بڕوا بۆ جێگایەکی تر
– نرخو بەهای زۆرتر دەبیْ
– هەر من بەلای تۆوە بیْ نرخم
– دیارە من بەردی رەشی مەینەتو نارەحەتیم
– لەیلیْ وتی : ئەبلە (کەرە) کەم وڕێنە بکە
– ئێستە باشتر وایە بە حورمەت لەم ماڵە بڕۆیتە دەرەوە

وەر نەگاڵ مەدۆم کەمتەر گەدایێ
بکەرۆت عیبرەت هەر کەس نە جایێ
هەنی پی‌کارە نییەن دەماغم
ئەسرنیان مەیان جە دەردو داخم
ئەگەر بە غەزەب نەجا بخێزوون
دەردوو دووری دڵ پەنەت مەرێزوون
هۆرزە پێوار بە دوورگنە جە لام
گەرەکم نیا من ئیبن سەلام

## دایکی لەیلێ ئامۆژگاری لەیلێ دەکا : –

یاران واتشان بە دادێ لەیلێ
لەیلێ پی کارە نەدارۆ مەیلێ
بە ناخوون کەندەن خەت‌و خاڵی وێش
حاشا مەکەرۆ جە حەراڵێ وێش
دادێ جە یاران شنەفتش ئەحواڵ
ئاما بە تەعجیل شادی کەرد بەتاڵ

واتە :

– ئەگینا بانگ دەکەم لە کەمترین کەس
– بتکا بە عیبرەت‌و هەرکەسێ لە جێگای خۆیەوە تێت هەڵدا
– من (لەیلێ وتی) رازی نیم بەم کارە
– لە داخان‌دا فرمێسك لە چاوانم دێ (لەداخدا فرمێسك لە چاوم دێ)
– ئەگەر توورەم دەکەی هەڵدەستم
– دەردی دڵی خۆمت پێ دەرێژم
– هەڵستە لە بەرچاوم ون بەو دوورکەوەرۆ لێم
– من ئیبن‌سەلام گەرەك نیەو نامەوێت!

– دڵسۆزانی ئیبن سەلام ئەمەیان گەیاندە دایکی لەیلێ‌و پێیان وت :
– لەیلێ حەز لەم کارە ناکا
– بە نینۆك لە داخدا هەرچی خەت‌و خاڵی خۆی هەیە کەندوویەتی
– حاشا لەحەراڵی خۆی دەکا
– دایکی لەیلێ وەختێ ئەمەی لە یاران بیست
– بە پەلە هات‌و شایی بەجێ هێشت‌و

واتش : ئەی فورزەند خەیاڵت چکۆن
ئینە گرد ئەسپاب زەوق‌و شادی تۆن
مەنات مەکەران پەی چێش زاریتەن
چی ناڵەو ئەفغان بیٚ قەراریتەن !
لۆمەت مەکەران ئەی نووری دیدەم
بینایی چەمان ئەی بەر گوزیدەم
نەوا بواچان مەردم عەیبان
خەڵقان مەکەران مەنی‌و مەنامان
شەرمەندەم جە عێل عارەبان کەردی
ناموس‌و حەیاو ئابرووم بەردی
پەی چێش پی کارە نمەبی رازی
تۆ چەنی حەلاڵ وێت نمەسازی ؟
ئەگەر بزانۆ بابۆی خەمخوارت
حەلقت مەکێشۆ بابۆ بە دارت
مەعلووم کەردم لێت ساوێت مزانی
ویرو وێت کەرۆ پەی پەشیمانی

---

واتە :

– وتی : ئەی فورزەند تۆ خەیاڵت لەکوێیە
– ئەمە هەمووی کەل‌وپەلی زەوق‌و شایی تۆیە.
– لۆمەت دەکەن، گریانی چیەو بوچی‌یە ؟
– بۆچی ناڵە ناڵ‌و بیٚ ئارامیتە .؟
– خەڵکی لۆمەت دەکەن، ئەی نووری چاوەکانم
– رۆشنایی چاوم، ئەی شۆخە هەڵبژارد (بیٚ هاوتا)ەکەم
– نە وەکو خەڵکی عەیبان لیٚ بگریٚ
– لۆمەمان بکەن
– شەرمەزاری عارەبی کۆچەریمان بکەی
– ناموس و حەیاو ئابروومان بچیٚ
– بۆچی بەم کارە رازی نابی‌و
– لەگەڵ حەلاڵ‌و هاوسەری خۆتدا بسازیٚی !
– ئەگەر باوکت پێت بزانیٚ
– هەڵت دەکێشتە دارو دەتدا لە سێدارە
– وا زانیت‌و ئیتر کەیفی خۆتە
– بیری خۆت بکەرەوە بۆ پەشیمانی

لەیلێ جە دادێ شنەفت ئەحوالان
سنێزا بە جەخت دەست‌دا بە نالان
واتش بە دادێ: وەس کێشە گیانم
پاوناوی نەشتەر بە ئیستیخوانم
نمازی ساتێم ساکن جە خەودا
مدەی بە جەرگم تۆ تێغی مەودا
دیدەم کە دیدەی ئاهوو مەبێزا
سورمە وە دەوران .دەورش مەریزا
ئیسە پەی مەجنوون ماتەمیم پۆشان
دەروونم جە داخ دەروونش جۆشان
قامەتم سەولان جە لاش وەبێز بۆ
چەرمەو سۆڵ‌و ساف ماوای نوخێز بۆ
جەم بییەن جە داخ مەجنوونی چۆڵگەرد
کۆ بەستەن دەردان، دەرد وە بانی دەرد
دوو پا نە پێلاو چە تەور جامە بۆ
ژەنێ بە دوو شوو کەی رەوا مەبۆ

---

واتە:

- لەیلێ لە دایکی ئەحواڵی بیست
- بە شپرزەو تووڕەیی هەڵستایەوەو دەستی کرد بە ناڵەناڵ
- وتی بە دایکی: بەس گیانم دەربێنە
- نەشتەرەکەی دەست گەیشتوەتە سەر ئیسقانم
- نابەڵێ‌ی تاوێ خەوم لێ بکەوێ‌و
- تیغی تیژ لە جەرگم دەدەی‌و نابەڵێ پشوێ بدەم
- چاوم وەك چاوی ئاسك بوو
- کل بە دەوران دەوریان‌دا بوو
- ئیستە بۆ مەجنوون ماتەمی دای‌پۆشیوم
- دەروونم بۆ دەروونی گڕی سەندووە
- قامەتی سەولێ رەنگم یاجوانی نەمێنێ‌و برزێ باشە
- ئەو سپی‌وساف‌و سۆڵە(لەشی)یا بێ بە هی یەکێکی تر!!
- لە داخی مەجنوونی چۆڵەوان‌دا، داخ‌و خەفەت لە لام کۆ بووەتەوە
- هەمووی (دەرد لە بانی دەرد) کۆ بووەتەوە
- دوویێ لە پێلاوێك‌دا چۆن چۆنی ری‌ی دەبێتەوە
- ژنی بۆ دوو شوو بە جارێك‌دا کەی رەوایە

جوفتی ئەوەنان ئەر سەد کە تاقم
بە دەستی ئەوەن سیغەی تەلاقم
پەی من ئەراگێلْ بیابان بییەن
پەی من سەرگەردان جە خانان بییەن
پەی من شێت بییەن وەبێ مودارا
پەی من سەر مەدۆ وە سەنگی سارا
پەی من بێزار بی جە قەوم و خوێشان
پەی من سەد جەفای مەینەتان کێشان
پەی من تەرکی بەرگْ ئەتڵەسی کەردەن.
پەی من دەست کێشان جە طەعام وەردەن
پەی من نەکۆی نەجد گرتەنش ماوا
وەروو من وێڵا نە دەشت و چیا
کەسێ پەی کەسێ وەی تەور بە داغ بۆ
حەیفەن میوەی ئەو نە سپی زاغ بۆ
وەرنە واردەی زاغ میوەی مردارەن
زاغ بە واردەی شەهدش چەکارەن

---

واتە:

- جووتی ئەوم ئەگەرچی ئێستە تاقم
- بە دەستی (مەجنوون)ە - ئەوە - صیغەی تەلاقم
- بۆ من وێڵێ دەشت و دەر بووە
- بۆ من سەرگەردانەو دوورە لە خانانەوە
- بۆ من شێت و بێ ئارام بووە
- بۆ من سەری دەدا لە تاش و بەردی سارایی دا
- بۆ من بێزارە لەکەس و کارو خوێش
- بۆ من و لەرێی من دا تووشی جەفاو جەور بوو
- بۆ من تەرکی بەرگی جوان ئەتڵەسی کرد
- بۆ من خواردنی لە خۆی حەرامکرد
- بۆ من کۆی نەجدی کرد بە ماوا
- لەبەر من وێڵی دەشت و شاخ و چیاکانە
- کەسێ بۆ کەسێ بەو جۆرە بە داخەوە بێ
- زۆر حەیفەی میوەی قەلەرەش بیخوا
- چونکە خواردنی قەلەرەش گۆشتی مردارۆ بووە
- قەلەرەش بەو خواردنە چە پەیوندییەکی هەیە!

دادیێ خجلێ مەند جە واتەی فورزەند
شادیش بەتالێ بی خەمان قامش کەرد
جە حەسرەتمەندیی، ویێش پەی نەگیریا
ئاندەش پەی کریا لەیلش ئاست جیا

## گواستنەوەی لەیلێ

بە تاوو تەعجیل وەختی نمای شام
ئاوردن ئەسپان مورەسسەع لوجام
ئەسپانی تازی عارەبانی بەڕ
جوققەی فەرقشان تووکی تاوس پەڕ
وەختی نمای شام کەردەشان سوار
چراغان کریا فانۆسان هەزار
دوو فورسەخ زەمین بی وە رۆی رەوشەن
جە شوعلەی مەشعەل جە سامی قەوشەن
جەمینی لەیلێ شەوق جە مەهتاب سەند
دڵێ بە مەیلی یار کەردەبی پەیوەند

---

واتە:

- دایکی بە واتەی لەیلێ سەرسام ما
- شادی واز لێ هێناو خەمو خەجالەت دای گرت
- لە حەسرەتمەندیدا خۆی پی رانەگیرا
- ئەوەی پێ کرا، لەیلێی بە جێ هێشت

- کاتی نوێژی ئێواران، بە پەلە،
- ئەسپی لغاو جەواهیر بەندیان هێنا
- ئەسپی عارەبی کۆچەری
- مووی کلکیان پڕو جوان وەك پەڕی تاووس وابوو
- وەختی نوێژی ئێواران سواریان کرد
- بە هەزاران چرا فانۆس داگیرسان
- دوو سەعاتە ڕێ بەملاو بەولادا دەشت ڕۆشن بوویەوە وەك ڕۆژ
- بە هۆی شۆڵەی چراوگەو چرایەوە
- ناوچاوانی لەیلێ ڕۆشنایی لە مانگەشەو بڕیبوو
- لەگەڵ ئەوەش‌دا دڵی بە مەیلی یارەوە بەسرابوو

رەقڤاسان هەزار چون شەمسی خاوەر
جەمین چون مینا خاڵان چون ئەختەر
ناڵەی موطربیان نەو شەوی دەیجوور
بە چەرخی ئەفلاك ئەختەر بیٚ مەستوور
زەما بە دەماغ وەشیش کەوتەن دڵ
ئاشەوە لەیلیٚ یاوێنە مەنزڵ
بە دڵ وەشییەوە لوانە پەردە
لەیلیٚ وات: دەستت جە دەستم وەر دە
دەسم پەی کەسێن مەجنوونەن نامش
مورغی دڵ بەندەن بە دانەی دامش
ئێسە هامنشین یارانی چۆڵەن
جە هیجرانی من پۆستش نەکۆڵەن
تۆ جە من مەقسوود نمەیاوو پێت
پی هیجرانەوە بەتەر مەبی شێت
وەختی ویاراو چەنگ‌و دەنگ نییەن
پایەو مەجنوونیم جە تۆ کەم نییەن

---

واتە:

– سەماکەران هەزاریٚ وەك ڕۆژ
– دەم‌و چاویان وەك مینای ساف خاڵیان وەك ئەستیرە دیار بوو
– ناڵە ناڵ‌و دەنگی گۆرانی لەو شەوە تاریکەدا
– گەیشتە ئاسمان‌و ئەستێرەکانی
– زاوا بە دەماخ‌و کەیف خۆشە
– گوایا ئەو شەوە لەیلیٚ گەیشتووەتە بەرەوە
– بە دڵ خۆشییەوە چووە پەردەوە
– لەیلیٚ وتی: دەستت لە دەستم بەردە
– دەستم بۆ یەکێکە کە ناوی مەجنوون – ە
– باڵندەی دڵم بەندی داویەتی
– ئێستە وا لە چۆڵەوانی‌دا دەژی
– لە داخی من‌دا پێستی لەبەر کردووە
– تۆ لە لای منەوە، مەرامت جیٚ‌بەجیٚ نابیٚ
– بەم دەردەوە خراپتر شێت تر دەبی
– وەختی ڕابواردن و بەزم سازدان نییە
– پایەی مەجنوون لە تۆ کەمتر نییە

هۆرێزە وەلام شۆ وە دماوە
من شەرتم کەردەن جە لای خواوە
هەرتا زیندەنان تا بە رووی مەردەن
عەهدو پەیمانم بە مەجنوون کەردەن
هەرچی حاڵم بیێ گشت وانم من پێت
فکری کارت کەر پەی من مەبە شێت
هۆرزە پێوار بە خەیاڵت خاما
بۆ کەردەو مەمام پەی تۆ حەراما
لەیلێ جوان رەنگ نەغەزەب تاڵ بی
حەسرەتمەندە بیێ دەروون زۆخاڵ بی
زەما پەشێو حاڵ زبان پەراز بیێ
لەیلێ راز وەنەش چون گیرو گاز بیێ
زەما چون مورغان شکستە باڵ بیێ
لەیلێی سوفیدرەنگ وە کۆی زوخاڵ بیێ
زەما چون شەوکۆر گوم کەردەی رابی
لەیلێ چون پرشنگ مەوجی دەریابی

---

واتە:

– هەلستە لە لامەوەو برۆرە دەرەوە
– من لە لای خواوە پەیمانم داوە
– تاوەکو رۆح وا لە گیانم‌دا
– پەیمانم لەگەڵ مەجنوون‌دا کردووە
– هەرچی خەیاڵم بوو هەموویم پێ وتی
– بیری خۆت بکەرەوەو بۆ من شێت مەبە
– هەڵستە ون بە لەبەر چاوم، خەیاڵت خاوە
– بۆن‌کردنی مەمانی (مەمك) من بۆ تۆ حەرامە
– ئەو لەیلێ جوانو رەنگینە لەتوورەیی‌دا تاڵ بوویەوە
– پڕ لە حەسرەتمەند بوو دەرووی رەش بوویەوە
– زاوا حاڵی پەشێو بوو دەستی کرد بە رازو نیاز
– لەیلێ، رازی لێ بوو بە گیرو گاز
– زاوا وەك باڵندەی باڵ شکستەی لێ‌هات
– لەیلێ پێست سپی رەش بوویەوە وەك خەڵووز
– زاوا وەك شەوکوێر رێی نەدەبینکا
– لەیلێ وەك پرشنگی شەپۆلی دەریا بوو

زەما چون حاجی بە کەعبەی موحتاج
لەیلیٚ چون راگەی سەختی ناعیٚلاج
زەما چون توولەی سیای وەهاران
لەیلیٚ چون سەیاد نە بەرزە بانان
زەما چند ناڵا ئەو جە داخ و دەرد
لەیلیٚ مرادش هیچ حاسڵ نەکەرد
چون حاسڵ نەبی مرادش جە لەیل
سەلام جە داخ لەیل گیانش کەرد توفەیل
ئەو شەو بەرەحمەت، لەیلیٚ مەندەوە
خەیاڵان لوان شادیش سەندەوە
سەحەر زوو لەیلیٚ چەنی ئەقرەبا
لواو بەردشانوٚ، لەیلیٚ خاڵ سیا

## پیرەژن هەواڵی شووکردنی لەیلیٚ بۆ مەجنوون دەبا

عەجووزەی دەوران شوومی ستارە
بەرگ قەترانی رەنگ سیمی بەدچارە

---

واتە:

– زاوا وەك چون حاجی موحتاجی کەعبەیە، ئاوەها موحتاجی لەیلیٚ بوو
– لەیلیٚش وەك ریٚگای سەخت وابوو نەیتوانی بیگاتیٚ
–زاوا وەك سەگی رەشی بەهاران دەوەڕی،
– لەیلیٚ وەك راوکەری سەربانانی بەرز وابوو
– زاوا چەند بەو دەردانەوە ناڵی
– لەیلیٚ گویٚ نەدایێ و مورادی جیٚبەجیٚ نەکرد
– هەر لەبەر ئەوەی لە لەیلیٚ مرادی جیٚبەجیٚ نەبوو
– لەداخی لەیلیٚ گیانی دەرچوو
– ئەو مردو لەیلیٚ مایەوە
– خەیاڵی دووکەڵاوی چوون و خۆشیان هیٚنایەوە
بەیانی زوو لەیلیٚ لەگەڵ خزماندا
– رۆیشتەوەو بردیانەوە.

– پیرەژنی ئەستیٚرە شوومی زەمانە
– رەشپۆشی چارە بیٚ فەر

نه جینس بەنی ئادەمەو دووری
قامەتش جە دێوی مەلعوون بەتەر بی
روو کەرد بە کۆی نەجد ماوای مەجنووندا
سینە سەد پارەی ستارە شوومدا
مەشیی بە ڕاوە چون تیری پڕتاو
یاوا بە مەجنوون شوریدەی بێخاو
مەجنوون نیگا کەرد، سیا بەرگێ دی
جە بەرگی قەتران، ساتێ بێ هۆش بی
پیرەژەن یاوا بە ماوای مەجنوون
پەیا پەی مەکەند سوورەت بە ناخوون
مەجنوون پەرسا لێش پیرەی کۆنەساڵ
بواچە جە لەیلێ چێش مزانی حاڵ!
ڕاست بواچە پێم بە عەشق داوەر
ئەو یاری غەمخوار چێش ئاماش بە سەر؟
پیرەژەن واتش: لەیلێ نەمەردەن
جە مەردەن بەدتەر بێ شەرتی کەردەن

---

واتە:

– لە هەمووشتێ دەچوو جگە لە ئادەمیزاد (لە جینسی ئادەمیزادەوە دوور بوو)
– باڵای لە باڵای دێوی مەلعوون بەدتر بوو
– رووی کردە بەرەو ماوای مەجنوون لە نەجد (لە شاخی نەجد)
– کە سینگی شڕو وڕو ئەستێرەی شوومە
– وەك تیری زۆر بە تاو پیرەژن بەرێوە دەچوو
– تاگەیشتە مەجنوونی پەشێوی بێ خەوو بێئارام
– مەجنوون رەشپۆشێکی کەوتە بەرچاو
– لەو بەرگە رەشەر بۆ ماوەی سەعاتێ بێ هۆش بوو
– پیرەژن گەیشتە ئەوێ
–پەیتا پەیتا بە نینۆك دەم‌و چاوی خۆی هەڵدەکەند
– مەجنوون پرسی پیرەژنی کۆنە ساڵ
– پێم بلێ بە لەیلێ چی هاتووە!
– بۆ خاتری خوای گەورە راستیم پێ بلێ
– ئەو یارە غەمخوارەم چی بەسەر هاتووە؟
– پیرەژن وتی: لەیلێ نەمردووە
– لە مردن بەدتر بێ شەرتی کردووە

بێ شەرتان شەیتان دەستگیر شانەن
کەی عەهدو پەیمان جەو پرشانەن!!
لەیلیٚ کە مایەی دنیاو دینت بێ
قیلەگای مەسجید هەم یەقینت بێ
بەینش دا بە باد بێزار بی جە تۆ
چۆن بێ بەینتان دەستش شت جە تۆ
دیا بە رەونەق خەزانان‌دا
لەب نیا وە لەب نەزانانەندا
جە دەستی خاسان مەبۆ کەردەن داد
رەنجی رەنجدەران مدەران بە باد
ئیبن سەلام ئاما چەنی قەومو خویش
عەقدی لەیلیٚ کەرد بەردش چەنی ویش
لەیلیٚ چون پرشنگ تاوی جۆششەن
چەنی بێ شەرتان عەیش‌و نۆششەن
تۆ چێگە خەریك بێ یارو یانە
هامرازی وەحشان شێت‌و دێوانە

واتە:
- بێ شەرتان هەمیشە شەیتان یاردیدە دەریانەو
- عەهدو پەیمانیان لە بیر نامێنیٚ
- ئەو لەیلیٚ کە دنیاو دینی تۆ بوو
- قیلەو مزگەوتی ئاینپەرستیت بوو
- پەیمانی دا بە باداو لە تۆ بێزار بوو
- بەینتان ئەوسا چۆن بوو، کەچی ئێستە دەستی لە تۆشوشت
- تەماشای رەونەقی گەوهەرو خەزێنەی کردوە
- لێوی نا بە لێوی کەم فامو نەزانەوە
- لە دەستی چاکان دەبێ داد بکەی
- ئەو چاکانە رەنجی رەنجدەران بە با دەدەن
- ئیبن سەلام لەگەڵ خزمو کەس‌و کارو هۆزی هاتن
- لەیلیٚی مارە بری‌و لەگەڵ خۆی‌دا بردی
- لەیلیٚ وەك تیشکی خۆر جۆشی خرۆشاوە
- لەگەڵ یەکێکی بێ شەرت‌دا خەریکی عەیش‌و نوشی خۆیەتی
- تۆ لێرە بەبێ یارو بەبێ ماڵ‌و دانیشتوی
- خۆت کردووە بە هامرازی وەحشیان‌و شێت‌و دێوانە بووی

لەیلێ خۆ ساحیب گەنج و خەزێنە
جە لاش کۆ بییەن سەد هەزار وێنە
تۆ نەیجا خەریك نە وەر مەغاران
پەشێو چون نەرگس سالێ کەم واران
لەیلێ خۆ مایل بەژن و باڵای یار
ساکینەن نە بەین خەیمەی زەرینگار
تۆ چێگە خەریك سوفتەی سیا بەرگ
نە شادی بە لەیل، نە ساکین بە بە مەرگ
تۆ چێگە ناشاد نیشتەنی خەمبار
لەیل دەستش ئاستی بێ وەفا بێ بار
هەنی وەسەن رەنج جەفای بێ شومار
بێبارو بێ شەرت مەکێشە ئازار
تازە ئیتر لەیل جە دەست ویەرد
مەر هەر هۆرکێشی هەناسانی سەرد

واتە:

- لەیلێ ئێستا خاوەنی گەنج و خەزێنەیە.
- بەهەزاران جۆری لە لا کۆ بووەتەوە
- تۆش لێرە لە بەردەمی ئەشکەوتەکاندا کەوتووی و
- حاڵت زۆر پەشێو پەپەرێشانە وەك نەرگیزی بێ ئاو وایتە
- لەیلێ مەیلی لەگەڵ بەژن و باڵای مێردیا هەیە
- لە خێوەتی بەزێڕ چنراودا دانیشتووە
- تۆش لێرە رەشپۆشی و
- نەبە لەیلێ شاد دەبیت و نە خواش دەتکوژێ
- تۆ لێرە خەمبارو ناشاد دانیشتووی
- لە یلێی بێ وەفاو بێ بار وازی لێ هێنای
- ئیتر رەنج و جەفاو ئازار بەسە
- بێ بارو بێ شەرت ئازار مەکێشە
- تازە ئیتر لەیلێ لە دەست دەرچوو
- مەگەر هەر هەناسەی سارد هەڵکێشی

## مەجنوون نامە بۆ لەیلیٚ دەنووسیٚ

مەجنوون جە گوفتار پیرەژەن بە جۆش
سەر مالّا نەخاك سەر سامی بیٚ هۆش
قەلّەم گرت بە دەس خاتر جە خەم کەیل
عەرزەی جەستەی حالٚ نویسا بە لەیل
سلاّم بە تۆ لەیلیٚی سایەدار
مالٚ ویٚرانی دەرد بیٚ خەبەر جە کار
شنەفتم پایەی بەینی نۆ بەستی
عەهدو پەیمانی وەرین شکەستی
کۆن شەرت‌و ئیقرار وەرین کەکەردت
بە سەوگەندی ویٚت وەفا نەکەردت
کۆن سەیری بالاّت نە مەکتەبخانە؟
کۆ شیی تەماشای خالٚ فولفول دانە!
نیٚ زەوق‌و شادی موبارەکت بۆ
بەینی نەو بەستی موبارەکت بۆ
یاری نۆ ئەرسەد گەنجش فیشتەرەن
بە یاری کۆنەت کەی بەرابەرەن!!

---

واتە:
- مەجنوون لە گۆتەی پیرەژن هاتەوە جۆش
- سەری خۆی داوە لە خاك‌و خۆل سەرسام‌و بیٚ هۆش بوو
- بە دلیٚکی خەمبارەوە قەلّەمی گرت بە دەستەوە
- وەزعی حالٚو دلٚو دەروونی خۆی بۆ لەیلیٚ نووسی:-
- سلاّم لیٚت بیٚ ئەی لەیلیٚی شۆخ‌و شەنگ
- مالٚ ویٚران کەرم‌و هۆی دەردو ئازارم
- بیستم پەیمانی نویٚت (نویٚت) بەستووە
- عەهدو پەیمانی پیٚشووت شکاندووە
- کوا ئەو پەیمان‌و مەرجە کە لەوەو پیٚش کردت!
- وەفات بۆ سویٚندی خۆت نەبوو!
- کوا ئەو وەختەی کە لە مەکتەب پیٚکەوە بووین‌و هەر سەیری بالاّتم دەکرد!
- بۆ کوێ چوو تەماشای خەت‌و خالە جوانەکەت
- ئەم شادی‌و زەوقەت پیرۆزت بیٚ
- یاری نویٚی تۆ ئەگەرچی گەنج‌و گەوهەری زۆرە
- بەرامبەری یاری کۆنەت ناوەستیٚ!

کاریٚ بکەرە کەسێ کەردە بۆ
تەرسا بە سوجدەی بوتان بەردە بۆ
من نی گومانە نەبەردم پێت
بە وەعدەی خیلاف منت کەردەن شێت
شێت‌و شەیدای تۆم گشت عالەم زانا
چەند جەورو جەفات وە من نمانا
ئاخر نامی من بەشێتی ژریا
حەیف کە باغچەی تۆ بە ناکەس بریا
ئاخر جە سەودات سوودمان خەم بیٚ
کۆگای مەینەتان وە لامان جەم بی
ئاخر میوەی تۆ کەسێوتەر واردش
سەیری باغچەی تۆ کەسێوتەر کەردش
غونچەی باغچەی تۆ بە مەردم بریا
نامی من ئاخر بە شێتی زریا
چەنی تۆ رەنجی بیٚ هوودە بەردم
چەند سالٚ چەمەڕای راگەی تۆ کەردم

---

واتە:

- کاریٚ بکە کە کەسێکی تر وەهای کردبیٚ
- وەك ئەوە وایە کە تەرسا سوجدەی بۆ (بت) بردبیٚ
- من ئەم گومانەم لیٚ کردی
- بە پەیمان شکاندنت منت بە شێت دەرکرد
- من شێت‌و شەیدای تۆم‌و هەمووکەسیٚ دەزانیٚ
- چەند جەورو جەفات بە من نواندو دەرخواردت دام
- لە دوایشا ناوی من بە شێتی بلاو بوویەوە
- زۆر حەیفە کە باغچەی تۆ بە ناکەس دەبرری
- بەرهەمی خۆشەویستی تۆ خەم‌و خەفەت بۆ من بوو
- بوو بە هۆی کۆمەلٚ بوونیٚ مەینەت‌و زەحمەت
- لە دوایش‌دا کەسێکی‌تر میوەی خواردی
- سەیری باغچەی تۆ یەکێکی تر کردی
- ناوی منیش بە شێتی بلاو بوویەوە
- لەگەلٚ تۆدا رەنجێکی بیٚ سوودم داو
- چەندسالٚ چاوەروانی ریٚگەی تۆ بووم

ئەریٚ بیٚ مرووەت ، لەیلی عامری
چی منت شێت کەرد چی پێسە کەری ؟
پەی چێش یاونای مۆیەت بە سەردی !
بەین و بەستی وێت تا سەر نەکەردی !
پەی چێش دات بە باد رەنجی بەردەمان
بەخشای میوەی باخ چیٚ نەوەردەمان
خۆف رووی مەحشەر نییەن وە یادت
فەقیری چون من بکەرۆ دادت ؟!
جە رووی قییامەت دیوان مەپەرسان
ئوممەتان جە خەوف خوا مەترسان
منیچ هەم بەندەی حەق ئافەریدەم
جوابت چێشەن ئەی بەرگوزیدەم !
وە بەینەت داری گوزافت مەدا
گوزافت وێنەی خیلافت مەدا
کەسیٚ پەی کەسیٚ پی وێنە داغ بۆ
حەیفەن میوەی ئەو نەسیبی زاغ بۆ

---

واتە :

- هەی لەیلیٚی عامری بیٚ مرووەت
- بۆچی منت شێت کردو وا دەکەی ؟
- بۆچی خۆشەویستیت کرد بە ساردی و ناخۆشی و
- بەین و پەیمانت نەبردە سەر
- بۆچی رەنجمان دات بە بادا
- بۆچی بەری باخی نەخواردوومانت دۆڕاند
- ترسی رووی مەحشەر ، نایەتە خیاڵت و
- هەژارێکی وەك من داد بکا لە دەستت
- لە دیوانی رۆژی قیامەتدا دەپرسن
- ئومەت هەموو لە خۆف خوا دەترسن
- منیش بەندەیەکم خوا دروستی کردووم
- جوابت چییە ، ئەی بەرگوزیدەم
- تۆ لافی وەفاو پەیمانداریت لیٚ دەدا
- گوزافت لیٚ دەدا کە پەیمان ناشکێنی
- کەسیٚ بۆ کەسێکی تر بەم جۆرە بە داخ بیٚ
- حەیفە میوەی ئەو بە نسیبی یەکێکی تر بیٚ !

وەبێ وەفایی شنەفتم کارت
بە عەبەس بەرشی قەولێو گوفتارت
ئەر سەد پەشێوی بەختو تاڵەمەن
زەڕێو مەیلی تۆ گەنجی عالەمەن
ئەر من پەنای وێم بە تەرسا مەبەرد
دەستم وە دەرگای کلیسا مەبەرد
فیشتەر خۆ جە تۆ خەمێم وەرێنێ
وەفاداریشا تا سەر بەرێنێ
پەی تۆ وبەردم جە قەومو خوێشان
پەی تۆ چند تانەی ناکەسم کێشان
تەرکی شاهیم کەرد لونگم گرت نەکۆڵێ
چۆڵم کەرد وە زێد ، زێدم کەرد وە چۆڵ
چەند جەفای عەظیم پەرێ تۆ کێشام
چەند تیری تانەی مەینەتت کێشام
سەد هەزار لیرێ قوربانی تۆم کەرد
بە سیدقو ئیخلاس پەنام بە تۆ بەرد

---

واتە :

– سەرگوزەشتەی بێ وەفایی تۆم بیست
– گفتو پەیمانت بە هیچ دەرچوو
– ئەگەرچی پەشێوی ئەم چارەی خۆمەم
– بەڵام زەڕرەیی مەیلێ تۆ ناگۆڕمەوە بە هەموو گەنجو جەواهیری عالەم
– ئەگەر پەنام بە تەرسا بردبایە
– دەستم وە قاپی کەنیسەوە بگرتبایە
– زۆرتر لە تۆ خەمی منی دەخوارد
– پەیمانیشیان تاوەکو سەر دەبرد
– بۆ تۆ لە خزمو کەسیو کارم بووم
– بۆ تۆ بووم بە جێگای تانەو تەشەری خەڵق
– بۆ تۆ تەرکی شاهیم کرد کەوڵم گرتە کۆڵم
– بۆ تۆ چۆڵیم کرد بە زێدوو زێدیشم کرد بە چۆڵی
– چەند جەفایەکی فراوانم بۆ تۆ کێشا
– چەندانە تیری تانەی مەینەتی تۆم کێشا
– سەد هەزار لیرەم کرد بە قوربانی تۆ
– بە راستگۆییو دڵسۆزی پەنام بۆ تۆ هێنا

خاترەت نەرەنجۆ جە واتەی سەردم
حەقم بە دەستەن مەعلووم لێت کەردم
مەجنوون جە هیجران نامە تەمام کەرد
کێشا نە دەروون هەناسانی سەرد
نامەش نویسا بە هووناوی دڵ
دیش کە بای شەماڵ جە پڕ بی نازڵ
کیاناش پەریٚ ئەو پەری شێوە
لەیلیٚ دیش کە مۆر مەجنوون ها پێوە
سەرتاپا واناش لەیلیٚ سۆسەن‌خاڵ
نامەی عەرزەوحاڵ قەیسی خەم خەیاڵ
لەیلیٚ جە هیجران شینو زاری کەرد
پەی جەستەی مەجنوون کێشا ئاهی سەرد
لەیلیٚ سایەدار دیا جە لاوە
دیش کە کەنیزان مدران وە پاوە
ئیشارەتش کەرد بە نازپەروەران
قەڵەمو دەوات پەریٚم باوەران

---

واتە :

– دڵت لەم نووسینە ساردەم عاذز نەبیٚ
– چونکە لات رۆشنە کە حەقم بەدەستە
– مەجنوون ، دوورکەوتەی یار ، نامەی تەواو کرد
– لە دەروونیەوە هەناسەیەکی سارد هاتە دەرەوە
– نامەی بە خوێنی دڵ نووسی
– کت‌وپڕ بای‌شەماڵ ئامادەی رۆیشتن بوو
– نامەی بە بای شەماڵ‌دا نارد بۆ ئەو پەری شێوە
– لەیلیٚ نامەی وەرگرت‌و دی کەوا مۆری مەجنوونی پێوەیە
– لەیلیٚ سەرپاکی «بەوردی» نامەی خوێندەوە
– کە پربوو لە عەرزەوحاڵی مەجنوونی خەمبار
– لەیلیٚ بۆ ئەمە دەستی کرد بە گریان وشین
– بۆ بەدەنی زەبوونی مەجنوون هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا
– لەیلیٚ بە شانو شەوکەت لای کردەوە
– کەنیزێکی دی کە بەپێوە راوەستا بوو
– بە نازێکەوە پێی وت کە
– قەڵەمو مەرەکەبی بۆ بهێنن

مەبۆ بنویسوو نامە بە جایێ
وەلای ئینتیزار دیدە بە رایێ
بکیانون نامە پەرێ دەرمانش
تاکە بەرنەشۆ جە حەسرەت گیانش
خەوفی عەرەسات رووی مەردەنیمەن
ئەدای وەفای ئەو نەکەردەنیمەن
ئەو ناز پەروەران مینەت مەبەردن
قەڵەم و دەوات پەرێش ئاوەردن

## لەیلێ وەڵامی نامەی مەجنوون دەداتەوە

قەڵەم گرت بە دەس کێشا نە رووی خەت
ئەوەڵ ئیسمی زات ئاوەردو ئایەت
کەردش بە دەوات تاووس تارەدا
ئاوەرد بە کاغەز ساف هەموارەدا
پادشای بێ باك کە بێ ئەندێشەن
مزانۆ گونای هەرکەس کە چێشەن

---

واتە :

- دەبێ نامەیەکی بەجا بنووسمەوە
- بۆ یەکێ کە چاوەروانیەتی
- بنێرم ئەم نامەیە (نامەبێ) بۆ دەرمانی
- تاوەکو لە حەسرەت خواردنەدا گیانی دەر نەچێ
- ترسی ئەو دنیاو رۆژی مردنمە
- کە چۆن وەفام بە پەیمان نەکردو تووشی ئازارم کرد
- کەنیزەك بە زۆر نازو بە منتەتباری‌یەوە
- قەڵەمو مەرەکەبی بۆ لەیلێ هێنا

- لەیلێ قەڵەمی گرت بە دەستەوەو دەستی کرد بە نووسین
- یەکەم جار ناوی خواو ئەوجا ئایەت
- قەڵەمی کرد بە دوێتی رەش‌و رەنگامەی تاوسی‌دا
- هێنای بە سەر کاغەزی سافو سۆڵ‌داو
- نووسی : خوای گەورە کە بێ باکە
- گوناهی هەر کەسێ دەزانێ چییە

زاهێرو باتێن وەنەش عەیانەن
نێك‌و بەد جە لاش گشت نمایانەن
نویسا میسکین دەروون پڕ دەردان
وێڵی ولاتان لێوەی سەرگەردان
تۆ جە دووری من چە تەورەن حاڵت ؟
کێ بەرمەکەرۆ خەم جە خەیاڵت !
هام دەمی وەختیم تاوان نەکەردەن
مێوەی ئەمانەت ، تۆ کەس نەبەردەن
من بەو بەینەتان چەنی تۆ بەستم
بەو ئەقرارەنا هەرتا کە هەستم
کەسێ جە جامت شەربەت نە چەشتەن
کەسێ بە شکارت پەنجە نەرەشتەن
مزانی ئارۆ عەقدی شان بەستم
هیچ ئیختیارێ نەبێ بە دەستم
هەر ئیختیارێ بە دەست‌و وێم بێ
فیکری ئەمانەت مێوەی تۆ پێم بێ

---

واتە :

– رواڵەت‌و ناخی لەبەر چاویەوە روونە
– چاك‌و خراپ هەمووی بە لایەوە دیارەو دەیزانێ
– نووسی هەژاری دەروون پڕ لە دەرد
– وێڵ‌و سەرگەردانی ولاتان‌و لێوە
– تۆ لە دووری‌من دا حاڵت چۆنە ؟
– کێ خەفەت لە دەروونت‌دا دەر دەکا ؟
– هام دەمی وەختیم (ئیبن‌سەلام) تاوانی نەکردوە
– مێوەی ئەمانەتی تۆ کەسێ نەیخواردووە
– من بەو بەینە لەگەڵ تۆ بەستم‌و
– لەسەر ئەو قەرارەم هەتاوەکو من هەم
– هیچ کەسێ لە جامی تۆدا شەربەتی نەچێشتووە
– هیچ کەسێ پەنجەی بە نێچیرت نەرەژتووە
– دەزانی ئەو رۆژەی کە مارەیان بڕیم
– هیچ جۆرە رایێ بە دەستی من نەبوو
– هەر تەنیا تاقە ئیختیارێکم هەبووە
– بیری مێوە ئەمانەتەکەی تۆم هەبووە

میوەی ئەمانەت تۆ کەس نەکەندەن
ها بە دارەوە موهەییا مەندەن
پەی چێش کیانای پەرێم نامەی تاڵ
پەی تۆ زوبانم بییەن لەنگ‌و لاڵ
مەکەرێم رێزە بە تیرو تانە
ماوەری پەرێم هەزار بەهانە
گوناهکار نەبیم من پی مێوەوە
مەزانوو مەیلت مەنەن پێمەوە ؟
بەڵێ فەقیری نەداری تاوان
گەردێ بە خاتر شەریفت یاوان
وەرنە تۆ جە کۆ بەیتەور هەواڵان
تەرکی یادی دۆست تەمەنناى خاڵان
ئەر یاری خەمخوار میهرەبانەنی
حەیفت هەر ئێدەن بەد گومانەنی
نامی تۆ شادەت زیکری زوبانەن
نە دێنی باڵات ئاخر زەمانەن

---

واتە :

– میوەی ئەمانەتی تۆ ها بە دارەوەو کەسی لێی نەکردوەتەوە
– هەر ماون‌و وان بە دارەوەو ئامادەن
– بۆچی نامەی تاڵت بۆ ناردووم
– من بۆ تۆ زوبانم لەنگ‌و لاڵ بووە
– بە تیرو تانەت دەتەوێ رێزە رێزم بکەی‌و
– هەزار بیانووم لێ دەگری بۆ !
– گوناهکار نەبووم من بەم میوەی تۆوە
– جا نازانم تۆ مەیلت لەگەڵ من‌دا ماوە ، یام نا !
– بەڵێ فەقیری‌و بێ تاوانی
– خاتری شەریفت گەرد گرتوویەتی
– ئەگەر وانەبێ ، ئەگینا تۆ چۆن بەم جۆرە هەواڵانە رازی دەبی
– کە واز لە بیری دۆست‌و حەزی تەماشای خاڵانی بێنی
– ئەگەر تۆ یاری خەمخوارو میهرەبانی
– حەیفت (سووچت) هەر ئەوەیە بە گومانی
– ناوی تۆ بە لای منەوە شایەتمانەو لەسەر زمانمە
– چاو پێ نەکەوتنی تۆ ئاخر زەمانی منە

تۆ خاسەن جارجار دەردت مەیۆ کەم
جە لای من خەمان کۆ بەستەن بە هەم
هەر وەخت مەیلتەن مەشی وە جاێ
یا سەیری سەحراء یا تەماشاێ
گا تەماشای خاڵ قەتارانی تەیر
گا گەشتی گوڵان پای کەشانی دەیر
خۆ من هەر خەریك نە کونجی خاری
نە زەوق دونیا نە مەیلی یاری
دادێم بە غەزەب بابۆم بە قارەن
تانەی رەقیبان هەم بێ شومارەن
هەر دەردو داخێ داشتم واتم پێت
هەنی تۆ زانی چەنی خودای وێت
لەیلێ بە ئیخلاس نامە تەمام کەرد
کێشا پەی مەجنوون هەناسانی سەرد

---

واته :

– تۆ باشی ، چونکە جارجار دەردت کەم دەبێتەوە
– بەڵام لە لای منەوە خەم کۆمەڵ بوون
– هەر وەختێ تۆ مەیلت هەبێ ئەرۆیتە جێگاێ
– یا سەیری دەشت‌و چۆڵ‌و بیابانێ دەکەی یا سەیری هەرچی شتێ
– دەمێ تەماشای خاڵی جوانی باڵندە دەکەی
– یاخود گەشتێ نێوگوڵان‌و گوڵاڵەی داوێن شاخانو دەیران دەکەی
– خۆ من وام لە کونجی ژوورەوەدا
– نە زەوق دنیام هەیە ، نە هێنی یاری
– دایکم غەزەبی لێم گرتووەو باوکیشم زۆر لێم توورەیە
– تەشەرو تانەی بەد گۆیان‌و سیخوڕان هەر ئێجگار زۆرە
– هەرچی هەبوو لە دڵم‌دا هەموویم پێ وتی
– ئیتر ئەوە تۆو خوای خۆت‌و خۆت دەزانی
– لەیلی ، بە دڵسۆزانە نامەی تەواو کردو
– ئەوجا بۆ مەجنوون هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا

## نامەی لەیلیٚ بە مەجنوون دەگا

لەیلیٚ بە ئیخلاس نامە کەرد تەمام
ئاخرش ئاوەرد بە دوٚعاو سەلام
قاسێد ئەڵەب کەرد زوڵف پێچا پێوە
وات : بەرەش بەلای مەجنوونی لێوە
قاسێد نامە سەند هیممەت واستەیٚ
یاوا بە کوٚی نەجد چاگە مەجنوون بیٚ
سەلامی لەیلیٚ عەرز کەرد وە مەجنوون
ئاوەرد دا بە دەست نامەی پر مەزموون
مەجنوون بە نامەی لەیلیٚ دیاوە
دی پێچیان بە تای زوڵفی سیاوە
جە قاسێد سەندش وە بیٚ مودارا
فامش هیچ نەمەن ئەرواح سوپارا
بوٚسا ئەو نامە پەیاپەی جە زەوق
پێچ‌دا بە گەردەن تای زوڵف چون تەوق

---

وانە :

نامەی لەیلیٚ :

- لەیلیٚ بە دڵسوٚزی نامەی تەواو کرد
- کوٚتایی بە دوٚعاو سەلام هێنا
- نامە بەری داوا کردو تاییٚ لە زوڵفانی خوٚی پێچای بە نامەکەوە
- وتی : بیبە بوٚ لای مەجنوونی لێوە
- نامە بەر نامەی بە دەستی لەیلیٚ‌وە بە ئاواتخوازی وەرگرت
- گەیشتە شاخی نەجد ئەو جێگایەی مەجنوونی لیٚ بوو
- سەلامی لەیلیٚ‌ی بە مەجنوون گەیاند
- نامەی پرواتەی دا بە دەست مەجنوون – ەوە
- مەجنوون تەماشای نامەی لەیلیٚ‌ی کرد
- دیی کە بە تای زوڵفی رەشی لەیلیٚ‌وە پێچراوەتەوە
- مەجنوون نامەکەی بە بیٚ پەروا لە نامەبەری سەند
- هوٚشی بەسەر خوٚیەوە نەما شل بوو وەك روٚحی تیا نەماییٚ وابوو
- نامەکەی ، پەیتا پەیتا ، ماچ دەکرد
- تاڵە زوڵفەکەی وەك تەوق کردە مل

واتش : یه جیاێ قەوم‌و فەردانم
ئایەتی شەریف شیفای دەردانم
لابە نامەی تۆ بێ دین‌و ئیمانم
رۆشن کەردەوە نووری چەمانم
یە نامەی تۆبێ قیبلەو میحرابم
سارێش کەرد زامی جەرگی کەبابم
سەراسەر مەزموون نامەی لەیلێ دی
خەم مالاَ نە دلّ نە دەرد ساکن بی
واتش : یاخوا شوکرانەم بە تۆن
شادیم ئاماوە زانام لەیل چکۆن
یادی لەیلش کەرد نە کەرد مودارا
روو کەرد هەمدیسان کەش‌و کۆوسارا
واتش : مەینەتم ئێستە فیشتەرا
لەیلێ کە دیل بۆ مەرگ وەشتەرا

---

واتە :

– وتی : ئەم نامەیەو ئەم تاڵە زوڵفە لە جیاتی قەوم‌و کەس‌و کارم
– ئایەتی شەریفە دەبێ بە دەرمانی دەردەکانم
– ئەمە نامەی تۆ بوو ئەی دین‌و ئیمانم
– کە چاوانی منی رۆشن کردنەوە
– ئەمە نامەی تۆ بوو ئەی قیبلەم میحرابی مزگەوتم
– هەرچی زامی جەرگم هەبوون هەموویانی سارێش کردەوە
– ناوەرۆکی نامەکەی لەیلێ‌ی سەرانسەر خوێندەوە
– خەمانی نەهێشت لە دڵی‌دا
– وتی : شوکرانەم بە تۆ ئەی خوای گەورە
– شادیم هاتەوە چونکە زانیم لەیلێ لە کوێ‌یە
– یادی لەیلێ‌ی کردەوە ئارامی بە خۆی نەگرت‌و
– رووی کردەوە کەژو کێور بیابان
– مەجنوون وتی : مەینەتم ئێستە زۆرترە
– کە لەیلێ دیل بێ بۆ من مەرگ لەوە خۆشترە

## مەجنوون تووتی لە راوچی دەکڕێ

مەجنوون مەگێلا وە کۆی نەجدا
جە عەشق لەیلێ دڵ بە وەجدا
دیش کە صەییادێ تووتی خەت‌و خاڵ
گرتەنش بە دەست بەستەن پەڕو باڵ
مەجنوون نێگا کەرد تووتی دی نە بەند
هەمدیس جە نۆوە خەمان فامش سەند
واتش : ئەی سەییاد پەی رەزای خوا
خەلاسکەر جە بەند تووتی خاڵ سیا
خاڵش بەخاڵی لەیلێ منمانۆ
دین‌و دنیامەن خوا مەزانۆ
حەیفەن پێ خەتا بکەریش نەبەند
گوناهکار مەبی جە لای خواداوەند
هەرچی نرخشەن بسانەم چەنە
تووتی گەردن زەڕ بیەخشەم پەنە

---

واتە:-

- مەجنوون بە شاخی نەجددا دەگەڕا
- لە عەشق لەیلێدا دڵی پڕ بوو سۆزو خەیاڵی لەیلێ
- چاوی کەوت بە راوکەرێ تووتییەکی خەت‌و خاڵ جوان
- گرتوەو پەڵ‌و باڵی بەستووە
- کە مەجنوون تووتی بەند کراوی دی
- سەر لە نوێ خەمانی بۆ هاتەوەو
- وتی : ئەی راوکەر بۆ خاتری خوا
- ئەو تووتی‌یە بەند کراوە بەر بدە
- خاڵەکانی لە خاڵی لەیلێ دەکەن
- دین‌و دنیای منە ، لەیلێ ، خوا دەزانێ
- بەبێ خەتا زۆر حەیفە بەندی بکەی
- لە لای خواوە گوناهبار دەبی
- هەرچی نرخیەتی لێم بسێنە
- تووتی گەردن زێڕاوم پێ بەخشە

سەیاد وات: مەجنوون چێشتەن پەی قیمەت
تا بدەو پەنەت تووتی قەتران خەت
واتش: لاڵێ هەن باهو بەندی باڵ
قیمەتش کریان هەزار تمەن ماڵ
قاعێدەی قیمەت لاڵم بزانە
تەمام قیمەتش چەنەم بسانە
بەر ئاوەرد جەبال لاڵی عەجایب
خەلاس کەرد جە بەد تووتی عەجایب
صەیاد لاڵش بەرد، مەجنوون تووتی بەرد
کۆکۆ زیاد بی دەرد وە بانی دەرد
واتش: ئەی تووتی خاڵ خوا رەشتە
سەرتاپا بەدەن نوور پیدا وەشتە
هیچ مەکەر ئەندێش ئەی بەرگوزیدەم
پێڵاوت گێروون وە بانی دیدەم
مەبادا کەسێو بەدەرۆت ئازار
تۆ مەبۆ بەری گاگا عەرزەی یار

---

واتە:

– راوکەر وتی: شێتە چیت هەیە بیدەی
– تا وە کو تووتی خاڵ قەترانیت پێ بدەم
– مەجنوون وتی: بازی‌بەندێ هەیە لە قوڵم‌دا
– بە هزار تومەن کڕاوەو
– هەواڵی نرخی بزانەو
– هەرچی قیمەتی هەیە لێم بسێنە
– لە قوڵیا، بازی‌بەندی دەر هێنا
– تووتی زۆر جوانی رزگار کرد
– ئەوجا دەرد وە بانی دەردەوە کۆ بوونەوە
– وتی: ئەی تووتی خاڵ خوارەشتوو و
– سەر تا پێی لەشت خوا نووری پیادا رشتوو
– هیچ خەفەتت نەبێ ئەی بەر گوزیدە
– پێڵاوت دەخەمە سەر چاوانم
– نە وەکو یەکێ ئازارت بدا
– تۆ دەبێ پەیتا پەیتا نامەم بەری بۆ یار

بزانی ئەحواڵ دەلیلانی من
لەیلیٚی سایەدار دوور وەڵاتی من
بە گورج باوەری پەریٚ من ئەحواڵ
با دڵ نە حەسرەت نەبۆ بە زوخاڵ
پاڵات مەگیروون وە بانی دیدەم
نازت مەکیٚشوون ئەی بەر گوزیدەم
ئەوەند مۆبەت کەرد مەجنوون نادان
تووتی بیٚ زبان ئاما وە زوبان
تووتی وات: مەجنوون باری خەم پۆشان
بە زاتی مەعبوود بیٚ عەیبی سوبحان
چونکە من کەردی خەلاسی جە خەم
پەیکبەری تۆنان هەرتاکە زیندەم
ماوەروو پەریٚت خەبەر جە لای یار
جەولان مەدەروون بە رویٚ سەدبار
شەرت بۆ جە دەرگای کارسازی بیٚچوون
جە فەرمانی تۆ هیچ سەر نە پیٚچوون

---

واتە:

- ئەحواڵی لەیلیٚ-م بۆ بزانی
- ئەو لەیلیٚ شۆخ‌و شەنگە دوور وڵاتەم
- بە زووی ئەحواڵم بۆ بهێنی
- تا وەکو دڵم لە داخدا نەبی بە زوخاڵ خەڵووز
- پیٚڵاوت دەخەمە سەرچاوانم
- نازیشت دەکیٚشم
- ئەوەندە مەجنوون موحیبیەتی دایە
- تووتی بیٚ زمان هاتەوە گفت‌و گۆ (دەنگ)
- تووتی وتی مەجنوونی خەمبار
- بە خوای گەورەو بیٚ عەیب
- لەبەر ئەوەی منت لە خەم سەر فراز کرد
- تا زیندووم نامەبەری تۆم
- لەلای یارەوە هەواڵت بۆ دەهیٚنم
- رۆژی سەد جاریٚ دەگەریٚم
- شەرت‌و ئاهی بەر قاپی خوای کارساز بیٚ
- لە فرمانی تۆدا سەریٚچی نەکەم

مەجنوون وات: یاحەق شوکرانەم بە تۆ
تووتی چەنی من کەردش گفت‌و گۆ
گەرمای تابستان تووتی مەینەتبار
باڵ کێشا وە سەر مەجنووتی هەژار
نەبا جە گەرمای سەبوونانی گەرم
ئازارێو یاوۆ بە دڵێ مەینەت شەرم
نە با جە هەوای پڕ گەرمی سەبوون
ئەزیەت بیاوۆ بە دیدە مەجنوون
وختێ کە هەوای سەبوونان کەم بێ
سوپای تۆفی سەرد زمستان جەم بێ
مەجنوون هەمدیسان دەست کەرد بە زاریێ
پەرێ دووری لەیل بەبێ قەراریێ

## مەجنوون تووتی بۆ لای لەیلێ دەنێرێ:-

هەوا پایە بەرد وە لای ئێلاخان
ئەیوانان تەغییر گەرمی دیواخان

واتە:-

- مەجنوون وتی: یاحەق شوکرانەم بە تۆ بێ
- کە تووتی لەگەڵ من دا هاتەوە گفت‌و گۆ
- بۆ گەرمای بەتین، تووتی مەینەتبار
- باڵی خۆی دەکێشا بەسەر مەجنوونی هەژاردا
- نەوەکو بە هۆی گەرمایی سەبووتی گەرمەوە
- ئەزیەت‌و زیان بە مەجنوون بگا
- نەوەکو بە هۆی هەوای گەرمی سەبوونەوە
- ئەزیەت‌و زیان بە چاوانی مەجنوون بگا
- وەختێ کە هەوای سەبوون کەم بوویەوە
- سوپای تۆفی ساردی زستان پەرەو زۆری سەند
- مەجنوون هەمدیسان دەستی بە شین‌و زاری کردەوە
- زۆر بێ ئارام بوو بوو بۆ دووری لەیلێ

- هەوا بە لای ساردیەوە گۆڕرا
- دانیشتن لە هەیوانداً بۆ ژوورەوەی دیواخان گوێزرایەوە

لەشکری توّفان زمستان جەم بی
گەرمی شوعلەی شەوق ئافتاب کەم بی
مەجنوون وات: تووتی گەردەن سوّسەن‌خالْ
شوّ وە لای لەیلیْ باوەرە ئەحوالْ
ئاگابە، جە حالْ جەستەی گرینش
بزانە راستەن پەریْ من شینش
بە دەماخ نیشتەن ئەو شەکەر خەندەن
مەیلی من پیْشەن، یا پیْش نەمەندەن؟
بە تەنیا نیشتەن یا هامرازش هەن
ماتەم پەریْم یاخوّ نازشەن؟
تەمام ئەحوالْت ببەرە وە لاش
بمالە بە چەم خاکی ژیر پالاش
تاکە خاترم جە خەم خەلاس بوّ
ساتیْ دلْ ساکیْن دوور جە وەسواس بوّ
هوّریْزا جە لاش تووتی قەتران - خالْ
روو کەرد بە ئاستان لەیلی سوّسەخالْ

---

واتە:

- توّفی ساردی زستان کوّ بوویەوە
- شوّلەی تیشکی خوّرو گەرمایی‌ی کەم بوویەوە
- مەجنوون وتی: تووتی شوّخ و شەنگ
- برِوّ بوّ لای لەیلی‌و ئەحوالّی چییە ببینە
- بزانە، گریانی چونە
- بزانە، راستە بوّمن شینو زارییەتی،
- بە دەماخ دانیشتەو ئەو خەندە شەکراویە،
- مەیلی منی هەر پیْ ماوە، یاخود پیْی نەماوە
- بە تەنیا، یاخود لەگەلْ یەکیْك دایە،
- بوّمن زویرە، یاخود خوّشییەتی
- بە تەواوی ئەحوالّی من بەرە بوّلای‌و
-بە چاو خاکی ژیر کەوشەکانی لا بیە
- بەلّکو نەختیْ لەخەم وخەفەت دوور بکەومەوە
- تاویْ دلّم ئارام بگریْت‌و دوور بیْ لە خیالّاتەوە
- تووتی خالْ قەترانی لە لایەوە هەلّستاو
- رووی کرد بەرەو ماوای لەیلیْ

یاوا بە ماوای لەیلی خۆر جەمین
چون نووری خورشید ئاما بە زەمین
بە عەزمی چینە ئاخێز کەرد جە دوور
تا یاوا خەیمەی رۆشنتەر جە نوور
دیا کە لەیلیٚ هوٚن گیٚرو فەریاد
جە داخی مەجنوون مەواچوٚ هەی داد
ئوٚستادی حەکیم گرتش بەدەست تاس
چەنی نەشتەر ساو بە وێنەی ئەڵماس
باڵی لەیل وستەن وە بانی زانوو
بە مەودای ئەڵماس هوونش مەسانوٚ
تووتی نیگا کەرد بە تاسی سیمین
پەڕ بییەن جە هوون لەیلی خوٚر جەمین
زاری کەرد بەسوٚز پەریٚ جەستەی لەیل
بەدتەر جە مەجنوون خاتر جە خەم کەیل
سڵامی مەجنوون عەرز کەرد بەلەیلیٚ
لەیلیٚ پەی مەجنوون گرەوا خەیلیٚ

---

واتە:

– گەیشتە ماوای لەیلیٚ خوٚر جەمین
– وەك تیشکی خوٚر نیشتە سەر زەوی
– بە بیانووی چینەکردنەوە، لە دوورە دەبڕوانی
– تا گەیشتە خێوەتی لەیلیٚ کە لە نوور روٚشنتر بوو
– بینی کە لەیلیٚ خوێنی دەگیریٚو هاوار دەکا
– لە داخی دووری مەجنووندا دەڵیٚ هەیداد
– حەکیمەکەی تاسێکی بە دەستەوە گرتووە
– لەگەڵ نەشتەرێکی ساودراوی وەك ئەڵماس تیژدا
– باڵی لەیلیٚی خستووەتە سەر ئەژنوٚی
– بەو نەشتەرەتیژەی برینداری دەکاو خوێنی لیٚ دەر دەهێنیٚ
– تووتیٚ لە دوورە وە دبی کە تاسە زیوینەکە
– پڕ بووە لە خوێنی لەیلیٚ خوٚز جەمین
– بەسوٚزەوە بوٚ بەدەنی لەیلیٚ دەگریا
– لە مەجنوون زوٚرتر خاتری پڕبوو بوو لە خەم وناخوٚشی
– سڵامی مەجنوونی بە لەیلیٚ گەیاند
– لەیلیٚ بوٚ مەجنوون خەیلیٚ گریا

سەرانسەر پەیغام خاترنشان کەرد
لەیلیٚ چون شنەفت کێشا ئاهی سەرد
واتش: بەدەلیل قەیس وەفادار
شۆ وەلای مەجنوون مەکەرە مودار
بواچەلەیلیٚ دینەو دنیای تۆ
لاویٚ جە ئازار ساکین نمەبۆ
مەعلوومکەر جەلاش شەرحی هیجرانم
ئازاری ئوستاد هووونی قەترانم

## لەیلیٚ لە دوجەیل خوێن دەگرێ و مەجنوون لە نەجددا خوێنی بەر دەبێ تووتی بۆ لای مەجنوون دەگەڕێتەوە:

جواب چون شننەفت تووتی سۆسەن - خالٚ
جە لەیلیٚ ئاوەرد پەی مەجنوون ئەحوالٚ
روو کەرد بە مەجنوون تا یاوا وەلاش
ئەسرین مەرێزا ئەو جە خاکپاش

---

واتە:

- هەموو گۆتەکانی مەجنوونی بە لەیلیٚ گەیاند
- لەیلیٚ کە ئەوەی بیست هەناسەی دووکەڵاوی هەڵکێشایەوە
- وتی بەزابەری قەیس بەوەفا
- هیچ رامەوەستەو بچۆ بۆ لای مەجنوون
- پێی بلیٚ کە لەیلیٚ ی دنیاو دینت
- ئاویٚ ئازار بەری نادا
- حالٚ و ئەحواڵی نەخۆشیم و پەریشانیم بۆ دووری ئەو
- ئازاری حەکیم و خوێن گرتنی هەمووی تیٚ بگەیەنە

- وەختێ کە تووتی خەت و خالٚ جوان وەڵامی بیست
- ئەحواڵی لەیلیٚ ی بۆ مەجنوون هێنا
- تووتی رووی کردە کێوی نەجد و ئاگەیشتە لای مەجنوون
- فرمێسکی دەرژاندە خوارەوە

یاوا بە خزمەت مەجنوون هەژار
جە دیدەش ریزار ئەسرینان هەزار
حاڵی هوونی باڵ مەگرتەی دڵدار
پەریَ مەجنوون وات جە سەر تا بەوار
شەرحی حاڵی دەرد یاری وەفادار
ئەو هووناوەی سورخ قەترانی تاتار
واتش پەی مەجنوون کۆی نەجد ماوا
ئەراگێڵی خاڵ سۆسەنی سارا
مەجنوون چون شنەفت جە تووتی ئەحواڵ
هوونی باڵ گرتەن لەیلی سۆسەن خاڵ
خەمیا وە خەم‌دا، خەم بەرد نە دەروون
واتش: یاکەریم کارسازی بێچوون
مەر پاسە مەبۆ شەرتی یاری خاس
من چێگە ساکین، لەیلیَ هوون جە تاس
بنیانە یارەب جەستەی لەیل بەمن
من دەردەدار بوون لەیل جە دەرد ساکین

---

واتە:
– گەیشتە لای مەجنوونی هەژار
– بە هەزاران لە چاوانی فرمێسك دەهاتە خوارەوە
– حاڵی خوێن گرتن لە باڵی (قۆڵ) لەیلیَ
– بۆ مەجنوون گێڕایەوە، لە سەرەوە هەتا وەکو خوارەوە
– شەرحی حاڵی دەردی لەیلیَو
– ئەو خوێنە سوورەیو ئازاری سەرپاکی،
– وتی بە مەجنوون نیشتەجیی کۆی نەجدو
– ئارام نەگرتەی خاڵانی لەیلیَ
– مەجنوون کە ئەحواڵی لە تووتی بیست
– کە لەیلیَ خوێنی قۆڵی (دەستی) گرتووە
– چەمایەوەو خەمو خەفەت دەروونی داگیر کرد
– وتی: یاخوای کارسازی بیَ وێنە
– گوایا ئاوەها دەبیَ مەرجی یاری باش!
– من لێرە بمو لەیلیَ لەویَ خوێنی لە تاسەدا بیَ
– خوایە نەخۆشی لەیلیَ بێنی بۆ من
– من دەردەدار بمو لەیلیَ چاك بێتەوە

به سیرڕی قودرەت کارسازی کاران
جه باڵیٚ مەجنوون هوون شی چون باران
سیٚ شەبانو ڕۆژ نەك جەستەی لەیلیٚ
نه باڵیٚ مەجنوون، هووناو شی خەیلیٚ
یاری وەفادار چون مەجنوون مەبۆ
ئازاری دۆستش واست به ئارەزوو
شش مانگ‌و شش ڕۆ تووتی سۆسەنخاڵ
جه لەیلیٚ ئاریٚ پەی مەجنوون ئەحواڵ
پەیکی فەرمانبەر حاڵی مەجنوون بی
به ڕۆی سەدبار هەر ئاماو مەشی
یاونیٚ حاڵی یاوەران به هەم
جه هەردوو جانب خاتر کەریٚ جەم
مەجنوون جه هیممەت تووتی نازك خوو
تەمامی مەلان پەیش بی دەستەمۆ
هەرجا مەلیٚ بیٚ وەختی نمای شام
گشت جه لای مەجنوون مەگرتن ئارام

---

واتە:
– خوای گەورە بە نهێنی هێزو توانای خۆی
– لە دەستی (قۆڵ) مەجنووندا خوێن بەر بووەوە
– سیٚ شەو و ڕۆژیٚ نەك لە بەدەنی لەیلیٚ خوێنی مەجنوون دەڕۆیشت.
– یاری بە وەفا دەبیٚ وەك مەجنوون بیٚ
– نەخۆشی یاری بە ئارەزووی خۆی خواست بۆ خۆی
– شەش‌مانگ‌و شەش ڕۆژ تووتی خەت‌و خاڵ جوان
– ئەحواڵی لەیلیٚ‌ی بۆ مەجنوون دەهێنا
– پێخامبەرو نامەبەری مەجنوون بوو
– ڕۆژێ سەدجار دەهات‌و دەڕۆیشت
– حاڵ‌و ئەحواڵی دۆست‌و دڵداری بە یەك دەگەیاند
– خاتری هەردوو لای لە خەم‌و پەژارە سارێش دەکرد
– بە هۆی هیمەتی تووتیەوە، مەجنوون
– تەواوی باڵندەکان دەستەمۆی بوو بوون
– لە هەر جێگایەکدا باڵندەیێ هەبوو وەختی نوێژی ئێوارە
– لە لای مەجنوون کۆ دەبوونەوە

باڵ وە بانی سەر مەجنوون مەکێشان
مەواتن: سەردەن هەوای زمستان

## مەجنوون تووتی بەر دەدا

مەجنوون وات: تووتی زەریتی نازدار
پەیکی فەرمانبەر لەیلی سایەدار
شەرتی وەفای وێت وەجا ئاوەردی
چەندیّ بە ئیخسلاس خزمەتم کەردی
ئەوا یاوەرت ئینتیزارت بۆ
ئارەزووی جەمین زەرینگارت بۆ
خوا یارت بۆ شۆ بە ماوای وێت
ساکین بە راحەت چەنی یاری وێت
ئومێدم ئیدەن تووتی سۆسەن - خاڵ
هەر جەفای کێشای وە ئەم کەی حەراڵ
وەختی زەروورەت دیدەم ئەراتەن
پەنەم بیاوی چونکە وەفاتەن

---

واتە:

- باڵیان دەکێشا بە سەر مەجنووندا
- دەیان وت: هەوای زستان ساردە
- مەجنوون وتی: ئەی تووتی زەریفـو نازدار
- پەیخامبەرو نامەبەری لەیلیّ
- شەرتی بەوەفایی خۆتت، بە جا ئاوەرد (بە جیّ هێنا)
- بە دڵسۆزانە زۆر خزمەتت کردم
- ئەوا هاو جووتەکەت، هاوسەرەکەت چاوەڕوانت بیّو
- ئارەزووی دیتنی دەمو چاوی زێڕینت بیّ
- خوات لەگەڵ بیّ بڕۆەوە بۆ جێگای خۆت
- بە رەحەتیو ئارامی لەگەڵ یارەکەتدا دابنیشە
- هیوام وایە ئەی تووتی سۆسەنخاڵ
- گەردنم ئازاد بکەی بۆ ئەو ئەزیەتەی کە بۆمن کەوتە بەرت
- وەختی پێویستی چاوەڕوانیت دەکەم تا
- پێم بگەی چونکە بە وەفایت

تووتی چون شنەفت روخسەت چون مەجنوون
گرەوا بە زار روو کەرد بە کۆی توون
ماوای رەفیقش جە کۆی توون بیٚ
ئادیچ چون مەجنوون دەروون پر هوون بیٚ
عاشق بە تووتی خۆش جەماڵیٚ بیٚ
بە وێنەی لەیلیٚ سۆسەن خاڵیٚ بیٚ
هەردوو ئاشفتەی دیداری هەم بین
یاری وەفادار خەمخواری یەك بین
چون یاوان بە هەم ئەو هەردوو هامدەرد
هەردوو زاریشان نە گەردوون وییەرد
گرەوان بە سۆز جە دیداری هەم
سەیلاوی ئەسرین مەرێزان نە چەم
شەرحی حاڵی وێش تووتی فەرمانبەر
ئەوەڵ تا ئاخر گشت وات بە یاوەر
تووتی وات : یاحەق سانیعی پیچوون
یا حەق شادکەری لەیلیٚ بە مەجنوون

---

واتە:-

- تووتی کە ئیزنی لە مەجنوون بیست
- بەکوڵ گریاو رووی کردە شاخی توور
- چونکە ماوای هاوەڵەکەی لە شاخی توور بوو
- ئەویش هەر وەك مەجنوون دەروونی خوێناوی بوو
- عاشیق تووتی‌یەکی جوان بوو
- لە جوانی‌دا وەك لەیلیٚ‌ی سۆسەن خاڵ وا بووە
- هەردووکیان تامی دیداری یەکتری یان بوو
- یاری بە وەفای یەکتری بوون‌و خەمخواری یەکتری بوون‌و
- وەك هامدەردیٚ کە گەیشتن بە یەکتری
- شین‌و زاری‌یان گەیشتە لای گەردوون
- کە شادبوونەوە بە دیداری یەکتری دەستیان کرد بەگریانێکی بەکوڵ
- فرمێسکی هەردووکیان لافاویان بەرەو خوار دەڕژایە خوارەوە
- تووتی فەرمانبەر شەرحی حاڵی خۆی
- لە ئەوەڵەوە تا وەکوو ئاخر هەمووی بۆ یاوەرەکە (رەفیق) ی گێڕایەوە
- تووتی وتی : یاخوای گەورەی دروستکەری کەون
- یارەبی بۆ خاتری خۆت لەیلیٚ بە مەجنوون شاد بکەیت

دۆعای فراوان بێ شومار کەردەن
هەردووشان جە داخ ، نە حەسرەت مەردەن

## مەجنوون سەروو لە باخەوان دەکڕێ

فەسڵی زمساڵ، یەخبەندانی سەرد
هەوای خەزانزەرد ، روو جە تۆفان کەرد
گەڵای چناران ، ریزا سەرتا پا
جە سایەی درەخت مۆرغان ستێزا
داران سیا پۆش چون سفتە دڵاَن
بولبول نموانۆ شانامەی گوڵاَن
نیشتەبین زویر سەر سەوزان جە خەوف
جە تەختەی یەخبەند هەوای سەردو تۆف
نووری نساران مەیلی سەواد رەنگ
جە دوور مەدرەوشان چون دانەی فەرەنگ
ساراو سەر زەمین تەمام یەخبەند پۆش
بەرزە کلاَوان تەم گرتەن نە دۆش

---

واتە :

- دۆعایەکی بێ شومارو فراوانیان کرد
- هەرووکیان لە داخ‌و حەسرەت خواردن‌دا بۆ خۆیان بە جووتە مردن

- وەرزی زستان کە ساردی یەخبەندان بوو
- هەوای ساردی پایز گۆرری بەرەو تۆف سەرما سڵۆوە
- گەڵای چناران ، ریزا سەرتا پا (کەوتە خوارەوە – وەری) خوارەوە
- باڵندەکان خۆیان دابوویە پەنای داران
- دارەکان وەك دڵ‌سووتاوان بێ گەڵا رەشپۆش بوون
- بولبولیش لە بەر بێ کەیفی شانامەی گوڵاَن ناخوێنێ ، (گوڵ نەماوە تا بولبو یش بۆی بخوێنێ)
- مراوی نێر (سەرسەوز) بە ماتەمی دانیشتبوون‌و زویر بوون
- لە سەهۆڵبەندان‌و سەرماو سڵۆوە
- رۆشنایی نسارەکان بەرەو رەش‌و تاریکی دەرۆیشت
- لە دوورەوە وەك شەووەی فەرەنگی دەدرەوشایەوە
- سەرپاکی زەوی بەستبووی
- سەر لووتکەی بەرزی شاخەکان تەم‌و مژیان لەکۆڵ گرتبوو

بورچینان ماتەم نە رووی تەختەی ئاو
ئاوێزان جە سەنگ مەیلی سۆهان ساو
هەوای شەتاوان مەلوول‌و ماتەم
مەجنوون مەگێلاَ دەروون پڕ جە خەم
سەردی زەمهەریر رەستاخێز خێزا
سیامان سەیران رووی سەحرا بێزا
مەدا تەن بە تێغ تۆفانی تەم‌دا
بە دەریای هیجران سوڵتانی خەم‌دا
هیچ نەبیٚ جە لاش رۆشنی چراخ
مەجنوون جە قودرەت راگەش کەفت نەباخ
بیٚ پالاَو بیٚ بەرگ نەو تەم‌و تۆفان
نەو هەوای ناساز بورجی زومستان
روو نیا بە ڕای دەردو داخەوە
بە داخی یاران خۆش دەماخەوە
چناران بەردەن سەر نە رووی گەردوون
جە دوور مێنانات بالاَی زەڕستوون

---

واتە :

- بورچینەکان (مێی مراوی) بە ماتە مێ بەسەر تەختەی ئاوەوە بوون
- بەملاو بەولادا بەسەر یەخبەندانی ساف‌و سۆڵی ئاوە دەڕۆیشتن
- هەوای شەتاوەکان‌و جۆگەکان زۆر مات بوو
- مەجنوونیش دەروونی بە مات‌و خەمباری کەفەسەر بوو
- بە هۆی سەرماوە وەك قیامەت هەڵسیٚ وابوو
- سەرماو زەمهەریر کارێکی وەهای کرد بوو کە مرۆ حەزی بەسەیرانیش نەدەکرد
- دارو درەخت‌و شاخ‌و کێو سەرپاك سەری خۆیان دەدەن بە تۆفان‌و تەم‌و مژداو
- بە دەریای دووری‌و خەم‌و خەفەت‌دا
- ئەمە بەلای مەجنوونەوە هیچ نەبوو چونکە رۆشنی لەیلیٚ تیا نەبوو تاوەکو
- مەجنوون بە فەرمانی خوا رێی کەوتە باخیٚ
- لەو تەم‌و تۆفەدا مەجنوون بیٚ‌کەوش‌و بیٚ جل‌و بەرگ بوو
- بەو هەوا ساردی بورجی زستانەوە
- رووی نایە بە رێگەی دەردو داخەوە
- بە داخی لەیلیٚوە کە هەواڵی نییە
- چنارەکانی سەریان گەیشتووەتە ئاسمان
- لە دوورەوە بالاَیان وەك کۆڵەکەی زێڕین دیارن

ویکۆڵی سەرئاو وەشنهای سەربەرز
مەلەرزا چەنی چنارانی بەرز
دیش نە پای سەرویٚ نیشتەن کافریٚو
جە کافر بەتەر دەروون تێکدەریٚو
نیشتەن نە پای سەروو ئەو چەنی مشار
گەرەکشا برۆ سەرووی سایەدار
مەجنوون نیگا کەرد کێشا ئاهی سەرد
لوا بە تەعجیل واتش : ئەی نامەرد
جە پای سەرووی ساف هۆرگێرە مشار
هۆریٚزە جە پای سەرووی سایەدار
حەیفەن تۆ بری سەرووی ساحیب فەڕ
مەدرەشۆ باڵاش چون ستوونی زەڕ
باڵاش وە باڵای لەیلیٚ مەنانۆ
نووری دیدەمەن خوا مزانۆ
من دەروون پڕ دەرد گەردەن بارەنان
جە تاسەی لەیلیٚ بیٚ قەرارەنان

---

واتە :

– دار بیەکی سەر کانیٚ کە سەری بەرزەو خۆ جوانە
– لە سەرماندا لەگەڵ چنارەکاندا دەلەرزان
– دێی کافریٚ نیشتوونە بن سەرویٚ (واتە : مەجنوون دێی)
– لە کافر بەدتەر تر دەروون تێکدەریٚ بوو
– لەبنی سەروێکدا بە مشارێکەوە دانیشتووە
– دەیەویٚ ئەو سەروە شۆخ‌وشەنگە ببڕێ
– مەجنوون روانیو هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا
– بە پەلە رۆیشت وتی : ئەی نامەرد
– لەبنی ئەو سەروە سافەدا مشارەکەت هەڵگرە
– هەستە لەبن ئەو سەروە شۆخ‌و شەنگەدا
– حەیفە تۆ ئەو سەروە سەروە بەفەرە ببڕی
– باڵای دەدرەوشێتەوە وەك کۆڵەکەی زێڕین
– باڵای لە باڵای لەیلیٚ دەکا
– رۆشنایی چاوی منە ، خوا دەیزانیٚ
– من دەروونم پڕیەتی لە دەردو خەم
– لە داخی لەیلیو موشتاق دیتنی ئارامم نەماوە

هەرچی بەھاشەن بسانە چەنەم
سەرووی سایەدار بیەخشە پەنەم
باخەوانی سەرو بەر ئاما وە بەر
واتش : ئەی فەقیر دەروون پڕ خەتەر
مەبەخشوو پەنەت زەروور کارتەن
چونکە بە وێنەی بالآی یارتەن.
لاڵی هەشت هەزار تمەنی قیمەت
دانەی جەواهێر ئاراستەی قودرەت
بەر ئاوەرد جە باڵ باهو بەندی وێش
وات : ئەی باخەوان میسکین دەروێش
بدیەو ئی دانە چە نەم بستانە
قەدری قیمەتی لاڵم بزانە
باخەوان چون دیش دانەی لاڵی ساف
پاکیزەی بێ غەش توحفەی بێ خیلاف
واتش : ئەی مەجنوون دەروون پڕ جە داخ
بە تۆم توفەیل کەرد گشت سەروانی باخ

---

واتە :

- هەرچی بەھایەتی (ئەو سەروە) لێم بسێنە
- ئەو سەروە سایەدارم پێ بیەخشە
- باخەوانی سەرو هاتە کەنارەوە
- وتی : ئەی هەژاری دەروون پڕ لە خەیاڵ
- پێت دەبەخشم کاری پێویستتە
- لەبەر ئەوەی بە وێنەی بالآی یارتە
- بازی بەندی هەشت هەزار تمەنی نرخ
- دانە گەوھەری خواکرد
- لە باڵیدا بازی بەندەکەی داهێناو
- وتی : ئەی باخەوانی هەژاری دەروێش
- تەماشاو ئەم دانەیەم لە باتی پێ وەربگرە
- رێزی نرخی لاڵەکەم بزانە
- باخەوان کە دانە لاڵە سافەکەی دی
- کە چەند پاکژو بێ غەش‌و توحفەیە
- وتی : ئەی مەجنوونی دەروون پڕ لە داخ‌و خەفەت
- وا هەرچی باخەکە هەیە پێم دایت

چونکه خاتڕت بە سەروان مەیل کەرد
تەمام سەروانم بە تۆ توفەیل کەرد
باخەوان لوا بەرشیی جە باخان
مەجنوون مەندەوە پەی دەردو داخان
ساتێو چاگە نیشت خاکپاش مالاَ
گنا بە یادش ئەو بەژنو بالاَ
مەجنوون وات : ئەی سەرو سایەداری بەرز
چێش مەبۆ حاڵت وەنەم کەری عەرز
بوڵندی باڵاَت چە خۆش قامەتەن
سەیرانی باڵاَت شیفای زامتەن
ئەگەر خوداوەند بە تۆ مەدا دەنگ
ڕێزەی رازی تۆ مەتاونا سەنگ
بۆ چەنیم بە زبان خەمم خرۆشا
دەردی دەروونم پەی لەیلیٚ جۆشا
هیممەت یارت بۆ سەرووی سایەدار
خرۆشام جە عەشق بەژنو باڵاَی یار

---

واتە :

- چونکە ڕێزی سەروانت لایەو مەیلت لەگەڵیانە
- تەواوی سەروان پێشکەشت بێ
- باخەوان ڕۆیشتو لە باخاندا دەرچووە دەرەوە
- ساتێ مەجنوون لەوێ دانیشت دەورو پشتی سەروەکەی پاك کردەوە
- کەوتەوە یادی بەژنو باڵاَی لەیلیٚ
- مەجنوونی وتی : ئەی سەرووی سایەداری بەرز
- خۆزگە دەهاتیتەوە وەڵاَم سەرگوزەشتەی خۆتت بۆ من دەگێڕایەوە
- بەرزی باڵاَت قامەك جوانییە
- سەیرکردنی باڵاَت دەرمانی دەردانە
- ئەگەر خوداوەند گفتو گۆکردنی بە تۆ بدایە
- سەرگوزەشتەی ژیانت بەردی دەتواندەوە
- وەرەوە (بیرەوە) گفتو گۆ ، خەمم زۆر بوونو کەفەسەر بوون
- دەردی دەروونم بە لەیلیٚ جۆشیان دایەوە
- خوات لەگەڵ بێ ئەی سەرووی شۆخو شەنگ
- وا منیش بۆ باڵاَی یار خۆم پێ ناگیرێ

## مەجنوون لە راوچی ئاسك دەسێنێ

هۆرێزا مەجنوون وە پای نەجددا
جە تاسەی لەیلێ دڵ بە وەجددا
تۆفانی یەخبەند گرتەن پای کەشان
تۆف‌و تەم هۆردان نە پای کەهکەشان
جەو تەم‌و تۆفان هەوای سەردەوە
مەجنوون نیگا کەرد وە پای هەردەوە
دیش کە سەییادێ فرە دانایێ
گرتەنش بە دەست ئاهوو رەعنایێ
کەردەنش نە بەند ئاهوو خوتەنێ
خەت‌و خاڵ قەتران ئاهوو سۆسەنێ
رەمێدەی رەوێڵ جە کەڵ بڕیایێ
بە وێنەی لەیلێ خاڵان سیایێ
مەجنوون نیگا کەرد ئاهو دیی وە چەم
دیسان جە نۆوە فراوان بی خەم

---

واتە :

– مەجنوون هەڵستا بەوەو ڕێی بنارەکانی نەجد
– لە ئارەزووی لەیلێدا دڵی کەوتە وەجدەوە
– بناری شاخەکان یەك پارچە بەستوویەتی‌و بووە بە یەخبەندان
– تەم‌و مژیش لووتکە بەرزەکانی داپۆشیوەو گەیشتووەتە کەشکەهشانی فەلەك
– بەو تۆفی هەوا ساردبەوە
– مەجنوون لە دوایێن هەرددا دیی
– کە ڕاوکەرێ ، زۆر دانا
– بە دەست ئاهوو (ئاسك)ێکی جوانی گرتووە
– ئاهووی خوتەنی بەند کراوە
– خەت‌و خاڵی قەترانی وەك ئەوانەی لەیلێ
– لەگەڵ‌و ڕەوێڵ بڕی خواردبوو
– وەك لەیلێ خەت‌و خاڵ ڕەش بوو
– مەجنوون ئاهووەکەی بە چاو دیی
– سەر لەنوێ خەمەکانی فراوان بوونەوە

دوودی هەناسەش یاوا بە گەردوون
واتش ئەی سەییاد دانای رەهنموون
هەناسەی سەردم مەنەن موعەللەق
ساتێ ئەی سەییاد وەرو رەزاو حەق
بیەخشە بەمن ئاهووی سیاچەم
تاکە خاترم گوشاد بۆ جە خەم
حەیفەن ئەی سەییاد ئاهووی دیدە مەست
هەنی پەی دەستوور مەکوشەش بە قەست
ئومێدم بە تۆن سەییاد پەڕ هۆش
بزانی بە حاڵ بەندەی دڵ بە جۆش
سەییاد وات پەنەش : تۆ چێشت نامت ؟
مەسکەنت چکۆن ؟ ، چکۆن مەقامت ؟
واتش ! من مەجنوون سەرسامی ساوام
کوشتەی خاڵی لەیل بیابان ماوام
ئیسە پەی دەستوور جە رووی خارەوە
مەگێڵوون جە داخ دووری یارەوە

---

واتە :

- دووکەڵی هەناسەی گەیشتەوە گردوون
- وتی : ئەی راوچی دانای رێ دەرکەر
- هەناسەی ساردم خەریکە دەر بچێ
- ساتێ ئەی راوکەر لە بەر خوا
- ئەم ئاسکە بیەخشە بە من
- تاوەکو نەختێ خەمانی خەیاڵم کەم بێتەوە
- حەیفە ، ئەی راوکەر ، ئەو ئاسکی چاو مەستە
- بەو دەستوورە مەی کوژە بێ گوناهە
- ئومێدم هەیە پێت ئەی راوکەری پڕ هۆش و فام
- بزانی بە حاڵی جۆشخواردووی دڵی من
- راوکەر پێی وت : تۆ ناوت چی‌یە !
- جێگات لە کوێ‌یە ، خەڵکی کوێیت ؟
- وتی : من مەجنوونی سەرسامی ساوام
- لەبەر خاڵی لەیلێ بیابانە ماوام
- ئێستەش بەم جۆرەی کە دەمبینی زۆر نارەحەتم
- لە داخی دووری یار ئارام نییەو هەر دەگەڕێم

سەیاد چون ئەژنی پەی تەور ئەحوالآن
ئەسربنان ریزا چون سەیلی باران
زاناش مەجنوونی وەر مەغارانەن
زەدەی زولفـو خالْ شەیدای یارانەن
ئاهوو دا بە دەست قەیسی جەفاکێش
سەیادی میسکین شی وە ماوای وێش
مەجنوون هۆر گرتش ئاهووی خوتەن گێلْ
چەریدەی خۆشخۆر رەمیدەی رەوێلْ
واتش : ئەی ئاهووی لەیلیْ نیشانە
سەحرای خوتەن گێلْ بیابان یانە
هیچ مەکەر ئەندێش ئەی بەرگوزیدەم
پالآت مەگێروون وەبانی دیدەم
وێنە سەیادان ئازارت مەدەو
سەروگیان بە سیدق قوربانت مەدەو
هەر تاکە زیندەم وەفا داری تۆم
وێنەی عولآمان خزمەتکاری تۆم

---

واتە :

- راوکەر کە ئەم جۆرە سەرگوزشتەیە بیست
- وەك باران فرمێسکی دەبارین
- زانی کە ئەوە مەجنوونی بەر ئەشکەوتانە
- زەدەی خالْو زولفـو شەیدای یارە
- ئاسکەکەی دایە دەست قەیسی جەفاکێش
- راوکەری فەقیر ماوای خۆی رۆیشتەوە
- مەجنوون ئاهوو (ئاسك) ی خوتەن (ترکان سارا) گێلی هەڵگرت
- لەوەراوی خۆشخۆر ، تەرەی کۆمەڵ
- وتی : ئەی ئاسکی لەیلیْ رەنگـو لەیلیْ نیشانە
- ئەی لەبیابانی ترکان سارادا گەراو
- هیچ خەفەت مەخۆ ئەی بەرگوزیدەم
- پێلآوت دەخەم سەرچاوم
- وەك راوکەران ئازارت نادەم
- سەروگیانم بە راستی بە قوربانتی دەکەم
- هەتاکە زیندووم بە وەفای تۆ دەبم
- وەك خزمەتکار خزمەتکاریت دەکەم

دیدەت بە دیدەی لەیلیٚ مہانۆ
نووری دیدەمەن خوا مزانۆ
مەیلی قنیانم بە دەیدەی تۆن
من جە تۆ فیشتەر خەیالّم چکۆن !
ئی کۆهە چۆلّەن بیٚ ئاوەدانی
یاگیٚ منەنە یانە ویٚرانی
ئەوسا چەو دما ئاهووی خوتەن گیٚلْ
گۆش‌دا بە مەجنوون وێلیٚ سەحراگیٚلْ
بە ئەمری سوبحان دانای کردگار
ئاهووی بیٚ زمان ئاما بە گوفتار
شوکرانەی حەق کەرد ئاهووی قەتران چەم
واتش: ئەی بەندەی دەروون پڕ جە خەم
حەققا کە مەجنوون دەروون سافەنی
شەرات‌و شۆن دروست بیٚ خیلافەتی
قەسەم بە خوای کارسازی کاران
مەنیشوو جە لات چون مەینەتداران

---

واتە :

- دەم‌و چاوت لەوەی لەیلیٚ دەکا
- خوا دەزانیٚ رۆشنایی چاوانی منە
- چاوانی تۆ خواردەمەنی‌یە بۆ من
- من ، لای تۆ زیاتر ، خیالمْ لە کویٚیە !
- ئەم شاخە لیٚرەدا چۆلّو بیٚ ئاوەدانییە
- ویٚرانە شوێنی منە .
- لە پاشا ئاهووی خوتەن گیٚلْ
- گویٚی بۆ مەجنوونی ویٚلی سارا گەڕیدە گرت
- بە فەرمانی خوای گەورە
- ئاسکی بیٚ زمان هاتەوە گفت‌و گۆ
- ئاسکی چاورەش شوکری خوای گەورەی کرد
- وتی : ئەی بەنوەی دەروون خەماوی
- بەراستی مەجنوونو دلْسافی
- شەرت‌و پەیمانت دروست‌و بە جیٚیە
- بە خوای گەورەی کارسازی کەونو هەموو کاریٚ
- لە لاتەوە وەك منەتبار دا دەنیشم

هەر تازیندەنا منیشوو جە لات
هەر وەختێ مەردا نییەن دەسەڵات
ئومێدەم ئێدەن من بە خاکپات
بە عەشق لەیلێو بە حاجەت خوات
روخسەتم بدەر بە وادەی سێ رۆ
خەستە حاڵەنا وێنەو حاڵی تۆ
بدەی دەستوورم بە موڵکی خوتەن
وە لای ئاهووان ئەو زێدو مەسکەن
بە رۆی چوارەم تۆ بدارە چەم
مەو چەنی قەتار ئاهووان بێ خەم
مەجنوون ئەژنی حەرف ئاهووی موشکناف
روخسەتدا ئاهووی دڵ یەقینو ساف
واتش : ئەی ئاهووی لەیلێ نیشانە
دیسان زوڵمات بی وەنەم زەمانە
چونکە بریانی جە یارو یاوەر
خوات چەنی بۆ شۆ وە لای دولبەر

واتە :
- تا وەکو زیندووم لە لات دەبم
- کە مردیشم دەسەڵاتم بییە
- پەنام بۆ خاکو پات ئەوەیە
- بە عەشق لەیلێو بە خاتری خوات
- سێ رۆژ روخەسەتم بدەی
- وەك تۆمنیش حاڵم پەرێشانە
- روخسەتم بدەی بۆ وڵاتی خوتەن (تورکمان سارا)
- بۆ لای ئاهوانی ئەو زێدو وڵاتە
- لە رۆژی چوارەمدا ، تۆ بۆم بروانە
- لەگەڵ قەتاری (ڕیزێکی درێژو ژمارە زۆر) ئاسکاندا دێمەوە
- مەجنوون کە گفتی ئاسکی ناوك بۆنخۆشی بیست
- بە دڵێکی سافو خاوێنەوە ئیزنی دا
- وتی : ئەی ئاسکی لەیلێ رەنگ
- دیسان تاریکی لێم دەرکەوتەوە ، یاخود ، دڵم تاریك بوویەوە
- چونکە لە یارو دڵدارت براوی
- خوات لەگەڵ بێو برۆ بۆ لای دولبەرت

گەر شەرت دروستو وەفادارەنی
جە حاڵی دەردان خەبەر دارەنی
یادمان کەرە جە ڕۆزگاران
باز یاوەرت بۆ کەریمی کاران

## مەجنوون ئاسك بەر دەدا

ئاهوو چون شنەفت روو کەرد بە سەحرا
مەنزڵ وە مەنزڵ بەپێ مودارا
یاوا بە ماوای موڵکی خوتەن شار
ئاما پێشوازش ئاهوان هەزار
تەوازع بە رەسم وێشان مەکەردن
تەمام جە دەورش شادی مەکەردن
ئاهوو شەرحی حاڵ سەرتا وە دامان
وات بە ئاهووان مەستی خەرامان
تەمام ئاهووان چەریدەی خوتەی
واتن : ئەو توحفە نووری قودرەتەن

---

واتە :
- گەر مەرجت دروست بێ وەفا داریت
- لەحاڵی دەردەدار دەزانی
- رۆژێ لە رۆژان یادمان بکەرەوە
- با خوا هەمیشە کارسازت بێ

- ئاسکەکە ، کە گوێ لە گفتی مەجنوون بوو رووی کردە چۆڵو بیابانو
- مەنزڵ بە مەنزڵ بەپێ وەستانەوەو پشوودان تا
- گەیشتە بە وڵاتی خوتەن زەمین
- لە لەوێ ، هەزاران ئاسك بۆ پێشوازیی هاتن
- بە پێ رەویەو نەریتی خۆیان خۆشنوودیان دەردەخستو بچووکییان دەردەخست
- ئەمە بوو بە خۆشی کەوتە دڵییەوە
- ئاسکەکە لە ئەوەل-وە ئاخر شەرحی حاڵی خۆی
- گەیاندە ئاسکە چاوجوانەکان
- سەرپاکی ئاسکەکان کەلە وڵاتی خوتەن لە وەراون
- وتیان : ئەوە (مەجنوون) توحفەیەو شوڵەو نووری خوایە

بێ شك بێ گومان دۆستی خوداهەن
بوڵند مەرتەبە هەم ئەولیا هەن
رەزامان ئێدەن ئێمەی کەڵ وە چەم
سەر توفەیل کەریم بشیم وە قەدەم
وادەش تەمام بی ئاهووی وەفادار
چەنی وێش ئاوەرد ئاهووان هەزار
جە دەوری مەجنوون شادی مەکەردن
تەوازوع بە رەسم وێشان مەکەردن
سەف کێشان نە دەور مەجنوونی کەم فام
مەنیشتن جە لاش جە سوب تا بە شام
وێشان مەکەرد گەرد خاکپاشەوە
وێنەی دڵسۆزان گرد بە لاشەوە
شەوان جە دەوری وەرپەیای مەجنوون
حەلقە مەکێشان یەکسەر دڵ پڕ هوون
مەجنوون مەگێلا چەنی تەتاران
مەگرەوا بە سۆز جە داخی یاران

---

واتە :

- بێ گومان خۆشەویستی خوایە
- پایەی بەرزەو هەم ئەولیاشە
- ئێمەی ئاسك ، لە سەر ئەوە رازین
- سەرمان پێشکەش بکەین و بە پێی خۆمان بڕۆین
- ماوەی تەواو بوو ئاسکی وەفادار
- لە گەڵ خۆیداو هەزار ئاسكدا گەڕانەوە
- هەموو دەوری مەجنوونیان دەداو شادی و خۆشیان دەنواند
- بە باوەڕەوی خۆیان بچووکی خۆیانیان دەردەخست
- بەریز دەوری مەجنونیان دا
- لە لایەوە لە بەیانیەوە تاوەکو ئێوارە دادەنیشتن
- خۆیان دەدا لە خاکپایەوە دەورو پشتیان پاك دەکردەوە
- هەموویان وەك دڵسۆز بە لایەوە دەبوون
- بە شەودا لە دەوران دەوری پایان (پێی) ی مەجنوون‌دا
- هەموویان بە دڵێکی خوێناوی‌یەوە کۆ دەبوونەوە
- مەجنوون لەگەڵ ئاسکەکان‌دا دەگەڕا
- بە سۆز لە دووری یاری دەگریا

دەستە دەستە گوڵ جە پای مەغاران
مەجنوون مەکەندش مەداش تەتاران
هەرجا کە مەجنوون خاو مەبەردەوە
ئەرجە بیابان یا جە هەردەوە
مەگرتن بە تاو جەو بۆ هەناسان
هەناسەی بۆمشك مەدا بە یاران
شەوو رۆ هامراز هام نشینش بین
هەر جا خاو مەکەرد بە باڵینش بین
جە گەرمی نەفەس ئاهووی موشکی بەر
سەرتاپای مەجنوون عەرەق مەکەرد تەڕ
تەمام ئاهووان چەنیش بین بەیار
مەجنوونی دڵساف یاری وەفا دار
دڵ و دەروون پاك فریشتە خوو بێ
سەرمەستی ئاهووی نەمامی نەو بێ
جامێ جە بادەی عەشقش نۆشا بێ
لیباسی پاکی عەشقش پۆشا بێ

---

واتە :

- لە بەردەمی ئەشکەوتەکاندا دەستە گوڵ
- دەبچنیو دەیدا بە ئاسکەکان
- لە هەر جێگایەکدا کە مەجنوون خەوی لێ دەکەوت
- لە بیاباندا بوایە ، یا خود لە دەشتو هەرددا
- ئەملاو ئەولایان ئەگرتو بە تاو و تینی هەناسەیان
- هەناسەی بۆنخۆشیان گەرمیان دەکردەوە
- شەوو رۆژ هامرازو هاوسەری بوون
- لە هەر جێگایەکدا بنووستایە دەبوون بە سەرینو پاڵپشتی
- لە گەرمایی هەناسەی ئاسکەکاندا
- سەرتا پێی مەجنوون عەرەق تەڕی دەکرد
- سەرپاکی ئاسکەکان لەگەڵی بوون بە رەفیق
- مەجنوونی دڵسافو یاری بە وەفا
- دڵو دەروونی زۆرپاکو فریشتەرەنگ بوو لە خوو رەوشتدا
- حەزی لە ئاهووی تازە پێگەیشتوو بوو
- جامی شەرابی عەشق نۆشیبوو

هەرکەس تا بە سەر عەشقبازی کەردەن
ئەڵبەت جە بادەی مەجنوونش وەردەن

## پیری پیرۆز دەڕوا بە دوای مەجنوونداو دەیبا بۆ کابە

نەزانام ئەو پیر خجستە مەقدەم
پەی جەستەی مەجنوون چە تەور بیٚ جە خەم
ئەو رۆ کە مەجنوون ساکین بی جە نەجد
بابۆش جە هیجران مەناڵۆ جە دەرد
جە مەجنوون بەتەر گێلاٚبیٚ جە رەنگ
لیباسش کەوە هەم مات‌و بیٚ دەنگ
نە خواب‌و نە خۆر جە داخی فورزەند
بە سۆز مەناڵاٚ ئەو جە خوداوەند
مەوات : یاقەییوم حەییی سوبحانی
ئاگا جە دەروون گردین خەڵقانی
وەسەن گیرو گاز نە ریشەی جەرگم
بکیانە پەرێم نویشتەی مەرگم

وانە :

- هەر کەسیٚ تاوەکو سەر عەشقبازی کردبیٚ
- دەبیٚ جە بادەی مەجنوونی خواردبیٚ
- نەم زانی ئەو پیرە بیرۆزو خۆش رەوشتە
- تا چە رادەیەك بۆ گیانو لەشی مەجنوون ئەوەندە خەمٚ بارو زویرە
- لەو رۆژەوە مەجنوون ماوای کردووە بە کیوو بیابانی نەجد
- باوکی لە دووریەوە لە دەرددا دەناڵیٚ
- لە مەجنوون خراپتر لە رەنگ وەرگەڕابووە (لە رەنگ گەڕابوو)
- پۆشاکیشی شین بوو مات‌و بیٚ دەنگیش بوو
- نە خواردن‌و نە نووستن نەبوو لە داخی فورزە ندی‌دا
- بە کوڵ‌و بە سۆز لە خوداوەند دەپاڕایەوە
- دەیوت : یاخوای پەروەردگار
- ئاگات لە دەروونی هەموو کەسێکە
- بەسە ئەو گیروگازەی کە خستوونە ناو جەرگمەوە
- بۆم بنێرە فەرمانی (دەرمان = دوٚعا) مەرگم

ئەوەند مەنالاً شەوو رۆ جەکۆ
جە دیدەش ئەسرین مەرێزان چون جۆ
قەوم‌و قەبایل عارەبانی طەی
جە خەم بیٚ هۆش بین چون مەستان جەمەی
گردین لیباسی ماتەمی پۆشان
پەی جەستەی مەجنوون چون مەجمەر جۆشان
دادیٚ جە هیجران خەم مەوەرد خەم‌خەم
پۆشا بیٚ لیباس قەترانی ماتەم
شەو و رۆ جە داخ فوزەندی دلّبەند
مەگرەوا بە سۆز هەم سوورەت مەکەند
قەوم‌و قەبایل شین وەلای بابۆ
جە دەوری بابۆ جەم بەستەن کۆکۆ
واتشان : ئەی پیر دەردی ئەندوە بار
وەسەن هووناوان ئەسرین بیٚ شومار
سەلاحمان ئێدەن ئەی پیری شەیدا
کە مەجنوون بەرمیٚ بە خانەی خودا

---

واتە :

- (شەوو رۆژ ، ئەوەندە نالاّندی
- لە چاوان فرمێسك وەك جۆگە دەرژانە خوارەوە
- خزم‌و کەس‌و کارو هۆزی (طەی)
- هەموو دەیانزانی‌و بە هۆیەوە زۆر خەمبار بوون
- سەرپاکیان پۆشاکی رەشیان لەبەردا بوو
- بۆ گیانی مەجنوون گڕ لە ناو دەروونیان دەسووتا
- دایك لە دووری مەجنوون چەمیبووەوە
- پۆشاکی رەشپۆشی لەبەردا بوو
- شەوو رۆژ لە داخی فورزەندی‌دا
- بە سۆز دەگریاو دەم‌و چاوی خۆی هەڵدەکەند
- خزم‌و کەس‌و کارو هۆز چوونە لای باوکی مەجنوون
- لە دەوروپشتی‌دا کۆیان خواردەوە (کۆ بوونەوە)
- وتیان : ئەی پیری خەفەتبارو دەردەدار
- بەسە فرمێسکی خوێناوی بیٚ شومار
- تەگبیرمان ئەوەیە ئەی پیری شەیدا
- کە مەجنوون بەرین بۆ ماڵی خودا

بەڵێ کەرەم کەرۆ رەببەلعالەمین
خەلاس بکەرۆ تۆ جە زاری و شین
بابۆ چون شنەفت سەڵای قەوم خوێش
روو کەرد بە کۆی نەجد پیری دەروون رێش
قەوم و ئەقرەبا تەمام یاوەران
گرد لوان چەنیش چون بەینەت‌داران
بە زاری کەردەن کۆی نەجد پۆشان
پەرێ جست‌وجۆی مەجنوون خرۆشان
دمای گێڵای فرە ، بەکۆی نەجدا
دیشان کە مەجنوون هانە وەجدا
دەروون خەمبارا جەعەشق دوڵبەر
تەک‌دان وە هەیوان مەغارەی بێ‌دەر
مەگرەوۆ بەسۆز جەعەشق دڵدار
جەمەغار مەیۆ ناڵەی دەردەدار
زەلزەلەو زاریو شینو رەستاخێز
کەردەن بەکۆی نەجد رووی قیامەت بێز

---

واتە :

- بەڵکم خوا کەرەمی هەبێ
- لەم زاریو شینە سەرفرازت بکا
- باوك کە ئەگبیری خزمانی بیست
- رووی کردە شاخی نەجد ، پیری دەروون زامدار
- خزم‌وکەس‌وکارو سەرپاکی دۆستان
- سەرپاکیان وەك وەفادار دڵسۆز چون لەگەڵی‌دا
- بەشینو زاری‌یەکی وەها کێوی نەجدکەفەسەر بووبێ
- بۆ مەجنوون کەژماڵیان دەکرد
- دوای گەڕانێکی زۆر بەکێوی نەجدا
- دیان کە مەجنوون هالەخیاڵی عەشق‌دا
- لەعەشق دوڵبەردا دەروون پرەلەماتەمی‌خەمباری
- پاڵی‌داوە بەهەیوانی ئەشکەوتێکەوە
- لەعەشق لەیلێ زۆر بەکوڵ وبەسۆز دەگری
- ئەشکەوتەکە ناڵەو دەنگی دەردە داری لێوە دەنگ دەداتەوە
- وشینو واوەیلا گریانو شیعرخوێندنەوەی
- وەك قیامەتی نیشتبێتە کێوی نەجد ئاوەها بوو

یاران چون یاوان به نەزدی مەجنوون
روومەت کەندشان بەگازو ناخوون
کەندشان لیباس ماتەمجە هیجران
جە داخی مەجنوون خاتر پەرێشان
زاریو شیوەن کەوت یەکسەر ئەو کۆی نەجد
هەر یەك جەلایێ مەگرەوان بە وەجد
مەجنوون نیگا کەرد زایەڵەی عەظیم
زاهیر وەنەش واتش : یا کەریم
جە لەیلێ دوور بۆ نێ زاریو شیوەن
دینو دنیامەن لەیلێ خالێ گەردەن
بابۆ وات : ئەی نووری جیهان بینی من
سەرچەشمەی مەینەت زاریو شینی من
ئاخر هەزار بار خەمان بارمەن
دەروون جە داخت پڕ ئازارمەن
مێوە نە واردە جە باخی تۆمەن
پی تەورە پیری جە داخی تۆمەن

---

واته :
- کەسوکار کەگەیشتنە لای مەجنوون
- دەموچاوی خۆیان بە نینۆك هەڵیان کەند
- پۆشاکی رەشپۆشیان لەبەر هیجران پۆشی
- لەداخی مەجنوون دا ، دڵیان لەخەمدا کەفەسەر بوو
- یەکسەر شیوەنو زاری کەوتە شاخی نەجدەوە
- هەر یەکە لە لایەکەوە بۆ خۆی دەگریا
- مەجنوون دەنگو غەڵبەیەکی گەورەی کەوتە گوێ
- لێی رۆشن بوویەوەو وتی یاخوداوەندی گەورە
- لە لەیلێوە ئەو شیوەنو گریانە دوور بێ
- لەیلێ خاڵ گەردن دینو دنیای منە
- باوك وتی : ئەی رۆشنایی دنیای بینای من
- سەرچاوەی زاریو مەینەتی من
- بە هەزاران بار لەخەمان بارکراوم
- دەروونم لە داخی تۆوە پڕە لە ئێشو ئازار
- لە باخی تۆدا هیچ بەرو میوەیەکم نەخوارد
- بەم جۆرەو لە داخی تۆوە پیرتر بووم

تاکەی پەشێو حاڵ لەیلیٚ نام مەبی
مەجنوونی کۆی نەجد پا نەدام مەبی؟
من مەسۆچنی تاکەی جە هیجران
تاکەی بناڵو چون دەروون ڕێشان
تاکەی خاوو خۆر جە من مسانی ؟
تاکەی بنیشوو بە ماڵ وێرانی ؟
تاکەی مەکەریم جە یانە بێزار ؟
تاکەی مەدەی پێم هووناوان هەزار ؟
تاکەی مەکەریم بە پیری کەنعان ؟
تاکەی سیاپۆش وە بەرگی قەتران ؟
مەتەرسی جە داخ سۆزی دەروون !
پەریٚ جەستەی تۆ نەمەندەن هوونم !
مەگەر مەتەرسی جە خوای بیٚ باك
جەرووی قیامەت فەردی تەنیای تاك
وەنەت بار کەرۆ گوناهانی من
چونکە کەردەنت دڵ ئازاری من

---

واتە :

- تا وەکو کەی پەشێوی لەیلیٚ ناوی و
- شێتی کێوی نەجدی بۆی ؟
- تاکەی دەمسووتێنی بە هۆی دووری خۆتەوە ؟
- تاکەی وەك دەروون زامداران بناڵێنم ؟
- تاکەی خەوو خۆراکم لیٚ دەسێنی ؟
- تاکەی بە ماڵ وێرانی دانیشم ؟
- تاکەی بە خانە بێزارم دەکەی ؟
- تاکەی خوێناوم دەرخوارد دەدەی ؟
- تاکەی دەمکەی بە پیری کەنعان ؟
- تاکەی بە بەرگی قەترانیەوە ڕەش پۆش بم؟
- لە سۆزی دەروونو داخی ناترسی !
- بۆ لەشی تۆ خوێنم تیادا نەماوە
- مەگەر لە خوای بیٚ باك ناترسی
- مەگەر لە ڕۆژی قیامەتو ناترسی لە خوای تەنیاو گەورە
- ئەو هەموو گوناهانەی من بخاتە ئەستۆی تۆ
- چونکە دڵی منت ئازار داوە

چونکه من پەی تۆ عەزابم چەشتەن
من جە ڕاو تۆنە ئارەقم ڕەشتەن
مەجنوون دا جواب ئەی بابۆی حەزین
پاسەش نویستەن ڕەببەلعالەمین
جە باخی فورزەند تۆ نەوەری بەر
داخو خەم کێشی تاوە رووی مەحشەر
جە رووی ڕەستاخێز خواو ڕەسووڵ
هەر سزام بدان مەکەروون قبووڵ
جەی دنیا دڵم بە لەیلیٚ شادەن
فەردا خوداوەند بەندە موورادەن
بابۆ وات : دیدەم بشین بە کەعبە
لەیلیٚ خۆ لوان ئەتۆش بە ڕابە
وە عەزمی تەواف دینی پاکی تۆ
لوا بە کەعبە لەیلیٚ ویلی تۆ
مەجنوون چون شنەفت نامی لەیلیٚ بەرد
کێشا جە دەروون سۆزو ئاهی سەرد

---

واتە :

- چونکە من بۆ تۆ نارحەتیو ئیشو ئازاری زۆرم چێشتووە
- من لە ڕێگەی تۆدا ماندوو بووم‌و ئارەقاوم ڕێشتووە
- مەجنوون جوابی دایەوەو وتی : ئەی باوکی خەماوی
- خوای گەورە وای نووسیوە
- لە باخ فورزەندت ، تۆ بەرت نەخوارد
- تا رووی حەشر تۆ هەر داخو خەم دەخۆی
- لە ڕۆژی قیامەتدا خواو پێغەمبەر
- قوبووڵمە هەرچی سزایەکم بدەن
- لەم دنیایەدا هەر دڵم بە لەیلیٚ خۆشە
- بەیانیش (لە قیامەتیش‌دا) خوا مووراد دەری بەندەیە
- باوك وتی : چاوەکەم با بڕۆین بۆ کابە (کەعبە)
- لەیلیٚ ڕۆیشتووەو تۆش بکەوورە ڕێ
- بە مەبەستی تەواف کردنی دینی پاکی تۆ
- ڕۆیشت بۆ کەعبە ئەو لەیلیٚیە کە ویلی تۆیە
- مەجنوون کە ناوی لەیلیٚی بیست
- هەناسەیەکی دووکەڵاوی ساردی هەڵکێشا

گرەوا بە سۆز روو کەرد بە دامان
چەنیشا لوا تەمامی قەومان
بە وادەی دەرۆ قەومو ئەقرەبا
مەجنوونشا یاوْنا بە خانەی خوا
مەجنوون چون یاوا بە کابەی شەریف
گێلا پەی لەیلیٚ جەمین خالٚ زەریف
هەر چەند نیگا کەرد بەو ماواو مەسکەن
هیچ نەدی بە چەم لەیلیٚ خالٚ سۆسەن
ئاهی سەرد کێشا کەردش واوەیلا
سەرای زاری نیشت وەیانەی خوا
بابۆ وات : کورِم نووری چەمانم
فورزەندی عەزیز ئارامی گیانم
لەیلیٚ ویٚش شییەن بە یانەی خوا
نە دلیٚ کەعبە مەکەرۆ دۆعا
بۆ چەنیم بلمیٚ وا ماوای حەرەم
لەیلیٚ سەیر کەرە ، هەم ئاوی زەمزەم

---

واتە :

- بە سۆزو بە کولٚ دەستی کرد بە شینو گریان
- لەگەڵیا تەواوی خزمانی رۆیشت
- لە ماوەی دە رۆژدا خزمو کەس‌وکار
- مەجنوونیان گەیاندە مالٚ خوا
- مەجنوون کە گەیشتە کەعبە
- گەڕا بە دوای لەیلیٚ‌ی خالٚ جواندا
- هەر چەند بەملاو بەولادا روانی
- لەیلیٚ‌ی سۆسەن‌خاڵی نەدی
- هەناسەی ساردی هەڵکێشاو کردی بەگریینو زاری
- ماڵی خوائەو گریانو زاری‌بەی تیادا دەنگی دەدایەوە
- باوك وتی : کورِم رۆشنایی چاوانم
- کوری خۆشەویستم ، ئارامی گیانم
- لەیلیٚ خۆی رۆیشتووە بۆ ماڵی خوا
- وا لەناو کەعبەدا لە خوا دەپارێتەوە
- وەرە با بڕوینە ماوای حەرەم
- سەیری لەیلیٚ بکەو سەیری ئاوی زەمزەمیش

مەجنوون گورج رووش کەرد سەرچەمەی زەمزەم
پەی دیێی لەیلیٚ لوانە حەرەم
ئادابی تەعظیم ویٚش بە جا ئاوەرد
سوجدە بە ئەدەب یانەی خوا کەرد
نیگا کەرد سەقفی جوانی بانی سەر
دیش بە چەم پەردەی لیباسی فاخیٚر
بابۆ وات : مەجنوون زوو دۆعا کەرە
واچە خوایە عەشقم لابەرە
واچە عەشق لەیل بەرشۆ جە یادم
رەحمەت نە ویٚنۆ دڵەی ناشادم
مەجنوون وات : خوا سا عەشق‌و لەیلیٚ
فرەتەر کەری دڵمەنە خەیلیٚ
جە عەشق‌و لەیلیٚ دڵ نەبو جییا
دنیام بیٚ لەیلیٚ هیچ گەرەك نییا
مەجنوون چەمش کەوت وە بەرگی سیا
هاوارش بەرز بی کەردش واوەیلا

---

واتە :

- مەجنوون دەستبەجیٚ رووی کردە ئاوی زەمزەم‌و
- بۆ دیتنی لەیلیٚ چووە ژوورەو بۆ حەرەم
- ئەدەبی ریٚز لیٚ گرتنی بەجیٚ هیٚنا
- بە ئەدەبەو سوجدەی بردە ماڵی خوا
- تەماشای (سەیری) سەقفی‌جوانی سەرەوەی سەری کرد
- بەچاو دی کە بە پەردەیەکی نایاب داپۆشرابوو
- باوك وتی : مەجنوون زوو دۆعا بکەو
- بڵیٚ : خوایە عەشقم لابەری .
- بڵیٚ : عەشق لەیلیٚ لە یادم دەرچیٚ ،
- دڵی ناشادم (لەولاچوونی‌عەشقەدا) رەحمەتی بەرنەکەویٚ ،
- مەجنوون وتی : خوایە ، ساعەشقم بەرامبەر بە لەیلیٚ زیاد بکەی
- لە دڵمدا زۆرتری بکەی .
- دڵم لە عەشق لەیلیٚ جیا نەبیٚتەوە ،
- دنیام بە بیٚ لەیلیٚ ، هیچ ، ناویٚ !
- مەجنوون چاوی بە بەرگی رەش کەوت
- هاواری بەرز بوویەوە کردیە گریانو زاریی

دۆعای ئەر کەردش جە یانەی خوا
واتش : بیەحشە لەیلیٚ خالٚ سیا
واتش : ئەی حەرەم یانەی خوداوەند
مەقسوودی مراد گردین حاجەتمەند
مەنزڵگای مەنزلٚ جەمعی رۆحانی
مەکانو ماوای رازی نێهانی
من پەریٚ لەیلیٚ قەترانیم پۆشان
دلٚو دەروونم پەی لەیلیٚ جۆشان
تۆ پەی کێت پۆشان لیباسی ماتەم
پەی کیٚ دیدەت گۆل بەستەن زەمزەم
کابە داش جواب : دنیا بیٚ وەفان
دەردو مەینەتا پڕ جەورو جەفان
کەسێو عاقلاٚ جەفای حەق کێشان
ئاد نە راگەی حەق دەروونش رێشان
هەرکەسێو وەرۆ جە ئاوی زەمزەم
لا قەید جە دونیان هیچ نەدارۆ خەم

---

واتە :

- دۆعای تری لەماڵی خوا کرد
- وتی : خوایە لەیلیٚ‌ی سۆسەن‌خاڵ بیەخشی
- ئەی حەرەمی ماڵی خوداوەند
- تۆ مەبەستی هەموولایێ جیٚ بەجیٚ‌کەری
- مەنزڵگای پەنا پیٚ هێنەرانی خاسانی خوا
- جێگاو شوێنی رازی پەنهانی
- من بۆ لەیلیٚ رەشپۆشم
- دلٚو دەروونم بۆ لەیلیٚ جۆشی خواردووە
- ئەی تۆ بۆ کیٚ رەشپۆشی ؟
- بۆ کی بە فرمێسکی چاوانت گولاوی زەمزەمت گرتۆتەوە
- کابە (کەعبە) هاتەوە جوابو وتی : دنیا بیٚ وەفایە
- دەردو مەینەتو دەردیسەری‌یە
- کەسیٚ کە عاقلٚ بیٚ جەفا بۆ خوا دەکێشیٚو
- لە رێگەی حەق‌دا دەروونی رێشو زامدار دەبیٚ
- هەر کەسیٚ لە ئاوی زەمزەم بخواتەوە
- بە سەر دنیاوە حەق‌نیەو خەمیشی بۆی نیە

من جه جەفای خەڵق زاڵمی گومڕا
پۆشانم بەرگی سەرتاپا سیا
بەعزێو بەئیخلاس ماوەران پەنا
بەعزێو بە درۆ مەیا حەج کەرا
بەعزێو بە سیدقو ئیخلاس‌و یەقین
سوجدە مەبەران بە سەر چەمەی دین
بەعزێو بێ ئەدەب مەیان وە حەرەم
وەبانی بانم مەنییان قەدەم
وە بارگەی بێ عەیب ئاستانەی دەرگام
وە یا سەرچەمەی زەمزەمی ئالأم
بێ ئەدەب گێلاْ چی دەورو بانە
مەزانا قەدری نی ئاستانە
من جه جەفاشا دەروون زوخاڵم
گەر ئەحواڵ پەرسی من ئیدەن حاڵم
حەقم بە دەستەن مەعلوومات کەردم
یەکایەك بە شەرح نامشان بەردم

---

واتە :

– من لە داخی خەڵکی زاڵمی گومڕادا
– سەرتاپێ ڕەشم پۆشیوە
– هەندێ بە راستی‌و دڵسۆزی‌یەوە پەنا دەبەن
– هەندێ بە درۆوە دێن بۆ حەج کردن
– هەندێ بە راستی‌و دڵسۆزی‌یەوە
– سوجدە بۆ سەرچاوەی دین دەبەن
– هەندێ بێ ئەدەبانە دێن بە حەرەم‌داو
– بەبێ ئەدەبانە پێ دەنێن وەبانی سەربانم‌دا
– یاخود بەبێ ئەدەبی دێنە دەرگاوەو
– وەیا سەیری سەرچاوەی ئاوی زەمزەم دەکەن
– بەبێ ئەدەبی بەم دەوروبانەدا دەگەڕێن
– ڕێزی ئەم جێگاپیرۆزە نازانن
– من لەداخیان‌دا دەروونم ڕەش بووە وەك خەڵووز (زوخاڵ)
– گەر هەواڵ دەپرسی ئەمەیە ئەحواڵم
– حەقم بە دەستەو لێم ڕۆشن کردێتەوە
– سەریاك بۆم ژماردی‌و ناویانم هێنا

مەجنوون جە کەعبە چون شنەفت خەبەر
سوجدەی ئەدەب بەرد هەم زیارە بەر
گرەوا بە سۆز دەروون ماتەم کەرد
خەیاڵۆ لەیلیٚ عەقڵۆ فامش بەرد
واتش : ئەی بابۆ دەروون مەوجی خەم
کابە پۆشانش لیباسی ماتەم
مەکیٚشە ئازار هەنی تۆ پەی من
شۆ بە دماوە بنیشە ساکین
عیلاجم نییەن بیٚ سوودەن جەفات
ئیختیار نییەن پیری خەم خەڵات
دەرمانی دەردم یەك لەیلیٚ نامەن
شەوقی جەمینش چون خۆر تەمامەن
مەجنوون ئیٚدش وات ، روو کەرد وە کۆی نەجد
پەریٚ لەیل جەرگش سۆچیا بە وەجد
قەومو قەبایل ئەقریبا تەمام
بە شینو زاریی گردین خاس و عام

---

واتە :

- مەجنوون کە لە کەعبە ئەم هەواڵەی بیست
- سوجدەی بە ئەدەب بۆ بردەوەو دەرچووە دەرەوە
- بە سۆزوکوڵەوە دەستی کرد بە شینو زاری دەروونی ماتەمی دای گرتەوە
- خەیاڵی لەیلیٚ کەوتەوە سەریو عەقڵو فامو هۆشی نەما
- وتی : ئەی باوکی دەروون مەوجی خەم
- کابە (کەعبە) جلو بەرگی رەشی پۆشیوە
- لەمەولا تۆ ئازار بۆ من مەکیٚشە
- بڕۆرەوەو لە ماوای خۆتدا نیشتەجیٚ بە
- بیٚ سوودە جەفاکیٚشانت ، چونکە چارەم نییە
- چە ریٚگایەکی‌تر نییە ئەی پیری خەم خەڵاتکراو
- دەرمانی دەردم هەر تەنیا لەیلیٚیە کە
- شوڵەی دەمو چاوی وەك هی خۆر وایە
- مەجنوون ئەمەی وتو رووی کردەوە بۆ کیٚوی نەجد
- بۆ لەیلیٚ ، بە خەیاڵ ئاگری تیٚ بەربوویەوە
- خزمو کەس و کارو هاوسەران سەرپاکیان
- بەگەورەو بچووکەوە بە شینو زاریەوە

وەشین‌و زاری بانگ‌و واوەیلا
مەشین وە راوە بیٚ هۆش‌و شەیدا
بابۆو قەبایل گرد قەوم‌و خویٚشان
گیٚلیٚوە یەکسەر پەی یاگۆ ویٚشان
چونکە خوداوەند پاسەش بیٚ رەزا
هیچ حاسلٚ نەبی جە یانەی خوا
گیٚلیٚ دماوە بە نا مرادی
بە زاری‌و شیوەن بە دڵناشادی

## لەیلیٚ‌و مەجنوون لە نەجددا یەکتری دەبینن

ئەو رۆ کۆچشان هەوای غوربا بیٚ
ئافتاب نە بورج پەردە پیٚوار بیٚ
هەوای بورجی بەرز جامازەی دەوران
جەنی خیٚلٚ‌خانەی لەیلیٚ بی رەوان
روو کەرد بە مەسکەن مەجنوونی هەژار
جامازەی لەیلیٚ بڕیا جە قەرار

---

واتە :

- بە شین وزاری‌و بانگەوازی واوەیلاوە
- بیٚ هۆش‌و شەیدا ریٚیان گرتەوە بەر
- باوکی‌و هۆزو خزم‌و کەس‌و کار
- یەکسەر بۆ ماڵی‌خۆیان گەڕانەوە
- چونکە خوداوەند رازی بەو جۆرە بوو کە
- لە ماڵی خودادا هیچ مەبەستی باوکی مەجنوون جیٚ بەجیٚ نەبوو
- بە نامورادی گەڕانەوە دواوە
- بە شین‌و گریان دڵناشادی‌یەوە
- ئەو رۆژە کۆچی خیٚڵی لەیلیٚ بەرەو گەرمیان دەبوویەوە
- چونکە هەتاو لە بورجی پەردەدا کەوتبوو ئەو دیوەوە
- هاتی هەوای ساردو ولاٚخی بەکەژاوە
- لەگەڵ خیٚڵخانەی لەیلیٚدا کەوتوونەتە ریٚ‌و بەجیا
- روویان کردە ماوای مەجنوونی هەژار
- ولاخی کەژاوەکەی لەیلیٚ ئارامی لیٚ بڕابوو

ڕۆو کەرد بە ماوای نەجدی مەجنوون‌دا
سینە سەد پارەی ستارە شووم‌دا
خەیلیٚ بیٚ گێلاٚ پا جامازەوە
پا دیدەی ئەسرین سورمە سازەوە
مەجنوون جامازەی لەیلیٚ دی جە دوور
نەپای سەنگی خار مەگێلاٚ زەروور
چون ئاهیر وەگیان ئاما بە دامان
یاوا بە نەزدیك سەوڵی خەرامان
جە سەر تا دامان سیا چون زوخاڵ
بیٚ باڵاو بیٚ بەرگ زارو پەشێو حاڵ
لەیلیٚ جەمینش چون شەوق مەهتاب
بەڵکو زیادتەر جە شەوق ئافتاب
لەیلیٚ وات : ئەی شەخس پەی کیٚ شیتەن ؟
شینی ڕەستاخێز کیٚ نەدیتەن ؟
بیٚ تەم‌و تۆفان پی هەوا سەردە
پەی کیٚ مەگێڵی چی دەشت‌و هەردە

---

واتە :

– رووی کردە نەجدو جێگای مەجنوونی ،
– ئەستێرە شوومی سنگ بریندار لەت‌لەت کراو
– ماوەییٚ بەو کەژاوەوە گەڕا
– بە چاوانی سورمەڕەنگی گریاناوی‌یەوە
– مەجنوون کەژاوەکەی لەیلیٚ‌ی کردەوە چاو
– بە ناو بەردو بەردەلاٚندا بۆ پێویستیٚ دەگەڕڕا
– مەجنوون وەك ئاگر لەدامانی بەربووییٚ هاتە خوارەوە
– تا گەیشتە نزیك لەیلیٚ‌وە
– مەجنوون سەر تا پیٚ ڕەش هەڵگەڕابوو وەك خەڵووز
– بیٚ پێلاو و بیٚ بەرگ پەریشان بوو
– دەم‌و چاوی (نێوچاوانی) لەیلیٚ وەك شۆڵەی مانگەشەو
– بەڵکو زیاتر وەك شەوق هەتاو بوو
– لەیلیٚ‌وتی : ئەی کابرا ، تۆ بۆکیٚ شین دەکەی ؟
– شین ڕۆژی قیامەتڕەنگی کێیە ؟
– بەم تۆفانی هەوا ساردی‌یە
– بۆکیٚ بەم دەشت‌و دەرەدا دەگەڕێیت ؟

مەرکێت تۆ مەردەن پی دیارەوە
زاری مەکەری بەی سەر کارەوە ؟
پی دیارەوە تەمەننات کەردەن
مەگەر خێڵخانەی کەسێوت مەردەن
لەیلێ مەپەرسا ئەو مەواتش داخ
ئێد را مەپەرسا ئەو مەواتش ئاخ
چە داخێ هەرداخ سەد هەزار فیشتەر
چە ئاخێ هەر ئاخ جە نێزە تێژتەر
خەیلێ خجلێ مەند جە حاڵی دەردش
نە جەستەی خەستەی هەناسەی سەردش
لەیلێ زاێڵەی بێ ئەندازە کەرد
هیجرانی مەجنوون جە نۆ تازەکەرد
مەجنوون وات پەنەش : ئەی خورشید جەمین
جەمین پڕ جە نوور رەببەلعالەمین
من پەرێ لەیلێ زاریو شینمەن
شینی رەستاخێز لەیل نە دێنمەن

---

واتە :

– مەگەر کێت مردبێ ، لەم کێوەدا بەو جۆرە ؟
– شینو زاری بۆ دەکەی ! !
– لەم شاخو کێوەوە ئاواتت خواستووەو یاخود
– کەسێکت لە خێڵەکەت مردووە ؟
– لەیلێ دەیپرسی ئەو داخی هەڵدەکێشا
– ئەم شوێنو رێی لێ دەپرسی ئەو دەیوت (ئاخ) – ئاخی هەڵدەکێشا
– چە جۆرە داخێ ، هەر یەکەیان لە هەزارێ زۆرتر بوون
– چە ئاخێ هەر ئاخی لەنێزە تیژتر بوون
– خەیلێ لە حاڵی دەردی سەرسام ماو
– لە لەشی نەخۆشی بە ئازاریو هەناسانی ساردی
– لەیلێ گریانێکی بە کوڵی هات ، چونکە بە هۆیەوە
– دووری مەجنوون ، سەر لە نوێ تازە بوویەوە
– مەجنوون پێی وت : ئەی دەمو چاو وەك خۆر
– ناوچوان پڕ لە نووری خوای گەورە ی کەونو کائینات
– من شینو زاریم بۆ لەیلێیە
– شینی قیامەت ئاسام هی نەدیتی لەیلێیە

تۆ پەژارەی کێ نە دەروون داری ؟
پەی کێ مەریزی ئەسرین مرواری ؟
لەیلێ کە زانا پەی کێ پێش ئامان
ئەو جە کەژاوە وێش وست نە دامان .
واتش : من سادار زوڵفانم دامەن
گەر لەیلێ وازی من لەیلێ - م نامەن
منیچ ئەراگێڵ مەجنوون دۆزەنان
دەروون پڕ ئاهێر تۆ بە سۆزەنان
مورغی دڵ بییەن بە داوی دامت
دەورانی فەلەك گێلان بە کامت
دەسا بێداربە وادەی نازتەن
هەرچی مەواچی بە دڵوازتەن
پەی نێشی زامان وادەی دەرمانەن
بە شادی نۆشکەر شەربەت هەرزانەن
مەجنوون ئێد شنەفت ئیان هەردە بی
چیان سەد ساڵ بێ چاگە مەردە بی

واتە :

- ئەی تۆ پەژارەی کێیە وا لە دەروونت‌دا !
- بۆ کێ فرمێسکی مرواری دەرێژی ؟
- لەیلێ کە زانی بۆ کێ وای لێ هاتووە
- لە کەژاوەکەوە هاتە خوارەوەو خۆی خستە باوەش مەجنوونەوە
- وتی : من وەك سادار وێڵمو دەگەڕێم ، زوڵفانم درێژبوونەتەوە تا وەکو دامانم
- ئەگەر تۆ لەیلێ - ت دەوێ ، من ناوم لەیلێ - یە !
- منیچ وێڵ بووم بە دوای مەجنووندا دەگەڕێم
- دڵم ئاگری تۆی تێ بەر بووەو سووتاوە
- باڵندەی دڵم بووە بە داوی تۆوە
- وا ئێستا زەمانە بە ئارەزووی تۆیە
- دەسا وریا بەرەوە وادەی نازکردنتە
- هەرچی دەڵێیت ، بە دڵی تۆیە
- بۆ سارێژ کردنی زامانت دەرمانت بۆ هاتۆتە پێشەوە
- بە خۆشی نۆشی شەربەتت بکە لەبەر دەستت دایە
- مەجنوون کە ئەمەی بیست لە خۆشیان‌دا لە هۆش خۆی چوو
- هەروەك سەد ساڵێ لەوەو پێش‌تر مردبێ

لەیلیٰ سەر هۆرگرت نە رووی زەمینش
رانی وێش ئەدەب کەرد بە سەرینش
پەیاپەی مایەی موشکی تەتاران
دانە دەماغش چون بەینەتداران
جەو عەترو عەبیر بۆیی مایەی موشك
ئاوەردش بە هۆش مەجنوونی لەب وشك
مەجنوون بە روخسار لەیلیٰ دیاوە
بە دەستەی کلاف زولفی سیاوە
واتش : خوا شوکر ئاواتم بریا
خەلاتی ئاوات وە وەرم کریا
ئاوا بییەوە یانەی نەو بەختم
جە دەرد ساکین بی زامانی سەختم
تەبیبی دەرمان دەردم ئاماوە
شادیم نیشتەوە خەمم رەماوە
زامانم یەکسەر گرد وەش بییەوە
چەمم دیدەی لەیل جە نەو دیەوە

---

واتە :

- لەیلیٰ سەری مەجنوون هەلگرت‌و
- رانی خۆی بە ئەسپای خستە ژێر سەری
- پەیتا پەیتا زولفانی بۆنخوشی
- دەداو دەیهێنا بە دەم‌و لووتی من جنوون‌دا
- لەو بۆنخۆشییە کەوەك بۆنی میسکی ئاسکی خۆتەنە
- دەهێنا بە دەم‌و چاوی‌و لووتی مە جنوون‌داو بەو جۆرە هێنایەوە سەر هۆشی خۆی
- مەجنوون چاوی کەوتەوە بە روخساری لەیلی
- ئەو دەستە کلافە رەشانەی زولفی دیەوە
- وتی : ئەی خوای گەورە شوکرانەم بە تۆ چونکە ئاواتم هاتە دی
- خەلاتی ئەو ئاواتم وا کردە بەر
- مالی بەختی نوێم نوی‌و ئاوەدان بوویەوە
- زامە سەختەکانم ئێش‌و ئازاریان نەما
- دوکتۆری دەرمانکردنی دەردم هاتەوە
- خەمەکانم رەویەوە وشادیم بۆ هاتەوە
- زامەکانم سەرپاکیان‌و بە یەکجاری چاك‌و سارێش بوونەوە
- دیسانەوە دەم‌و چاوی لەیلیٰ ی - م چاو پیٰ کەوتەوە

واتش : وێم سەرگەرد نامی شەریفت
ئەڕوام پایەنداز زوڵفی زەریفت
سەرم سەرگەردان جەمینی ئاڵات
گیانم پایەنداز ئەی سەرووی باڵان
دڵم بۆ فیدای مۆژەی چەمانت
سەرەم بۆ قوربان لەعلی لەبانت

**مەجنوون دەست لە لەیلێ نادا : —**

هۆرێزا مەجنوون ئاوەردش نە دڵ
بچنۆ میوە جە باغچەی نەوگوڵ
چونکە خوداوەند پا کار نەبیش مەیل
خێرا زەردش کەرد گوڵباخچەکەی لەیل
بە ئەمری قودرەت رەبیەلعالەمین
نازڵ بی جیبریل فریشتەی ئەمین
باڵ کێشا بە فەرق مەجنوونی خەمبار
روو کەرد نە دەروون ئازاری مردار

واتە :

— وتی : خۆم بەسەر گەرد ناوی شەریفت بم
— سەرم سەرگەردان نێوچاوانی ئاڵو جوانت بێ
— گیانم پایەنداز ئەو سەرووە باڵا وێنەتە بێ
— دڵم بە قوربانی برژانگی چاوانت بێ
— سەرم بە قوربانی لێوی ئاڵی وەك لەعلت بێ

— هەڵستایەوەو وا کەوتە دڵیەوە (مەجنوون) ،
— دەست بکا بە میوە خواردنی لەیلێ
— چونکە خوای گەورە بەوە رازی نەبوو
— گوڵباغی باخی لەیلێ زەرد بوو (ناشیرین بوو لەبەر چاوی مەجنوون) ، یا کەوتە عوزرەوە ،
— بە ئەمری خوای گەورە خێرا .
— فریشتە جبریل ئامادە بوو
— باڵی خۆی کێشا بە سەرتا پێی مەجنووندا
— وای لە مەجنوون کرد کە ئارەزووی بنیشێتەوەو بمرێ

هەوەس جە قاڵب مەجنوون بی جیا
وات : ئەی خوداوەند ئەستەغفیرو‌للا
شوکرانەم بە تۆ کارسازی کەرەم
نەنمانای پەنەم راگەی جەهەنەم
بێ شك زیناکەر ئەهلی عەزابەن
عەزاب جە عەزاب جەرگم کەبابەن
مەجنوون وات : ئەی لەیل بەرگوزیدەی من
نووری بینایی هەردوو دیدەی من
شەرت‌و شوێنی وێت بە جا ئاوەردی
یادی مەجنوونی جگەرهوون کەردی
مەتەرسوو جە راز واتەی بەدکاران
بواچان لەیلی شی وەلای یاران
ساتێ جە یادم نمەشۆ نامت
تانە مەنۆوە تا رووی قیامەت
نامت زیندەگی رووی بیساتمەن
گوشادی خەمان دوور وڵاتمەن

---

واتە :

- هەوەسی مەجنوون لە بەدەنی جیا بوویەوە
- وتی : ئەی خوایە ئەستەغفیرو‌للا
- شوکرانەم بە تۆ ئەی خوداوەندی گەورە
- ڕێگەی جەهەنەمت نەکردە نسیبم
- بێ گومان زیناکەر عەزابی دەدرێ
- عەزاب‌و سزایەکی وەها کە جەرگی بۆ دەبێ بەکەباب
- مەجنوون وتی : ئەی لەیلێی بەر گوزیدەی من
- ڕۆشنایی دێنی هەردوو چاوم
- پەیمان وەفای خۆت جێ بەجێ کردووە چونکە
- یادی مەجنوونی جگەر خوێناویت کردوەتەوە
- لە رازونیازی بەدگۆتە دەترسم‌و
- بڵێن ، کە لەیلێ چووە بۆ لای مەجنوونی یاری ،
- دەقیقەیێ ناوت لە یادم دەرناچێ
- لۆمەو تەشەر تا ڕۆژی قیامەت دەمێنێتەوە
- ناوی تۆ هۆی ژیانمە
- لابەری خەم و خەفەتی دووری وڵاتمە

لەیلیٚ عەشق حەق ئاماش نە دەروون
بە شەرت‌و ئەدەب واتش بە مەجنوون
شەرت‌و ئیقرار بۆ جە لای خواوە
هەرچی عومرو من مەندەن بە پاوە
خەرج‌و راو تۆ بۆ وەفادارێی تۆ
جە یادم نەشی نەشەویٚ نە رۆ
ئەگەر سەراسەر عالەم شادی بۆ
جە لام ئەوشادی نا مرادی بۆ
سیوای مەیلی تۆ شادیم حەرام بۆ
ئەو شادی جە لام هەر ناتەمام بۆ
کەردشان بە هەم ڕێ عەهدو پەیمان
نیشت نە کەژاوە لەیلی خالٚ قەتران
لاوی چەنیٚ هەم رایێ بیێ بە را
باوناش بە مەنزلٚ قەوم‌و ئەقربیا
گیلاوە مەجنوون دەروون پڕ جە خەم
دیسان جە نۆوە مەینەتان بیێ جەم

---

واتە :

– لەیلیٚ عەشق حەق هاتە دڵەوە
– زۆر بە ئەدەب‌و بە مەرجەوە وتی بە مەجنوون
– شەرت‌و پەیمان بیٚ لە لای خوا
– هەرچی تەمەنم بە پێیەوە ماوە
– خەرج بکریٚ لە ریگەی تۆ و وەفادرایی تۆدا
– لە یادم نەچی نە شەوو نە رۆژ
– ئەگەر سەرانسەری دنیا شادیی بیٚ
– لە لای من ئەو شادی‌یە نامورادی‌یە
– ئەو شادی‌یە لە لام هەر ناتەواو دەبیٚ
– جگە لە مەیلی تۆ شادی لە من حەرام بیٚ
– هەردووکیان پێکەوە عەهدو پەیمانیان بەست
– لەیلیٚ نیشتەوە کەژاوەکەی‌و
– تاویٚ پێکەوە ریٚیان کرد
– تا گەیاندیەوە جێگای خزم‌و کەس‌و کاری
– مەجنوونی دەروون پڕ لەخەم گەرایەوە
– سەر لەنویٚ مەینەت‌و مەرارەتی لا کۆ بوویەوە

مەکەردش خەیالْ مەدا بە سەردا
مەگێلاْو مەشیی بە دەشت‌و دەردا
مەوات : یەخەو بیْ پاسە بە من کەرد
یا لەیل ویْش ئاما عەقلْ‌و فامش بەرد
دەستم کەوتەبیْ سەرچەمەی بەهەشت
پیْواریی چەنەم جە وەسلْم نەچەشت
ئەوشی بە مەسکەن من چەی مەناوە
گرفتار بەدەس سەودای زامەوە
دەروونم لەیل‌واز دەردم کاریی بی
شینی رەستاخیْز نادیارم بی

## لەیلیْ دەچیْ بۆ سەر سەرچاوەو خۆی دەشوا

رویْ‌و هۆریْزا لەیلی سەولْ‌تەر
چەنی کناچان عارەبانی بەر
کەردش ئیْرادەی سەیرانی سارا
پەی قەیس چۆلْگەرد دلْ جە خەم دارا

واتە :

- خەیالی لەیلیْ‌ی دەکردەوەو دەیدا بەسەری‌دا
- دەگەراو دەرۆیشت‌و ونی دەشت‌ودەر دەبوو
- دەیوت : ئەمە خەو بوو وای لەمن کردووە
- یا لەیلیْ خۆی هات‌و عەقلْ‌و فامی منی برد
- دەستم کەوتبووە ناو سەرچاوەی بەهەشتەوە
- ئەو سەرچاوەی بەهەشتە لە دەستم دەرچوو لێم نەچێشت
- ئەو رۆیشتەوە بۆ جێگاو مالْی خۆی‌و منیش لێرە مامەوە
- گرفتارو سەرگەردانم بە دەس ئێش‌و ئازاری زامەوە
- لە دەروونەوە حەزم لە دیتنی لەیلیْ‌یەو بۆیە دەردم کاریی بووەتەوەو
- ئێستاش شینی رۆژی حەشر ئاساییمە، بۆی .
- رۆژیْ لەیلیْ‌ی سەولْ‌رەنگ هەلْستاو
- لەگەلْ کچانی عارەبی کۆچەری‌و دەشتەکی‌دا
- بریاری چوونە سەیرانی دەشت‌و کێو بکەن
- بۆ مەجنوونی چۆلْەوانی دلْ‌پڕ لەخەم بگەریْ

پۆشا وه باڵاش بەرگی عەنبەربۆ
خاستەر جە نەسیم شەماڵ ئاوەربۆ
هەردەم بۆی عەبیر جە لاش هەرزان بی
چون خۆر نمایان باڵا بەرزان بی
خەرامان خێزا جە خەیمەی بێگەرد
چەنی کناچان روو نە سەحراه کەرد
گێڵا جە ئەطراف ئا باخو سەوزە
تا یاوا چەمەی ئا ئاوو حەوزە
فۆتە بەست بە شەرم شەرمی خوداوەند
چون خۆر نیشت نەئاو جامەی بەدەن کەند
زوڵفان چون کەمەند وستش نە رووی ئاو
شەوق باڵاش سەر ئاو بی بە ئاو
شەوق سینەی ساف جەمینی بێ عەیب
وێنەی ئاوێنە جە کارخانەی غەیب
لەیلێ جامی زەڕ گرتە بێ بە دەست
پڕ مەکەرد جە ئاو پەیاپەی پەیوەست

---

واته :

- باشترین بەرگی بۆ عەنبەربۆی کردە بەری
- کە خۆشتەرین بۆن بووە شەماڵ هەڵیگرێ
- هەمیشە بۆنی عەبیر بە هۆیەوە بڵاو بووەتەوە
- وەك شۆڵەی ناو ئاوێنە ، باڵای بەرزی وابوو
- خەرمان لە خێوەتی پاکیدا دەرکەوت
- لەگەڵ کچاندا رووی کردە بیابان
- لە دەوراندەوری ئەو باخو باخاتو سەوزاییدا گەڕا
- تا گەیشتە لای کانیاوێ
- پەشتەماڵی لە بەر شەرمی خوا گرتەوە
- وەك هەتاو کراسەکەی لابردو نیشتە ناو ئاوەکە
- زوڵفەکانی وەك کەمەندی راوچی کەوتە سەرئاو
- لە شەوق باڵایەوە لە سەرئاوەکە وە بوو بوون بە دووان
- شۆڵە دانەوەی سینگی سافو نێوچاوانی بێگەردی
- وەك ئاوێنەی کارخانەی خوا بوو
- لەیلێ جامی زێڕینی گرتبوو بە دەستەوە
- پەیتا پەیتا لە ئاو پڕی دەکردو

ئاو وێنەی گوڵاو ڕیژا بە سەردا
بۆسەدا زوڵف گۆنای قەمەردا
ئادابی تەرتیب غوسڵ تەمام کەرد
جە داخی باڵاش ئاو حەسرەت مەوەرد
بەر ئاما جە ئاو لەیلیٚ سایەدار
چین چین وست نە پێلّ زوڵفانی تاتار
پۆشا بەرگی ساف ئەتڵەس سۆسەنی
خێرا هۆرێزا ئاهوو ختەنی
لەیلیٚ جە هیجران مەجنوونی چۆڵگەرد
جامش نە ویر شیی روو بە یانە کەرد
سەحەر خێڵخانەی لەیلیٚ خەرامان
کۆچ کەرد بە عەزم موڵکی پای دامان
چەتری دە ستوون ، خەیمەی سوورو دێز
بارکەردەن لوان کەردشان ئاخێز
بڕیا سەدای دەنگ بوڵبوڵ نە باخان
ماتەم بی جە خەوف موڵکی لەیلاخان

---

واتە :

- ئاو وەك گوڵاو دەرژا بەسەر لەیلیٚ‌دا
- زوڵفە جوانەکانی پەیتا پەیتا ماچی ڕوومەتی مانگی لەیلیٚ‌یان دەکرد
- بە ڕێك‌و پێکی کاری خۆ شوشتنی تەواو کرد
- لە جوانی باڵای‌دا ئاو حەسرەتمەند بوو
- لەیلیٚ‌ی سایەدار لە ئاو هاتە دەرەوە
- چینی زوڵفە جوانەکانی خست بە شانی‌دا
- بەرگی ساف ئەتڵەسی پۆشا
- خێرا وەك ئاهووی تاتار هەڵستایەوە
- لەیلیٚ لە داخی دووری مەجنوونی چۆڵەوانیدا
- جامە زێڕینەکەی لە بیر چوو چووەوە بۆ ماڵەوە
- بەیانی زۆر زوو خێڵخانەی لەیلیٚ
- بەرەو خوارەوە دەشت‌و دەر کۆچیان کرد
- خێوەتە دەکوڵەکەیی‌یە سووروودێژە جوانە کەیان
- پێچایەوەو باریان کردو ڕۆیشتن
- ئیتر دەنگی بولبولان لە باخان‌دا نەما
- ولاتی لەیلاخ لە ترسان‌دا خەفەتبار بوو

دار خەزان کەردەن هەوا سەرد بییەن
بارخانەی لەیلیٚ گەرمە سێر شییەن

## مەجنوون جامە زێڕینەکەی لەیلیٚ دەدۆزێتەوە

مەجنوونی چۆڵگەرد بیابان ماوا
رویٚ پەی تەقدیر پا هانە یاوا
گێلاٚ جە ئەتراف چەمەی سەفا بەخش
شی وە بانی سەنگ خەتخەتی پڕ نەخش
نیگا کەرد مەجنوون حەیران مەند سەرسام
جامی لەیلش دی ، شوناسا ئەو جام
ئاما گرت بە دەست جامی زەڕینگار
سەیری جامش کەرد گرەوا بە زار
واتش : ئینە جام بەرگوزیدەمەن
نووری بینایی هەردوو دیدەمەن
مەجنوون وات : ئەی جامی زەڕینی دوڵبەر
تۆ چەنی یاوای ئەو لای خالٚ گەوهەر ؟

---

واتە :

- دارەکان گەلاٚ خەزانیان کرد ، هەوا ساردی کرد
- بارخانەی لەیلیٚ بەرەو گەرمەسێر (گەرمیان) بوویەوە
- مەجنوونی چولگەڕیدەو چۆڵەوان
- رۆژێ بە رێککەوت و گەیشتە ئەو کانیاوە
- بە دەورو بەری ئەو سەرکانیاوەدا گەڕا
- رۆیشتە سەر تاشە بەردێکی خەتخەتاوی
- تەماشای کردو سەرسام ما
- جامی زەڕینی لەیلیٚ ی دیو ناسییەوە
- چوو (هات) و جامەکەی گرت بە دەستیەوە
- سەیری جامی کردو بە دەم شیعروتنەوە دەگریا
- وتی : ئەمە جامی بەرگوزیدەی منە
- شۆڵەی بینایی هەردوو چاوانمە
- مەجنوون وتی : ئەی جامی زێڕینی دوڵبەر
- تۆ چۆن گەیشتیتە لای ئەو خالٚ گەوهەرە ؟

لەیل هۆرت گیرۆ بە دەم نازەوە
بەرۆت چەنی ویش بە دەم رازەوە
جەفات چند کێشا جامی زەرینگار
تا بییەی هامراز لەیلی سایەدار
چند جار بە نۆش وارد لەیل ئاوو شەربەت
فیدای ئەو لەب بام ، کەوتەن ئەو لەبەت
ئیسە تۆ لای من یادگارەنی
یادگاری لەیل وەفادارەنی
بە قودرەتی حەق پادشای شاهان
جامی زەرینگار ئاما بە زبان
واتش ئەی بەندەی دەروون زوڵانی
جەورو جەفای من مەر نمەزانی !!
ئاندە من جەفام جە سەر ویەردەن
تۆ هەرگیز ئاندە داخت نەبەردەن
مەواچوو پەنەت جەورو جەفای ویم
من چە رۆزگار چێش ئامان پەریم

---

واتە :

- لەیلێ بە دەم نازەوە هەڵت دەگرێ !
- لە گەڵ خوی‌دا بە دەم رازو سەرگوشتەی خۆیەوە دەتبا لەگەڵ خۆی‌دا !
- چەند جەفات کێشا ئەی جامی زەرینکار !
- تا بوویتە هامرازی لەیلێ‌ی سایەدار !
- چەند جار لەیلێ ئاوو شەربەتی بە تۆ خوار دینەوە
- بە قوربانی ئەو لێوە بم ، کە کەوتوە تە، لەو لێوە (قەراخ) ت
- ئێستە تۆ بە لای منەوە یادگاری
- یادگاری لەیلێ‌ی وەفاداری
- بە فەرمانو تەوانای خوای گەورە
- جامی زێرین هاتەوە زبان
- وتی : ئەی بەندەی دەروون تاریك
- جەورو جەفای من مەگەر نایزانی
- ئەوەندە من جەفام کێشاوە
- تۆ هەرگیز ئەوەندە خەفەتت نەخواردووە
- پێت دەڵێم جەورو جەفای خۆم
- من بەو رۆزگارە چیم بەسەر هاتووە

ئەسڵم جە خاکەن بزانە یەقین
خەڵقان ماوەرام وە رووی سەر زەمین
مەکەرام بە ئاو زەلاڵی رەوان
مەناڵوو جە دەس ستەمی دەوران
خاسەی خەواسم مەکەران بە ئاب
وە تەختە مەبوو جە تابش‌و تاب
ئەوسا مەبەرام وە کوورەی ئاتەش
جە سۆزی ئاهێر مەسۆچنام وەش
ئۆسایان وەنەم مەکەران خرۆش
بەرم ماوەران جە کوورەی پڕ جۆش
بە زەربی چەکوش پۆلاً جەوهەربی
مەنمانا پەنەم زەربی حەیدەربی
سەد هەزار چەکوش ئەوەڵ تا ئاخر
جە لاشەم مەدان تا مەبۆ زاهێر
سەد نۆ بە فیشتەر جە کوورەی پڕجۆش
وەنەم تاو مەدان بە هێزو خرۆش

---

واتە :

- بنەرەتم لە خاکە ، بە راستی دەبێ بزانی
- خەڵقان دەرم‌دەهێننە رووی سەر زەوی
- دەمکەن بە ئاوی زولاڵی رەوان
- دەناڵێم بە دەس ستەم‌و جەوری دەورانەوە
- جەوهەرە باشییەکەم دەکەن بە ئاو
- لەبەر تینی گەرمایی‌دا دەبێ بە وێنەی تەختە
- ئەوسا دەمبەن بۆ کوورەی ئاگر
- لەوێ ئاگرم دەدەن‌و دەم سووتێنن
- ئۆستایان بە دەورم‌دا کۆ دەبنەوە
- لە کوورەی پڕ جۆشەکەدا دەرم دەهێنن
- بە چەکوش لێدان وەك لە پۆلا دەکرێ
- سەد هەزار چەکوشێکم لێ دەدەن
- ئەوەندە دەم کوتن بە لاشەم‌دا تاوەکو دەردەکەوی‌و وەك ئاوێنە لی‌دێ
- بۆ سەد جارێ زیاتر دەمخەنە وە ناو کوورەو دەرم دەهێننەوە
- دیسانەوە بەهەموو هێزیانەوە لێم دەدەنەوە

ئەوسا شایستەی نازاران مەبوو
مەحرەمی جەمین دڵداران مەبوو
جەفای من ئێدەن تۆ چێشت کەردەن
تۆ نیمەو ئەمن سزات نەبەردەن
تا جە کوورێنە قاڵشا نەکەردا
نازداراشا دەستشا من پەی نەبەردا
مەجنوون چون ئەژنی ئەحواڵان تەمام
بیٚ هۆش بی نیبا سەر وەبانی جام
جە ئەوەڵ پایز تا ئەوەڵ وەهار
خاوش بەردەوە قەیس مەینەتبار
سەرمەست جە بادەی جامی دوڵبەر بیٚ
جە سەردیی‌و تۆفان تەن بیٚ خەبەر بیٚ
ئاگاش جە سەردا زمستان نەبیٚ
جە وەروو وەشت‌و یەخبەندان نەبیٚ

---

واتە :

- ئەوسا رەوای نازداران دەبم
- دەبمە مەحرەمی دڵداران .
- جەفای من ئەمەیە ، ئەی تۆ چیت کردووە !
- تۆ نیوەی من سزات نەکێشاوە
- تا لە کوورەدا قاڵیان نەکردم
- نازداران دەستیان بۆ من نەدەبرد
- مەجنوون ئەم سەرگوزەشتەیە بیست
- بیٚ هۆش سەری نایە بان جامەکەو خەوی لیٚ کەوت
- لەسەرەتای پایزەوە تاوەکو سەرەتای بەهار
- قەیس مەینەتبار خەوی بردەوە (خەوی لیٚ کەوت)
- سەرمەستی لە جامی دوڵبەری
- لە ساردیی‌و تۆفی زستان تەنی بە ئاگا نەبوو
- ئاگای لە سەرمای زستان نەبوو
- ئەگای لە بەفرو باران و یەخبەندان نەبوو

## دوا چاو پی‌کەوتنی لەیلیٚ بە مەجنوون : –

دمای حەوت مانگیٚ ، خێڵخانەی لەیلیٚ
بە یاگەی قەدیم کەردشان مەیلیٚ
یاوان بە ئاوی زەمزەمی دەستوور
خەیمەی گوڵناری هۆرداشان جە دوور
رویٚ هۆریزا لەیلیٚ جە باوان
گۆش‌دا بە شاخەی ناڵەی شەتاوان
قەتارەی گوڵان نە رووی سەر زەمین
پۆشانیٚ وە بەرگ رەببەلعالەمین
ئاما بە چەمە لەیلی خەرامان
پەی مەجنوون مەکەرد زاریی بیٚ سامان
لەیلیٚ نیگا کەرد بە چەمەی شیرین
دیش مەجنوون جامش کەردەن وە سەرین
مەست‌و خەرامان خاوش بەردە بیٚ
گیواو جە سەرین سەر ویەردە بیٚ

واتە :

– دوای حەوت مانگیٚ خێڵخانەی لەیلیٚ
– مەیلی جێگای کۆنیان کردەوە
– هاتنە ئەو جێگایەی کە ئاوەکەی وەك ئاوی زەمزەمە
– خێوەتی گوڵناریان لە دوورەوە هەڵدا (داکوتا)
– رۆژیٚ لەیلیٚ لە ماڵەوە هەڵستا
– گوێی شل کرد بۆ گرمەو هۆڕی جۆگە ئاوەکان
– گوڵان ریزو پەخشان بوو بوون بە سەر زەویدا
– بوو بوونە بەرگێکی رەنگامەی زەوی ، (بە فەرمانی رەببەلعالەمین)
– لەیلیٚ هات بۆ ئەو کانیاوو سەرچاوەیە
– بۆ مەجنوون زاری‌و شیوەنی دەکرد
– لەیلیٚ تەماشای سەرچاوەکەی کرد
– دیی کە مەجنوون نووستوەو جامەکەی کردوە بە سەرینی خۆی
– وەك مەستێك خەوی لیٚ کەوتووە
– گیا لەملاولەولای سەریەوە بەرز بوونەوە

یاری وەفادار ئاما نیشت وە لاش
بە پەنجەی ناسك دەس مالآ نە پاش
لەیل وات : هۆرێزە نەو بەهار جۆشان
قەتارەی گولآن سەر زەمین پۆشان
هۆرێزە مەجنوون جە خاوی راحەت
بنۆشە جە لەعل لەبانم شەربەت
دەسا هۆرێزە بینای چەمانم
پەریێ تۆ کەفتەن ئاهێر نەگیانم
مەجنوون سەرسام بی جە هەیبەت لەرزا
وێنەی بیماران جە خاو هۆرێزا
واتش : ئەی دیدەم وەش ئامای وە خەیر
پەی عەزمی سەیران پای کەشانو دەیر
بە فدای بالآت بوو لەیلی سۆسەن‌خالێ
هێشتا جامەکەت نەبەردەن وە مالێ
تاوێ بە خەمگین سەر نیامەوە
خاو تەمام نەبی هۆرێزامەوە

---

واتە :

- یاری بە وەفا (لەیلێ) هاتە لایەوەو دانیشت‌و
- بە پەنجە ناسکەکانی ، دەستی‌دا لە پێی
- لەیلێ وتی : هەڵسە سەرەتای بهارەو گولآن خرۆشاون
- ریزەکولآنی رەنگامە بوون بە بەرگی جوانی زەوی
- مەجنوون ، لە خەوی خۆش هەڵستە
- لە لێوانم شەربەت بنۆشە
- دەیسا هەڵستە ئەی بینایی چاوانم
- بۆ تۆ ئاگر کەوتووەتە گیانم
- مەجنوون سەرسام بوو راچڵەکا
- وەك نەخۆشێ ، لە خەوی خەبەری بوویەوە
- وتی : چاوەکانم بەخێر هاتی
- بە نیازی سەیرانەوە بۆ ئەم کێوو کەژو دەیرە
- بە قوربانی بالآت بم ئەی لەیلێی سۆسەنخالێ
- هێشتا جامەکەت نەبردووەتەوە ماڵەوە
- تەختێ بە خەمگینی سەرم نابەوە
- خەوی تەواوم نەکردو هەڵستامەوە

چە خاوم خۆش بی بێدارم کەردی
تەعبیری ئەو خاو چە یادم بەردی
لەیلێ وات : دیدەم ئینە چە خاوەن
وەختی وەهارەن ناڵەی شەتاوەن
من واتم مەجنوون هۆرێزە بە خێز
دەورت هۆرستەن سێپەرەو هەرێز
ئینە حەوت مانگەن تۆ نە خاوەنی
هێشتا خەواڵوو خاو نە چاوەنی
مەجنوون وات : دیدەم بەخواو کەلام
چیان یەك ساتەن ئەو حەوت ماە چە لام
لەیلێ دیش مەجنوون هۆشش ویەردەن
وێنەی دڵسۆزان دەست‌کەرد نەگەردەن
مەجنوون هۆرێزا وەشیش کەوت نەدڵ
بۆ نییا وە بۆش ، وێنە دەستەگوڵ
هەردوو وەفادار رازان مەکەردن
هەردوو پەیاپەی شەربەت مەوەدن

---

واتە :

- خەوەکەم زۆر خۆش بوو باخەبەرت کردمەوە
- ناوەرۆکەکەی لە یادم چوویەوە
- لەیلێ وتی : چاوەکانم ئەمە چە خەوێکە
- حاڵی حازر بەهارەو گرمەی ئاوی جۆگەکان دێ
- من وتم مەجنوون بە زوویی هەڵستە
- لە دەوران دەورتا سێپەرە هەرێز بەرز بووەتەوە
- ئەمە حەوت مانگێکە تۆ خەوت لێ کەوتووە
- هێشتا چاوانت خەواڵوون
- مەجنوون وتی : چاوەکانم بەخواو بە قورئان
- وا دەزانم ئەو حەوت مانگە یەك سەعاتە
- لەیلێ : دیی کە مەجنوون هۆشی لەخۆی نییەو ئەمیش
- وێنەی دڵسۆز دەستی کردە ملی مەجنوون
- مەجنوون بە هۆش‌دا هاتەوەو خۆشی کەوتە دڵیەوە
- دەستی کرد بە بۆنکردنی لەیلێ
- هەردوو وەفاداران لەگەڵ یەکتری‌دا سەرگوزەشتە بۆ یەکتری دەگێرنەوە
- هەردووکیان پەیا پەی ناو دەمی یەکتری دەخۆنەوە

پەی شەمامەی لەیل مەجنوون دەست مەبەرد
خاڵی گۆنای یار سەد ماچ مەکەرد
هەردوو جەو دما تەرسا جە تانە
مەجنوون شیی بە کۆ، لەیلێ بە یانە

## مردنی لەیلێ

ئاگا جە تەقدیر گەردوونی بێ مەیل
نازڵ بی جە سەر وادەی مەرگی لەیل
دنیا هەتا سەر وەفا نەدارۆ
وەختێو مزانی غەزەب مەوارۆ
دنیا تا مەیلش بە لەیلێ ناو بێ
مایل وە زوڵفان خەیاتەی خاو بێ
ئاخر وادەی مەرگ لەیلێ خێزنا
خەزانی گوڵبەرگ لەیلێ ڕێزنا
جە تاوی ئازار دەروون ماتەم بی
ئەڵماسی خاران نە جەرگش جەم بی

---

واتە:

– مەجنوون دەستی برد بۆ شەمامەکانی لەیلێ
– خاڵی گۆنای لەیلێ‌ی سەدجار ماچکرد
– هەردووکیان لەپاشا لەترسی سەرزەنیشتو لۆمە
– مەجنوون بەرەو کێوی نەجدو لەیلێ – ش بەرەو ماڵ بوونەوە

– گەردوون وای ویست کە بێ‌مەیل بێ
– بۆیە لەسەرەوە فەرمانی نزیکبوونەوەی مردنی لەیلێ هاتە خوارەوە
– دنیا تاوەکو سەر بۆ کەس بە وەفا نابێ
– وەختێ بە خۆت دەزانی کە غەزەب دەبارێ
– دنیا تا مەیلی لەگەڵ لەیلێ‌دا بوو
– هەمیشە ئارەزووی زوڵفە ئاوریشمە خاوەکانی‌ی بوو
– لە ئاخری‌دا وادەی مردنی لەیلێ هات
– گەڵای گوڵانی لەیلێ زەرد بوو وخەزانی کرد
– لە تاوی ئێش‌و ئازاردا دەروونی ماتەم بوو بوو
– بە ئەڵماس جەرگی پارە پارە کرابوو

عەرەق بە رۆخسار لەیلێ بە بێ شەرم
مەرێزا جە تەرح گولاْوخانەی گەرم
پەشێو بی جەستەو زولْفانی موشکین
ئالْۆزان نە دەور حاشیەی جەمین
لەیلێ وات : دادێ لوای نامامەن
فیکری راگەی مەرگ ئەوە نامامەن
بۆ تاوێ نەختێ بنیشین بە هەم
تا کە ئەسرینان بشۆمان نەچەم
پەی یادی یاران هامرازانمام
بشوو هووناوان نە چەمانمان
دادێ هۆرێزا بە تاوو تەعجیل
ئاما وە بالْین لەیلێ دی زەلیل
سوورەت بە ناخوون غەزەب کەرد پارە
شین کەرد پەی لەیلێو مەجنوون ئاوارە
واتش : ئەی نازدار نووری چەمانم
مولْکو مالْو گەنج دینو ئیمانم

---

واتە :

– عەرەق بە دەمو چاوی لەیلێدا بێ شەرمانە
وەك گولاْو دەهاتە خوارەوە
– جەستەی پەشێو بوونو زولْفانی بۆنخۆشی
– بە دەوری نێوچاوانی دا ئالْۆزانو دڕژان
– لەیلێ وتی ئەی دایکە ئەمجارە رۆیشتنی یەکجاریە
– بەرەو مردن دەچمو ناگەڕێمەوە
– وەرە نەختێ پێکەوە با دانیشین
– تاوەکو پێکەوە فرمێسك برێژین
– بۆ یادو بیروکرونەوەی یارو هامرازانمام
– بۆ چووڤی خوێناو لە چاومان
– دایك بە گورجی هەلْستاو
– هاتە لای سەری لەیلێو دی کە زۆر نارەحەت و کزە
– دەمو چاوی خۆی لە داخاندا بە نینۆك هەلْکەند
– دەستی‌کرد بە شین کردن بۆ لەیلێو بۆ مەجنووڤی ئاوارە
– وتی : ئەی نازداری رۆشنایی چاوانم
– هەموو سەرەوەت و سامانو دینو ئیمانم

پاسه مەواچە دەردەت گنۆ من
هەرچی تۆ مێشۆت گرد بەیۆ پەی من
بڵێسەی ئاهیر وستی نەگیانم
پاسه مەواچە نووری ئیانم
گەر تاڵێ جه زوڵف سیای موشکینت
وا ، ئازارش دۆ نه رووی جەمینت
پاسه دڵتەنگ بوو مەمەنوم گفتار
جه حەسرەت‌و تۆ وێم کەروونه دار
ئەگەر نەوینوو ماهی جەمینت
ئەگەر نەشنەوو رازی شیرینت
یاخوا سەرتاپام وەکۆی زوخاڵ بۆ
زەوق‌و زینەت‌و شادیم بەتاڵ بۆ
کەوه بۆ بەرگم ، لاڵ بۆ زەوانم
مەرگت نەوینوو رۆحی رەوانم
لەیلێ وات دادێ ئینه زەمانەن
دنیای بێ وەفای کۆنه وێرانەن

---

واته :

- وا مەڵێ دەردت له من بکەوێ
- هەرچی ئێشێکت هەیه ، یارەبی بێ بۆمن
- گڕی ئاگرت خسته ناو دەروونمەوه
- گەر تاڵێ زوڵفی رەش بۆنخۆشت
- هەوا ، ئازاری بدا له رووی نێو چاونت‌دا
- وا دڵم تەنگ دەبێ که گوفتارم نامێنێ‌و
- له حەسرەتی تۆدا خۆم دەخنکێنم
- ئەگەر مانگێ روومەتت نەبینم
- ئەگەر گفت‌و گۆ شیرینەکەت نەبیستم
- یاخوا هەمووگیانم بێ به خەڵووزو
- زەوق‌و زینەت‌و شادیم نەمێنێ‌و
- شین بێ پۆشاکم‌و لاڵ بێ زوبانم
- یاخوا مەرگت نەبینم ئەی رۆحی رەوانم
- لەیلێ‌وتی : دایکه ئەمه دنیایه
- دنیای بێ وەفای کۆنه وێرانەیه

کۆچشا کەرد چەنەش هەزاران هەزار
جوانو نازداریٚ بە دڵەی خەمبار
وەختێو کە یاوا ئەجەل بە تاقی
دنیات فانی بۆ وحەق مەنۆ باقی
وەسیەت فەرزەن دادیٚ سەد زینهار
شۆ وەلای مەجنوون یاری وەفادار
یاری بەینەرتدار بەر گوزیدەی من
قەیسی ساراگێلٚ نووری دیدەی من
پەی من ئەراگێلٚ بیابان بییەن
پەی من شێتو هار سەرگەردان بییەن
پەی من بێزار بی جە قەومو خویشان
پەی من تانەی بەد رەقیبش کێشان
پەی من بە ئاهێر دەروونش گریان
پەی من جە دادیو بابۆی وێش بریان
گەرتۆ مەیلی من جە دەروون داری
ئی ئەمانەتە بە قەیس مسپاری

---

واتە :

- هەزاران بە هەزاران تیایدا کۆچیان کردوە
- جوانو نازدار بە دڵی پڕ خەمبارەوە
- وەختێك کە ئەجەلٚ هات
- دنیا تەواو دەبیٚ ، تەنیا خوا دەمێنێتەوە
- وەسیەتٚ فەرزە ئەی دایە تکات لیٚ ئەکەم
- بچۆ بۆ لای مەجنوونی وەفادار
- یاری پەیماندەرو هەڵبژاردەی من
- نووری چاوانم قەیس چوڵەوان
- بۆ گەریدەی بیابانانە
- بۆ شێتو هارو سەرگەردانە
- بۆ من بێزارە لە خزمو کەسو کاری
- بۆ من لۆمەو تانە رەقیبی هەڵگرتووە (قبوولٚ کردووە)
- بۆ من ئاگر لەدەروونی بەر بووە
- بۆمن لەدایكو باوکی خۆی بڕاوە
- ئەگەر تۆ منت دەویٚ
- ئەم ئەمانەتە بسپێرە بە قەیس

ئەگەر ئاد زەرریۆ مەیلی من پێشەن
بەیۆ بە تەعجیل چەم نە رێشەن
لاوی٘و بلانۆ بە حاڵی من‌دا
سەرکێشۆ بە کۆی زوخاڵی من‌دا
بیاوۆ بە حاڵ رووی مەردەم‌دا
نەمەنۆ حەسرەت جە گەردەم‌دا
مەجنوون پەی مەرگم گەر ئەسرین ریزۆ
قەبرم هەمیشە نوور چێش مەخیزیۆ
لووە باوەرە تۆ مەجنوون وە لام
بەڵکو پادی بەی ئازاری شیفام
داوی ریزناش ئەسرینان خەیلی
ئاما بە گوفتار واتش بە لەیلی :
نەدارو تاقەت تانەی قسەی بەد
مەتەرسوو جە راز بەد گویانی بەد
نەك نامەی نێکمان بیباوۆ بە عام
باسپان کەرا خەڵقی گرد تەمام

واتە :

- ئەگەر ئەو زەررەیی منی خۆش بوێ
- بە پەلە دێ‌و منیش چاوڕوانی دەکەم
- تاوێ بۆ حاڵم بلاڵێتەوە
- تەماشای کۆمای خەڵووزی دەروون‌و لەشم بکا
- بگا بەحاڵی مردنم‌دا (گیانکەنیشتم‌دا)
- بۆ ئەوەی گەردنم ئازاد بکات لە دڵم‌دا حەسرەت نەمێنێ
- مەجنوون ئەگەر بۆ مەرگی من فرمێسك برێژێ
- قەبرەکەم هەمیشە نووری لێوە دێتە دەرەوە
- برۆ مەجنوون بهێنە بۆ لام
- بەڵکو بەهۆی هاتنی ئەوەوە چاك ببمەوە
- دایکی خەیلێ (زۆر زۆر) فرمێسکی رژاند
- هاتەوە دەنگ‌و وتی :
- تاقەتی تانەو لۆمەی بەدکارم نییە
- لە رازونیازی بەدگۆیان دەترسم
- نەوەکو نامەی بەد گۆیپان بلاو بکرێتەوە
- خەڵکی باسخواسپان بکەن

وەسەن ویر کەرۆ لابەر خەیالآن
یادو مەجنوونی عومرش دای تالآن
لەیلیٚ جە دادیٚ شنەفت ئەحوالآن
ئاهی سەرد کیٚشا چون بەینەتداران
واتش : ناهومیٚد جە لای خوا بۆ
رەقیبی رای چەفت هەر شەرمەسار بۆ
هەرگیز شادیو زەوق نەوینۆ وە چەم
ساتیٚو نەنیشۆ بیٚ خەفەتو خەم
ئومیٚدەن بە سونع خوای بیٚ ئەندیٚش
چون هەوالٚی من بەردی پەریٚش
پیٚکیا بەتیر سەختی ستەم بای
دلٚ سفتەی ئاهیٚر شەرارەی شەم بای
رۆلٚە رۆ کەری بەشت هەر خەم بۆ
کۆگای خەم جە لات هەمیشە جەم بۆ
لەیلیٚ پەی مەجنوون شینو زاریی کەرد
جە حەرفی دادیش بیٚ قەرایی کەرد

---

واتە :

- بەسە بیر بکەرەوە ، خەیالٚەکانت فریٚدە
- یادکردنەوەی مەجنوون عُومری تۆی بەرباد کرد
- لەیلیٚ لە دایکی کە ئەمەی بیست
- ئاهیٚکی ساردی بەینەتدارانی هەلٚکیٚشا
- وتی : یاخوا بە لای خواوە ناهومیٚد بیٚ
- ئەی سیخوڕو رەقیبی ریٚخوار هەر شەرمەساربیٚ
- خوا بکا هەرگیز شادیو زەوق بە چاو نەبینیٚ
- دەقیقەییٚ بە بیٚ خەفەتو خەجالٚەت دانەنیشیٚ
- ئومیٚدەوارم لە خوای گەورە ئەی دایە
- هەر لەبەر ئەوەی سوپاردەی منت نەگەیاندە قەیس
- بە تیریٚکی سەختی ستەمکارەوە بیٚ
- دلٚت ئاگری تیٚ بەر بیٚو هەمیشە بلٚیٚسەی بیٚ
- رۆلٚەرۆ بکەیو بەشیشت هەر خەم بیٚ
- هەمیشە خەمو خەجالٚەت لە لاتەوە کۆمەلٚ بیٚ
- لەیلیٚ بۆ مەجنوون گریانو شینیٚ گەرمی کرد

ئەوسا جەو دما لەیلیٚ خوٚر جەمین
گیان سوپەرد بە زات رەببەلعالەمین

## شینو زاریی خزمانی لەیلیٚ

کە گیانش بەرشیی لەیلی خالٚ جەمین
شیوەن بەرز بییەو نە رووی سەر زەمین
خەڵتانی خاك بی بالأی نەمامش
پەشیویا بازار شەوق ئەندامش
ئەداش بیٚ هوٚش بی شعوور پیٚش نەمەند
دەمو چەمو ویٚش بە ناخوون گرد کەند
دیش بیٚ ناز مەندەن سیامارانش
بیٚ رەونەق کەوتەن گوٚشە وارانش
دیدەش کە دیدەی ئاهوو مەبیٚزا
سورمە نە دەوران دەورش مەریٚزا
ئیسە تاریکا چون شەوی دەیجوور
بیٚ شەوقو رەونەق بیٚ ضیاو بیٚ نوور

---

واتە :

- لە پاشا لەیلیٚی ناوچەوان – خوٚر
- گیانی پاکی سپیٚررا بە خوای گەورە

- کە گیانی لەیلیٚی خالٚ جەمین دەرچوو
- لە رووی سەر زەوی‌یەوە شیوەن بەرز بوویەوە
- بالأی نەونەمامی کەوتە ناو خاکەوە
- جوانی‌و ریٚكو پیٚکی‌و بەژنو بالأی دیمەنی تیٚکچوو
- دایکی بیٚ هوٚش کەوت‌و شعووری بە خوٚی نەما
- دەمو چاوی خوٚی بە نینوٚك هەڵکەند
- دی کە زوڵفە رەشە جوانەکانی بیٚ نازن
- گوارەکانی شوٚڵەو رەونەقیان نەماوە
- چاوەکانی لە چاوی ئاسك جوانتر بوون
- بە دەوران دەوریان‌دا کلە کرابوون
- ئیسە وەك شەوی دەیجوور تاریکن
- نە شوٚڵەدانەو نە روٚشنایی‌و نە نوور تیایانا نییە

رولّفانی موشکین سیای قەترانی
شێویان بە ئەمر کاری سوبحانی
تەمام عارەبان قەوم و خوێش و فەرد
ئاهوو نالەشان جە گەردوون ویەرد
نیشت نەپای گەردوون چەرخی پر ستەم
شیوەن و زاری تا چەرخی هەفتەم
پەریٚ کۆچی لەیل نادرەی نەدیم
هاوار هاوارێ و زایەڵەی عەظیم
گردین عارەبان جە قەومانی خاس
پەریٚ مەرگی لەیل پۆشاشا لیباس
پەلاسی ماتەم سیای قەترانی
پۆشان جە کەردەی ئەمری سوبحانی
زایەڵەی عەظیم واوەیلاو زارێ
یاوان بە عەرش و لاو کردگاری
مەلان جە حەسرەت مات و خجلٚ مەند
بە زاری و شیوەی هیچ باڵٚ نمەشەند

---

واتە :

– زولّفانی رەشی بۆنخۆشی
– بە فەرمانی خوا تێک و تاران درابوون
– سەرپاکی خزم و کەس و کارانی
– ئاهو ناڵەیان دەگەیشتە گەردوون
– گەیشتە گەردوون و چەرخی پرستەمی
– شیوەن و زاری بەرزبوویەوە تاوەکو طەبەقەی حەوتەمی ئاسمان
– بۆ کۆچی دوایی لەیلیٚ ی تاقانە
– هاوار هاوارو رۆ رۆیەکی بیٚ شومار
– سەرپاکی عارەبان لە خزم و کەس و کاران
– بۆ مەرگی لەیلیٚ پۆشیان بەرگی
– پەلاس رەش قەترانی
– پۆشییان لە داخی فەرمانی خوای گەورە
– گرم و هۆری گریان و شیوەن
– گەیشتە عەرش و لای خوا
– باڵندەکان لە داخ دا سەرسام بوون
– بە شیوەن کردنەوە باڵیان نەدەجووڵاند (لە ئاسماندا وەستابوون)

ماهی نه دەریا سەر ئاورد وە بەر
مەوات : خێزیان زەلزەلەی مەحشەر
خۆر جە بورجی وێش پۆشا بەرگی تەم
پەریٚ لەیل ئەسرین مەرێزا نە چەم
مانگ جە خۆر فیشتەر تاریك و تار بی
شوعلە چێش بڕیا جەرگش کەباب بی
هەساران یەکسەر گرد جە ئاسمان
واتن : خێزیان رووی ئاخر زەمان
بادیٚ مولایم ، نەسیم سەبا خێز
پەریٚ جەستەی لەیل روو کەرد نە گوریز
فریشتەی ئاسمان مەکەردەن زاری
مەرێزان نە چەم ئەسری مرواری
مەواتن : یارەب شوکرانە بە تۆ
چێشت کەرد چەنی نەونەمامی نۆ
زەوق ئاسمان جەمینی ئەو بیٚ
فەری سەرزەمین پەی دنیا ئەو بیٚ

---

واتە :

- ماسی دەریا لە دەریادا سەریان دەر هێنابوو
- خۆر بورجی خۆی بە بەرگی ماتەمی پۆشیبووی
- بۆ لەیلیٚ فرمێسکی دەرژاند لە چاوانی
- مانگ لە خۆر زیاتر تاریك و تەرە بوو
- رۆشنایی لیٚ بڕابوو لە داخان‌دا جەرگی سووتاوە
- سەرپاکی ئەستێرەکانی ئاسمان
- وتیان : ئاخر زەمان ، رووی داوە ، بەرپا بووە
- شنەیەکی خۆشی شەماڵ ڕەنگ
- بۆ باوەشێن جەستەی لەیلیٚ نێررا
- فریشتەکانی ئاسمان دەستیان کرد بە زاری
- فرمێسکی مرواری لە چاویان دەرێژایە خوارەوە (دەرزایە، دەکەوتە خوارەوە)
- وتیان خوایە شوکرانە بە تۆ
- چیت کرد لەگەڵ لەیلیٚ تازە نەمامدا
- زەوق ئاسمان نێوچاوانی لەیلیٚ بوو
- فەرو بەرەکەتی زەوی بۆ دنیا ئەو بوو

ئەر سەد کە بەندەو بەندە زادە بیٚ
سایەی جە سایەی خۆر زیادە بیٚ
بە لەیل رۆشن بیٚ سەماو سەرزەمین
جە لاش ئەو مەدا شەوق ماهجەمین
گوڵاَن جە سارا ماتو خەجەل مەند
کناچان خاڵشان بە ناخونشان کەند
گوڵاڵانی سوور مات بین جە سارا
ئەسرین نە دیدەی ئەوان مەوارا
بەرەزا جە داخ ویٚش‌دا بە تاش‌دا
تاشی سەر بوڵند مەغار نەقاش‌دا
جە داخی جەمین ساحیب خاڵو خەت
سنەوبەر جە باخ زەرد بی جە حەسرەت
ریٚحانەو شەوبۆ جە داخی لەیلیٚ
سیاو بەرگ بین خەمگین بین خەیلیٚ
لالە جە حەسرەت هووناو مەنۆشا
وەنەوشە جامەی ماتەمی پۆشا

---

واتە :

- ئەگەرچی بەندە بوو بەندە زادە بوو
- رۆشنایی‌و سایەی لە خۆر زیاتر بوو
- بە لەیلیٚ ئاسمان‌و زەوی رۆشن بووبووەوە
- ئەو بوو رۆشنایی بە لاشەی مانگ دەدا
- گوڵاڵان ، لە دەشت‌و دۆڵ‌دا مات‌و سەرسام ماون
- کچان خاڵەکانیان بە نینۆك هەڵکەندووە
- گوڵاڵە سوورەی دەشت مات‌و مەلوول بوون
- فرمیٚسك لە چاوانیان‌دا دەباریٚ
- بەرەزا لە داخ‌دا سەری خۆی بە تاشەبەرددا کیٚشاوە
- ئەو تاشە بەردە سەربوڵندانەی بەر ئەشکەوتە نەقشاویانە
- لە داخی نیٚوچاوان‌و خەت‌و خاڵ جوان‌دا
- سنەوبەر لە باخان‌دا زەرد بووو لەحەسرەت‌دا وشك‌بووە
- ریٚحان‌و شەوبۆ لە داخی لەیلیٚ‌دا
- رەشپوش‌و خەمگین بوون
- لالە لە داخ‌دا خویٚناوی دەخواردەوە
- وەنەوشە (بەنەوشە) کراسی ماتەمی پۆشی

شەقایق خەڵتان ئالوودەی هوونەن
وێنەی شەهیدان جە غەرقی خوونەن
زاریی و رەستاخێز تەمامی تەمام
بەرئاما پەی لەیل جە گرد خاس و عام
چون رۆی کەربەلا تەن بە خوێنەوە
دیدە بە ئەسرین زاریی و شینەوە
قەوم و قەبایل عارەبانی بەر
لوان ئاوردشان سەنگانی مەرمەر
ئاراستن پەرێش قەبرێ جە مینا
سەوزو رەنگاو رەنگ جە پارچە دیبا
بەردشان تابووت لەیلێ خورجەمین
پەی چەمەی زەمزەم بە شەرتی ئایین
پەرێ غوسلی لەیل سەرچەمەی زەلاڵ
ئاو جە حەسرەت لەیل زبانش بی لاڵ
ئاو جە داخی لەیل گەرمی پێش بریا
دەروون جە هیجران مەرگی لەیل گریا

---

واتە :

- شەقایق (گوڵاڵەسوورە) خەڵتانو ئالوودەی خوێنە
- وەك شەهید کێشراوە بە خوێن‌دا
- شیوەنو زاری‌یانە ، رۆژی قیامەتە ، رۆژی شەهید بوونی حسێنە
- گەورەو بچووك دەستیان بە شیوەن کردن کردووە بۆ لەیلێ
- وەك رۆژی شەهید بوونی (حسێن) هەمووکەسێ بەدەنی بە خوێنەوە بوو
- چاوان بە فرمێسکی زاریەوە بوون
- خزم و کەس و کار لە عارەبانی دەشتەکی
- رۆیشتن بەردی مەرمەریان هێنا
- قەبرێکی وەك مینا بۆیان هەڵبەست
- سەوزو رەنگاو رەنگ وەك پارچەی دیبا وابوو
- تابووتی لەیلێ خۆر جەمینیان برد
- بە پێێ مەرجی دینی بۆ بیری زەمزەم
- بۆ شوشتن بەو ئاوە پاکە
- ئاو لە حەسرەتی لەیلێ‌دا زبانی لاڵ بوو
- ئاو لە داخی لەیلێ‌دا گەرمی تێدا زیاتر بوو
- دەروونی بۆ مردنی لەیلێ هاتەوە کوڵ

سارا دەسش کەرد بە شینو زاری
بە زەمین ریزا ئەشکی مرواری
ئاو وات : خوایە شەرت بۆ جە دەرگات
ساکین نەنیشوو من جە رووی دەریات
شەوو رۆ بدەو سەر وە سەنگدا
جە داخی جەمین مەهتاب رەنگدا
شۆردشان بە ئاو لەیلی خۆر جەمین
نمازشان کەرد واناشان تەلقین
نیاشان نەو قەبر تاریکی بێ دەر
ئەو قەبر بییەن جە ئافتاب پەر
ساکین بی نەوجا جامی جەمین زەر
نیاشان ئەلحەد سەنگانی مەرمەر
گشت ئامانەوە خویش و بیگانە
زولمات ئەنگیز بی دەوری زەمانە
سەراسەر جیهان تەمام سیا پۆش
جە داخی لەیلێ دەروون مەدا جۆش

---

واتە :

- سەحراء لە داخی لەیلێدا دەستی کرد بە شینو زاری
- فرمیسکی مرواری رووی زەوی گرتەوە
- ئاو وتی : خوایە شەرت بێ لە دەرگات
- خۆم بێ ئارام بکەمو سەری خۆم هەلگرم هەتا هەتایە
- شەو ورۆژ سەر بدەم بە بەردا
- لە داخی نیوچاوان مانگ رەنگدا
- لەیلێ خۆر جەمینیان بە ئاو شوشت
- نوێژیان بۆ کردو تەلقینیان خوێند
- خستیانە ناو ئەو قەبرە تاریکو بێ دەرگایەوە
- ئەو قەبرە پری بوو لە هەتاو
- لەو جێگایەدا لەیلێ ساکین بوو
- بەردی ئەمسەرو ئەوسەری مەرمەریان بۆ دانا
- خزمو کەس و کارو بیگانە هەموویان هاتنەوە
- دنیا کەفەسەر بوو بە تاریکی و ناخۆشی
- سەراسەری جیهان رەشپۆش بوون
- لەداخی لەیلیدا دەروونی خەلکی جۆشی دەخوارد

ئەداو بابۆ مەند جە مەینەتخانە
هەردوو سەرسام بین شێت‌و دێوانە

## شین‌و گریانی دایکی لەیلیٚ

هۆرێزا دادیٚ دڵسۆزو لەیلیٚ
شیی بە گڵکۆی لەیل گرەوا خەیلیٚ
واویلای عەظیم فوغان و زاری
نە دەروون کێشان بەرزو دیاری
دادیٚ بیٚ هۆش کەوت جە واوەیلادا
وێش مەدا بەسەر قەبری لەیلادا
مەواتن : دیدەم بە کۆ شییەنی
چون شەوق رۆجیار پەنهان بییەنی
کۆ لوای دیدەم ، کامەنە ماڵت ؟
کۆن شەوق جەمین دەورانی خاڵت ؟
زوڵفانت مەجنوون کەردەنیٚ لێوە
داخۆ چە ماریٚو پەیچییان پێوە !

---

واتە :

– دایك‌و باوك بۆ مەینەت مانەوە
– هەردووکیان سەرسام‌و شێت‌و دێوانە بوون

– دایکی دڵسۆزی لەیلی هەڵسا
– رۆیشتە سەر گڵکۆی لەیلی و دەستی کرد بە گریان
– بە دەنگی زۆر بەرز شین‌و واوەیلای بەرپا کرد
– کە لە دەروونیەوە زۆر بە کوڵ دەهاتە دەرەوە
– دایکی لەو واوەیلایەوە بەوە بیٚ هۆش کەوت
– خۆی دا بە سەر قەبری لەیلیٚ دا
– دەی‌وت : چاوەکانم بۆ کویٚ رۆیشتی ؟
– چۆن رۆژ پەنا دەکەویٚ ئاوەها تۆش دیار نیت !
– بۆ کویٚ رۆیشتی چاوەکانم ، کامەیە ماڵت ؟
– کوا شۆڵەی نێوچاوانت‌و خاڵانت
– زوڵفانت مەجنوونیان لێوە کردبوو !
– داخوم ئێستا چەماریکیان پێوە پێچرابیٚ

چون قەرارتەن نەی قەبری تەنگ‌دا ؟
چی سەرای زوڵفات سیاسەنگ‌دا
چی دەنگت نیا لەیلی عەنبەر بۆ
کێ هامرازتا ، چکۆنی ، چکۆ ؟
کێ بدۆ تەرتیب زوڵفی موشکینت !
کێ وینۆ باڵاو جامی جەمینت ؟
کێ سیاو کەرۆ بە سورمە دیدەت ؟
کێ بدیۆ بە شوێن ئاهووی رەمیدەت ؟
کۆن خاوو خوردت ، کۆ دەستی جامت ؟
کۆن سافی گەردەن جوانی ئەندامت ؟
کۆن دیدەی سیاو پەیکانانی ژار !
کار کەرۆ نە جەرگ مەجنوونی هەزار ؟
کۆن شەمەی زەرد کاڵی جوانی تۆ ؟
چکۆن مەجنوونی دڵ حەیرانی تۆ ؟
کۆن خاڵی روومەت دڵبەردەی مەجنوون ؟
کۆن باڵای تەمام لەیلێ دەروون هوون ؟

---

واتە :
- چۆن ئارام دەگری لەو قەبرە تەنگەدا !
- لەم جێگا تاریك‌و کوێرەدا ؟
- بۆ دەنگت نییە ئەی لەیلێ عەنبەر بۆ !
- کێت لەگەڵدایەو لە کوێ لە کوێ ؟
- کێ زوڵفە بۆنخۆشەکانت دابهێنێ‌و تەرتیبیان بدا
- کێ باڵای ئاوێنەرەنگت تەماشا بکا
- کێ کل بهێنی بە دەوراندەوری چاوانت‌دا (چاوانت برەژێ)
- کێ بروانێ بە دوای رەوتی ئاسکرەنگت‌دا
- خەووخۆراکت چییە ؟ چۆنن دەستی بلوورت ؟
- چۆنن گەردنی ساف‌و ئەندامی جوانت ؟
- چاوانی رەژاوت‌و برژانگانی تیژت چییان بەسەر هاتووەو
- کە کاریان کردۆتە جەرگی مەجنوونی هەژرا ؟
- کوا شەمامە زەردە کاڵە جوانەکانی تۆ ؟
- لە کوێیە مەجنوونی دڵحەیرانی تۆ ؟
- کوانێ خاڵانی روومەتت کە دڵی مەجنوونیان بردبوو ؟
- کوا باڵاکەت ئەی لەیلێ دەروون خوێناوی !

هەرچەند مەکەروو رام نییەن جەسەر
گرتەنت ماوای تاریکی بێ دەر
ئەگەر مەپەرسی حاڵێو من چێشا؟
خەم خۆراکما دەروونم رێشا؟
ئێد مەوات مەدا بەسەر سەنگ‌دا
هووناو مەرێزا بە رووی رەنگ‌دا
سەر تاپا لیباسی قەترانی پۆشا
دەروون جە هیجران لەیلێ مەجۆشا
دمای وێ کوشتەو واوەیلاو زاری
ئاما دماوە بە بێ قەراری

## هەواڵی مردنی لەیلێ بە مەجنوون دەگا

جە داخی لەیلێ دیدەو دڵ بە وەجد
دادێ شێ لوا رووکەرد بە کۆی نەجد
وێنەی بێ هۆشان پەشێو خاڵداران
سەر مەدا بە سەنگ ئەڵماسی خاران

واتە :

- هەرچی دەکەم رێگام نییەو لێم بەستراوە
- ماوایەکی تاریك‌و بێ قاپیت گرتووە !
- ئەگەر دەپرس حاڵی من چۆنە
- خواردنم خەمە دەروونم زامدارە
- ئەمەی دەوت سەری بە بەرددا دەدا
- هۆوناو (خوێناو فرمێسکی‌و خوێنی سەری)ی کرد بە سەر رەنگ‌دا
- سەر تا پێی جلی رەشی پۆشی
- دەورنی لە داخی لەیلێدا جۆشی دەخوارد
- پاشی خۆ کوشتن و زاری‌و واوەیلا
- بەبێ ئارامی گەڕایەوە دواوە
- لە داخی مردنی لەیلێی عاشق‌و دڵداردا
- دایکی رۆیشت بەرەو کێوی نەجد
- وەك یەکێکی بێ هۆشی پەشێو
- سەری دەدا بە تاشە بەردی تیژی وەك ئەڵماس دا

مەرێزا ئەسرین جە دیدە چون سەیل
مەگرەوا پەریٚ جوانی بالاٚی لەیل
مەواتش : یارەب کارسازی کەریم
مەرگی کتو پڕ بکیانی پەرێم
مەرگیٚ بکیانی وە تەعجیل جە سەر
تا جە حاڵی لەیل نەمەنۆم خەبەر
دادیٚ پـێ جۆرە شیٚ وەلای مەجنوون
مەکەردش سوورەت پارە بە ناخوون
مەجنوون نێگا کەرد جە دوور ژەنیٚ دی
جە بەرگی سیاش لاویٚ سەرسام بی
بیٚ هۆش بی تاویٚ ئەو جە دەردو داخ
مەتەرسا جە دەرد لەیلیٚ بەرز دەماخ
واتش : ئەی دادیٚ پەی چێش مەناڵی ؟
پەیکیٚ سیا بەرگ ، دەروون زوخاڵی ؟
پەشێو مەوینووت ، سا چێشا ئەحوال ؟
نەوەش نەکەوتەن لەیلی سۆسەن خالٚ ؟

---

واتە :

- فرمێسك لە چاوانیەوە دەبارنیە خوارەوە
- گریا بۆ جوانی بالاٚی لەیلیٚ
- وتی : یاخوای کەریمی کارساز
- مەرگی کتو پڕی بنێری بۆم
- لەسەرەوە مەرگیٚ بنێریٚ بۆم بە گورجی
- تاوەکو لەحاڵی لەیلیٚ باخەبەر نەبم
- دایکی بەم جۆرە بۆ لای مەجنوون چوو
- دەم‌و چاوی خۆی بە نینۆك پارچە پارچە کرد
- مەجنوون لە دوورەوە ژنێکی دی
- لە رەشپۆشییەکەی سەرسام ما
- تاویٚ لە دەردو داخدا بیٚ هۆش بوو
- ترسا لە نەخۆش لەیلیٚی بالاٚبەرز
- وتی : ئەی دایە ، ئەوە بۆچی دەناڵێی ؟
- بۆکیٚ رەشپۆشی‌و دەروون رەشی ؟
- بە پەشێوی دەتبینم ، پێم ناڵیٚ چییە ؟
- خۆ لەیلیٚی سۆسەنخالٚ نەخۆش نەکەوتووە ؟

راست واچە پەنەم ها گیانم بەر شیی
هۆشم نەمەندەن زوانم لەنگ بی
دادیێ دا جواب ، ئەی شوومی چارە
بەرگی بەدەن شرِر سیا ستارە
جە تۆ عەیان بۆ چون دەردە داران
ئەگەر مەپەرسی حالێو ئەحوالان
ئاهیری غەزەب نازلێ بی جە سەر
ریشەی جەرگیان بەر ئاورد وە بەر
بادی فەنا کەند سەولی ریشەمان
زەرستوون قامەت نوور پێیێ وەستەمان
لەیل وەشەویس بیێ فرە لامەوە
خوای بەردوە ، من چیێ مامەوە
چەو رۆ نەوەش کەوت تا ئا ساتەی مەرد
ذیکرش هەر ئێد بیێ نامی تۆ مەبەرد
هەردەم بە فەریاد مەدیا بەلاوە
مەوات : کەی مەجنوون مەیۆ نە راوە

---

واتە :

– راست پێم بڵێ توخوا ، ئەوا گیانم دەرچوو
– هۆشم نەماو زبانم لەنگ بوو
– دایك جوابی دایەوە : ئەی چارە شووم
– ئەی بەرگ شرووڕو ئەستێرە رەش
– لێت مەعلووم بێ وەك دەردەداریێ
– ئەگەر حالێو ئەحوالێ دەپرسی
– لە سەرەوە خوا ئاگری غەزەبی ناردە خوارەوە
– ریشەی جەرگیان دەرهێنا
– بای لەناوبەر لەیلیێی سەولێ ئاسای لەناو برد
– ئەو کۆڵەکە زێرینە نوور پیارژاوەی بردەوە
– لەیلێ ، زۆر خۆشەویست بوو ، بە لامەوە
– خوا ئەوی بردەوە ، من لیرە مامەوە
– لەو رۆژەوە کە نەخۆش کەوت تا ئەو وەختەی کە مرد
– زیکری هەر ئەوە بوو کە ناوی تۆی دەبرد
– پەیتا پەیتا لای دەکردەوە
– دەیوت : کەی مەجنوون دیێ !

ئەر وەفا داری مەیلی لەیل پێتەن
مەکەر مودارا چەمش نە ڕێتەن

## هاتنی مەجنوون بۆ سەر گۆڕی لەیلێ

مەجنوون چون شنەفت ئاهی سەرد کێشا
ئاهێ کە ریشەی دەروون پێش ئێشا
وات : زوان لاڵ بای ئینە چێش واتی
ئاوەردی پەرێم مەرگی خەڵاتی
دمای ئاهی سەرد ڕێژنا هووناو
ڕاگەش گرت نە وەر بە تەعجیلو تاو
تا یاوا وەسەر گڵکۆی تازەی لەیل
ئەسرین مەرێژا جون لافاوو سەیل
وێش نیبا نە هەر ، بە شینو زاری
دەنگش بەرز کەردۆ بە بێ قەراری
واتش : خوایا چی پێسەتە کەرد ؟
لەیلی خاڵ سیات تۆ پەی کۆگە بەرد ؟

---

وانە :
– ئەگەر وەفا داریو مەیلی لەیلێت پێیە
– هیچ رامەوەستە ، چاوە ڕوانتە

– مەجنوون کە بیستی هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا
– هەناسەیێ کە ریشەی دەروونی پێ هاتە ئێش
– وتی : زوبانت لاڵ بێ ئەمە چیت وت !
– مەرگی خەڵاتیت بۆ هێنام !
– دوای هەناسەی سارد فرمێسکی خوێناوی دارژاندە خوارەوە
– بە پەلە ڕێگای گرتە بەر
– تا گەیشتە سەر گۆڕی لەیلێ
– فرمێسك بە چاویا وەك لافاو دێتە خوارەوە
– خۆی گرتە قوڕو هاوار هاواری سازاند
– دەنگی بەرزبوویەوە (واوەیلای بەرزبوویەوە) و ئارامی نەبوو
– وتی : خوایا بۆ وات کرد ؟
– لەیلێی خاڵ ڕەشت بۆ کوێ بردەوە ؟

تاقه ولێوەم باونەی بێ پەنە
بەبێ بۆن کەردەیش ئەسانێت چەنە
جەرگ بییەن کەباب دەروونم ڕێشا
ئێسە چێش کەروو من چارەم چێشا !
ئێد وات و نالا بە ئاوازی بەرز
واتش: خالیق سەماوات‌و ئەرز
گیانم بسانە جە گیان بێزارم
مەتاوو ژیوای من دمای یارم
دەسش بەرز کەردۆ پەی حەیی بێچوون
واتش: بسانە تۆ گیانی مەجنوون
تێرتێر گرەوا پەی تالیع‌و وێش
پەی یاری ناکام وەفا دارەو ویش
ئینجا بە زاریی‌و دەروونی پڕ کەیل
واتش: چەنیا حال‌و تۆ ئەی لەیل؟
ولۆ سەر کوڵمیت ئێسە وێش مەنەن؟
یا ژاکیان‌و تەمام زەرد بییەن؟

---

واتە :

– تاقە گوڵێکم پێ گەیاندبوو
– بە بێ ئەوەی بۆی بکەم لێت سەندم
– جەرگم بووە بە کەباب‌و دەروونم زامدارە
– ئێستە من چی بکەم‌و چارەسەرم بنیە !
– ئەمەی وت‌و بە ئاوازی بەرز دەستی کرد بە ناڵین
– وتی: دروستکەری زەوی ئاسمان
– گیانم لێ بسێنە لە گیانم بێزارم
– دوای یارم ناتوانم بژیم
– دەستی بەرەو سەرەوە بۆ خوا بەرز کردەوە
– وتی: تۆ گیانی مەجنوون بسێنە
– تێر تێر گریا بۆ چارەنووسی خۆی
– بۆ یاری وەفاداری بە ئاوات نەگەیشتووی
– ئەوجا بە زاری دەروونی پڕ کەیلەوە
– وتی: حال‌و ئەحواڵت چۆنە، ئەی لەیلی؟
– گوڵی سەرکوڵمەکانت وەك خۆیان ماون؟
– یاژاکاون، یاخود زەرد بوون؟

مەر نەزانی دەردی کاری من
تالیعی سیاو تەن زوخاڵی من!
دماو مەرگ‌و تۆ من گیانم پەی چێش!
کە تۆ نەوینو چەمانم پەی چێش
هەنی کێ پەرسۆ جەفای سەختی من
هیجرانی دەردان شوومی بەختی من
کێ هەن دماو تۆ بە شادمانی
بکەرۆ چەنیم رازی پەنهانی
کێ هەن دماو تۆ دڵم وەش کەرۆ
خەم‌و خەفەت‌و مەینەت لابەرۆ
ژەهری کاری‌یا زیندەگی جە لام
جە دمای باڵای لەیلی جەمین جام
ئاهی سەرد کێشا نە رووی جەرگ‌دا
سەر ماڵا وە سەر سیا سەنگ‌دا
وێش کێشا وەسەر گڵکۆی لەیل‌دا
بە دەسێش ماڵێ بە دڵەی کەیل‌دا

واتە:

- مەگەر نازانی من دەردم کاری‌یە!
- چارەی رەش‌و تەنی(لاشە)ی سووتاوی رەشۆ بووم
- دوای مەرگی تۆ من گیانم بۆ چییە؟
- کە تۆ نەبینم من چاوانم بۆ چین؟
- لەمەولا کێ هەواڵی جەفای سەختی من بپرسێ!
- لە دووری تۆو بەدبەختی من
- کێ هەیە دوای تۆ بە شادمانی‌و
- لەگەڵم‌دا رازی پەنهانی بکا!
- کێ هەیە لەدوای تۆ بتوانێ دڵم خۆش بکاو
- خەم‌و خەفەتی دڵم لابەرێ؟
- ماتم‌و ژیانم لام زەهرێکی کاریگەرە
- لە دوای باڵای لەیلێ‌ی جەمین جام
- ئاهێکی ساردی جەرگبڕی هەڵکێشابەوە
- سەری خۆی کێشا بە تاشە بەردی رەش‌دا
- خۆی کوتا بە سەر گڵکۆی لەیلێ‌دا
- بە دەستی دەیداو دەیماڵی بە دڵی‌دا

بێ خۆراکو خاو بێ فامو سەروەت
هەر لەیل لەیلش بێ هەتا بێ هۆش کەوت

## مەجنوون لە داخی لەیلێدا دەمرێ

دۆعاش کەرد مەجنوون جە قاپی خوا
مادام جە لەیلێ کە بییەن جییا
ئیتر چی دنیا نەمەنۆ مرۆ
گیانی شیرینش لا لەیلێ بەرۆ
خوای بێ شەریك گیراش کەرد دۆعاش
بە ئەمری قودرەت مەرگ ئاما وە لاش
ئاهی سەرد کێشا سەر نیا سەر زەمین
گیانش سوپارا بە خوای عالەمین
بە ئەمری قودرەت حەیی لامەکان
جە لاش حازر بین چەند جە وەحشییان
ئاهوان چین چین چون بەینەت داران
ئامان گرد جەم بین ئەسرین مەواران

---

واتە :

- بێ خۆراکو بێ خەوو بێ فامو بێ سەروەت
- هەر لەیلێ لەیلێی بوو تاوە کو بێ هۆش کەوت
- مەجنوون لە قاپی خوادا دۆعای کرد،
- کە مادام لە لەیلێ جییایە،
- ئیتر لەم دونیایەدا نەمێنێو بمرێ
- گیانی شیرینی بۆ لای لەیلێ بەرێ
- خوای گەورە دۆعاکەی قبوولێ کرد
- بە فەرمانی خوا مەرگ هات بۆ لای
- هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو سەری سەر زەوی نایەوە
- گیانی بە خوا سوپارد
- بە فەرمان ورازی خوداوەن
- هەمە جۆر وەحشییان لە لایەوە ئامادە بوون
- ئاسك چین چین وەك پەیوەندی دار
- هاتوونو کۆ بوونەتەوەو فرمێسك دەڕێژن

وەحشییان پۆل پولێ بەستەنشا قەتار
پەرێ بەدبەختی مەجنوونی هەژار
شێران بە چنگان قەبرشان مەکەند
بەرگی بەدەنش عەنکەبووت مەتەند
ئاهوانی بەر بە سۆزو گرین
پەی ئادابی غوسلێ مەرێزان ئەسرین
جە پای کۆی نەجد بەر ئاما بە سۆز
پەی جەستەی مەجنوون نالەی جگەرسۆز
جە گریەو نالە بەدەن لە رێزیا
زایەڵەی عەظیم جە نەجد خێزیا
وستشانە قەبرە مەجنوونی مەردە
جە هیجرانی لەیل ئاچەسرەت بەردە
جە تانەو لۆمەو خەلقی رزگار بی
دەورش پێچیاوە پەی وێش پێوار بی
دۆعاش گیرا بی جە لای خوداوەند
خوا دمای لەیل گیانش چەنە سەند

---

واتە :

- وەحشییان پۆل پۆل رێزیان گرتووە
- بۆ بەد بەختی مەجنوونی هەژار
- شێران بە چنگی بەهێزو تیژیان قەبریان هەڵکەند
- ئاسکەکانی ناو دەشت بە گریانو بە سۆز
- فرمێسکیان دەرژاندە خوارەوە بۆ ئەوە لەشی مەجنوون بشۆن
- لە داوێنی کێوی نەجددا بە سۆز بەرز بوویەوە
- (بۆ لاشەی مەجنوون) نالەی جگەرسۆز
- لەگریەو نالەو زاری لەشی مرۆڤ دەهاتە لەرزین
- هاوارو زایەڵەی فراوان لە نەجددا بەرپابوو
- مەجنوونیان خستە ناو قەبرەوە
- کەلە دووری‌و مردنی لەیل‌دا ئەو حەسرەتەی خواردەوە
- لەتانەو لۆمەی خەڵك رزگاری بوو
- دەوری پێچرابەوەمو ون بوو
- لە لای خواوە دۆعای گیرابوو
- خوا دوای لەیلی گیانی لێ سەند

ناڵەی شێری مەست ڕەوندەی ئەژدەر
جە گەردوون وییەرد چون ڕۆژی مەحشەر
مەگرەوان یەکسەر وەحشییانی چۆڵ
دەوری مەجنوون دان بە دڵەی مەلوول
گردین جەم بەستەن مەناڵان بە سۆز
زوڵمات ئەنگێز بێ ڕووی زەمین ئەو ڕۆژ
شیوەن مەکەردن دوڕندەی زۆردار
جە دیدە ڕێزان ئەسرینان هەزار
مەواتی خێزا مەحشەر بە یەقین
جە ناڵە ناڵی وەحشی سەر زەمین
وەحشییانی بەر شێرانی بێشە
مەناڵان بە سۆز دڵ بە ئەندێشە
وەحشییان سەرپاك مەجنوون مەلاونا
بەناڵەی عەظیم سەنگ مەتاونا

---

واتە :

- نەڕەو ناڵەی شێری مەست
- وەك ڕۆژی حەشر گەیشتبووە گەردوون
- وەحشیانی چۆڵ دەستیان کردبوو بە گریان
- لە دەوری مەجنوون بە دڵێکی خەمبارەوە وەستابوون
- هەموویان کۆبوونەتەوە بە سۆزەوە دەناڵێنن
- ئەو ڕۆژە لە بەرچاو زۆر تاریك داهات
- دوڕندە زۆر دارەکان، شیوەنیان دەکرد
- بە هەزارەها فرمێسك لە چاوانیان‌دا دەڕژایە خوارەوە
- هەر وەك ڕۆژی حەشر بەرپا بووبێ وا بوو
- لە گرمەو ناڵە ناڵی وەحشیانی سەر زەمین
- دەناڵێنن زۆر بە سۆزو ئەندێشەوە
- وەحشیانی بەرو شێرانی بێشەلان
- بە سۆزەوە دەیانناڵاند)
- وەحشییان سەرپاکیان مەجنوون دەلاوێنەوە
- ناڵە ناڵیان سەنگ (بەرد)ی دەتواندەوە

کۆچش کەرد ئاخر چی دنیای فانی
بە نامرادیو بانە ویرانی
هەرکەسێو شاد بۆ وەی دنیای بێ پۆ
ئاخر سەرەنجام رەنجەرۆ مەبۆ

---

واتە :

- ئاخری لە دنیا نامەزنەدا کۆچی کرد
- بە نامرادی ماڵ ویرانی
- هەر کەسێ بەم دنیا بێ تان ویۆیە شاد بێ
- سەرئەنجامی رەنجەڕۆ بوونە.

# بەشی سێیەم

## أ - ڕۆشنکەرەوەکان

(١) شایەنی باسە، هەروەك لەوەو پێش و لە جێگایەکی دیکەوە وتمان، دەسخەتەکەی (دەباغییان) دەست ماموٚستا کاردوٚخی کەوتووە، ئەویش خستوویەتیە سەر رێنووسی کوردیی نویٚ و وشەکانیشی -ئەوانەی کە ئەو بە نارەحەتی زانیون- لێکی داونەتەوە، ئەویش بە شێوەیەکی کلاسیکییانە، واتە: هەر لاپەرەیێ، چی وشەی نارەحەتی تێدایەو پێی زانیون، لە داوێنی هەمان لاپەرەدا لێکی داونەتەوە، هەروەها لێکدانەوەی درێژی ئەو شیعرانەی‌کە لەهەمان لاپەرەدا هاتوون.

ئەوەی من کردوومە، بە تەواوی بەپێچەوانەی ئەوەوەیە: - جاریٚ سەرتا بەشێکم بوٚ زیاد کردووە، بەو جوٚرەی کە بە باشم زانیوەو بوٚ روٚشنکەرەوەی بەرهەمەکەم.

سەرپاکی وشەکانم (چە کوردیی و چەعارەبی) لێکداوەتەوەو کردوومە بە قامووسیٚ و کەوتوٚتە بەشی سێیەمی بەرهەمەکە لە کوٚتاییەوە ئەمە جگە لەوەی کە لە لێکدانەوەی هەندیٚ وشەو هەندیٚ نیودێرە شیعردا لەگەڵ ماموٚستا کاردوٚخی‌دا یەك نەکەوتووم.

ئەمانەو هەندیٚ بابەتی دیکە کە وەك چیروٚکە رازی ناو بەرهەمەکە کردوومن بە بەشی سێیەمی ئەم بەرهەمە.

بەشی دووەمی ئەم بەرهەم کە بریتییە لە ناوە روٚکی بەرهەمەکە لە سەرەوە لە هەر لاپەرەیەك‌دا وەك (متن) مەتن، دێرە شیعرەکەم نووسیوەو لە خواریشەوە لەهەمان لاپەرەدا، فرەیژو نیوە دێری شیعر بە نیوەدێرەشیعربە کەرەسەی جوٚراوجوٚری سەرپاکی ناوچەی سوٚران‌و بابان (کرمانجی‌خواری) لێکم داونەتەوە، گرتنەبەری ئەم رێبازەش مەبەستی زووتێگەیشتنی خوێنەرەو فێرکردنی شێوەزارەکەیە.

(٢) لە بنەرەت‌دا، ئەم دەسخەتی لەیلیٚ و مەجنوون -ە، دەس یەکیٚ لە خزمەکانی ماموٚستا کاردوٚخی کەوتووە - کە ناوی نادا - و ئەویش ناردوویەتی بوٚ ماموٚستا کاردوٚخی. ماموٚستا کاردوٚخی ئەمەی خستوٚتە سەر رێنووسی کوردیی نوی‌وٚدەستنووسەکەی عبد القادر دەباغیان کە کوری مطلب‌و کوری حاجی معروف -ە و لە ساڵی ١٣٥٩ی کوٚچی لە نووسینووەی دەبێتەوە، دەیدا بە زانکوٚی سلێمانی -کە ئێستا زانکوٚی- صلاح الدین -ی پیٚ دەڵێن

ئەم دەستنووسە(١٥٢٦) دێڕە شیعری کاپڵێتی (مثنوی) دەبڕگەبێن.
نووسەری ئەم دەستنووسە خەڵکی سەقزە، یاخود هی ناوچەی(سەقز) ئەویش بە پێی ئەو بۆ رۆیشتنەی کە مامۆستا کاردۆخی بۆی رۆیشتووە، ئەویش بە هۆی ئەم دێڕە شیعرەی نووسەرەوە کە لە لاپەڕە (٢٧٩)ی دەسخەتێکی تردا کە دەسخەتی (خاوەرزەمین) - ٩٥ هەر لای مامۆستا کاردۆخی‌یە، بۆی رۆشن بووەتەوەو تیایدا دەڵێ:
- وبە گوفتەی بەندەی عەقڵ‌و فام ساوا
جە واتەی قەدیم سەقزی ماواء.
- واتە: (ئەم قسەی بەندە کەم عەقڵ‌و کەم فامە، لە وتەی کۆنی کەسێکە کە ماوای سەقزە).
عبد القادری دەباغییان، جگە لەم بەرهەمەی لەیلی‌و مەجنوون، خاوەنی دەستنووسی (خاوەر زەمین)یشە، کە نزیکەی (٣٩٩) لاپەڕەیەو هەر وەك خۆی وتوویەتی، لە تورکی‌یەوە خستوویەتی‌یە سەر گۆرانی ئەم دێڕەش باسی ئەوە دەکا.
- وەعلووم بۆ جە لای یارانی جانی
تورکی بێ کەردم من بە گۆرانی.
هەر بۆ وێنە وا لەم بەرهەمەدا پەڕەی یەکەم‌و دووەمی دەسخەتەکەی دەباغییان بە وێنەی فۆتۆو هی کۆتایش-مان، دانا، کە بە تەواوی ناوی خۆی‌و هی ساڵەکەی‌و تەنانەت هی رۆژەکەش کە نووسینەکەی تەواو کردووە، تیایا دەر کەوتووە.
(٣) بنەرەتە فۆلکلۆریەکەی لە ناو عارەب‌دا، بەو جۆرە بووە، کە لاوێکی عارەب حەزی لە (لەیلێ) ناوێ دەکاو بۆ ئەوەی دڵی لێ بسێنێ حوشترەکەی لە بەر پێی‌دا سەر دەبڕێ، ئەویش حەز لەم دەکا. بەڵام شووی پێ ناکاو شوو بە یەکێکی‌تر دەکاو ئەمیش لە داخان‌دا دەتەقێتەوەو دەمرێ!

ئەم جۆرە رازە، رازی جۆراو جۆری تری لێ دەبێتەوەو هەر لایێ بە شێوەیێ. کچێکی شۆخ‌و شەنگ‌و بالأجوان‌و دەم پاراوو شاعیرکە ناوی (ليلى الأخلیلیه)یە، ساڵی (٦٩٥)ی زایین‌و (٨٥)ی کۆچی، لەم وێنەیەو زیاتریش سەرگوزەشتەی لە ئەوەبی عەرەبی‌دا باس کراوە، ئەویش بەم جۆرەیە: (تۆبەی حمیر) حەز لە (لەیلێ) دەکاو شیعری زۆری پیادا هەڵدەداو تا وای لێ دێ کە لە ناو هۆزو خێڵانی عەرەب‌دا بە وێنە باس دەکرێن لەیلێ شوو بەم کابرایە ناکا، بەڵکو شوو دەکا بە یەکێکی دیکە، (تۆبە) دەکوژرێ، (لەیلێ)ش بە سواری حوشترەوە دەچێ بۆ سەر گۆڕەکەی‌و سەلام لە گۆڕەکەی دەکاو لە پاشا لەیلێ روو دەکاتە خەڵکەکەو دەڵێ: تا ئیستە درۆی وەهام نەبیستبوو! خەڵکەکە دەڵێ چۆن؟

لەیلێ – ش دەڵێ، کاتێ کە (تۆبە) مابوو، وای دایە قەڵەم کە ئەوەندە منی خۆش دەوێ دەبوت: ئەگەر هاتوو مردم و تۆ هاتیتە سەرقەبرەکەمو سەلامت لێ کردم، ئەگەر خۆمو ئەگەر بەردی قەبرەکەم لەخۆشییاندا وەڵامت دەدەینەوە! لەیلێ، ئەم قسەیەی تەواوکرد، کونە بەبوێ بە وێدا خۆی هەشار دابوو، قیژاندیو حوشترەکەی لەیلێ هەڵیتووراندو لەیلێ کەوتە خوارەوەو مردو ئەویش لەوێ نێژرا.

ئەوەی (الاغانی) و (احمد شوق)ش هەر لەمەوە وەر گیراونو لەگەل پەرەپێدانی هەندێ لایەنی و فرێدان هەندێ لایەنی دیکە.

ئەمەش ئەو شیعرەیە کە (لەیلێ) لەسەر گۆڕەکەی (تۆبە) دەیلێ:

وقالت: أليس هو القائل:

ولو ان ليلى الأخيلية سلمت عليّ ودوني تربةٌ وصفائحُ

لسلمت تسليم البشاشة أو رفا اليها صدى من جانب القبر صائح»

(الأدب العربي–ص– ٢٥١)

ئەوەی ئێرەش کە ئیستە حاڵی حازر باسەکەمان سەرپاکی لەسەر ئەوەو هەروەك لە بەشی یەکەمدا بەوێنە رۆشنمان کردۆتەوە، وێنەیەکی هونەری بەرزەو بە لای منەوە پلەیەکی عالەمی هەیەو وەختێ لای خوێنەریش ئەم پلەیە دەر دەکەوێ کە بە وردیی بە بەرهەمەکەیدا بڕوا!

(٤) دوکتۆر مارف خەزنەدار، لە ژمارە (٢٠)ی گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، ساڵی ١٩٧٦دا باسێکی بە ناوونیشانی «الروایه الشعریه – لیلی ومجنوون في الأدب الکردي–بلاو کردۆتەوە تیایا زۆر لە لایەنەکانی لەیلێو مەجنوونی ناو کوردەواریی روون کردۆتەوەو، زوربەی زۆری دەستنوسەکانی لەیلێو مەجنوونی ناو هێناوە بەم بۆنەیەوە من دەبێ بڵێم کە سوودی زۆرم لێوە وەرگرتووە، تەنانەت ناو بەناویش وەرگرتەم لێ وەر گرتووە.

(٥) پیرە مێردی‌نەمر، لە دیوانەکەیا، لە زۆر لاوە، بە نیوە دێڕێ، یاخود بە دێڕە شیعری چیرۆکی فۆلکلۆری (لەیلێو مەجنون) مان بۆ دەگێریتەوە، بۆ وێنە لە لاپەرە (٣٥٠)دا، ئەم وێنەیەی کە لێرەدایە وا پیشانمان دەدا، کە مەجنوون تەرەیەو چۆڵەوانە بۆ لەیلێو هەتا هەتایە هەر تارە، تا لێرەشدا کە دەڵێ:

– «شەماڵ بەرابەری لەیلا شنەشن لە (نصف الیلا)
گەیشتبوە خزمەت لەیلا لەیل نووستبو ئەم وەختانە».

باخود دەڵێ:

- «وتیان قوربان شەماڵە هات بە نامەوە هاتۆتە لات

عەرضەی مەجنوونی دوور وڵات هەر جانفیداکەی خۆتانە»

(تەماشای: دیوانی پیرە مێردی نەمر، محمد رسول هاوار)

(٦) - سەیدی هەورامی دووەم، هەر تەنها ئەو شیعرەی نییە کە تیایدا باسی (لەیلیٚو مەجنوونی) کردبێ، بەڵکو لە زوربەی زۆری شیعرەکانیدا. ناوی (لەیلیٚو مجنوونی) هێناوە، بەم ناو هێنانەش لایەنێکی رازە فولکلۆریەکەی رۆشن کردۆتەوە..

بۆ وێنە لە قەسیدەی «یا شێخ صەنعانم» دا ناقە دێڕە شیعرەێکی هێناوەتەوەو بە هۆیەوە لایەنێکی فراوانی رازی (لەیلیٚو مەجنوونی) رۆشن کردۆتەوە، بۆ وێنە دەڵێ:

- «مەجنوونی لەیلم بیابان گێڵم

عالەم مەزانان پەی لەیلێ وێڵم»

- (واتە: شێتی لەیلێ - م و بۆیە بە بیاباندا دەگەڕێم، عالەم دەزانێ کە من بۆ لەیلێ وێڵ بووم).

(تەماشای، دیوانی سەیدی هەورامی، ل - ٢٠٨، کۆکردنەوەی کاردۆخی بکە).

(٧) - ماشاء الله سوری، سرودهای یارسان ئاردیبەهەشت - ١٣٤٤. لەم کتێبەپیرۆزەدا (٩) سروود و (٢١) پەخشان بە زاری (ماچۆ) بڵاوکراونەتەوە ئەم سروودو پەخشانانە بە پیتی لاتینی نووسراون واتە: بە ترانسلیترەیشن، بەڵام زمانەکەیان زمانی (ماچۆ) یەو زمانی کوردیبە زاری گۆران، یا هەورامانی) وەك لە سەرئەنجامی پیرۆزدا وا وتراوە.

سروودەکان هۆنراوەن، سەرپاکیان پەیرەوی دینی کاکەییەکانن. پەخشانەکانیش هەر هەمان دەستوور رازو سەرگوزەشتە دینی هەر ئەوانن. بە تەمام کە بتوانم بیاخەمە سەر رێنووسی کوردیی نویٚو بڵاوی بکەوە.

(٨) - تەماشای: (ل ٢١٢ - ٢١٣ی) گۆڤاری گوڵبجی ئەدەبیات بەشی عەرەبی. کە بەم ناوونیشانەوە دوکتۆر مارف خەزنەدار نووسیویەتی: (الروایە الشعریە. لیلی و مجنون في الأدب الكردي، العدد - ٢٠ - مطبعة دار الجاحظ بغداد)

(٩) - ئەم دەستنووسەی دەباغیان، دەستی نەگەڕۆکەکان کەوتووە نە هینی رۆژهەڵاتناسەکان. بۆیە ناوی نەلە دەستنووسە کوردیەکانی ئەوروپادا هاتووە نە لەوەی سۆڤییەت نە دەستی مینۆرسکی کەوتووە.

(١٠) - تەماشای لاپەڕە (٢١٢)ی سەرچاوەی ژمارە (٤) بکە.

(١١) - کیومرث نیك رفتار دیوانی بێسارانی، چاپخانەی (الأدیب). بەغداد. ساڵی ١٩٨٢

(١٢) – مەلا عبد الكريمى ، ديوانى مەولەوى، چاپخانەى (النجاح) ٩٦١ بەغدا . لەم ديوانەى مەولەوى‌دا. رازى شیرین و فەرهادو هى بارام و گولەندام و هى خورشیدوخاوەرو هى لەيلىٰ و مەجنوون و وهى وەلى دێوانەو شەم و دەيان رازى دیکەى تێدايەو خۆى ئاسايى و بە زمانێکى پاراو لە چەند و شەيەكدا سەرپاكى رازێكت بۆ دادەرێژێ.

(١٣) – سەمە مالطەبى شانامەى وەرگێراوەتە سەر زمانى عارەبى و كە (ل – ٣٩ – ٥٣) باسى زال و رۆستەم دەكاو سەرگوزەشتەيان دەگێرێتەوە تا لەوىدا وامان بۆ دەرخا كە (روستەم دەستان) كورى زالەو لەزەمانى (مەنووچەر)دا پێش لە دايكبوونى (موسا) پێغەمەردا دروودى خواى لەسەر بێ بووە ئەم نەتەوەى زالە بەوەچە يەزدان پەرست بوون و ئەم يەزدان پەرستيشە وەك دينێ لەپێش دينى زەردەشتى‌دا بووە ،

(١٤) – «ماثيو ئارنۆلد = Matthew Arndd» ى شاعىرلەكتێبى:–

(English Verse, Volume V, Longfellow to Rupert Brooke) لەلاپەرە (324 - 297) دا، بە درێژى بە چیرۆکە شیعر باس رۆستەم و زۆرابى كردووە ئەتوانين بلێين، ئەوەى لە شانامەدايە، سەرپاكى كردووە بە شيعرى ئينگليزى، تا لەم چيرۆكە شيعرى‌يەدا، باسى ئەو (بازى بەندە)ى دەستى زۆراب دەكا، پاش ئەوەى بەتيرى باوكى (رۆستەم) گمڕۆدە دەكرێ.

بۆ ئەوەى خوێندەوارى خۆمان بێ ئاگا نەبێ لەم جۆر هونەرانە وا وێنەيەكى ئەو بەرهەمەمە لێرەدا تۆمار كرد بەرهەمەكە بەم جۆرە دەست پێ دەكا:

And the first grey of morning filled the east,
And the Fog rose out ofthe Oxus Stream.
But all the Tartar camp along the Stream
Was hushed, and Still the men were plunged in sleep:

ئەم وەرگرتنەيەى ئێرەش ئەوەمان پیشاندەدا كە زۆراب كەلەلايەو دەيەوێ خۆى بناسێنێ بەو پالەوانە كە ئەمى بەم جۆرە كەلەلا كردووەو بۆيە دەلێ: ئەمە بازى‌بەندى لاڵە لە دەستم‌دايەو ئەمەش نيشانەى ئەوەيە من كە كورى رۆستەمم و ئەى تۆ چۆن لەدەست رۆستەم دەر دەچى! .

An then he touched it with hand and said:
How sayst thou! is that sign the proper sign
Of Rustums Son, or of Some other mans!

(١٠) (شاثارتەرر = King Arthur) وەك شايەكى خەيالى و لابەرى زوڵم و زۆرو جەوروجەفا لە قە لەم دراوە، ياريدەدەرى – بە خۆى سوارە يارمەتيدەركانيەوە – دينى مەسيحيەت بووە رۆمانەكان هاتن و دووورگەى بەريتانيايان داگیر كردو لەوێ نیشتەجى

بوون‌و شارەستانییەتیان تیادا بڵاوکردەوە، ئەنگلۆ ساکسۆنەکان کە لە ئەڵمانیای ئێستاو سەرووتر بەوە دەهاتن‌و دینیان هێشتا هەر بت‌پەرست بوون جێگای رەزامەندی شاەئارتەر نەبون، بۆیە رۆمانییەکان، ئەوانەی لە دوورگەی بەریتانیا دانیشتبون وا دەچووە بروایانەوە کە شاەئارثەر دێت‌و تۆڵەیان بۆ لێ‌ دەکاتەوە، بێگومان ئەمە سەرچاوەی دینی بەو چیرۆکی دینی شتی وەهای دەوت.

ئەمەش وەرگرنەبەکە کە لە (ل – ٢١)ی کتێبی:

"English Literature, A Survey For Students, John Burgess Wilson".دا

کەدەڵێ:

The Legends o King Arthur and his Knights ofthe Round Table twll of the: - defenders of the old Roman Civilisation Fighting a brave rearguard action against the new barbarias.

## ب – هەندی رازی ناو ئەم چیرۆکە

### شێخی سەنعان:

لەم چیرۆکەداە چەند جارێ ناوی شێخی سەنعان دەهێزێ بەجۆرێ کەرووالەتێکی گەورەی رازەکەی شێخی سەنعان دەروەخاو چیرۆکی لەیلێو مەجنوون) – ەکە خۆیشی دەرازێنێتەوە، بۆ وێنە لێرەدا دەڵێ:

